



# له "ڕۆژنامەی کوردستان" و"کوردستان میدیا"وە

## جۆزەردانی ٢٧٢٦

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- پێویستیی گوتارێکی هاوبەش لەنێوان نەتەوەکانی نیشتەجێی جوگرافیای سیاسیی ئێران......... ناسر باباخانی ..... ٤

٢- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد مۆتەکەی ٤٧ ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران............... عومەر باڵەکی ..... ٨

٣- حیسام دەستپێش: پێگەی نێودەوڵەتیی حیزب لێکەوتەی خۆگونجاندنی زیرەک و مانەوەی مەیدانییە..................

وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٢

٤- کوردەکان وەک فاکتەرێکی جیدی و سەرەکی.................................................... ئاسۆ سالح ..... ١٩

٥- سیاسەت وەک هونەری مومکین (خوێندنەوەیەکی شیکاری لە هزری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو).....................

د. مەنسوور سۆهرابی ..... ٢٣

٦- ترومای بەکۆمەڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ ئەو برینانەی نەوە دوای نەوە دەگوازرێنەوە........ ڕۆژهات موکری ..... ٢٨

٧- بنەما نەزەرییەکانی یەکنەگرتوویی و دابڕاوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان........ شاهۆ حوسێنی ..... ٣٤

٨- کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆدا کۆرەی باکوور، و لە دەرەوە چەتەی دەریایی.................. ئەلبورز ڕووییندتەن ..... ٤١

٩- قاسملوو و سەمفۆنیای خۆڕاگری؛ سەمفۆنیای ژمارە ٥: لە مارشی شینەوە بەرەو مارشی بەرگری.. هێمن مەردانی ..... ٤٤

١٠- کاڵای پڕوپاگەندە.................................................................. ئاسۆ مینبەری ..... ٥٠

١١- چەمکی "ڕەوتی سەرانسەری" لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێراندا.................................. شارۆخ حەسەنزادە ..... ٥٣

١٢- خەباتی مەدەنی و جەماوەریی خەڵک و شەپۆلی تازەی زەبروزەنگی ڕێژیم.......................... ئیبراهیم لاجانی ..... ٥٧

١٣- کورد لە گەمەی دێموکراسییەکەی تورکیەدا.................................................. عەزیز مەعرووفی ..... ٦١

١٤- ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەبارەی شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان لە کوردستان و ئێران.................................................................................................. ٦٦

١٥- دادپەروەری و سەرکەوتن لە جەنگدا.............................................. و: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٦٩

١٦- حیزبایەتی، ئەرێ یان نا؟........................................................ ئیبراهیم لاجانی ..... ٧٤

١٧- چۆنیەتیی بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد.............................................. ئارێز محەممەدی ..... ٧٧

١٨- پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی خالە سەید حەسەن هاشمی......... ٨١

١٩- شەڕ کەوتە قۆرتێ، لێدە لە بنەوپاڵەوە.................................................... دارسمە ..... ٨٥

٢٠- بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە ناوەندی سەرنج دان؟......................................... ڕەزا دانشجوو ..... ٨٨

٢١- تاران وەک ڕۆژە کۆتاییەکانی ئاڵمانی نازی..................................... نیان ب کردوویەتی بە کوردی ..... ٩٣



سەرچاوە
Serchawe

٢٢- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید عەبدوڵڵا شەریفی)........................................... برایم چووکەڵی ..... ٩٦
٢٣- چارەنووسی دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ لە ئەگەری ڕێککەوتنی ئەمریکا و ئێراندا.......... د. ئاسۆ حەسەن‌زادە ..... ٩٩
٢٤- حیزبی دێموکرات وەک داینەمۆی بەردەوامیی جووڵانەوەی نەتەوەیی.......................... عومەر باڵەکی ..... ١٠٤
٢٦- حەسەن شەرەفی: کوردستان پاشکۆی مەرکەز نییە؛ پرسی کورد ژانی مان و نەمانە..................................
............................................................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٠٨
٢٧- خرەجۆ، دەورەی کادر و دەنگی کوردستان.............................................. سەید ئەحمەد حوسێنی ..... ١١٣
٢٨- لە بەرپرسیارێتیی مێژووییەوە بۆ نوێبوونەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا....... حەسەن قارەمانی ..... ١١٧
٢٩- ژن و قەیرانی شەڕ............................................................. ئاسۆ مینبەری ..... ١٢١
٣٠- ئاساییکردنەوەی جینایەت لە کوشتنی کۆڵبەرانەوە تا لەسێدارەدانی خۆپێشاندەران........... ئازاد مستۆفی ..... ١٢٤
٣١- ڕوانگەی دونیای عەرەب لەمەڕ جەنگ دژی ئێران.................. و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ١٢٨
٣٢- کورد و کوردستان لە دەقە ئاینییەکانی یارساندا.......................................... سارۆ خوسرەوی ..... ١٣٢
٣٣- دیالێکتیکی سەپاندنی تێچوو و ژێۆپۆلیتیکی وزە لە دۆسیەی ئێراندا...................... شاڕوخ حەسەن‌زادە ..... ١٤٠
٣٤- زمانی دایکی، ڕەگی کولتووری و بوونی مرۆڤ.............................................. شاهین مودەڕس ..... ١٤٥
٣٥- ستراتیژییەکان لە خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان........................ حەسەن قارەمانی ..... ١٤٩
٣٦- ئێران دەتوانێ چ وانەیەک لە هیند فێر بێت؟............................................ ئیبراهیم لاجانی ..... ١٥٩
٣٧- بەهار کەپرێ دەکەینۆ و هاوین تێکی دەدەینۆ و پاییز ڕێکی دەخەینۆ، بەینۆ بەینۆ بەینۆ........... دارسمە ..... ١٦٣
٣٨- خەباتی کورد و دژبەرانی دڵڕەشی..................................................... هەیاس کاردۆ ..... ١٦٦
٣٩- سیاسەتی نکۆڵی و ماتەمینی بێبەشکراو................................................. ئاسۆ ساعێدی ..... ١٧١
٤٠- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید قادر میرزایی).............................................. برایم چووکەڵی ..... ١٧٧
٤١- ڕێککەوتنی ئێران دەتوانێت ڕاستەقینە بێت، بەڵام دەشتوانێت لەرزۆک بێت......................... فۆربز - مایکڵ لێنچ
................................................................ و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ١٨٠
٤٢- خالید عەزیزی: ستراتیژیی سەرەکییمان بردنی خەباتە بۆ قووڵایی نێوخۆی وڵات... "دەنگی کوردیی ئەمریکا" ..... ١٨٤
٤٣- ئەو نەتەوەیەی هەرگیز کۆماری ئیسلامیی قبووڵ نەکرد........................................ حەسەن قارەمانی ..... ١٨٧
٤٤- ڕادیۆی "دەنگی کوردستان"؛ لە بنبەردی شاخەوە بۆ ناخی شار.................................. عەلی لەیلاخ ..... ١٩٣
٤٥- مستەفا مەولوودی: ئیدیعای ترامپ بێ‌بنەمایە و هیچ چەک و چۆڵێکمان وەرنەگرتووە.......................................
............................................................................... دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ١٩٨
٤٦- بەیاننامەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران................................................ ٢٠٥



سەرچاوە
Serchawe

# پێویستیی گوتارێکی هاوبەش لەنێوان نەتەوەکانی نیشتەجێی جوگرافیای سیاسیی ئێران





**ناسر باباخانی**

ئێران وەک یەکێک لە کۆمەڵگە فرەنەتەوەکانی جیهان باوەشی بۆ نەتەوەگەلێک کردۆتەوە کە خاوەنی مێژوو، زمان، کولتوور و ناسنامەی جیاوازن. کورد، تورک، بەلووچ، عەرەب، تورکمان و زۆری دیکە، لەپاڵ نەتەوەی فارسدا، دەتوانن ببنە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ وەرچەرخانە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان. ئەم هەمەجۆرییە نەک هەر میراتێکی مێژووییە، بەڵکوو ماتەوزەیەکە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی زیندوو و خۆڕاگر لە بەرانبەر ئاڵەنگارییە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا، مێژووی هاوچەرخی ئێران پڕە لە ڕێبازی سەرکوتکارانەی ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکان. لە فاشیزمی ناسیۆنالیستیی پەهلەوی بە دروشمی «یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک شا»وە بگرە هەتا کۆنەپەرستیی ئایدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی کە فرەیی و هەمەجۆرییەک لە سۆنگەی ویلایەتی فەقێدا نابینندرێ؛ هەردووکیان هەمەجۆریی نەتەوەییان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر هەژموونیی ناوەند بینیوە و سەرکوتیان کردووە. ئەنجامی ئەم سیاسەتانە، قووڵبوونەوەی درزەکان، پەراوێزخستنی نەتەوەکان، زیادبوونی گرژییە نەتەوەییەکان و دروستکردنی کۆسپ و تەگەرەی جیددی لە بەردەم ڕێگەی گەشەپێدانی دێموکراسیدا بووە.

بەهۆی ئەو هۆکارانەی باس کران، وا دیارە دروستکردنی گوتارێکی هاوبەش لە نێوان سەرجەم نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەم جوگرافیا سیاسییەدا پێویستییەکی ژیانەکی بێت. ئەم گوتارە دەبێ جگە لە تەواوی نەتەوەکانی ئاماژەپێکراو، نەتەوەی فارس و گرووپە دێموکراسیخوازەکان لە ڕەوت و لایەنە سێکۆلارەکانەوە هەتا چالاکانی مافی مرۆڤ و بزووتنەوە مەدەنییەکان لەخۆ بگرێت و لەسەر بنەماکانی ئازادی، دێموکراسی، پلۆرالیزم و مافی دیاریکردنی چارەنووس دابمەزرێت. گوتارێکی لەم شێوەیە تەنیا ئاڵتێرناتیڤی ڕاستەقینەیە لە بەرانبەر کۆنەپەرستیی کۆماری ئیسلامی و فاشیزمی پەهلەویدا؛ چونکە سەرکوت بە لێکتێگەیشتن، درز بە هاوکاری و ترس بە متمانە دەگۆڕێتەوە.

## با ئاوڕێک لەو بنەمایانە بدەینەوە:

- ئازادی وەک بنەمای ڕزگاری بانتر لە مافێکی تاکەکەسییە و پاراستنی شوناسە بەکۆمەڵەکانیش دەگرێتەوە. لە کۆمەڵگە فرەنەتەوەکاندا، ئازادی و مافی زمانی و کولتووری، مەرجی سەرەکیی هەر دیالۆگێکی ڕاستەقینەیە. بەبێ هەڵوەشاندنەوەی یاسا سەرکوتکەرەکان (وەک قەدەغەی خوێندن بە زمانی دایک)، ترس لە سەرکوت ڕێگە بە دروستبوونی متمانە نادات. ئەزموونی سوئیس لە ئازادیی زمانیی کانتۆنەکاندا نموونەیەکی سەرکەوتووی پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە.

- دێموکراسی بەولاوەتر لە هەڵبژاردن پرۆسەیەکی بەشدارییپێکردنە کە هاوبەشیی هەموو نەتەوەکان لە بڕیارداندا مسۆگەر دەکات. «هانا ئارێنت» بە کارێکی بەکۆمەڵ و «یۆرگن هابەرماس» بە گفتوگۆی عەقڵانی ناوی دەبەن. لە ئێراندا، دێموکراسیی ڕاستەقینە دەکرێ لە ڕێگەی پێکهاتە فیدراڵییەکان یان خۆبەڕێوەبەریی ناوچەییەوە بەدی بێت؛ شوێنێک کە نەتەوەکان لە کاروباری ناوچەی خۆیاندا بڕیار بدەن و لە پرسە گشتییە سەرانسەرییەکانیشدا هاوبەشی ئەرک و بڕیار بن.

- پلۆرالیزم بە مانای دانان بە قبووڵکردنی فرەیی وەک سەرچاوەی هێز و دەسەڵات بنەمایەکی دیکەیە. وەک چۆن «ئایزیا

بەرلین» دەڵێت؛ پلۆرالیزم نەک هەر دەستەبەری دادپەروەرییە، بەڵکوو داهێنانی کۆمەڵایەتییش زیاد دەکات. لە ئێراندا، بە ڕەسمیناسینی جەژن و بۆنەکان، میدیای فرەزمان و پەروەردەی فرەکولتووری دەتوانێت هەمەجۆری لە هەڕەشەوە بۆ دەرفەت بگۆڕێت.

- مافی دیاریکردنی چارەنووس بەتایبەت جۆرە نێوخۆییەکەی، میکانیزمێکە بۆ فیدراڵیزمی دێموکراتیک. ئەزموونی وڵاتانی وەک هیندستان، کانەدا و سوئیس سەلماندوویانە خۆبەڕێوەبەریی بەربڵاو لە چوارچێوەی وڵاتێکی یەکگرتوودا، لەسەر بنەمای ڕەزامەندییە یەکیەتی مسۆگەر دەکات، نەک بە زۆرەملێ و بە زەبری سەرکوت.

لە ڕاستیدا هاوگرتنی و هاوئاراستەیی گوتاریی نەتەوەکان بە چەمکگەلێکی وەک "نەرمیواندن و زنجیرەی هاوتاکردن" نیشانی دەدات کە چۆن داواکارنی کورد، تورک، بەلووچ و عەرەب پێکەوە گرێ دەدرێن و لە دژی دوژمنێکی هاوبەش (ڕێژیمی سەرکوتکەر) هاوپەیمانی پێک دەهێنن. بە واتایەکی دیکە، ئەم هاوگرتنە گوتارییە دەبێتە میکانیزمێکی کردەیی کە لە کاتی پاراستنی ناسنامە و شوناسەکاندا، داواکارییەکان یەک دەخات و ڕێک لێرەدایە بناغەکانی هاوپەیمانییەکی بەردەوام دادەنرێت.

نموونە مێژووییەکان سەبارەت بە هاوگرتنی گوتاری کەم نین؛ تازەترینیان بزووتنەوەی ژینا بوو کە چەخماغەکەی لە کوردستان لێدرا و بە بڵاوبوونەوەی بۆ تەورێز، زاهیدان و ئەهواز، نیشانی دا دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» چۆن دەتوانێ ببێتە بنەما و بنچینەی گوتارێکی هاوبەش.

لەم نێوەدا کوردەکان بەهۆی مێژووی ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەوری پێشەنگیان لە بزووتنەوەکانی ئەم دواییانەدا، دەتوانن دەستپێشخەر و داینەمۆی سروشتیی ئەم گوتارە بن. بەتایبەت کە ڕوانگەکانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سەبارەت بە ئەولەوییەتەکانی هاوپێوەندیی نەتەوەکانی ئێران و مافی دیاریکردنی چارەنووسیان، دەبێتە پشتێنەیەکی مێژوویی و چەمکێ بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. گومانی تێدا نییە ئەم گوتارە هاوبەشە دەتوانێت لۆبییەکی بەهێز لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروست بکات، هاوشێوەی مۆدێلە سەرکەوتووەکانی AIPAC، لۆبیی ئەرمەنی، لۆبیی کوبایی و لۆبیی هیندی. ئەم لۆبییە دەتوانێت مافی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئێران و سزای ئامانجدار دژی ڕێژیم بەرەو پێش ببات. بەپێچەوانەی فاشیزمی پەهلەوی و کۆنەپەرستیی کۆماری ئیسلامی کە پشت بە ترس و سەرکوت دەبەستن، ئەم گوتارە لەسەر متمانە و بەشداری بنیات نراوە و دەتوانێت گواستنەوەیەکی ئاشتییانە ئاسان بکات.

**دروستکردنی گوتارێکی هاوبەش لەسەر بنەمای ئازادی، دێموکراسی، پلۆرالیزم و مافی دیاریکردنی چارەنووس، تەنیا ڕێگەی زاڵبوونە بەسەر سەرکوت و بنیاتنانی ئێرانێکی پلۆراڵ و دێموکراتیک. بە سەرنجدان بەو پەرتەوازەیی و لاوازییەی لە ئۆپۆزیسیۆنی سەرتاسەریدا هەیە و نەبوونی ئیرادەی سیاسیی ئەمریکا بۆ گۆڕینی ڕێژیم، نەتەوەکانی نیشتەجێی جوگرافیای سیاسیی ئێران دەتوانن فرەیی و هەمەجۆری بگۆڕن بۆ هێز، و بێگومان پێشەنگایەتیی کوردەکانیش فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە دەبێت.**


**١ی جۆزەردانی ٢٧٢٦**

---



سەرچاوە
Serchawe

# بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، مۆتەکەی ٤٧ ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران





**عومەر باڵەکی**

٤٧ ساڵە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەربەرەکانی و شەڕێکی نەخوازراو و داسەپاو لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێراندایە. ئەو بزووتنەوە لەو ماوە زەمەنییەدا بە قۆناغی جۆراوجۆری دژواردا تێپەڕ بووە و توانیویەتی بەهۆی لەخۆبوردوویی تێکۆشەران و پشتیوانی هەمەلایەنەی گەلی کورد هەتا ئێرە لە مەیدانەکەدا بە بەهێزی

بمێنێتەوە. هەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە تەواویەتی خۆیدا دژایەتیی حیزبەکان و گەلی کورد دەکات، نیشانەی بەهێزی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆ نموونە:

هەر کاتێک دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران تووشی قەیران و شەڕ و ئاژاوەیەک بووە، یەکێک لە ڕێگەچارەکان بۆ ئەوەی قەیرانەکەی پێ داپۆشن، هێرشکردن بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و لەو ڕێگایەوە هەوڵیان داوە بیروڕای گشتیی ئێران بۆ لای هەڕەشەی جیاکردنەوەی خاکی ئێران لە لایەن کوردەکانەوە ڕابکێشن؛ و دەبینین بە هەڵگیرسانی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، لە دوو بوارەوە هێرش بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردووە و بەردەمم بووە: هەم لە بواری تەبلیغی و ڕاگەیاندنەوە و هەم لە بواری هێرشی نیزامییەوە. لە بواری تەبلیغییەوە تۆمەتبارکردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستتێکەڵکردن لەگەڵ نەیارەکانی وڵات، و لە بواری نیزامییەوە بۆمبارانکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی لێ کەوتووەتەوە.

لەگەڵ ئەو هێرش و پەلامارانەی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کەمپ و شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دونیای مەجازیشدا بەداخەوە یا لە ڕووی بێئاگایی و نەبوونی زانیاری دروست لەسەر خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دژی زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، یا لە ڕووی دوژمنکارییەوە هێندێک باس و بابەت دەورووژێندرێن کە لە ئاستی گەورەی خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نین و لە بارودۆخی ئێستادا ئەو جۆرە باس و بابەتانە زیان بە هاوپێوەندی نەتەوەیی دەگەیەنن و دڵی دوژمنانی کورد خۆش دەکەن. لێرەدا هەر تاکێکی دڵسۆزی کورد دەتوانێت ئەو پرسیارە لە خۆی بکات کە بۆچی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هاوتەریب لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، کەمپەکانی خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکاتە ئامانجی درۆنی و مووشەکی خۆی؟ ئەگەر کەسێک بیهەوێت بە ویژدانەوە وەڵامی ئەو پرسیارە وەربگرێت، دەبێت هەوڵ بدات بە وردی مێژووی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد و جووڵانەوە مافخوازانەکەی بخوێنێتەوە و شەن و کەوی بکات، ئەوکات بۆی دەردەکەوێت کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی چۆن دەڕواننە دۆزی کورد و خەباتەکەی.

ماوەی زیاتر لە چل ساڵە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تەبلیغ بۆ ئەوە دەکەن کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرکوت کراون و ئیدی جێگای مەترسی نین، و لە لایەکی دیکەوە بە هەموو توانای نیزامی و ئەمنییەتی و دارایی خۆی لە هەوڵی زەبروەشاندن لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە بە هەر ڕێگایەکی بۆی بلوێت؛ و لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا بێجگە لەوەی شەڕێکی ماڵوێرانکەری بە فتوای ڕێبەری نیزام بەسەر کوردستاندا سەپاندووە، لە هەمان کاتدا دەستی لە

تیرۆر و گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی خەباتکارانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران نەپاراستووە و هەر کاتێک بە دەرفەتی زانیبێت چ بە فڕۆکەی شەڕکەر و چ بە مووشەک و دڕۆن و یا بە سپای پیادە، سنووری نێودەوڵەتی بەزاندووە و هەموو هەوڵێکی داوە زەبر لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بدات؛ و تەنانەت دوای ڕاپەڕینی ژینا، سەرەڕای مووشەکبارانی قورسی کەمپەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن سپای پاسدارانەوە، دەسەڵاتدارانی تاران کەوتنە خۆ بۆ ئەوەی ڕێککەوتننامەیەکی ئەمنی، بە قسەی خۆیان بۆ پاراستنی سنوورەکانیان لەگەڵ عێراق واژۆ بکەن، لەگەڵ ئەوەی خودی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە نێوەڕۆکی ئەو پەیماننامەی بە تەواوی لەژێر پێ ناوە و قەت پێوەی پابەند نەبووە و ڕۆژانە بە مووشەک و دڕۆن هێرشی کردووەتە سەر شوێنی نیشتەجێبوونی ژن و منداڵی بنەماڵەکانی سەر بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

نوێترین جووڵەی دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دوو مانگ لەمەوبەر بە هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی نێوان ئێران لە لایەک و ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەکی دیکەوە دەستی پێکردووە، بە پاساوی ئەوەی کە بنکە و بارەگای سەربازی ئەمریکا و ئیسرائیل لە هەرێمی کوردستان هەیە، کەمپی ژن و منداڵی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای دڕۆن و مووشەکەوە ئاگرباران دەکەن؛ لە حاڵێکدا هەموو جیهان و خودی دەسەڵاتدارانی تاران ئەوە باش دەزانن کە کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەت بەشێک نەبوون لەو شەڕە کە خوڵقێنەری شەڕەکە خودی کۆماری ئیسلامییە، چونکە سروشت و ئامانجی شەڕەکان لێک جیاوازە. شەڕی کورد بۆ پاراستنی کەرامەتی نەتەوە و بەدەستهێنانەوەی مافەکانییەتی، شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران هەر کامیان بۆ سەپاندنی هەژموون و بەرژەوەندییەکانی خۆیانە، نەک بەرژەوەندی گەلانی ئێران. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیش ئەو ڕاستییە باش دەزانن، بەڵام بۆ دوژمنایەتی لەگەڵ گەلی کورد هەموو کات بە دوای پاساوێکدا گەڕاون کە بتوانن بۆ ماوەیەک بیروڕای خەڵکی ئێرانی پێ ڕازی بکەن و لە بەردەم کۆمەڵگەی جیهانیدا پاساوی هەبوونی هەڕەشە لەسەر ئەمنییەتی ئێرانیان هەبێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دەیان گرووپی نیابەتی لە سەرانسەری ناوچەکەدا بۆ هەڕەشەکردن لەسەر بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان دروست کردووە و تەنانەت لە ئێستادا پێداگری دەکەن لەسەر ئەو بابەتە کە ئاگربەستی نێوان ئەمریکا و ئێران دەبێت لوبنان و حیزبوڵڵاش بگرێتەوە، و بەوە دەگوترێ سیاسەتی دووفاقە و دووڕوویی؛ لە لایەک پشتیوانی لە حیزبوڵڵای لوبنان دەکات و لە لایەکی دیکە دوژمنایەتیی گەلی کورد دەکات کە ئێستا بەشێکە لە پێکهاتەی ئێران.

هەموو ئەوانەی باس کران، نیشانەی ترسی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە لە پێگەی جەماوەری ئەو حیزبانە، بەتایبەتی پێگەی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامە کە دوژمنایەتی

جۆزەردانی ٢٧٢٦

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوو هۆکاری بنەڕەتی هەیە: یەکەم، سیستەمی کۆماری ئیسلامی باوەڕی بە مافی گەلان بەتایبەتی مافەکانی گەلی کورد نییە، و دووهەم، دەسەڵاتدارانی تاران لە پێگەی جەماوەری ئەو حیزبانە لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیگەران و سەخڵەتن، چونکە پێیان وایە لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا، گەلی کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماباقی ناوچەکانی دیکەی ئێران ئامادەتر و ڕێکخراوترن.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران ماوەی ٤٧ ساڵە پێبەپێی سەرکوت و زەبروزەنگ لە کوردستان، هەوڵیان داوە لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە ڕۆخسارێکی دزێو و ناشیرین و شەڕئەنگێز لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نیشانی گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی بدەن و بە دەیان تۆمەتی جۆراوجۆری وەک "جوداییخواز، بەکرێگیراوی دەوڵەتان، و..." بدەنە پاڵ ئەو حیزبانە، بەڵام هەتا ئێستا سەرکەوتوو نەبوون و نەیانتوانیوە بە ئامانجی خۆیان بگەن، چونکە هەم گەلانی ئێران و هەم گەلی کورد باوەڕیان بە کردار و ڕەفتاری دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلانی ئێران نەبووە ئەوە لە لایەک، و لە لایەکی دیکەوە بەپێچەوانەی تێفکرین و بیرکردنەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، جووڵانەوەی مافخوازانەی کوردستان تایبەت بە حیزبێک نییە، بەڵکوو ڕەگ و ڕیشەی لە ویست و داخوازی تاک بەتاکی خەڵکی کوردستاندایە؛ بۆیە بە لێدانی مووشەک و درۆن لە شوێنی نیشتەجێبوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یا تێرۆر و گرتن و لەسێدارەدانی خەباتکارانی کورد، جووڵانەوەی مافخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپێ ناکەوێت، بەڵکوو ئەو جۆرە هێرشە ترسنۆکانە بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەم حیزبەکان و هەم خەڵکی کوردستان زیاتر لە پێشوو هەست بەوە دەکەن بۆ پاراستنی بزووتنەوەی مافخوازانەی خۆیان دەبێت زیاتر و زیاتر لێک نزیک ببنەوە و کار بکەن بۆ هاوپێوەندییەکی بەهێزی نەتەوەیی.

بە واتایەکی دیکە، مێژووی ئەو ٤٧ ساڵە ئەوەی سەلماندووە کە بەپێچەوانەی ویست و ئامانجی دەسەڵاتدارانی تاران، پێگەی جەماوەری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر بووە و پێگە و شەرعییەتی کۆماری ئیسلامیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندا لاوازتر بووە.

١ی جۆزەردانی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# حیسام دەستپێش: پێگەی نێودەوڵەتیی حیزب لێکەوتەی خۆگونجاندنی زیرەک و مانەوەی مەیدانییە



**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

لە کاتێکدا هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە و ئێران بەرەو قۆناغێکی ناڕوون و پڕ لە گۆڕانکاری هەنگاو دەنێن، پرسی دیپلۆماسیی کوردی و پێگەی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوەندە بڕیاردەرەکانی ڕۆژئاوادا پتر بایەخ پەیدا دەکات. حیسام دستپیش، شرۆڤەکار و چاودێری سیاسی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ "کوردستان" تیشک دەخاتە سەر گرینگیی سەردان و چالاکییە دیپلۆماسییەکانی ئەم دواییانەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە ئورووپا. ئەو بە شرۆڤەکردنی دەقئاوێزە سیاسییەکان، لە چەمکی پارادیپلۆماسی، کاریگەریی ڕاپەڕینی ژینا، و بەربەستەکانی بەردەم گۆڕینی ڕوانگەی وڵاتانی ئورووپایی دەدوێت؛ ڕوونکردنەوەی گرنگ لەسەر جیاوازیی نێوان "سیاسەتی پلاتفۆرمی" و بڕیاری ستراتیژی دەدات و پێگەی ڕاستەقینەی کورد لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا دەخاتە ڕوو.

**شەهرام سوبحانی:** کاک حیسام، لە سەفەری ئەمدواییانەی بەڕێز سکرتێری گشتی بۆ ئورووپا و چەند کۆبوونەوەیەک کە لە پاڕلمانی بلژیک و ئیسپانیا بووی، جەنابیشت هاوڕێیەتیی بەڕێز کاک مستەفا هیجریت کردبوو. هەر لەجێدا ڕەخنەی ئەوە

**لە حدکا گیرا کە بەشداری چەند کۆبوونەوەیەک بووە کە دژی شەڕی ئەمریکا لەگەڵ ئێرانن. ئایا ئەمە سیاسەتێکی دووفاقیی حیزبە یان جۆرێکی دیکە تەعبیری دەکەن؟**

**حیسام دەستپێش**: لە چالاکییەکانی ڕۆژی ١٥ی ئاپریل لە پەرلەمانی ئورووپاوە دەست پێ دەکەم، کە تەوەرەی سەرەکیمان بەشداریکردن بوو لە کۆمیتەی سیاسەتی دەرەوە، بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی ئێران بێن و ڕا و بۆچوونی خۆیان بخەنە ڕوو. لە پاڵ ئەمەشدا، کۆبوونەوەیەکمان بۆ نەتەوە بێدەسەڵات و بندەستەکان لە ئێران ڕێکخست بە مەبەستی خستنەڕووی دۆزی ئەوانیش، کە ئەم دوو هەنگاوە تەواوکەری یەکدی بوون. لە تەنیشت ئەمانەشدا دیدار لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان، بەتایبەت ڕاپۆرتێری کۆمیتەی سیاسەتی دەرەوە پێکهات، و بەشی دووەمی چالاکییەکانیش تایبەت بوو بە سەردانی ئیسپانیا و پەرلەمانی بلژیک.

چوارچێوەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان چالاکی و دیدارەکانی حیزبی دێموکرات زیاتر لە ڕێگەی پلاتفۆرمی "سۆسیال دێموکراتەکان"ەوە بووە بۆ دیاریکردنی پێگەی خۆی و خستنەڕووی دۆزی ڕەوای کوردستان. بەشداریکردن لە پلاتفۆرمی ئیسپانیادا تەنیا ئامادەبوونێک بوو بۆ دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ ئەو لایەنانەی هێشتا هاوسۆزییان بۆ ئێران هەیە، تا قەناعەتیان پێ بهێندرێت کە ئەم ڕێژیمە دژەمرۆییە و پێویستە بڕوات، نەک بەو مانایەی چووبینە نێو ئەجێندای بەڕێوەبەرانی ئەو پلاتفۆرمە. لە دیدارە دوو قۆڵییەکانیشدا، تەوەرەی سەرەکی تەنیا لەسەر پرسی کوردستان و داخوازییەکانی ئێمە بوو.

سەبارەت بە پرسی شەڕ، لە هیچ کام لە دیدارەکانمدا نەچوونە سەر ئەو بابەتەی کە ئایا ئەم شەڕە لە داهاتوودا خراپە یان نا، و هەڵوێستی فەرمی حیزب ڕوونە کە ئەم شەڕە لە کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم پلاتفۆرمانە شوێنی بڕیاردان لەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتان نین، بەڵکوو تەنیا لە چوارچێوەی گفتوگۆ و گەیاندنی پەیام دایە؛ ئەو گرووپانەش کە لە ئیسپانیا ئامادە بوون، خاوەنی هەڵوێست و پێناسی جیاوازی خۆیان بوون بەرانبەر بە ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل. دەمەوێ بڵێم کە ڕوانگەی ئێستای ئێمە دەبێت ڕوانگەیەکی پلاتفۆرمی بێت وەک سەرەتایەک بۆ گۆڕانکاری لە ئێراندا، و دەبێت دۆزی کوردستان لەم پلاتفۆرمانەدا ئامادەیی هەبێت. ئەگەر پلاتفۆرمی دیکەش بێتە ئاراوە، پێویستە بزووتنەوەی کوردستان سوودی لێ وەرگرێت، ئەمەش دەمێنێتەوە سەر ئەو دەرفەتانەی دێنە پێشەوە و ئاستی توانای ئێمە.

**شەهرام سوبحانی: کاریگەریی پارادیپلۆماسیی حیزب بەتایبەت لەو ماوەیەدا پتر لە چیدا بەرجەستە دەبێت؟ دەسکەوتەکانی چ بوون؟**

**حیسام دەستپیش**: پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە ئێستادا ناچێتە خانەی «پارادیپلۆماسی»ی باوەوە، چونکە ئەو چەمکە پێویستی بە خاوەنداریێتیی جوگرافی، دەسەڵاتێکی ڕەوا و شەرعیەتێکی یاسایی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە فەرمییەکان، بەڵام حیزب لە قۆناغێکی ڕاگوزەریدایە و گوتار و ڕەفتارە سیاسییەکانی لە ئاستی تەنیا سەرنجڕاکێشانەوە چوونەتە قۆناغی نوێی پێناسەکردنی پێگەی خۆی لە هاوکێشەکانی داهاتووی ئێراندا و تێکەڵبوون لەگەڵ لایەنە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. لەم ئاراستەیەدا، حیزب وردە وردە وەک بەردەنگ و تەرەفێکی سەرەکی و کاریگەر سەیر دەکرێت، کە بەشداریکردنی لە کۆمیتەی سیاسەتی دەرەوە و پێوەندی و ڕاوێژی جیددیی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتان لەگەڵیدا، نیشانەی بەرجەستەبوونی ئەم پێگەیەن. لە کۆتاییدا، ئەگەرچی هێشتا نەگەیشتووەتە دیپلۆماسیی فەرمی، بەڵام حیزب لە سەرەتای پرۆسەیەکدایە کە ژینگە سیاسییەکە دەگۆڕێت و وەک ئەکتەرێکی سەرەکی لە هاوکێشەکانی ئێراندا ڕەنگ دەداتەوە، ئەمەش لە داهاتوودا پێگەکەی دەچەسپێنێت بۆ مامەڵەی تەواو فەرمی.

**شەهرام سوبحانی**: **ڕوانگەی لایەنە ئورووپاییەکان بۆ پرسی کورد و پرسی نەتەوەکانی ئێران چییە؟ ئایا ئەمە وەک بابەتێکی ئابستراکت دەبینن یان مافخوازیی نەتەوەکان بە بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامیی دەبەستنەوە؟**

**حیسام دەستپیش**: لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لای ئورووپاییەکان، یەک پرسی یەکگرتوو بۆ کوردستان بوونی نییە، بەڵکوو ئەوان بەهۆی نەبوونی نوێنەرایەتییەکی فەرمی و یەکگرتوو لەلایەن کوردەوە، بە چوار دیدی جیاواز و لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا سەیری هەر چوار بەشەکەی کوردستان دەکەن. ئەم تێڕوانینە سنووردارە بۆ پرسی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش وەک تورک، عەرەب، بەلووچ و تورکمان ڕاستە، چونکە ئەگەرچی ئورووپا ئاگاداری بوونی ئەم پێکهاتانەیە، بەڵام هێشتا تێڕوانینی سیاسییان نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە لە ڕوانگەی ئەم ناسنامە جیاوازانەوە سەیری داهاتووی ئێران بکەن.

ڕاستییەکەی، ئورووپا تەنیا لە چوارچێوەی بەرتەسکی مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکاندا دانی ناوە بە بوونی ئەم پێکهاتانەدا؛ کاتێکیش بابەتەکە دەگاتە سەر قەوارەی سیاسی و جوگرافیای دەوڵەتی ئێران، ئەوان ناخوازن بیر لە سیستەمێکی فیدراڵی بکەنەوە. تەنانەت تێگەیشتن و مۆدێلی ئەوان بۆ چەمکی لامەرکەزییەت، وەک ئەوەی لە ئەڵمانیا، فەڕانسە یان ئیسپانیا هەیە، لەگەڵ ئەو وێنا و مانا فیدراڵییەی لە زەینی ئێمەدا هەیە زۆر جیاوازە. لەم سۆنگەیەوە، ئەرکی سەرەکیی ئێمە ڕەخساندنی فەزایەکە بۆ گۆڕینی ئەم دیدگایەی ئورووپا تا پێیان بسەلمێنرێت کە ئێران وڵاتێکی تاکنەتەوە و تاکولات نییە، بەڵکوو خاوەن فرە زمان و فرە کولتوورە. لەم ڕووەوە، وتار پێشکەشکردنی کاک مستەفا بە

زمانی کوردی لە کۆمیتەی سیاسەتی دەرەوەدا، هەنگاوێکی گرنگ بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی ئینکارکردنی زمان، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دانپیانانی فەرمی بە ناسنامەی نەتەوەیەکەوە هەیە.

بۆیە پێویستە دۆزی کورد لە کۆنتێکستی تەنیا مافی مرۆڤ و کەمینە دەربهێنرێت و بەرەو کۆنتێکستێکی سیاسی و هاوکێشەی دەسەڵات ببرێت، تا کورد وەک ئەکتەرێکی سەرەکی و کاریگەر لە بونیادنانەوەی داهاتووی ئێراندا پێناسە بکرێتەوە. گەیشتن بەم ئامانجەش بەستراوەتەوە بە واقیعی مەیدانی و فاکتەری هێز لەسەر عەرز، چونکە تەنیا دۆکیومێنت و قسەی ڕووت ناتوانێت هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان بگۆڕێت. ئەگەرچی دۆزی کوردستان بەهۆی پاشخانی مێژوویی و توانای بەرگرییەوە پێگەیەکی جیاوازتر و گرنگتری لای ئورووپا هەیە و زەمینەکەش لەبارە، بەڵام ئەم فەزا ناسنامەییە هێشتا نەبووەتە ستراتیژێکی فکریی جێگیر لای ئەوان و دۆسیەکە هەر لە چوارچێوەی پرسی کەمینەکاندا هێڵدراوەتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: سیاسەتی سازان و مەدارای ئورووپا لەگەڵ ئێران هەمووکاتێک یەک لە ڕەخنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بووە. بۆچی دیپلۆماسیی حیزب و ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەرییش نەیتوانیوە گۆڕانێکی ئەوتۆ لە سیاسەتەکانی ئورووپا لەهەمبەر ئێراندا پێکبێنێ؟

**حیسام دەستپیش**: گۆڕینی ڕوانگەی یەکیەتیی ئەورووپا پرۆسەیەکی یەکجار سەخت و کاتبەرە و هۆکاری یەکەمی بۆ سروشتی پێکهاتەی ئەم یەکیەتییە دەگەڕێتەوە کە لە ٢٧ وڵات پێکهاتووە و بڕیاردان تێیدا، بە پێچەوانەی وڵاتانی وەک ئەمریکا و ڕووسیە، ڕووبەڕووی بەربەستی کارگێڕی و پەیڕەویی گەورە دەبێتەوە. هۆکاری دووەم بریتییە لە: کێشەی نەبوونی بەدیلێکی سیاسی، چونکە ئورووپاییەکان پێویستیان بە بزووتنەوەیەکی هاوسەنگە کە متمانەی پێ بکەن و نوێنەرایەتیی گۆڕانکاری لە ئێراندا بکات، بەڵام هێشتا دەستیان بەستراوە چونکە هێزێکی وایان بەدی نەکردووە. هۆکاری سێیەمیش کێشەی ئیرادە و هێزی مەیدانییە، چونکە ئێستا هێزێکی سیاسیی کاریگەر نییە کە بە پێگەیەکی جەماوەریی بەردەوامەوە ململانێیەکان لەسەر زەوی ڕابگرێت و نیشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات کە پرۆسەی گۆڕانکاری دەستی پێکردووە.

بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە سەد لە سەد پێویستی بە ئامادەیی هێزێکی مەیدانی هەیە تا وەک نێوەندگیر و نوێنەر کار بکات بۆ دروستکردنی قەناعەتی سیاسی لای لایەنە دەرەکییەکان، چونکە گۆڕینی ئەم دۆخە شتێک نییە بە شەو و ڕۆژێک بکرێت و تەنیا جۆش و خرۆشی مەیدانی دەتوانێت پرۆسەکان خێرا بکات، وەک چۆن لە دوای شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» و ڕاپەڕینەکانی مانگی بەفرانباردا بینیمان کە جووڵانەوەکان یارمەتیدەر بوون لە ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ بابەتێکی وەک

خستنی سپای پاسداران بۆ ناو لیستی تیرۆر. واتە دەکرێت بڵێین تێڕوانینی ئورووپاییەکان دوو ئاراستەی باڵای دیپلۆماسی و ئاراستەیەکی مەیدانی هەیە، کە ئەمەی دواییان بە تەواوی گرێدراوی واقیعی نێوخۆی ئێران، توانای هێزەکان لەسەر زەوی، و بەردەوامبوونی خەباتی مەیدانییە بە شێوەیەکی ڕۆژانە بۆ فەراهەمکردنی فەزایەکی سیاسیی نوێ.

**شەهرام سوبحانی**: سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانەی ئورووپا لەهەمبەر ئێران دەرفەتی بەهێزبوونی بە کۆماری ئیسلامی دا، هاوکات سزا ئابوورییەکان و سزاکانی پێوەندیدار بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤیش هیچ یارمەتییەکی خەڵکی ئێرانی نەداوە؛ بەڵکوو لە بەرژەوەندیی باڵی توندڕەوی ڕێژیم و هەژاریی زیاتری کۆمەڵگە و خەڵک شکاوەتەوە. ئەو سووڕی باتڵ و خولانەوەی ئورووپا لەو بازنە بێ کاریگەرەدا کەی تەواو دەبێ و بە چی دەبڕێتەوە؟

**حیسام دەستپێش**: سیاسەتی ڕەخنەگرانە"ی ئورووپا بەرانبەر بە ئێران کۆتایی پێ هاتووە، کە نیشانەکانی لە سزادانی کۆماری ئیسلامی، خستنی سپای پاسدارانە لە نێو لیستی تێرۆر و هەڵوێستی توندی پەرلەمانی ئورووپادا ڕەنگیان داوەتەوە. لە ئێستادا بەهۆی زاڵبوونی دۆخی ناڕوونی، ئورووپا ستراتیژێکی ڕوونی نییە و تەنیا پەیڕەوی لە سیاسەتی "بەڕێوەبردنی قەیرانەکان" و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە دەکات، کە ئەم دابەزینی ئاستی دیپلۆماسییەش بە مانای پچڕانی یەکجاری نییە، بەڵکوو دەرفەتێکە بۆ سەرمایەگوزاریی سیاسی.

دروستبوونی هەر جۆرە بەرەیەکی هاوبەشی دژ بە ئێران، بەستراوەتەوە بە ڕوانگەی وڵاتانی بەهێزی وەک ئەڵمانیا و فەڕانسە و شیکردنەوەی واقیعی نێوخۆی ئێران، کە ئەمەش پێویستی بە کات و پرۆسەیەکە. لە لایەکی ترەوە، ئورووپا بەهۆی ململانێ نێوخۆیی و دەرەکییەکانی، بەتایبەتی قەیرانی ئۆکراین کە ئەولەویەتی یەکەمیەتی، توانای دەستپێشخەریی نییە و نایەوێت پرسی ئێران بکاتە ئەولەویەتی خۆی؛ تەنانەت لە کاتی بوونی هۆکاریشدا، تێڕوانینی ئورووپا بۆ ئەم ململانێیە جیاوازییەکی جەوهەریی لەگەڵ ڕوانگەی ئەمریکا و ئیسرائیلدا هەیە.

**شەهرام سوبحانی**: بزووتنەوەی ژینا و خۆپێشاندانە بەردەوامەکانی سێ ساڵی ڕابردوو لە ئاستی سەرانسەری هیچ گۆڕانێکیان لە ڕوانگە و سیاسەت و هەڵوێستی وڵاتانی ئورووپایی لەهەمبەر بزووتنەوەی مافخوازیی نەتەوەکانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی بووە؟

**حیسام دەستپێش**: بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" وەرچەرخانێکی ستراتیژی و بنەڕەتیی لە وشیاریی جیهانیدا دروست کرد و ڕوانگەی نەرێنیی دەرەوەی (بەتایبەت یەکیەتیی ئورووپا) بۆ کۆمەڵگەی ئێران گۆڕی بۆ تێڕوانینێکی مرۆیی، مەدەنی و

بەها - تەوەر کە بەتەواوی لەگەڵ پڕەنسیپە دیموکراتییەکانی ئەواندا یەک دەگرێتەوە.

بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا، بەهۆی ململانێ نێوخۆییەکان و دەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆنێکی ناڕێکخراو، بێ پڕەنسیپ و خاڵی لە بەهای سیاسی، ئەم دەستکەوتە مێژووییە پەراوێز خرا و نەتوانرا بڕیاردەرانی ڕۆژاوا ناچار بە گرتنەبەری هەنگاوی کرداری بکرێن. لەم نێوەندەدا، تەنیا بزووتنەوەی کوردستان، نەتەوەکانی تر و ئەو لایەنانەی باوەڕی ڕاستەقینەیان بە پلۆڕالیزم هەیە لە چوارچێوەی بەهاکانـدا مانەوە؛ ئەگەرچی ئەوانیش هێشتا لە ئاستی میدیا و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا نەبووبوونە خاوەنی ئەو قورساییەی کە ئاراستەی سیاسەتە گەورەکان بگۆڕن.

لە کۆتاییدا، لەدەستچوونی ئەم دەرفەتە مێژووییە کە دەکرا ببێتە پێشەکییەکی گونجاو بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندیی ئێران (چ لە بەرەی کۆماریخوازی و چ لە بەرەی پاشایەتیخوازی). ئەوان بەهۆی نەبوونی پێناسەیەکی ڕوون و واقیعی بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری، نەیانتوانی جەوهەرە بەها تەوەرەکەی بزووتنەوەکە بپارێزن و خۆیان بوونە گەورەترین بەربەست لە بەردەم گۆڕانکاریدا.

**شەهرام سوبحانی:** حیزبی دیموکرات لە کوێی باس و ڕۆژەڤی ئورووپا پێوەندیدار بە کورد و داهاتووی ئێراندایە؟

**حیسام دەستپیش:** ئەگەر بڵێین پێگەی حیزبی دیموکرات تووشی وەرچەرخانی بنەڕەتی بووە یان هیچ کاریگەرییەکی نەماوە، لە ڕاستی لادەدەین؛ لە واقیعدا لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە هاوکێشەی داهاتووی ئێراندا وەک ئەکتەرێکی سەرەکی دەیبینن، بەڵام تێڕوانینی ئورووپاییەکان هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی میحوەرێتیی ڕەها. ئەگەر لە ڕابردوودا پارچەکانی تری کوردستان ببوونە ناوەندی سەرنج، هۆکارەکەی بۆ بوونی واقیعێکی عەینی لەسەر عەرز دەگەڕایەوە (وەک قەوارەی سیاسی لە باشوور، هێزی سەربازی لە ڕۆژاوا، و پێگەی پەرلەمانی لە باکوور)، کەچی لە ڕۆژهەڵاتدا هێشتا ئەو واقیعە مەیدانییە بەدی نەهاتووە و گۆڕینی ئەم دۆخەش پێویستی بە سەلماندنی هێزی عەینی هەیە.

سەرەڕای ئەمەش، حیزبی دیموکرات خاوەنی سیستماتیکترین تۆڕی پەیوەندیی دەرەکییە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵات کە وەک قۆناغێکی ڕاگواستن بەرەو قبووڵکردنی فەرمی لەلایەن ئورووپاییەکانەوە دێتە ئەژمار. لە لایەکی ترەوە، هەرچەندە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت چاوپۆشی لە پێگەی کورد بکات، بەڵام پاراستنی هاوسەنگی و سەقامگیریی ئێران بۆ ئەوان لە پێشینەیە و وەک چۆن لەگەڵ واقیعی سووریە، ئەفغانستان و عێراق سازیان کرد، لێرەشدا دەیانەوێت خۆیان لەگەڵ واقیعەکە بگونجێنن.

جۆزەردانی ٢٧٢٦

پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان هەمیشە پاشکۆی ئاستی کاریگەری و کارتی گوشاری سەر عەرزی واقیعمانیـانن، نەک هۆکـارێکی سـەربەخۆ کە ئاڕاسـتەکان دیـاری بکـات. بـۆیە لە ئێسـتادا چالاکییەکـان سنووردارن بە سوودوەرگرتن لە پلاتفۆرمەکـان و خستنەڕووی پرۆژە و تێڕوانینەکـان، و بەرزبـوونەوەی حیـزب بـۆ ئاسـتی سـەرەداوی سـەرەکیی گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکـان، بە تەواوی بەستراوەتەوە بە گۆڕانکارییەکانی داهاتوو و کارکردنی مەیدانییەوە.

١ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# کوردەکان وەک فاکتەرێکی جیدی و سەرەکی





**ئاسۆ سالح**

لە ماوەی شەڕی ئەم دوایییەی نێوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیلدا، بزووتنەوەی کوردستان چەندین جار بووەتە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی میدیا نێودەوڵەتییەکان و شیکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە. لە هەواڵی پەیوەندیی ڕێبەرانی کورد لەگەڵ سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بگرە تا دەگاتە باسی ئەگەری دەوربینینی هێزە کوردییەکان لە نێوخۆی ئێراندا؛ هەروەها هێرشە مووشەکی و درۆنییە بەردەوامەکان

بۆ سەر بارەگاکانی حیزبە کوردستانییەکان و کەمپە مەدەنییەکانیان، و ئەم دواییانەش لێدوانەکانی ترەمپ سەبارەت بەوەی کە «کوردەکان ئەو چەکانەیان ڕادەست نەکردووەتەوە کە ئەمریکا بۆ خۆپیشاندەرانی ئێرانی ناردبوو». هەموو ئەمانە نیشان دەدەن کە پرسی کورد و پێگەی حیزبە کوردستانییەکان لە هاوکێشەکانی ئێران و ناوچەکەدا، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە کەوتوونەتە بەر سەرنج.

وەک دیارە هەر دوو لایەنی شەڕەکە، واتا هەم سەرکردە لەژیاندا ماوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەم سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان، حیزبە کوردییەکان وەک فاکتەرێک لە هاوکێشەکانی شەڕی ئێستادا دەبینن.

**لەم بارەیەوە چەند خاڵێکی بنەڕەتی پێویستیان بە وەبیرهێنانەوە هەیە:**

**یەکەم؛** ڕاستی ئەوەیە کە کوردەکان فاکتەرێکی جددین لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێراندا. ڕێکخستنی سیستماتیکی حیزبی، تەشکیلاتی یەکگرتوو لە نێوخۆی وڵات، هێزی ڕاهێنراوی پێشمەرگە، ئەزموونی درێژخایەنی خەباتی سیاسی و پێشمەرگانە، و لە هەمووی گرینگتر پەیوەندیی قووڵ و مێژوویی لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردستان، هەمووی نیشاندەری ئەوەیە بزووتنەوەی کوردستان تەنیا ڕەوتێکی لەپەراوێزدا یان کاتی نییە، بەڵکوو ئەکتەرێکی ڕاستەقینە و کاریگەرە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا. ئەم پێگەیە نە لە ڕێگەی پاڵپشتیی هێزە دەرەکییەکان، بەڵکوو بەرهەمی چەندین دەیە خەبات، قوربانیدان و ئامادەیی بەردەوام لە نێو خەڵکدایە.

**دووەم؛** ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەندین جار جەختیان کردووەتەوە کە نە بەشێک بوون لە شەڕی نێوان ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل و نە چارەنووسی خەباتی نەتەوەی کوردیان بە ڕەوت و ئەنجامی ئەم شەڕە گرێ داوە. ئەم هەڵوێستە، تەنیا تاکتیکێکی سیاسی نییە؛ بەڵکوو هەڵقوڵاوی تێگەیشتنێکی مێژووییە لە خەباتێک کە چەندین دەیە پێش ئێستا دەستی پێ کردووە و ڕەگ و ڕیشەی لە داواکاریی شوناسخوازی، وەدەستهێنانی مافە گشتییەکان لەوانە مافی دیاریکردنی چارەنووس، گەیشتن بە ئازادی، دادپەروەری و دیموکراسیدایە. بزووتنەوەی کوردستان پێش ئەم شەڕەش هەبووە، لە کاتی ئەم شەڕەکەشدا ڕێڕەوی سەربەخۆی خۆی گرتووەتە بەر و دوای کۆتایی هاتنیشی تا گەیشتن بە ئامانجەکانی، لە خەباتی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بەردەوام دەبێت.

**سێیەم؛** لە هەلومەرجی ئێستادا زۆر کەس هەوڵ دەدەن هەموو هێزە سیاسی و سەربازییەکان بە یەکێک لە دوو لایەنی ئەم شەڕەوە گرێ بدەن. ئەم جۆرە تێڕوانینە، لە عەقڵییەتێکەوە سەرچاوە دەگرێ کە سیاسەتی ناوچەکە تەنیا لە پەنجەرەی

کێبڕکێی دەوڵەتان و هێزە سەربازییەکانەوە دەبینێت. بەڵام بزووتنەوەی کوردستان، بەتایبەت خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نە بەرهەمی ئەم شەڕ و ململانێیانە و نە بە کۆتاییهاتنی ئەم شەڕ و پێکدادانانە و ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەتان کۆتایی پێ دێت. هەر وەک چۆن ئێمە بەشێک نەبووین و نین لەم شەڕە، نابینە بەشێکیش لە ڕێککەوتن و ئاشتیی نێوانیان. بە واتایەکی دیکە، خەباتێک کە لەسەر بنەمای داخوازییە مێژووییەکانی نەتەوەیەک شێوەی گرتووە، ناکرێت ببێتە کەرەستەی مامەڵە سیاسییەکانی زلهێزەکان. کوردستان «سوژەیەکی» سیاسی و مێژووییە؛ خاوەنی داخوازی، ئیرادە، بیرەوەری و ڕێڕەوی سەربەخۆی خۆیەتی. ئەم خەباتە، پەرچەکردارێکی کاتی بەرامبەر بە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژ نییە، بەڵکوو درێژەی ڕێگەیەکە کە نەوەکان تێچووی گەورەیان بۆ داوە. شانازییە مێژووییەکان وەک دامەزراندنی کۆماری کوردستان، و ئەو تێچووە قورسانەی وەک لەسێدارەدان و تیرۆری ڕێبەران و خەباتکاران، هەموویان بەشێکن لە بیرەوەریی بەکۆمەڵی نەتەوەیەک کە هێشتا بۆ مافە بنەڕەتییەکانی خۆی تێدەکۆشێت. هەر بەو هۆیەشە، هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە پەیوەندییەکانی نێوان تاران، واشینگتۆن یان تەلئەبیب، لەوانەیە هاوکێشەکانی ناوچەکە سەروبن بکات، بەڵام بنەڕەتی پرسی کورد و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد هەر لەجێی خۆیان دەمێنن.

**چوارەم؛** هێرشە بەردەوامەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بارەگاکانی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان، خۆی نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە حکوومەتی ئێران، بزووتنەوەی کوردستان وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە و فاکتەرێکی کاریگەر دەبینێت. ئەگەر حیزبە کوردستانییەکان بێکاریگەری و بێ پێگەی جەماوەری بوایان، ئەم قەبارە زۆرە لە گوشاری ئەمنییەتی، هێرشی مووشەکی و هەڵمەتی پڕوپاگەندەیی دژ بەوان لەئارادا نەدەبوو. کۆماری ئیسلامی باش دەزانێت کە کوردستان تەنیا جوگرافیایەک نییە، بەڵکوو توانستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوە کە لە کاتە هەستیار و چارەنووسسازە مێژووییەکاندا دەتوانێت ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە بگێڕێت.

**پێنجەم؛** لێدوانەکانی ئەم دواییەی ترەمپ سەبارەت بە چەکە ئەمریکییەکان، بێگومان لەوەی بە چ مەبەستێک خراونەتە ڕوو، جارێکی دیکە نیشانی دا کە پرسی کورد لە تێڕوانینی هێزە جیهانییەکانیشدا ناکرێت پشتگوێ بخرێت. بەڵام ئەزموونی مێژوویی نەتەوەی کورد نیشانی داوە کە پشتبەستن بە ئیرادە و هێزی نێوخۆیی، زۆر جێگیرترە لە ئومێدبەستن بە سیاسەتە گۆڕاوەکانی دەوڵەتە دەرەکییەکان. ئێمە سوود لەو دەرفەتانە وەردەگرین کە لە ئەنجامی سیاسەتە ناوچەیی و جیهانییەکانی وڵاتانەوە دێنە ئاراوە، بەڵام بزووتنەوەی ئێمە بە تەواوی لەم هاوکێشانەدا سەربەخۆیە.


لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە زیاد بکرێت، ئەوەی ئەمڕۆ گرینگیی هەیە، پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی بزووتنەوەی کوردستان و ڕێگریکردنە لەوەی ببێتە کەرەستەی کێبڕکێ ناوچەییەکان. بزووتنەوەی کوردستان کاتێک دەتوانێت ڕۆڵە مێژووییەکەی خۆی

**جۆزەردانی ٢٧٢٦**

بگێڕێت کە هاوکات لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ جیهان، سەربەخۆیی لە بڕیاردان و لە پێشینەبوونی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی بپارێزێت. ئەم بزووتنەوەیە نواندنی ئیرادەی نەتەوەیەکە کە دەخوازێت وەک بکەرێکی سیاسیی سەربەخۆ ببینرێت، نەک وەک ئامرازێک لە کایەی ئەوانی دیکەدا. شەڕەکان دەست پێ دەکەن و کۆتاییان دێت، حکوومەتەکان دەگۆڕدرێن و هاوپەیمانێتییەکان هەڵدەوەشێنەوە؛ بەڵام پرسی کورد و بزووتنەوەی کوردستان، تا ئەوکاتەی ماف و داخوازییە مێژووییەکانی بە فەرمی نەناسرێت، هەر لەسەرپێ و بە نەمری دەمێنێتەوە.

**٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٦**

# سیاسەت وەک هونەری مومکین (خوێندنەوەیەکی شیکاری لە هزری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو)





د. مەنسوور سۆهرابی

لە مێژووی خەباتی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کەمتر سەرکردەیەک دەدۆزرێتەوە کە هەمان خەونی ئازادی یلە سەردا بێت و لە هەمان کاتدا پێیەکانی بە توندی لەسەر عەرزی واقیع ڕاگرتبێت. شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێک بوو لەو ئاوارتانە. ئەو ڕستەیەی لە زمانی ئەو دەیگرێنەوە کە

"سیاسەت هونەری مومکینە"، نەک دروشم و پڕوپاگەندەیەک، بەڵکوو پوختەی فەلسەفەیەکی سیاسیی قووڵە کە بە ئەزموون، خوێندنەوە و خەبات وەدەست هاتبوو.

ڕوانگەیەکی دیکەی ناسراوی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو کە دەڵێت «لە سیاسەتدا سفر و سەد و ڕەش و سپی نییە»، دەکرێت بە یەکێک لە چڕترین و لە هەمان کاتدا قووڵترین داڕشتەکانی واقیعبینیی سیاسی لە چوارچێوەی بزووتنەوە هاوچەرخەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابندرێت. ئەم نیگایە تەنیا ڕاسپاردەیەکی تاکتیکی نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی جیهانبینییەکی سیاسییە کە هاوسەنگییەکی ناسک لە نێوان ئارمانخوازی (ئایدیالیزم) و واقیعبینیدا دروست دەکات.

یەکەمین تەوەر لە هزری قاسملوودا، ڕەخنەگرتنە لە دوو جەمسەرییە دوگم و موتڵەقەکان لە سیاسەتدا. کاتێک ئەو باس لە نەبوونی ڕەش و سپی لە سیاسەتدا دەکات، لە ڕاستیدا تیشک دەخاتە سەر یەکێک لە هەڵە باوەکانی هزری سیاسی کە بریتییە لە کورتکردنەوە و دابەزاندنی ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتییەکان و دەسەڵات بۆ دەستەواژە و چەمکە سادە و بڕاوە. ئەم جۆرە تێڕوانینە کە زۆربەی کات لە توێی دروشمی «هەموو شتێک یان هیچ»دا دەردەکەوێت، سیاسەت لە مەیدانێکی زیندوو و فرەڕەهەندەوە دەگۆڕێت بۆ گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەها لە نێوان خێر و شەڕدا. دەرەنجامی ئەم جۆرە ڕوانینە، داخرانی ئاسۆکانی کارکردنی سیاسییە. لە بارودۆخێکدا کە هێزە سیاسییەکان خۆیان لە چوارچێوەیەکی دوگم و داخراو و نەبڕدا گەمارۆ دەدەن، ئەگەری دانوستان، هاوپەیمانی و تەنانەت پێناسەکردنەوەی ئامانجەکانیش تێدا دەچن. لە ڕاستیدا، ڕەهاخوازی نەک هەر هێزی جووڵە و مانۆڕ ناباتە سەر، بەڵکوو سنوورداری دەکات و لە زۆر حاڵەتیشدا لەباری دەبات.

لە بەرانبەر ئەم ڕوانینەدا، قاسملوو سیاسەت وەک پرۆسەیەکی بەرەبەرە، هەنگاو بە هەنگاو و کەڵەکەبوو پێناسە دەکات. ئەو بە ئاماژەدان بەوەی کە «دوو هەنگاو دەچیتە پێش و دەستکەوتێکت دەبێت، پاشان دووبارە بۆ دەستکەوتی زیاتر خەبات دەکەیت»، جەخت لەسەر سروشتی هەنگاو بە هەنگاوی پێشکەوتنی سیاسی دەکاتەوە. ئەم تێڕوانینە لەگەڵ تیۆرییە کلاسیکییەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا یەک دەگرێتەوە کە گۆڕانکاری نەک وەک بازدانێکی کتوپڕ، بەڵکوو وەک زنجیرەیەک لە گۆڕانکاریی بەشێنەیی، وردەوردە و بەردەوام لەبەرچاو دەگرن. لەم چوارچێوەیەدا، هەر دەستکەوتێک، ئەگەر سنووردار و ڕێژەییش بێت، بەهادارە؛ چونکە دەتوانێت وەک سەکۆیەک بۆ پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونەکانی داهاتوو دەور ببینێت. ئەم تێگەیشتنە لە سیاسەت، بەتایبەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە لەگەڵ پێکهاتەی ڕەقی دەسەڵات، سەرکوتی سیاسی یان سنوورداریی دامەزراوەیی ڕووبەڕوون، گرنگییەکی چەند قات دەدات بەدەستەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## هونەری مومکین: میراتی بیسمارک لە خزمەت ئازادیدا

دەستەواژەی «سیاسەت هونەری مومکینە» ڕەگێکی مێژوویی هەیە. ئەم ڕستەیە بۆ یەکەم جار لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە لایەن ئۆتۆ ڤۆن بیسمارک، سەرۆکوەزیرانی پرۆس، بەکار هات. بیسمارک بە هەمان ڕوانگەوە توانی ئەڵمانیا یەک بخات؛ نەک بە ئایدیالیزم، بەڵکوو بە هەژمارکردنی وردی هێز و دەرفەتناسیی سیاسی و ڤۆستنەوەی هەڵە ڕەخساوەکان. بەڵام د. قاسملوو ئەم چەمکە لە چوارچێوەیەکی تەواو جیاوازدا بەکار دەهێنێت. بیسمارک لە پێگەی دەسەڵاتێکی باڵادەستدا خاوەنی ئەم فەلسەفەیە بوو؛ بەڵام قاسملوو لە خزمەت نەتەوەیەکدا بەکاری دەهێنێت کە نە دەوڵەتی هەیە، نە سوپایەکی ڕێکخراو و نە ناسنامەیەکی نێودەوڵەتیی فەرمی. ئەمە جیاوازییەکی گرنگە. لێرەدا واقیعبینی نەک لە خزمەت پاراستنی دەسەڵات، بەڵکوو لە خزمەت بەدەستهێنانی ئازادیدایە.

قاسملوو بە دانانی ئەم چەمکە لە بەرانبەر خەیاڵپڵاویدا، سنوورێکی ڕوون لە نێوان سیاسەت و ئارمانخوازیی ناواقیعی دەکێشێت. خەیاڵپڵاوی ئەو کاتە ڕوو دەدات کە ئامانجە سیاسییەکان بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی عەینی، هاوسەنگیی هێزەکان و سنووردارییە تاقەت پڕووکێنەکان پێناسە بکرێن. لە بارودۆخێکی وەهادا، سیاسەت لە بواری کارکردن دەچێتە دەرەوە و بۆ ئاستی خەون و ئاواتە پچڕاوەکان دادەبەزێت.

قاسملوو وەک ڕێبەرێکی سیاسی چەندین جار کەوتە نێو دۆخێکەوە کە دەبوو لە نێوان "ئایدیال" و "مومکین"دا یەکێکیان هەڵبژێرێت. دانوستانەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، هەرچەندە لە کۆتاییدا بووە هۆی شەهیدبوونی، نیشانەی ئەم جۆرە ڕوانگەیە بوو. ئەو دەیزانی کە دانوستان کزی و لاوازی نییە، بەڵکوو ئامرازێکە لە تەنیشت ئامرازەکانی تری خەباتدا. هەروەها قاسملوو زۆر باش دەیزانی کە بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆ مانەوە و گەشەکردن، پێویستی بە پێگەی کۆمەڵایەتی، شەرعییەتی نێودەوڵەتی و نەرمینواندنی دیپلۆماسی هەیە. ئەو لە سەردەمێکدا کە زۆربەی بزووتنەوە چەپەکانی ناوچەکە خۆیان لە قاڵبە ئایدیۆلۆژییە چەقبەستووەکاندا بەند کردبوو، ڕێگەیەکی "پراگماتیک"تری هەڵبژارد. نەک لەبەر ئەوەی بەهاکان بۆی گرنگ نەبوون، بەڵکوو لەبەر ئەوەی دەیزانی سووربوون لەسەر ئایدیۆلۆژیا لە بەرانبەر واقیعە سیاسییەکاندا، لە کۆتاییدا بە زیانی خودی نەتەوەکەی دەشکێتەوە.

دەکرێت هزری سیاسیی دوکتور قاسملوو لە یەک ڕستەدا کورت بکرێتەوە: ئامانجە گەورەکانت هەبێت، بەڵام بە ئامرازی ڕاستەقینەی بەردەستەوە بجووڵێ. ئەم هزرە نە محافەزەکارییە و نە تەسلیم بوون؛ بەڵکوو پێگەیشتوویی سیاسییە. جیاوازیی نێوان خەباتکارێکی ڕۆمانتیک و سیاسەتمەدارێکی پێگەیشتوو، ڕێک لەم خاڵەدایە: هەردووکیان خاوەن ئامانج و

ئارمانن، بەڵام دووهەمیان دەزانێت کە دەبێت بە تێگەیشتن لە واقیع، ئامێی ستراتیژی و ژیریی تاکتیکییەوە شوێن ئامانجەکەی بکەوێت. ئەم پێگەیشتووییە سیاسییە شتێک نییە خۆبەخۆ بەدەست بێت، بەڵکوو پێویستی بە خوێندنەوەی مێژوو، وانەوەرگرتن لە شکستیی کەسانی تر و جۆرە ئازایەتییەک هەیە کە جیاوازە لە ئازایەتیی مەیدانی جەنگ: ئەویش ئازایەتیی قبووڵکردنی ئاڵۆزییەکانە. گوتنی ئەوەی کە بارودۆخەکە ئاڵۆزە و وەڵامێکی سادەی نییە، لە کەشێکدا کە هەمووان چاوەڕێی دروشمن، خۆی پێویستی بە ئازایەتییە. قاسملوو ئەم ئازایەتییەی هەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، خاڵی گرنگ لە بیری قاسملوودا ئەوەیە کە ئەو هەرگیز ئارمان و ئاواتە مەزنەکان بە تەواوەتی ڕەت ناکاتەوە، بەڵکوو جیاوازی لە نێوان «ئامانج» و «ڕێکار»دا دادەنێت. ئامانجە سیاسییەکان دەتوانن بەرزەفڕانە و تەنانەت ڕادیکاڵیش بن، بەڵام ڕێگەی گەیشتن پێیان دەبێت لەسەر بنەمای واقیعە عەینییەکان ڕۆ نرابێ. ئەم جیاکارییە یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی ڕێبازەکەی؛ چونکە لە لایەک ڕێگری دەکات لە کەوتنە نێو مەحافزەکارییەکی ڕووت، و لە لایەکی تریشەوە، ڕێگری دەکات لە تێوەگلان لە داوی ڕۆمانتیزمی شۆڕشگێڕانە. بە واتایەکی تر، قاسملوو جۆرێک لە «ئارمانخوازیی واقیعبینانە» دەخاتە ڕۆژەڤەوە کە تێیدا ئارمانەکان ئاراستەکەرن، بەڵام ئامراز و ستراتیژەکان لەسەر بنەمای توانای جێبەجێکردن ڕێک دەخرێن.

ئەم ڕوانگەیە لێکەوتەی کردەیی گرنگی بۆ کارکردنی سیاسی هەیە. یەکەم ئەوەی دانوستان و سازان نەک وەک نیشانەی لاوازی، بەڵکوو بە ئامرازە پێویستەکانی سیاسەت دادەنرێن. لە زۆرێک لە کولتووری سیاسییەکاندا، بەتایبەت لە چوارچێوە شۆڕشگێڕییەکاندا، سازان زۆربەی کات بە یەکسانی "تەسلیم بوون" یان تەنانەت "خیانەت" سەیر دەکرێت. بەڵام لە چوارچێوەی «هونەری مومکین»دا، سازان دەکرێت وەک ڕێگەیەک بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی نوێ لەبەرچاو بگیرێت. دووەم ئەوەی کە ئەم ڕێبازە جەخت لەسەر گرنگیی دروستکردنی بەرە و «هاوپەیمانی» دەکاتەوە. لە جیهانێکدا کە دەسەڵات بە شێوەیەکی پەرتوبڵاو و چەند جەمسەری دابەش بووە، هیچ هێزێک بە تەنیا ناتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت. کەواتە، توانای دروستکردنی هاوپەیمانیی بگۆڕ و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش، دەبێتە کارامەییەکی سەرەکی لە سیاسەتدا. سێیەم لێکەوتەش، پێناسکردنەوەی چەمکی سەرکەوتنە لە سیاسەتدا. لە ڕوانگەیەکی ڕەهاگەرایانەدا، سەرکەوتن تەنیا ئەوکاتە واتای هەیە ئامانجە کۆتاییەکان بە تەواوی بەدی بێن. بەڵام لە ڕێبازەکەی قاسملوودا، سەرکەوتن دەکرێت بە شێوەیەکی ڕێژەیی و قۆناغ بە قۆناغ پێناسە بکرێت. هەر پێشکەوتنێک، ئەگەر سنوورداریش بێت، دەکرێت بە سەرکەوتنێک دابنرێت، چونکە لە ڕێڕەوی بەدیهاتنی ئامانجە گەورەکانـدایە. ئەم پێناسەکردنەوەیە نەک هەر یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی پاڵنەر و بەردەوامی لای ئەکتەرە سیاسییەکان، بەڵکوو دەرفەتی هەڵسەنگاندنی واقیعبینانەتری بارودۆخەکەش دەڕەخسێنێت.


لە ڕووی تیۆرییەوە، دەکرێت هزری قاسملوو لە چوارچێوەی نەریتی «پراگماتیزمی سیاسی»دا دابنرێت. ئەم نەریتە کە ڕەگی لە بیری بیرمەندانی وەک ویلیام جیمز و جۆن دیویدا هەیە، جەخت لەسەر گرنگیی ئەزموون، کار و ئەنجامە بەرجەستەکان دەکاتەوە. لەم چوارچێوەیەدا، بەهای بیرۆکەیەکی سیاسی نەک لەسەر بنەمای پاکیی تیۆرییەکەی، بەڵکوو لەسەر بنەمای کاراییە کردەیییەکەی دەپێورێت. قاسملوو بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی لە کرداردا مومکینە، بە جۆرێک هەر ئەم پێوەرەی بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەت پێشنیار کردووە.

لە هەمان کاتدا، دەبێت سەرنج بدرێتە سەر بەرتەسکی و سنووردارییەکانی ئەم ڕێبازە. جەختکردنەوەی لە ڕادەبەدەر لەسەر مومکینەکان، ڕەنگە ببێتە هۆی جۆرێک لە محافێزەکاری یان تەنانەت قبووڵکردنی دۆخی هەبوو. ئەگەر سنووری نێوان واقیعبینی و خۆبەدەستەوەدان بە دروستی دەستنیشان نەکرێت، مەترسی ئەوە هەیە ئامانجە درێژخایەنەکان وردە وردە فەرامۆش بکرێن. کەواتە ئالەنگاریی سەرەکی لەم ڕێبازەدا، پاراستنی هاوسەنگییە لە نێوان نەرمینواندن (انعطاف‌پذیری) و پابەندبوون بە بنەماکان. بە واتایەکی تر، سیاسەتمەدار دەبێت بتوانێت بەبێ لەدەستدانی ئاراستە گشتییەکەی، لە ڕێڕەوی جووڵانەوەکەیدا تاکتیکەکان بگۆڕێت.

لە کۆتاییدا، پەیامی سەرەکیی دوکتور قاسملوو دەکرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە: سیاسەت نەک گۆڕەپانی بەدیهاتنی کتوپڕی ئارمانەکان، بەڵکوو هونەری جووڵەی ژیرانەیە لەنێو کۆسپ و بەرگژەکان بۆ نزیکبوونەوەی قۆناغ بە قۆناغ لێیان. دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٣٦٨ (١٩٨٩ز) لە ڤییەن بە دەستی دەستوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا، ڕێک ئەو کاتەی خەریکی ڕاهێنانی هەمان هونەری مومکین بوو: دانوستان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی مومکین بۆ نەتەوەکەی. مەرگەکەی نیشانی دا واقیعبینی هەمیشە بەس نییە، بەڵام هزری ئەو نیشانی دەدات کە بەبێ واقیعبینی هەرگیز ناکرێت بەرەو پێش بچیت. ئەمڕۆ، ساڵانێک دوای شەهیدبوونی، وتەی ئەو هێشتا زیندووە و دەنگی دێتەوە: «سیاسەت هونەری مومکینە»؛ و ئەم هونەرە، وەک هەر هونەرێکی تر، فێربوونی دەوێت.

٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# ترومای بەکۆمەڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ ئەو برینانەی نەوە دوای نەوە دەگوازرێنەوە





**ڕۆژهات موکری**

### گێڕانەوەیەک لە ڕەنگدانەوەی ترس لە نێوان نەوەکاندا

ژنێکی تەمەن پەنجا و چەند ساڵەی دانیشتووی شارۆچکەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دەگێڕێتەوە هەر کاتێک مۆبایلەکەی لە شەودا زەنگ دەخوات، بە توندی دڵەکوتێ دایدەگرێ. دەڵێت ساڵانێکی درێژە بارودۆخی بەم شێوەیەیە؛ ڕێک لەو شەوەوە

کە براکەیان برد و چیتر نەگەڕایەوە. ئەم ژنە نە لە زینداندا بووە و نە لە گرتنگەیەکدا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کراوە، بەڵام هێشتا لە نێو واقیعی ئەو شەوەدا دەژی.

کچەکەشی بە هەمان شێوەیە؛ کچێک کە ئەو شەوەی نەبینیوە، بەڵام لە منداڵییەوە فێربووە لە زرینگەی زەنگی تەلەفۆن لە شەودا بترسێت. کەس ئەم ترسەی فێر نەکردووە، بەڵام ئەو ترسە لە کەشی ماڵەکەدا باڵکێش بووە و ئەویش وەک ئۆکسیژن هەڵیمیژیوە.

لە دەروونناسیی هاوچەرخدا، یەکێک لە باسوخواسە گرنگەکان ئەوەیە کە تروما (Trauma) تەنیا لە مێشکدا نامێنێتەوە، بەڵکوو لە جەستەشدا ڕەگ دادەکوتێ. لەم چوارچێوەیەدا، تێڕوانینی دەروونپزیشکی ناودار بێسڵ ڤان دێر کۆڵک (Bessel van der Kolk) گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە لەش تەنیا لەگەڵ ژیین نییە، بەڵکوو خۆی یادەوەریی تروما هەڵدەگرێت؛ جەستە هەموو شتێکی لەبیرە. ئەو ترومایەی کە نەهێنرێتە سەر زمان و دەرنەبڕدرێت، لە ماسوولکەکان، سیستمی بەرگری، ڕیتمی دڵ و شێوازەکانی هەناسەداندا دەمێنێتەوە.

لەو شوێنەی ترس دەبێتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە، ئەم شوێنەوارانە تەنیا دەروونی نین، بەڵکوو خۆیان لە جەستەشدا دەردەخەن؛ وەک سەرئێشەی درێژخایەن، ئازاری لەخۆڕای ماسوولکەکان، شڵەژانی خەو، کێشەکانی کۆئەندامی هەرس و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن لە تەمەنی خوارووشدا. ئەم نیشانانە زۆرجار ڕەنگدانەوەی ئەو ئازارەن کە دەرفەتی دەربڕینی بۆ نەڕەخساوە. لە دۆخێکی وەهادا، پزیشکێک کە تەنیا سەیری جەستە بکات و لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نەخۆشەکە بێئاگا بێت، ناتوانێت بەتەواوی و دروست لە واقیعی نەخۆشییەکە تێبگات.

## لە ترومای تاکەکەسییەوە بۆ ترومای بەکۆمەڵ

کاتێک باس لە تروما دەکرێت، بیری زۆربەی خەڵک یەکسەر بۆ ڕووداوێکی تاکەکەسی دەچێت؛ وەک وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل، گیانلەدەستدانی ئازیزان یان ئەزموونی ئەشکەنجە. بەڵام لە پاڵ ترومای تاکەکەسیدا، جۆرێکی قووڵتر لە برینی دەروونی هەیە کە تەنیا تاکێک ناگرێتەوە. هەندێک جار نەتەوەیەک هەر هەمووی تووشی برینێک دەبێت کە ساڵانێکی درێژ لە یادەوەریی بەکۆمەڵدا دەمێنێتەوە و هێدی هێدی دەگوازرێتەوە بۆ نەوەی داهاتوو؛ شتێک کە بە ترومای بەکۆمەڵ (Collective Trauma) دادەنرێت.

ئەم جۆرە ترومایە بە شێوەیەکی گشتی لەو ژینگەیەدا سەر هەڵدەدات کە توندوتیژی، سەرکوتکاری، سووکایەتی، هەڵاواردن

و نائەمنی دەبنە بەشێکی هەمیشەیی لە پێکهاتەی ژیانی ڕۆژانەدا. لە کەشێکی ئاوهادا، بابەتەکە تەنیا چەند ڕووداوێکی دابڕاو نییە؛ بەڵکوو خودی ژیانی ڕۆژانە دەبێتە سەرچاوەی دڵەڕاوکێ، و مرۆڤەکان کەم کەم فێر دەبن هەمیشە چاوەڕوانی هەواڵێکی خراپ بن، تەنانەت کاتێک ڕواڵەتی ژیانیش ئارام و بێدەنگە. بەمجۆرە بەرەبەرە جەستە و مێشک دەکەونە دۆخی ئامادەباشیی هەمیشەییەوە؛ دۆخێک کە تێیدا ئاسایش چیتر ئەزموونێکی ڕاستەقینە و جێگیر نییە.

## دۆخی ئامادەباشیی هەمیشەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرکوت، گوشاری سیاسی و ئەمنییەتی ساڵانێکی درێژە تەنیا لە ئاستی ڕووداوەکاندا نەماوەتەوە، بەڵکوو بە ڕوونی شوێنپێی لە دەروونی بەکۆمەڵدا دەبینرێت؛ لە دڵەڕاوکێی بەردەوام، لە تووڕەیی سەرکوتکراو و لەو هەستی بێپەناییەی لە دەمارەکانی ژیانی ڕۆژانەدا دەگەڕێ.

لەو ژینگەیەی ڕۆژانە هەواڵەکانی وەک: گرتن، ئەشکەنجە، لەسێدارەدان، بێسەروشوێنبوونی دەستبەسەرکراوان، کوژرانی کۆڵبەران، کۆچی زۆرەملێ، و هەڵاواردنی ئابووری و ئایینی، سەرکوت و گوشاری چڕی ئەمنییەتی بەردەوام دووپاتە و چەندپاتە دەبنەوە، مێشک و جەستە بەرەبەرە هاوسەنگیی خۆیان لەدەست دەدەن و دەچنە نێو دۆخی ئامادەباشییەکی بەردەوامەوە، بەجۆرێک کە تەنانەت چرکەساتەکانی بێدەنگییش لە ناخەوە لێوانلێون لە گرژی.

## گواستنەوەی بێدەنگ و پەروەردەی ترس

منداڵێک کە لە کەشێکی ئاوادا گەورە دەبێت، بە شێوەیەکی نەخوازراو و نەویستراو لەگەڵ ئەم فەزایەدا پەروەردە دەبێت و ڕادێت. وشەکانی وەک زیندان، لێکۆڵینەوە، هەژاری، ئەشکەنجە، لەسێدارەدان، تەقەکردن و سووکایەتیکردن بە ناسنامە دەبنە بەشێک لە فەرهەنگ و یادەوەریی سەرەتایی ئەو. تەنانەت ئەگەر بۆخۆیشی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ توندوتیژیی ئەزموون نەکردبێت، دڵەڕاوکێ لە دەوروبەرییەکانیەوە فێر دەبێت؛ لە بێدەنگیی قورسی باوک، لە نیگەرانیی بەردەوامی دایک و لە کەشی خنکێنەری ماڵێکەوە کە زۆر شتی تێدا ناگوترێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموو ئەوانەی فام کردووە. کەواتە ترس هەمیشە بە دەنگ و هاوار ناگوازرێتەوە؛ هەندێک جار لە بێدەنگیدا لانە دەکات و هەر لەوێشدا گەشە دەکات. لە دۆخێکی وەهادا، بێدەنگی دەبێتە خاڵی چەق و ڕۆڵێکی ناوەندی دەگێڕێت: دایکێک کە بە چرپە و هێواشی قسە دەکات، باوکێک کە سیمای هەمیشە نیگەرانیی پێوە دیارە، و نەوەیەک کە فێربووە هەستەکانی بە تەواوی کپ بکات و دەرینەبڕێت؛ ئەوانە هەموویان بەیەکەوە خەریکی گواستنەوەی دڵەڕاوکێیەکی خامۆشن؛ دڵەڕاوکێیەک کە ڕەنگە هیچ ناوێکی فەرمیی نەبێت، بەڵام ئامادەیی و سێبەرەکەی لە ڕەفتار و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بە تەواوی بەرجەستە و هەستپێکراوە.



سەرچاوە
Serchawe

دەرەنجامی ئەم هاوکێشەیەش، خولقانی ترسێکی درێژخایەنە کە بێ ئەوەی بە دەنگ گوزارشتی لێ بکرێت، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە.

## ئاساییبوونەوەی دۆخی ئازار و دارمانی دەروونی

یەکێک لە مەترسیدارترین لێکەوتەکانی ئەم دۆخە، ئاساییبوونەوەی ئازارە. کۆمەڵگە بەرەبەرە لەگەڵ دەنگی تەقە، مردن، بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێ، سەرکوت، کەشی ئەمنییەتیی توند و هەواڵە تاڵەکان ڕادێت. ڕاهاتنێک کە هەرگیز نیشانەی چاکبوونەوە نییە؛ چونکە ئەو برینەی قسەی لەسەر نەکرێت و دەرنەبڕدرێت، تیمار نابێت، بەڵکوو تەنیا دەگوازرێتەوە بۆ چینە قووڵەکانی دەروون و لەوێدا بە شێوەی داخورانێکی هێدی هێدی و بەردەوام پەرە دەستێنێت. هەر بەم هۆیەشەوەیە کە لە ڕۆژهەڵاتدا لەگەڵ نیشانەکانی وەک خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، دارمان و داهێزانی دەروونی، خووگرتوویی و ئاڵوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر و تووڕەیی شاراوە بەرەوڕوو دەبینەوە.

لە پاڵ هەموو ئەم گوشارە سیاسییانەدا، سووکایەتیکردن بە ناسنامە تێکدەرانەترین ڕۆڵی هەیە. مرۆڤێک کە بە بەردەوامی هەست بکات دەبێت زمان، کولتوور، مێژوو، ئایین، جلوبەرگ یان مۆسیقاکەی بشارێتەوە، بەرەبەرە تووشی داڕووخانی دەروونی دەبێت؛ کەلێنێک بەدی دێت لە نێوان خودی ڕاستەقینە و ئەو خودەی بۆی هەیە خۆی پێ دەربخات. ئەم درزە بە هێمنی و بێدەنگی پێش دەکەوێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت بۆ ماندوێتیی دەروونی، دڵەڕاوکێی درێژخایەن و هەستی ڕەگ و ڕیشە و ناسنامەیی. ئەو کەسانەی ساڵانێکی درێژ ناچار دەکرێن بەشێک لە خۆیان بشارنەوە، زۆرجار لەگەڵ جۆرێک لە دووکەرتبوونی دەروونیدا (دووفاقیی دەروونی) دەژین کە بەدایمە پێکەوە لە گرژیدان و ململانێی یەکتر دەکەن.

## بەهێزبوونی بەرگری لە ناخی ترۆماوە

لە لایەکی دیکەش، ترۆمای بەکۆمەڵ تەنیا ئازار و مەینەتی بەرهەم ناهێنێت، بەڵکوو لە دڵی ئەم ئەزموونە قورسانەدا، بەرگری و خۆڕاگرییش شکڵ دەگرێت. یادەوەریی مێژوویی بەهێز، پاراستنی زمان، مۆسیقا، گێڕانەوەکان و نەریتەکان، هەموویان شێوازگەلێکن بۆ زیندوو ڕاگرتنی ناسنامە. ئەم بەرگرییە تەنیا ڕەهەندێکی سیاسی نییە، بەڵکوو دەروونییشە؛ جۆرێکە لە هەوڵدان بۆ ئەوەی مرۆڤ لەژێر گوشاری ڕەهادا تێکنەشکێت و شتێک لە پێناسەی خۆی بپارێزێت.

ترۆمای بەکۆمەڵ هەندێک جار بە شێوازێکی پارادۆکسیکاڵ دەبێتە سەرچاوەی ناسنامەش. لە مێژووی کوردستاندا، ئازاری هاوبەش بووەتە یەکێک لە ڕەگەزەکانی یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی بەکۆمەڵ. زمان، مۆسیقا، شێعر و گێڕانەوەکان هەڵگری

ئەم یادەوەرییەن. ئەم جۆرە لە بەرگریی کولتووری، خۆی شێوازێکە لە مانەوە؛ جۆرێکە لە ڕاگەیاندنی ئامادەیی لە هەمبەر فەرامۆشکردن و بیرچوونەوەدا.

بەڵام ئەم دۆخە مەترسییەکیشی هەیە: کاتێک ئازار دەبێتە بەشێک لە ناسنامە، خولی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەشی دەتوانێت بەردەوام بێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە نەوەی نوێ لەگەڵ بەرپرسیارێتییەکی دووفاقەدا ڕووبەڕووە؛ هەم دەبێت یادەوەریی مێژوویی خۆی بپارێزێت، هەمیش دەبێت دەرفەتی چوونەدەرەوە لە بازنەی تروما بخوڵقێنێت.

## قۆناغەکانی ساڕێژبوونی برینە کۆمەڵایەتییەکان

ساڕێژکردنی ئەم برینانە نە خێرایە و نە ساکار. ئەم ڕێڕەوە لە ناسینی برینەکەوە دەست پێ دەکات، بە گێڕانەوە دەگات، لە ماتەمگێڕان و شینگێڕی تێدەپەڕێت و لە کۆتاییدا بە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی هیوا و هۆمێد کۆتایی دێت. لادانی هیچ کام لەم قۆناغە یەکبەدوای یەکانە کارێکی مەحاڵە.

لەم بارودۆخەدا شکاندنی بێدەنگی خاڵی دەستپێکە. ئەو بێدەنگییەی ساڵانێکی درێژ ئازاری لە ناخی خۆیدا حەشار داوە. کۆمەڵگەیەک کە باس لە برینەکانی نەکات، دەرفەتی تێپەڕینیشی لێ زەوت دەبێت. لەم نێوەندەدا ڕۆڵی نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، دەروونناسان و هونەرمەندان تەنیا شرۆڤەکردنی دۆخەکە نییە، بەڵکوو گەواهیدانە؛ گەواهیدان لەسەر ئەوەی کە ئەم ئازارە ڕاستەقینەیە و دەبینرێت. هەنگاوی دواتر خولقاندنی ژینگەی ئارامە. کەش و ژینگەیەکی پارێزراو بۆ گێڕانەوە کە تێیدا قسەکردن لەسەر دڵەڕاوکێ، ماتەم و تووڕەیی بە لاوازی دانەندرێ. پاشان دادپەروەریی کۆمەڵایەتی گرینگیی خۆی دەردەخات. بێگومان هیچ ساڕێژبوونێک بێ هەستکردن بە دادپەروەری مسۆگەر نابێت؛ دادپەروەری نە بە واتای تۆڵەسەندنەوە، بەڵکوو بە واتای بەفەرمی ناسینی ئازارەکە، قبووڵکردنی بەرپرسیارێتی و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی هەمان بازنەی چەقبەستوو.

## نەوەی نوێ و گۆڕینی ئاڕاستەی مێژوو

نەوەی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی لە پێگەیەکدا وەستاوە کە هەم باری قورسی یادەوەرییەکی برینداری هەڵدەگرێت، هەمیش بۆ یەکەمین جار ئامرازی زانستیی تێگەیشتن و گێڕانەوەی ئەو یادەوەرییەی لەبەردەستدایە. شکاندنی بازنەی ترومای نێوان نەوەکان بێگومان سادە نییە، بەڵکوو کارێکی کردەنییە؛ ئەویش کاتێک مرۆڤ بڕیار دەدات ئازارەکە بناسێت، بێ ئەوەی ڕێگە بدات تەواوی داهاتووی ئەو پێناسە بکات و ئاڕاستە بکات.

جۆزەردانی ٢٧٢٦

لە کۆتاییدا، کۆمەڵگەیەک کە لە برینەکانی خۆی تێ بگات و شرۆڤەیان بکات لاواز نابێت؛ بەپێچەوانەوە، بۆ یەکەمین جار هەلێکی ڕاستەقینە بەدەست دەهێنێت بۆ ئەوەی لە ناخەوە و بە شێوەیەکی بنەڕەتی خۆی سارێژ بکاتەوە.

٤ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

---

# بنەما نەزەرییەکانی یەکنەگرتوویی و دابڕاوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان
## (شیکردنەوەیەک لە دەلاقەی مەعریفی و فەلسەفی ڕا)





**شاهۆ حوسێنی**

لێکترازان و نەبوونی تەبایی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆرجار وەک کێشەیەکی تەکنیکی یان ڕێکخراوەیی لێی دەڕوانرێت و خویندنەوەی بۆ دەکرێت؛ وەک ئەوەی قەیرانەکە تەنیا بەرهەمی ململانێی کەسایەتی، جیاوازیی ستراتیژی، ململانێی لەسەر ڕابەرایەتی یان گوشارە دەرەکییەکان بێت. ئەم جۆرە شیکردنەوانە، هەرچەند تا ڕادەیەک بەشێک لە ڕاستییەکان لەخۆدەگرن و دەریدەخەن، بەڵام لە بنەڕەتدا ناتوانن خودی

قەیرانەکە وەک دیاردەیەکی مێژوویی و مەعریفی بناسێنن. چونکە ئەگەر ئەم لێکترازانە تەنیا بەرهەمی هۆکارە ڕواڵەتی و ڕووکەشەکان بوایە، ئەوا دەبوو بە گۆڕانی مەرجە سیاسییەکان یان بە دروستبوونی هاوپەیمانییەکی تاکتیکی چارەسەر بکرایە. بەڵام مێژووی سیاسەتی کوردی نیشانی داوە کە دابڕان، نەک دیاردەیەکی کاتی، بەڵکوو جۆرێک لە دووبارەبوونەوەی مەعریفییە؛ ئەم قەیرانە زۆر زیاتر لەوەندەی وەک ئەگەرێکی هەڵکەوتوو، کە وەک شێوازێک لە بوونی زەینی خۆی دەردەخات. لەبەر ئەمە، قەیرانی یەکێتی لە نێوان حیزبەکانی کوردستان، پێویستە لە ئاستێکی ڕادیکاڵتردا بخوێندرێتەوە؛ واتە وەک قەیرانێک لە بەرهەمهێنانی "ئاسۆی مانایی هاوبەش". ئەوەی لە نێوان ئەم حیزبانەدا ون بووە، تەنیا هاوئاهەنگیی کرداری نییە، بەڵکوو نەبوونی چوارچێوەیەکی هزری و مەعریفییە کە بتوانێت جیاوازییە گوتاری و ئایدیۆلۆژیکەکان لە ژێر ئاسۆیەکی هاوبەشدا مانادار بکات. بە مانایەکی تر، قەیرانی یەکێتی پێش ئەوەی قەیرانی ڕێکخراوەیی بێت، قەیرانی "بەینازەینی"یە؛ قەیرانێک لە نەبوونی زمانێکی سیاسیی هاوبەش بۆ تێگەیشتن لە خودی "کورد"، ڕوانگەیەکی فەلسەفی لە مەڕ مانای خەبات، ئامانجی سیاسەت و پێوەندیی نێوان حیزب و نەتەوە.

بێگومان هەر پرۆسەیەکی سیاسی، لە بنەڕەتدا، لەسەر جۆرێک پێناسە بۆ "سوژە"ی خۆی بنیادنراوە؛ ئەو بوونە مێژوویی و سیاسییەی کە خەبات بۆی دەکرێت و مانای سیاسەت لە ئاراستەی ئەودا پێکدێت. بەڵام کێشەی سیاسەتی کوردی ئەوەیە کە هێشتا "سوژەی کورد" خۆی نەبووەتە بابەتی کۆنسێنسوسی مەعریفی. هەر حیزبێک لە ژێر بناغەیەکی ئایدیۆلۆژیک و مێژوویی جیاوازدا، کورد بە شێوەیەکی جیاواز دەخوێنێتەوە؛ جارێک وەک سوژەیەکی نەتەوەیی، جارێک وەک سوژەیەکی چینایەتی، جارێک وەک ناسنامەیەکی کولتووری و ئایینی یان تەنانەت وەک بابەتێک بۆ بەرهەمهێنانی دەسەڵات. لەبەر ئەمە، ئەوەی بە ناوی "یەکێتی" بانگەشەی بۆ دەکرێت، زۆرجار لە بنەڕەتدا داوای یەکخستنی دوو یان چەند تێگەیشتنی جیاوازە بۆ دەستەبەر کردن و دابەشکردنی دەسەڵات. هەروەها، ئەم دابڕاوییە تەنیا بەرهەمی جیاوازیی بیرکردنەوە نییە، بەڵکوو لە ژێر کاریگەریی مێژوویەکی پڕ لە شکستی هاوبەش، گومان، تیرۆر، دووبەرەکی و داڕمانی متمانەی سیاسی دروست بووە. یادەوەریی بەکۆمەڵی سیاسەتی کوردی، زیاتر لەوەی سەرچاوەی خۆئاگاهیی مێژوویی بێت، زۆرجار بووەتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی نەمامی و دووبارەکردنەوەی دابڕان. لە دۆخێکی ئاوادا، "ئەویتر"ی سیاسی، نەک وەک هاوبەشێکی مومکین، بەڵکوو وەک هەڕەشەیەکی شاراوە سەیر دەکرێت.

## قەیرانی سوژەی کورد

هەر وەک پێشتر باسی لێوەکرا، هەر پرۆسەیەکی سیاسی، بمانەوێ یان نەمانەوێ، لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ "سوژە"ی خۆی بنیاد نراوە. سوژە تەنیا تاکێکی سیاسی نییە، بەڵکوو ئەو بوونە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەیە کە خەبات و

مانای سیاسی لەسەر دامەزرێت. لێرەدا گرنگترین کێشە ئەوەیە کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، تێگەیشتنێکی هاوبەشیان بۆ "سوژەی کورد" نییە.

هەندێک لەو حیزبانە، سوژەی کورد وەک سوژەیەکی نەتەوەیی دەبینن کە ئامانجی سەرەکیی بریتییە لە دامەزراندنی مافی چارەنووسی نەتەوەیی. هەندێکی تر، سوژەی کورد لە چوارچێوەی ململانێی چینایەتی و شۆڕشگێڕیی کۆمەڵایەتیدا دەخوێننەوە. لایەنێکی تر، سوژەی کورد بە شێوەیەکی کولتووری، ئایینی و ناسنامەیی دەبینێت، نەک تەنیا سیاسی. لەبەر ئەمە، هەر حیزبێک لە بنەڕەتدا لەگەڵ "کوردێکی جیاواز" کار دەکات. ئەم جیاوازییە تەنیا جیاوازیی سیاسی نییە، بەڵکوو جیاوازییەکە لە ئاستی ئۆنتۆلۆژی و مەعریفەدایە؛ واتە لە تێگەیشتن لە خودی بوونی "کورد"دا. لەبەر ئەوەی سوژەی هاوبەش نییە، ئاسۆی سیاسیی هاوبەشیش بەرهەم نایەت. بەم مانایە، قەیرانی یەکێتی پێش هەر شتێک قەیرانی سوژەسازییە.

## دابڕانی یادەوەریی مێژوویی

هۆکارێکی تری قووڵی ئەم لێکترازانە، قەیرانی یادەوەریی مێژووییە. یادەوەریی بەکۆمەڵی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، پڕە لە شکستی هاوبەش، دابەشبوون، تیرۆر، ناکۆکیی نێوخۆیی و گێڕانەوە دژبەیەکەکان لەسەر ڕابردوو. لەجیاتی ئەوەی ئەم یادەوەرییانە ببنە بناغەیەک بۆ خۆڕەخنەیی و پێداچوونەوەی مێژوویی، زۆرجار بوونەتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی گومان و نەمامی. لە زۆر حاڵەتدا، "ئەویتر"ی سیاسی نەک وەک هاوبەشێکی گونجاو، بەڵکوو وەک هەڕەشەیەکی نێوخۆیی سەیر دەکرێت. بەم شێوەیە، متمانەی نێوانزەینی، کە بنەمای هەر هاوکارییەکی سیاسییە، لەنێو دەچێت. ئەمە دۆخێکی دروست کردووە کە تێیدا هەر بانگەشەیەک بۆ یەکێتی، پێش ئەوەی ببێتە پرۆسەیەکی سیاسی، دەبێتە بابەتی گومان.

لێرەدا گرنگە تێبینی ئەوە بکرێت کە یادەوەریی مێژوویی، تەنیا یادکردنەوەی ڕابردوو نییە؛ بەڵکوو میکانیزمێکە بۆ دروستکردنی ناسنامە و مانا. کاتێک ئەم یادەوەرییە دابڕاو و پڕ لە زامە مێژووییەکان بێت، ناتوانرێت ناسنامەیەکی سیاسیی هاوبەش بەرهەم بهێنرێت.

## سەرەوژێربوونی پێوەندیی نێوان ئامراز و ئامانج

لە لۆژیکی سیاسیی نەتەوەییدا، چاوەڕوانی دەکرێت حیزب ببێتە ئامرازێک بۆ وەدیهێنانی پرۆژەیەکی گەورەتر؛ واتە

نەتەوە، ئازادی و مافی چارەنووس. بەڵام لە زۆر حاڵەتدا، هێژمۆنی، مانەوە و پاراستنی خودی ڕێکخراو بووەتە ئامانجی سەرەکی. بەم شێوەیە، جۆرێک سەرەوژێربوون لە پەیوەندیی نێوان "ئامراز" و "ئامانج"دا دروست بووە. واتە، حیزب کە دەبوو خزمەت بە پرۆسەی نەتەوەیی بکات، خۆی بووەتە مەبەست. لە ئەنجامدا، هەر جۆرە بانگەشەیەک بۆ یەکخستن، وەک هەڕەشەیەک بۆ سنووری شوناسیی ڕێکخراوەیی سەیر دەکرێت. لێرەدا شوناسیی حیزبی بەسەر شوناسیی نەتەوەییدا زاڵ بووە. ئەم دیاردەیە تەنیا تایبەت بە حیزبەکانی کوردستان نییە. زۆرێک لە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی جیهان تووشی هەمان قەیران بوون. بەڵام جیاوازیی دۆخی کوردستان ئەوەیە کە نەبوونی دەوڵەت و دابەشبوونی جوگرافیا، ئەم ململانێیەی قووڵتر کردووە.

## قەیرانی "یەکگرتوویی" وەک بەهایەکی ڕەها

بابەتێکی گرنگی تر ئەوەیە کە زۆرجار "یەکگرتوویی" وەک بەهایەکی ڕەها و بێ ڕەخنە باس دەکرێت. بەڵام دەبێت پرسیار بکرێت: ئایا هەموو جیاوازییەکی سیاسی نەرێنییە؟ ئایا فرەیی سیاسی ناتوانێت نیشانەی زیندوویی سیاسی بێت؟ لە ڕاستیدا، جیاوازیی ئایدیۆلۆژیک لە خۆیدا کێشە نییە. کێشەکە کاتێک دەست پێدەکات کە ئەم جیاوازییانە نەگونجێنەدرێن لە ژێر ئاسۆیەکی هاوبەشی نەتەوەییدا. بەم مانایە، پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان: یەکگرتوویی ڕێکخراوەیی، هاوبەشیی ستراتیژی و ئاسۆی مانایی هاوبەش. ئەمانە یەک شت نین. ڕەنگە حیزبەکان هەرگیز لە ڕێکخراوێکی یەکگرتوودا کۆ نەبنەوە، بەڵام دەتوانن لەسەر ئاسۆ و ستراتیژییەکی هاوبەش ڕێکبکەون. قەیران لە خودی فرەیی سیاسی نییە؛ قەیران لە نەبوونی زمان و مانای هاوبەشە.

## نەبوونی خۆئاگاهی ڕەخنەگرانە

لە کۆتاییدا، ڕەنگە قووڵترین و بنەڕەتیترین کێشەی سیاسەتی کوردی، بۆ دەرکەوتنی یەکێتی، نەبوونی "خۆئاگاهیی ڕەخنەگرانە" بێت؛ ئەو توانایەی کە بتوانێت خودی خۆی وەک بابەتی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بخاتە بەردەم خۆی. زۆرێک لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، لە ماوەی مێژووی خەباتیاندا، زیاتر پەرژاونەتە سەر بەرهەمهێنانی گێڕانەوەیەکی پیرۆز لەسەر خۆیان تا دروستکردنی ئاگاییەکی ڕەخنەگرانە لە بناغە هزری و مێژووییەکانیان. بەم مانایە، ڕێکخراو نە تەنیا وەک ئامرازێکی سیاسی، بەڵکوو وەک جۆرێک لە "خودی پیرۆزکراو" خۆی نواندووە؛ خودێک کە نابێت بخرێتە ژێر پرسیار. هەر بۆیەش لە زۆر حاڵەتدا، شکست و لێکترازانەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی خراونەتە ئەستۆی "ئەویتر"؛ ئەو ئەویترە دەوڵەتانی ناوچە بن، ستراتیژیی نێودەوڵەتی بێت، حیزبی دیکە بێت یان خیانەتی تاکەکان. بێگومان، هێزە دەرەکییەکان و پێکهاتە جیوپۆلیتیکییەکان ڕۆڵی خۆیان هەیە، بەڵام کێشەکە لەوێدایە کە زۆرجار "ئەویتر" بووەتە ئامرازێک بۆ



سەرچاوە
Serchawe

شاردنەوەی قەیرانی نێوخۆیی. واتە، بەجێی ئەوەی حیزبەکان خۆیان وەک بەشێک لە کێشەکە بناسن، خۆیان لە دەرەوەی قەیرانەکە وەستاندووە؛ وەک ئەوەی قەیران هەمیشە لە دەرەوەی ئەواندا بەرهەم هاتبێت. ئەمە نیشانەی جۆرێک لە غیابی "ئاگاییی دیالێکتیکی"یە؛ واتە ناتوانرێت ببینرێت کە ڕێکخراو خۆیشی بەرهەمهێنەری ئەو پێکهاتەیەیە کە پاشان سکاڵای لێ دەکات. بەم مانایە، حیزب تەنیا قوربانیی مێژوو نییە، بەڵکوو بەشدارە لە بەرهەمهێنانی ئەو مێژووەشدا. کاتێک ئەم تێگەیشتنە ون دەبێت، سیاسەت دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە دووبارەکردنەوەی هەمان هەڵە بە ناوی "خەبات."

لێرەدا پرسیارە گرنگەکان ئەمانەن: کام مۆدێلی هزری و ڕێکخراوەیی، خۆی بەرهەمهێنەری ئەم دابڕاوییە بووە؟ کام جۆرە لە سوژەسازی، تاکە سیاسییەکان لەسەر بناغەی ململانێی نێوخۆیی دروست کردووە؟ و کام تێگەیشتن لە دەسەڵات، ڕێگای لە دروستبوونی بوارێکی هاوبەش بۆ گفتوگۆ و فرەیی سیاسی گرتووە؟

لە ڕاستیدا، زۆرێک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، هێشتا دەسەڵات لە "قۆرخکردنی ڕاستی"دا دەبینن، نەک بە مانای دروستکردنی بوارێک بۆ بوونی جیاوازی. بەم پێیە، هەر ڕەخنەیەک زۆرجار وەک هەڕەشەیەک بۆ بوونی ڕێکخراو سەیر دەکرێت، نەک وەک مەرجێک بۆ نوێبوونەوەی. لە دۆخێکی ئاوادا، ڕێکخراو بە جێی ئەوەی خۆی بکاتە بوارێک بۆ بەرهەمهێنانی ئاگایی، دەبێتە ئامرازێک بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆی. ئەمەش واتای ئەوەیە کە "مانەوەی ڕێکخراو" جێگەی "واقیع" دەگرێتەوە. لە لایەکی ترەوە، زۆرێک لە حیزبەکان، لە ئاستی نێوخۆدا، میکانیزمێکی ڕەخنەیی بۆ دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی خۆیان دروست نەکردووە. لەبەر ئەمە، ڕابردوو نەبووەتە بابەتی فێربوون، بەڵکوو بووەتە بابەتی دووبارە پیرۆزکردنەوە. کاتێک مێژوو تەنیا بە شێوەی یادەوەریی قوربانی و قارەمانێتی بخوێندرێتەوە، ناتوانرێت ببێتە سەرچاوەی خۆئاگاهی. خۆئاگاهی لەو کاتەدا دروست دەبێت کە ڕێکخراو بتوانێت خۆی وەک "بابەتی ڕەخنە" ببینێت، نەک تەنیا وەک "خاوەنی ڕاستی."

لەبەر ئەمە، قەیرانی سیاسەتی کوردی، تەنیا قەیرانی ستراتیژی یان تاکتیک نییە؛ بەڵکوو قەیرانی پێوەندییە لەگەڵ خودی "واقیع". واتە، کێشەکە تەنیا ئەوە نییە کە حیزبەکان یەک ناگرن؛ بەڵکوو ئەوەیە کە هەر یەکێکیان خۆی بە ناوەندی مانا و ڕاستی دەزانێت. لە دۆخێکی ئاوادا، گفتوگۆ ناکرێت، چونکە گفتوگۆ پێویستی بە دانان بە ناتەواوی خۆی هەیە. ئەو ڕێکخراوەی خۆی بە خاوەنی تەواوی ڕاستی بزانێت، لە بنەڕەتدا پێویستی بە گفتوگۆ نابینێت. تا ئەم بناغە هزرییانە نەخرێنە ژێر ڕەخنە، بانگەشە بۆ یەکێتی زۆرجار لە ئاستی دروشم و هەستیاریدا دەمێنێتەوە. چونکە یەکێتی، پێش ئەوەی پرسی ڕێکخراوەیی بێت، پرسی توانای خۆڕەخنەکردنە. ئەو کاتەی ڕێکخراو بتوانێت خۆی وەک بەشێک لە کێشەکە ببینێت، تەنیا ئەوکاتە دەرگای گۆڕانکاریی مێژوویی دەکرێتەوە.

## دەرئەنجام

لەم ڕوانگەیەوە، لێکترازانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان تەنیا دیاردەیەکی ڕێکخراوەیی یان ناکۆکیی ستراتیژی نییە؛ بەڵکوو نیشانەی قەیرانێکی قووڵتر و بنەڕەتیترە لە شێوازی خودی بوونی سیاسەت لە نێو ئەم کۆنتێکستەدا. ئەم قەیرانە بریتییە لە شکستی بەرهەمهێنانی "ئاسۆیەکی مانایی و حەقیقەتێکی هاوبەش"؛ واتە ئەو چوارچێوەیەی کە تێیدا جیاوازییەکان نەک وەک هەڕەشە، بەڵکوو وەک پێکهاتەیەکی نێوخۆیی و کارا لە پرۆژەیەکی گەورەتردا ڕێکبخرێن.

لە ڕاستیدا، ئەوەی ڕوو دەدات لە سیاسەتی کوردیدا تەنیا کێشەی "یەک نەبوون" نییە، بەڵکوو کێشەی نەبوونی ئەو بوارەیە کە یەکێتی لە نێویدا مومکین بێت. یەکێتی وەک ئەنجامێکی تەکنیکی یان ڕێکخراوەیی سادە ناتوانێت چێ بکرێت، چونکە بناغەکەی پێشتر لە ئاستی مانا تێکشکاوە؛ واتە لە ئاستی ئەوەی کە "کورد"، "نەتەوە"، "سیاسەت" و "خەبات" لە ئاستی هزر و زەینندا چییە. کاتێک ئەم چەمکانە لە نێو خۆیاندا هاوڕێک و هاوبەش نەبن، هەر هاوپەیمانییەک تەنیا ڕێککەوتنێکی کاتی دەبێت لەسەر بەرژەوەندییە گۆڕاوەکان، نەک دروستبوونی یەک بەرەی مێژوویی.

بەگشتی لە بنەڕەتدا، قەیرانەکە قەیرانی "بەرهەمهێنانی مانا و حەقیقەت"ە. سیاسەت لێرەدا تەنیا بە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات یان پاراستنی بوونە سیاسییەکان ناسراوە، نەک وەک مەیدانێک بۆ دروستکردنی هاوبەشییەکی مەعریفی لەسەر مانای بوون و چارەنووس. ئەم جیاوازییە لە نێوان "سیاسەت وەک ئامراز" و "سیاسەت وەک بەرهەمهێنانی مانا" خۆی یەکێک لە بنەڕەتیترین خاڵەکانی قەیرانەکەیە. هەروەها، ئەم شکستانە پەیوەستن بە شێوازی تێگەیشتن لە سوژەی سیاسی. تا کاتێک "سوژەی کورد" نەبێتە بابەتی کۆنسێنسوسی مەعریفی، یان لانیکەم بواری هاوڕایی قووڵی تیۆریی لەسەر نەدرێت، هەر حیزبێک ناچار دەبێت کورد بە شێوەیەکی تایبەت و جیاواز بخوێنێتەوە. ئەم خوێندنەوە جیاوازانە، لە کۆتاییدا دەبنە سەرچاوەی بەردەوامیی دابڕان، چونکە هیچ "کوردێکی هاوبەش" لە ئاستی تیۆریدا دروست نەکراوە کە جیاوازییەکان لە ژێریدا مانادار بن. بەم پێیە، قەیرانەکە پێش هەموو شتێک قەیرانی ناتەواوی خۆئاگاهی دێت. حیزبە سیاسییەکان زۆرجار خۆیان وەک ئەنجام دەبینن، نەک وەک هۆکار؛ و شکستەکان لە دەرەوەی خۆیان دەبینن، نەک وەک بەرهەمی پەیوەندیی نێوان خود و پێکهاتە. ئەم نەبینینی ڕەخنەگرانەی ڕۆڵی خۆ، دەبێت هۆی دووبارەبوونەوەی هەمان پێکهاتەی قەیران.

دەرئەنجامی ئەم ڕەوتە ئەوەیە؛ کە هەر جۆرە بانگەشەیەک بۆ یەکێتی، ئەگەر تەنیا لە ئاستی هاوپەیمانیی تاکتیکی یان

لۆجستیکیدا بمێنێتەوە، ناتوانێت جێگیر بێت. چونکە قەیرانەکە لە بنەڕەتدا لە ئاستی "مەرجگەلی مومکینبوونی یەکێتی"دایە، نەک تەنیا لە ئاستی "شێوازی پێکهاتنی یەکێتی."

بەم پێیە، ئەو کاتەی کە ئاسۆیەکی هاوبەشی زەینی لەسەر سوژە، نەتەوە و مانای سیاسەت دووبارە بەرهەم نەهێندرێتەوە، هەر یەکگرتووییەک، ئەگەر هەبێت، دەبێتە کاتی، ناتەواو و بەستراو بە مەرجە گۆڕاوەکان. بەڵام ئەو کاتەی ئەم ئاسۆیە دروست بکرێت، جیاوازییە سیاسییەکان لە جێی ئەوەی ببنە هۆی دابڕان، دەبنە شێوازێکی پێویست بۆ پێکهێنانی یەک پرۆژەی مێژوویی.

لە کۆتاییدا، چارەسەری قەیرانەکە نە لە سادەکردنەوەی جیاوازییەکان دایە و نە لە سڕینەوەیاندا، بەڵکوو لە دروستکردنی چوارچێوەیەکی مەعریفی و سیاسییە کە بتوانێت ئەم جیاوازییانە بخاتە نێو یەک مانای هاوبەشەوە. بەبێ ئەم گۆڕانکارییە لە ئاستی بنەڕەتیدا، سیاسەت لە نێو کوردستاندا هەر دەبێتە گەڕانەوەیەکی بەردەوام بۆ هەمان دابڕان و لێکترازانەکە بە شێوازێکی نوێ.

"کۆنسێنسوس (Consensus) چەمکێکی فەلسەفی و سیاسییە، بە مانای: ڕێکەوتنی گشتی، هاوڕایی بنەڕەتی، هاوبەشیی لەسەر بناغەیەک، یان بوونی تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر بابەتێک.

٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆدا کۆرەی باکوور، و لە دەرەوە چەتەی دەریایی






**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

دوای شەڕێکی چلوچەند ڕۆژە و بڕانی نزیکەی سێ مانگ ئینتەرنێت لەگەڵ جیهانی دەرەوە، ئەم پرسیارە لە ئارادایە کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی چیان لە مێشکدایە و داهاتووی ئێران بەرەو کوێ دەڕوات. حکوومەتێک کە هێشتا نەیتوانیوە بە شێوەیەکی فەرمی و ڕوون بارودۆخی ڕێبەریی خۆی دیاری بکات یان پەیامێکی ئاشکرا لە سەرکردایەتیی نوێ پێشکەش بکات، بەڵام هەموو ڕۆژێک زیاتر ڕوو دەکاتە ئێعدامکردنی لاوان و توندترکردنی سەرکوتی نطوخۆیی، تەنیا بۆ ئەوەی

بوونی خۆی و مانەوەی دەسەڵاتی خۆی بسەلمێنێت.

وا دیارە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات بە سنووردارکردنی توندی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەرەوە، بە تایبەتی لە ڕێگای بڕین یان کۆنترۆڵکردنی هەمیشەیی ئینتەرنێت، ئێران هەنگاو بە هەنگاو بەرەو مۆدێلێکی وەک کۆریای باکوور ببات. ئامانجی ئەم ڕێبازە دەتوانێت بەردەوامکردنی دەسەڵات بێت لە ڕێگای دابڕان و گواستنەوەی زانیاری بۆ دەرەوە و فراوانترکردنی سەرکوت، بە دوای ئەوەیە شکستە جیاوازەکانی خۆی پەردەپۆش بکات و شێوازی بەڕێوەبردنی کەم کەم بەرەو بە کۆریای باکور بردنی ئێران دەبات. بەڵام، گەیشتن بە تەواوی ئەم ئامانجە نە ئاسانە و نە بە ئاسانی دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت. ئەزموونی مێژوویی پێمان دەڵێ کۆریای باکووریش لە ماوەیەکی کورتدا نەگەیشتووە بەو دۆخە، بەڵکوو ئەنجامی ساڵانێک سیاسەتدانان، کۆنترۆڵ و بارودۆخی تایبەتی نێودەوڵەتی بووە. هەروەها لە جیهانی ئەمڕۆدا، کە تەکنەلۆژیای پەیوەندی بەخێرایی بڵاو دەبنەوە، دروستکردنی دابڕانێکی تەواوی زانیاری زۆر دژوارترە لە ڕابردوو.

لە لایەکی دیکەوە، ئەم سیاسەتانە دەتوانن ئەنجامێکی پێچەوانەیان هەبێت. نەهێشتنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەرەوە دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی نارەزایەتیی گشتی و بەهێزبوونی بزووتنەوە نارەزاییەکان لەنێو وڵاتدا. بە تایبەت لە دۆخێکدا کە بەشێک لە کۆمەڵگە لە هەندێک لە ڕەوتەکانی ئۆپۆزیسیۆن بێهیوا بوون، ئەم گوشارانە دەتوانن ببنە هۆی دروستبوون یان بەهێزبوونی هێزێکی نوێ و ڕێکخراوتر لە نێوخۆدا بۆ ئەوەی بتوانێ ببێ بە جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی. ئەوە بۆ دۆخی شۆڕش دەگەڕێتەوە کە بەردەوام بە دوای دیتنەوەی دەرفەتدا لە ئەستەمترین کاتدا دەگەڕێتەوە.

لە نێوان ئەم هێزانەدا، ئۆپۆزیسیۆنێک وەک ئۆپۆزیسیۆنی کورد، کە پشتگیریی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی ڕاستەقینەی بە بنەمای کۆمەڵگە هەیە، دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگتر ببینێت. سنووردارکردنی پەیوەندییەکان نەک تەنیا ڕێ لە پەیوەندی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ نێوخۆ ناگرێت، بەڵکوو دەتوانێت ئەوان بەرەو داهێنان و دۆزینەوەی ڕێگا نوێیەکانی پەیوەندی ببات. بە جۆرێک کە ئەم چەکەی کۆماری ئیسلامی لە دەستی ئێران دەربهێنرێت. ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەو سیاسەتی «کۆریای باکوورکردن» بە پێچەوانەی ئەو ئامانجانەی کۆماری ئیسلامی بە دوایدایە لە کۆتاییدا دەتوانێت ببێتە هۆی بەهێزبوونی هێزە دژبەرەکان.

لە بوارە دەرەکییەکانیشدا، هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ چاڵنجی گەورە بەرەوڕووە. کردار و هەڵسوکەوتی ئەم حکوومەتە لە زۆر حاڵەتدا نەک وەک دەوڵەتێکی ئاسایی، بەڵکوو زیاتر وەک کارەکتەرێکی ئارامی تێکدەر لە ناوچەکەدا دەبینرێت. وا دیارە دروستکردنی ئاڵۆزی و نائارامی لە ناوچەکەدا هێشتا وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیاز لە

دانوستاندنەکان یان کڕینی کات لە بەرانبەر گوشارە نێودەوڵەتییەکان بەکار دەهێنرێت.

دوای کۆتایی شەڕ و ڕاگەیاندنی ئاگربەس، هەندێک هیوادار بوون کە گۆڕانکارییەک لە هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی ڕوو بدات. بەڵام هەنگاوگەلێک وەک هەڕەشەکردن بە داخستنی ڕێگای گرنگ یان دەستێوەردان لە ئاڵۆزییە ناوچەییەکان، نیشانی دا کە ئەم حکوومەتە تەنانەت لە دۆخی لاوازیشدا هیچ گۆڕانێکی گرنگی ئایدیۆلۆژیکی نەکردووە. هێشتا هەمان دوکتورینی دروستکردنی نائارامی لە ناوچە بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیاز بەردەوامە.


دەتوانرێت ئەم ڕوانگەیە بە جۆرێک بە هەڵسوکەوتی چەتە دەریاییەکان بچوێندرێت؛ ئەو تاقمانەی ئامانجی سەرەکییان بەدەستهێنانی سوودە لە ڕێگای دروستکردنی نائارامیدا، تەنانەت ئەگەر خۆشیان لەو ڕێگایەدا زیانی گەورە ببینن. لەم چوارچێوەیەدا، وا دیارە کۆماری ئیسلامیش مانەوەی خۆی لە بەردەوامبوونی هەمان بارودۆخدا دەبینێت، هەرچەندە نرخ و زیانەکانی بۆ وڵات زۆر قورس بن.

هەر ئەم بابەتە وای کردووە هەندێک لە شیکەرەوە و سیاسییە ئەمریکییەکان سەرسام بن کە چۆن حکوومەتێک ئامادەیە بە نرخی لاوازکردنی ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بدات، بەڵام هێشتا لەسەر بەردەوامبوونی ئەم ڕێگایە سوور بێت. تەنانەت لە دۆخێکدا کە هەڕەشە لە دژ بە ژێرخانە ئابوورییەکانی وڵات هەیە، هەندێک وەڵام زیاتر بۆ توندترکردنی ئاڵۆزی دەچن، نەک کەمکردنەوەی.

بێگومان گۆڕانی حکوومەت بۆ سیستەمێکی داخراو کە لە نێوخۆ و کارەکتەرێکی ئارامیتێکدەر لە دەرەوە، ناتوانێت ڕێگەیەکی بەردەوام بۆحوکمڕانی هیچ دەسەڵاتێک بێت. ئەم ڕوانگەیەو پلانە لە درێژخایەندا بە چالاکی و قەیرانی گەورە ڕووبەڕوو دەبێتەوە و بە ئەگەری زۆر چارەنووسێکی وەک زۆر لە سیاسەتە سەرنەکەوتووەکانی ڕێژیم لە مێژوو دەبینێت. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت کە لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەم شێوازە لە حوکمڕانی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەوانە زیاد بێت کە پێیان وایە تەنیا چارەسەری کۆتاییهێنان بە ئەم دۆخە، ڕووخاندنی تەواوی کۆماری ئیسلامییە.

٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# قاسملوو و سەمفۆنیای خۆڕاگری سەمفۆنیای ژمارە ٥: لە مارشی شینەوە بەرەو مارشی بەرگری






**هێمن مەردانی**

**(بەشی دووهەمی خوێندنەوەیەک بۆ سەمفۆنیای پێنجەمی مالێر لە بەستێنی پۆست – کۆلۆنیالیزم و هزر و گوتاری سیاسیی د. قاسملوودا)**

ئەم وتارە پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێک چەمکی تیۆریک لە بەشەکانی ئەدەب، فەلسەفە و لێکۆڵینەوەکانی سەر دەنگ. سەرەتا، ئایدیای "نەریت و دووپاتە خوێندنەوە"ی تی.ئێس. ئێلیەت، بناغەیەک بۆ تێگەیشتن لە گواستنەوەی بەرهەمێک لە بەستێنێکی مێژوویی بۆ بەستێنێکی تر ساز دەکات، بە جۆرێک کە مانا لە هەر بەستێنێکدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

**دووهەم؛** ئەوە کە شیکارییەکانی ئادۆرنۆ لەمەڕ فۆرمی مۆسیقایی و گرژییەکانی پەیوەست بەوەوە، دەرفەتی تێگەیشتن لە داڕشتی لێکبڕدراو و ناجێگیری بەرهەمەکانی مالێر بەدەستەوە دەدات.

**سێهەم؛** چەمکی "بە کۆد کردنی دەنگ" لەلای ئەتالی نیشان دەدات کە چۆن مۆسیقا لە کاتی گواستنەوەی بۆ سیستەمە نوێیەکانی میدیا و ڕاگەیاندندا، دەور و نەخشێکی جیاوازتر بەخۆیەوە دەگرێت.

خاڵی چوارەم؛ ڕوانگەی بێنیامینە لەمەڕ سەرلەنوێ بەرهەمهێنان و جێگۆڕکێی بەرهەمی هونەری، چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە گۆڕینی گشتیی ئۆرکێسترایەک بۆ یەکەکۆکراوەکان دەڕەخسێنێت. لە کۆتاییدا، ئاراستەکانی توێژینەوەگەلی دەنگ، بەتایبەت لە کارەکانی لابڵ، دەرفەتی ڕەخساندنی شیکاریی دەنگ وەک توخمێکی چالاک لە شەقڵپێدان بە ئەزموونی هەستی و گشتی پێکدەهێنن.

هاوکات جیا لەمە، ئەم نووسینە پشتیش دەبەستێت بە چەمکگەلی سەرەکیی توێژینەوەکانی پۆست - کۆلۆنیالیزم. لەو چوارچێوەیەدا، دەنگ نەک وەک توخمێکی جوانناسی، بەڵکوو وەک ئامێرێک بۆ دووپاتە بەرهەمهێنانی شوناس و خۆڕاگری لەبەرچاو دەگیرێت. هەر لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین لە لێکدانەوەکانی سەعید لەمەڕ "نواندنەوە و دەسەڵات" . و هەروەها چەمکەکانی "تێکەڵبوون" و "ڕووبەری سێهەم"ی کەڵک وەربگرین تاکوو نیشان بدەین چۆن فۆرمێکی مۆسیقایی ئورووپایی لە بەستێنێکی کوردیدا تووشی گۆڕانکاریی مانایی دەبێتەوە.

هەروەها پرسیاری سپیوەک لەمەڕ ئەگەری "قسەکردنی ژێردەستەکان" دەکرێت لە ئاستی دەنگیدا سەرلەنوێ بخوێندرێتەوە؛ لەو کاتەدا کە تەنانەت لە نەبوونی "گوتە"شدا دەبێتە ئامێرێک بۆ دەربڕینی ئەزموونی پەراوێزی. لە پاڵ ئەمەشدا، لێکدانەوەکانی فانوون لەبارەی خۆڕاگری و خۆبەدەستەوەنەدان و سازکردنەوەی سووژە و بەرکار لە هەلومەرجی داگیرکاریدا دەرفەتی تێگەیشتن لە گۆڕانی خەم و ماتەم بۆ هێزێک بۆ کردە و ڕاوەستاوەیی چێ دەکاتەوە.

لەو چوارچێوەیەدا، ئەم وتارە گەرەکیەتی ئەوە نیشان بدات کە چۆن شێوازێکی دەنگیی دووپاتکراوە لە بەستێنێکی سیاسیدا

دەگۆڕدرێت بۆ ڕێکارێک بۆ جێخستنی یادەوەری، کاتبەندی و خۆڕاگری. هاوکات، بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکگەلی ئەدەبی و فەرهەنگی، ئەو پرسیارەش دێنێتە ئاراوە کە ئاخۆ دەکرێ ئەم دەنگە وەک "گێڕانەوەیەکی بێ گوتە" سەیر بکەین؛ گێڕانەوەیەک کە لە ڕێگەی دووپاتەیی، هەڵپەسێردراوی و پێشبینییەوە بیچم دەگرێت.

بەڵگەهێنانەوەی سەرەکیی وتارەکە ئەوەیە کە مارشی ماتەمینیی مالێر لەو گواستنەوە میدیایی و سیاسییەدا لە ئاستی نیشاندانی خەم و ماتەمەوە تێدەپەڕێت و دەگۆڕدرێت بۆ ڕیتمێک بۆ وشیاری و جووڵەکردن و هیوا و ئومێد پەیداکردن لە ڕەوتی ئەزموونی مێژوویی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتدا. موومێنت یان جووڵەی یەکەمی سەمفۆنی پێنجەم سەرەڕای دارشتی ئاماڵ - مارشییەوە، سوود وەردەگرێت لەو شێوازە دووپاتبووانەی کە ئەرکی سەقامگیرییان هەیە. ئەم دووپاتانە هاوکات بەردەوام تووشی تێکچوون دەبن و دەبنە هۆی جۆرە ناسەقامگیرییەک. هەر ئەو گرژییەی نێوان دووپاتەیی و دابڕانە کە هۆکار دەبێت بۆ سەرهەڵدانی ئەزموونێکی تایبەت لە خەم و ماتەم. ئەو خەم و ماتەمینەی کە نە بنەی دێت و نە جێگیریش دەبێت، بەڵکوو لە دۆخێکی هەڵپەسێردراویدا دەمێنێتەوە.

### ئۆستیناتۆ، دووپاتەیی و تێپەڕین لە خەم و ماتەمەوە بەرەو ڕیتمی خۆڕاگری

موومێنت یان جووڵەی یەکەمی سەمفۆنی پێنجەم سەرەڕای دارشتی ئاماڵ - مارشییەوە، سوود وەردەگرێت لەو شێوازە دووپاتبووانەی کە ئەرکی سەقامگیرییان هەیە. ئەم دووپاتانە هاوکات بەردەوام تووشی تێکچوون دەبن و دەبنە هۆی جۆرە ناسەقامگیرییەک. هەر ئەو گرژییەی نێوان دووپاتەیی و دابڕانە کە هۆکار دەبێت بۆ سەرهەڵدانی ئەزموونێکی تایبەت لە خەم و ماتەم. ئەو خەم و ماتەمینەی کە نە بنەی دێت و نە جێگیریش دەبێت، بەڵکوو لە دۆخێکی هەڵپەسێردراویدا دەمێنێتەوە. بەم حاڵەش، ئەم دارشتە دووپاتبووە ناکرێت بە جیا لە کوالیتی و چلۆنایەتیی سەرەتایی مۆسیقاکە لێی حاڵی بین. سۆلۆی ترامپێت لە سەرەتای موومێنت یان جووڵەکەوە، کە پێشتر وەک جۆرێک دەستپێکردنی مۆسیقا هاتبووە ئاراوە، ئاسۆی هەست و سۆزیاریی ئەم دووپاتبوونەوانە هەر لە سەرەتاوە دیاری دەکات. بەو جۆرە، ئۆستیناتۆ نەک لە بۆشایی، بەڵکوو بەدرێژایی "هێمایەکی سەرەتایی" دەور دەگێڕێت؛ هێمایەک کە ماتەمین وەک دۆخی بنەڕەتی دەچەسپێنێت، بەڵام هاوکات ئەگەری گۆڕانی خۆیشی لەنێوخۆیدا هەڵدەگرێت.

لێرەدا دەکرێ لە شیکاریی ئالەن پۆ کەڵکوەرگرین کە دووپاتبوونەوە بە توخمی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی عاتیفی و سۆزیاریدا دەزانێت. ئۆستیناتۆ لەو مانایەدا بە واتای دووپاتبوونەوەی نەبوون و لەدەستدان دەور دەگێڕێت؛ جۆرێ گەڕانەوەی بەردەوام کە لەجیاتی سووکنایی، چڕیی ئەزموون زێتر دەکات. لە ڕاستیدا، ئەم چڕیی ئەزموونییە بەرەبەرە دەورێکی دیکە وەئەستۆ دەگرێت: دووپاتبوونەوە لە نواندنی ڕووت و ڕەبەقەوە باتتر دەڕوات و دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە

پێداگری لەسەر هەبوون و حزوور.

ئەو تێپەڕینە دەکرێ لە ئاستی ئەداکردن و پێرفۆرمێنسیش ببیندرێت. لە ئەداکردنی گاردنێر لەتەک ئۆرکێسترای فیلارمۆنیکی لەندەن، سۆلۆی سەرەتایی ترامپێت وەکوو "بانگهێشتێک" دەبیسترێ کە هەر لە سەرەتاوە ڕێگەی عاتیفی و سۆزیاریی مۆسیقاکە دیاری دەکات. هەر بەم هۆیەوە، دووپاتەکانی تری ئەم مۆسیقایە نەک گەڕانەوەی خەم و ماتەمین، بگرە لە درێژەی ئەم بانگهێشتەدا، بەرەبەرە لە وەستاویی بەرەو گڕژی و لە گرژییەوە بەرەو جووڵە دەگەن. بەڵام ئەم ڕەوتە هەر لە دارشتی سەمفۆنیایەکەوە نامێنێتەوە. کاتێ ئەو مۆسیقایە ڕێی دەکەوێتە ڕادیۆوە، گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. لە نوسخەی ڕادیۆییدا، ئۆستیناتۆ ئیتر تەواوی مۆسیقای سەمفۆنی ژمارە پێنج ناگرێتە خۆی، بەڵکوو ئەوەی دەکار دەکرێت بەرهەمی هەڵبژاردنێک و مۆنتاژێکە کە بەشە هەستیار و بزوێنەرەکان زەق دەکاتەوە. دەکرێ ئەم دۆخە بە شیکاریی ئەتالی لەمەڕ کۆددانانی مۆسیقا باشتر شەن و کەو بکرێت. لێرەدا مۆسیقا دەگۆڕدرێت بۆ شێوازێکی دووپاتکراوە کە زۆرتر دەوری سەقامگرتنی هەیە تاوەکوو پەرەسەندن. بەم حاڵەش، هەر ئەم دووپاتەش بە نۆرەی خۆی جۆرێ کەڵکەڵەبوونی زەمەنی پێکدەهێنێت.

لەو چوارچێوەیەدا، دەتوانین قاسملوو وەک ئێدیتۆرێکی دەنگ سەیر بکەین؛ ئەو بە هەڵبژاردنی دانسقە و لەپاڵ یەکدانانی بەشەکان، ڕەوتی هەست و سۆزیاریی مۆسیقاکە دەگۆڕێت. ئەم کارەش ڕێک هاوڕێکە لەتەک چەمکی "چڕکردنەوەی عاتیفی" لەلای گوودمەن. لە ئاکامدا، مارشێکی ماتەمینی دەگۆڕدرێت بۆ ڕیتمێکی خێرا و پاڵنەرانە.

ئەم توخمی دووپاتبوونەوە لە ئاستی بەکۆمەڵیشدا مانا پەیدا دەکات. بە چەمکی "دارشتی هەست و سۆز" بەلای ویلیامز، ئەم دەنگە دەبێت بە بەشێک لە ئەزموونی هاوبەش. لە ڕادیۆ، دەنگ دەگۆڕدرێت بۆ جۆرێ یادەوەریی بیستنی (شنیداری) کە توخمی نەبوون و لەدەستدان لەنێوخۆیدا ڕادەگرێت و هاوکات دەیکاتە هێزێکی بەردەوام و جێگیر. هەر بەم پێیە دووپاتە ئیتر نیشانەی بنبەست یان گرێکوێرە نییە و بگرە نیشانەی درێژەدانە.

ئەم شێوازە دەکرێ بە چەمکی پێش وشیاریشەوە لێی تێبگەین. لە پێکهاتە و دارشتی سەمفۆنیکی "تراوێر- مارش" دەستپێکێکی چڕوپڕە کە هەر لە ڕێوە ڕێبازی عاتیفی و سۆزیاریی مۆسیقاکە دیاری دەکات. بەڵام لە ڕادیۆدا، ئەم دەستپێکە دەگۆڕدرێت بۆ یەک "پنتی گەڕانەوە"؛ شتێک کە بەردەوام دووپات دەبێتەوە و وەک دۆخێکی جێگیری لێ دێت. هاوکات دەکرێ ئەم دۆخە وەک "داهاتوویەکی هەڵواسراو"یش ناوی لێ بنێین؛ دۆخێک لەودا داهاتوو بوون و حزووری هەیە، بەڵام بەتەواوی وەدی نایەت. بەم حاڵەش ئەم هەڵپەسێردراوییە بە مانای وەستاوەیی و ماتبوون نییە، جۆرێ لەبەریەککشانەوەی


سەرچاوە
Serchawe

زەمەنییە کە ئەگەری جووڵەکردن دەپارێزێت. ئەم دۆخە لە خودی مۆسیقاکەوە نایەت و بەرهەمی هەڵبژاردن و مۆنتاژیشە. لەو ڕەوتەدا، ئەو بەشانە زەق دەکرێنەوە کە تێیاندا خەم و ماتەمین لە توانا و وزە نزیک دەبنەوە. هەر بەم هۆیەوە، "داهاتووی هەڵواسراو" دەگۆڕدرێت بۆ ئەگەرێکی نزیک لە کردە و کردەوە نیشاندان. ڕێک لەم پنتەدایە کە سیاسەت و ئەندازیاریی دەنگ لە جۆری بڕین و دووپاتبوونەوەدا شەقڵ دەگرێت، نەک بەتەنیا لەنێوخۆی بەرهەمەکەدا - هەروەک چۆن بێنیامین ئاماژەی پێ دەکات.

دواجار، لە کۆمەڵگەیەکی بێدەوڵەتدا، ئەم دووپاتبوونەوە مانی سیاسی بەخۆیەوە دەگرێت. ئۆستیناتۆ دەبێتە "ڕیتمێکی بەرگری" - ڕیتمێک کە بە دووپاتکردنەوەی بەردەوام، تۆخمی هەبوون و حزوور لەهەمبەر سڕینەوەدا دەپارێزێت. ئەم بابەتە لەتەک ڕوانگەکانی سەعید لەمەڕ بەرهەمهێنانەوەی شوناس لە هەلومەرجی پەراوێزخراوەییدا هاوڕێکە. لێرەدا، تۆخمی دووپاتبوونەوە دیسان هێمای بنبەست و گرێکوێرە نییە و هێمای درێژەپێدان و خۆڕاگرییە.

## پوختەی مەبەست

ئەم وتارە هەوڵی دا شەن و کەوی ئەمە بکات چۆن بڕگەیەکی دەنگی لە سەمفۆنیای ژمارە پێنجەمی مالێر لە بەستێنی ڕادیۆی کوردیدا، لە جێگە و پێگەی سەرەتایی خۆی بە واتای داڕشتێکی مۆسیقایی بانتر و بەرەوژوورتر چووە و گۆڕدراوە بۆ ڕێکار و میکانیزمێک بۆ بەرهەمهێنانی یادەوەری، کاتبەندی و خۆڕاگری. بە تێهەڵکێشکردنی شیکاریی مۆسیقاناسی و تیۆریی ئەدەبی، دەرکەوت کە ئۆستیناتۆ - لە پێوەندی دەگەڵ کوالێتی و چلۆنایەتیی سەرەتایی بەرهەمەکە بە واتای دەستپێکی ماندار - دەتوانێت لە تەکنیکێکی دەنگییەوە ببێت بە داڕشتێکی فەرهەنگی - سیاسی.

لەم خوێندنەوەدا، ئەوەی لە سەرەتادا وەک مارشی خەم و ماتەمین و ڕیتمێکی هێواش و خاو دێتە بەرچاو، بەرەبەرە دەور و نەخشێکی تر بەخۆیەوە دەگرێت: خەم و ماتەمین، لە دۆخێکی مەند و ڕاوەستاوەوە بەرەو پرۆسەیەکی چالاک دەگۆڕدرێت کە لە نێوان دووپاتبوونەوە بەرەو وشیاریی مێژوویی و لەپاشان ئەگەری کردە هەنگاو دەنێت. بەم جۆرە، دووپاتبوونەوە نە نیشانەی بنبەست و گرێکوێرەیە، بەڵکوو نیشانەی بەردەوامبوونە - بەردەوامبوونێک کە لەودا، بابەتی نەبوون و لەدەستدان، تۆزی فەرامۆشی لەسەر نانیشێت و بگرە دەبێتە هێز و وزەیەک بۆ ناساندنەوەی تۆخمی هەبوون و حزوور.

لەم نێوەدا، ئەوەی ئەم ئاڵوگۆڕە دەلوێنێت نەک بەتەنیا خودی بەرهەمەکە، بەڵکوو جۆری هەڵبژاردن و دەکارکردنەوەیەتی. کەڵکوەرگرتن لە هەندێ بڕگەی تایبەت لە مارشی شین و ماتەمین - ئەو بڕگانەی کە زۆرترین توانستیان هەیە بۆ پێکهێنانی گرژی و پاڵنەری - ئەوە دەردەخات کە چۆن داڕشتنێکی ماتەمین دەتوانێ لە ڕێی مۆنتاژی هەڵبژاردەیی ببێتە



سەرچاوە
Serchawe

ئـامێر و کەرسـتەیەک بـۆ بەرهەمهێنـانی پـاڵنەرانەی بەکـۆمەڵ و هەسـتی خەبـات و شـۆڕش. لەو مانـایەدا، دەنـگ نەتەنیـا دەبیستریێت، بەڵکوو ڕێکیش دەخرێت تاوەکوو لە هەناوی خەم و پەژارەوە، ئیمکانی هەڵێنجانی جووڵە و وزە دەست بدات. دواجار، ئەمە کە توخمی دەنگ بەتەنیا دەنگدانەوە و ڕەنگـدانەوەی ئەزموونی مێژوویـی نییە، و هاوکـات یەکێـک لە ئـامێرە چالاکەکانە لە بەرهەمهێنانیشیدا. لەم بارە تایبەتەوە، ئۆستینـاتۆ دەبێتە توخمێک کە لە ڕێی گەڕانەوەی بەردەوام، خەم و مـاتەمین جێگیـر دەکـات و زەمەن ڕێـک دەخـات و خـۆڕاگری و بەرگـریش بەرهەم دەهێنێـتەوە - و لەو پێنـاوەدا ئاسـۆیەکی بەرەوڕوومان دەکاتەوە کە لەودا هیوا و ئومێد نە وەک کۆتاییییەکی ڕەها و موتڵەق، بگرە وەکوو هێـز و وزەیەک بەرەو شەقڵ و بیچم گرتن لە ناخ و هەناوی ئەزموونێکی مێژوویی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت حزوور و هەبوون پەیدا دەکاتەوە.

ماوەتەوە بڵێین ئەم برگە مۆسیقاییییە تـایبەتە لەو بەستێنە سیاسی و ڕاگەیانـدنەدا نـاکرێ وەک دەرخەر و دەربـڕی خەم و ماتەمینی لێی بـڕوانین. بە پێچەوانەوە دەبێت بە هۆکارێـک بـۆ وشیاری و ئاگـایی، و تەنـانەت هیـوا و ئومێـد لە ئەزموونی مێژوویـی نەتەوەیەکـی بێدەوڵەتـدا. دانـانی ئەو بـڕگە مۆسیقاییییە لە سەمفۆنیای ژمـارە پێنجـی گوسـتاو مـالێر، ئەوپەڕی لێوەشاوەیی و لێزانینـی د. قاسملوو دەگەیەنێت لە ناسینی مۆسیقا و سەمفۆنییە جیهانییەکـان بەتـایبەت ئورووپاییییەکـان، ئەویش لە ساڵانی حەفتاکان واتە دەیەی ١٩٧٠ی زایینی.

٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# کاڵای پڕوپاگەندە





**ئاسۆ مینبەری**

ماوەیەکە کۆماری ئیسلامی بۆ بەهێزنیشاندانی خۆی و لە ڕاستای نکۆڵیکردن لە شکستە یەک لە دوای یەکەکانی، پەنای بردووەتە بەر پڕوپاگەندەیەکی میدیایی؛ پڕوپاگەندەیەک کە تێیدا دیسان ژن ئەکتەری سەرەکییە!

لەو کاتەوە کە هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا، چوارچێوەی نیزامی ویلایەتی فەقیهیان تێک دا و کاربەدەستانی پلە یەکی

ئەم ڕێژیمەیـان کـردە ئامـانج، ڕێـژیم لە ڕێگەی ناوەنـدەکانی پڕوپاگەنـدەی خـۆیەوە هەوڵ دەدات، سەرپۆشـێک بەسـەر شکسـتەکانیدا بـدات و وای بنـوێنێ کە وەک دەسـەڵاتێکی خـۆڕاگر، لە سـۆنگەی هێـزەوە دەردەکەوێ. بەڵام ڕاسـتییەکانی کۆمەڵگەی ئێران شتێکی دیکەمان پێ دەڵێن و هەرچی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات ڕاستییەکان بشارێتەوە، زیـاتر ڕیسوا دەبێت و زیاتر دەردەکەوێ کە ئەو ڕێژیمە خەریکە دوایین ساتەکانی تەمەنی نگریسی خۆی تێدەپەڕێنێت.

لە نوێترین هەوڵەکانی ڕێژیمدا، ژنان وەک کاڵایەکی هەرزان بوونەتە ئەکتەری سەرەکی بـۆ پارێزگـاریکردن لە دەسەڵاتێک کە لە هەموو ٤٧ سـاڵی ڕابـردوودا ئەوانـی وەک مرۆڤی پلە چەنـدیش نەبینیبـوو. بە درێژایی مێـژووی کۆمـاری ئیسلامی، ژن وەک بوونەوەرێکی ناکارامە سەیر کراوە کە تەنیا لە چوارچێوەی ماڵ و خێزاندا پێناسـەی بـۆ کرابـوو و تەنیـا ئەرکیشی لەم جیهانە پان و بەرینەدا، وەچەخستنەوە بۆ گەورەکردنەوەی بنەماڵەگەلێک بوو کە پیاوان تێیدا قسەی یەکەم دەکەن.

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی لە قۆنـاغە دژوارەکـانی مێژووی خۆی و لە کـاردانەوە بە ڕووداوەکانـدا، ژنـان وەکـوو کـاڵایەکی هەرزان بەکـار دەهێنـێ. هەرزانـن لەبەر ئەوەی کە ئەو ژنـانەی کە دەچـنە چوارچێـوەی پیلانەکـانی ڕێـژیمەوە، کەسـانێکی نەفسنـزمن کە بە کەمتـرین پـارە ئامـادەن پشت لە خەڵـک و نەتەوەی خۆیـان بـکەن و بـبن بە مـۆرەگەلێکی سـەرکوتکاری گوێڕایەڵ کە لە یادگەی مێژووییشیاندا نەماوە کە ٤٧ ساڵە کۆماری ئیسلامی قەت وەکوو مرۆڤیش سەیری نەکردوون.

لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی ژینا و هاتنە مەیدانی ژنان، کۆماری ئیسلامی هەوڵـی دا لە هەنـدێ پڕوپاگەنـدەی تایبەتـدا ژنـان بێنێتە نێو مەیدانەوە تاکوو بە دنیای دەرەوەی بسەلمێنێت کە ژن لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا مافی هەیە، بەڵام ڕاستیی ڕووداوەکان و ئامارەکان لە سەرکوتی ژنان وێنایەکی دیکەیان بە جیهان دا.

لە قۆنـاغی ئێستاشـدا و دوای شـەڕی ٤٠ ڕۆژەی ئیسـرائیل و ئەمریکـا دژی ئەم دەسـەڵاتە، جـارێکی دیـکە هەوڵەکـان بـۆ بەکـاڵاکردنی ژنـان دەسـتیان پـێ کـردووەتەوە. ڕێـژیم بە بڵاوکـردنەوەی کۆمەڵێـک وێـنە لە ژنـانی چەکـداری سـەر بە دەسەڵاتەکەی لەسەر ماشینی نیزامییەوە، هەوڵی دا پەیامێک بە دەرەوە بگەیەنـێ کە تەنانەت ژنانیش ئامادەی پارێزگـاری لە ئێـرانن! بڵاوبـوونەوەی ئەم وێنـانە کـاردانەوەی زۆریـان بەدواوە بـوو. ئەو وێنـانە لانـیکەم بـۆ ئەو ژنـانەی کە لەو جوغرافیایەدا ژیابێتن، جگە لە درۆیەکی گەورە هیچ نین.

**یەکەم** ئەوەی کە پێناسـەی کۆمـاری ئیسـلامی لە ژن، ژنـی چەکـداری پـارێزەری جوغرافیـاکەی نیـیە و دووەم ئەوەی کە سیستەمی پەروەردە لەو ڕێژیمەدا وا بووە کە ژنان قەت خۆیان لە بازنەی کاروباری نیزامیدا نەبینیوەتەوە چونکە ئەم جۆرە



سەرچاوە
Serchawe

چالاکییانە لای کۆماری ئیسلامی دەچنە چوارچێوەی جیاکردنەوەی ئەرکەکان، کلێشە ڕەگەزییەکان و بیرکردنەوەی پیاوسالارانەوە! لە نوێترین ڤیدیۆکانیشدا کە بڵاو بوونەتەوە، ژنان خەریکی کردنەوە و بەستی چەکی کلاشینکۆفن و دەنگوڕەنگی ڕێژیمیش بووەتە سەکۆیەک بۆ فێرکاریی ئاکاری توندوتیژ و چۆنیەتیی تەقەکردن لە دوژمن!

**یەکەم** بابەت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە کاتی قەیرانی قووڵی ڕووخاندا، ئەم ژنانە وەک کاڵایەک بۆ پڕوپاگەندەی ئیدئۆلۆژیکی خۆی بەکار دەهێنێ و دەیەوێ لە بەرانبەر ژنانی ئازادیخوازدا زەقیان بکاتەوە.

**دووەم** ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ڕێک دەزانێت کە خەریکە بەرەو ئاخرین ساتەکانی تەمەنی دەچێت و دەیەوێ بە بەسیجکردنی خەڵک مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات.

**سێیەم** ئەوەیە کە بە هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی زۆر لاواز بووە، لەگەڵ ئەوەشدا نالەباربوونی دۆخی ژیانی خەڵک و سەختبوونەوەی گوزەران و ژیانیان دەتوانێ چەخماخەی شۆڕش و سەرهەڵدانێکی نێوخۆیی دیکە لێ بدات. نابێ لەبیرمان بچێت کە نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو ڕێک بە نیشانەی نارەزایەتی بە دۆخی ئابووری دەستیان پێ کرد و ڕێژیم لە ڕێگەی هێزە سەرکوتکەرەکانییەوە، کۆمەڵکوژییەکی بێوێنەی لە مێژووی خۆیدا دەست پێ کرد. لە ئێستاشدا مانۆڕدان بەو ژنانە و چەکدارکردنیان لە ڕاستای پلانێکی نوێی ڕێژیم بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتییە نێوخۆییەکان لەلایەن هێزە ئاتەش بە ئێختیارەکانییەتی.

بڵاوکردنەوەی ئەو دیمەنانە کە تێیدا ژنان ئەکتەری سەرەکین، تەنیا بۆ شاردنەوەی ماهییەتی توندوتیژ و دڕندەی کۆماری ئیسلامییە. چونکە ژن هەمیشە وەک بوونەوەرێکی ئارام و لەسەرەخۆ پێناسەی بۆ کراوە کە زیاتر لەوەی بیر لە شەڕ و ناسەقامگیری بکاتەوە، وەک باڵوێزی ئاشتی و ئارامی دەناسرێت. ئەو ژنانەی کە بوونەتە گۆپاڵی دەستی کۆماری ئیسلامی، تەنیا مۆرەگەلێکی بەکەڵک نەهاتوون کە کۆماری ئیسلامی خەریکە وەک قەڵغانێک بۆ پاراستنی خۆی و ڕێژیمەکەی کەڵکیان لێ وەردەگرێت.

لە ڕاستیدا دەرکەوتنی ئەو ژنانە ناتوانێ هیچ لە پێناسەی ئەو ژنە شۆڕشگێڕانە کەم بکاتەوە کە بە پێچەوانەی ئەوان، بە تێگەیشتن لە بوون و شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان، هەنگاویان ناوەتە مەیدانی خەباتەوە. بێگومان بەرەنگاربوونەوەی ئەو دوو بەرەیە لە ژنان تەنیا بە سەرکەوتنی ئەوانەیان کۆتایی پێ دێت کە ڕێگای هەقیقەتیان هەڵبژاردووە و بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی، ئامادەیی گیانفیداین.

٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# چەمکی "ڕەوتی سەرانسەری" لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێراندا






**شاڕۆخ حەسەنزادە**

لە ئەدەبیاتی سیاسیی هاوچەرخی ئێراندا، دەوری وشە و چەمکەکان لە ئامرازێکی ساکاریی وەسفکردنەوە زۆر زیاترن؛ ئەوان خۆیان بوونەتە مەیدانی ململانێ بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەت، سڕینەوەی ئەویتر و جێگیرکردن یان سەپاندنی هەژموونی. یەکێک لە سەرەکیترین و ئاڵۆزترین چەمکەکان، دەستەواژەی "حیزب یان ڕەوتە سیاسییە سەرانسەرییەکان" لە ئێراندایە. لە گوتاری زاڵی سیاسیدا، چ لە لایەن دەستەڵات و چ لە لایەن بەشێکی زۆری ئۆپۆزیسیۆنەوە، ئەم چەمکە وەک

واقیعێکی دەرهەست و حاشالێنەکراو پەسند کراوە. بەڵام شیکاریی کۆمەڵناسانە و مێژوویی پێمان دەڵێ ئەم چەمکە، زیاتر لەوەی ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی فرەییخوازیی کۆمەڵگەی هەمەچەشنی ئێران بێت، سازەیەکی ئایدیۆلۆژی و ناوەندگەرایە کە چالاکییە سیاسییەکانی حیزبە نەتەوەییە خاوەن داواکارییە ڕوونەکان، بە لاڕێدا دەبات. لێرەدا، ئەوە دەخەینە ڕوو کە چۆن دەستەواژەی "ڕەوتی سەرانسەری" لە خزمەت دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دژایەتییە دەستکردەکانی وەک "ناوەند/پەراوێز" و "نیشتمانی/جوداییخواز"دا کار دەکات و چۆن بە پشتبەستن بە پاوانخوازیی زمانی، بووەتە ئامرازێک بۆ شوناسسڕینەوە لە جۆری چالاکی و مافەکانی نەتەوەکان.

ڕەگی مێژوویی دروستبوونی ئەو حیزبانەی خۆیان بە سەرانسەری ناو دەبەن، بۆ سەردەمی پەهلەویی یەکەم و دەستپێکی پرۆژەی دەوڵەت - نەتەوەسازیی مۆدێرن دەگەڕێتەوە. دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێراندا لەسەر بنەمای قۆپیکردنی سەقەتی مۆدێلی فەرەنسیی "یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە، یەک زمان" دامەزرا؛ مۆدێلێک کە ناوەندگەراییەکی توندی ئیداری و کولتووری وەک پێویستییەک بۆ مانەوەی سیاسی خۆی دەڕوانێ. لە دوای ئەم گۆڕانکارییە پێکهاتەییە، ئەو ڕەوتە سیاسییانەی لە پایتەختدا لەدایک بوون -لە حیزبی توودە و بەرەی نیشتمانی لە ڕابردوودا هەتا ڕەوتەکانی چەپ، ڕاستی مەدەنی، چاکسازیخواز و ئوسوڵگەرای دوای شۆڕشی ١٣٥٧- ئەم پێشگریمانە ناوەندگەرایەیان بە میرات بری. ئەوان بێ لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی فرەنەتەوە و فرەزمانی کۆمەڵگەی بەناو ئێران، وایان وێنا دەکرد، سەرجەم جوگرافیای سیاسیی وڵات خاوەنی داواکاری و لەپێشینەیی یەکسانن کە پێداویستییەکانی تەنیا لە لایەن بژاردەکانی ناوەندەوە پێناسە دەکرێن. لەم ڕوانگەیەوە، فرەیی زمانی و نەتەوەیی وەک وردەکولتووری لاوەکی یان لە خراپترین دۆخدا وەک هەڕەشەی ئەمنی دژ بە یەکپارچەیی سەیر کران. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، ڕەوتێک یان حیزبێک کاتێک دەتوانێت نازناوی سەرانسەری یان گشتگیر هەڵبگرێت کە خاوەنی بەستەرە پێکهاتەییە قووڵەکان بێت دەگەڵ تەواوی ئەو جوگرافیایەی بانگەشەی بۆ دەکات. بەڵام شیکاریی دیاردەناسانەی ئەو حیزبانەی کە بە سەرانسەری ناوزەد دەکرێن لە ئێراندا، ناهاوسەنگییەک لە نێوان ئەوان و ئەم پێوەرانەدا ئاشکرا دەکات.

لە پلەی یەکەمدا، پێگەی دەنگدان، ژمارەی ئەندامان و جەستەی ڕێکخراوەیی ئەم ڕێکخراو یان ڕەوتانەی بانگەشەی سەرانسەریبوون دەکەن، بە گشتی کەمە و تەنیا لە چوارچێوەی چینی مامناوەندی شارەیی تاران و چەند مەزنشاری ناوەندیدا قەتیس دەمێنێتەوە. ئەم ڕەوتانە لە ناوچە نافارسەکانی وەک کوردستان، بەلووچستان، ئازەربایجان، ئەهواز و تورکەمەن سەحرا، خاوەنی هیچ هێزێکی کاریگەر و پێکهاتەیی و چالاک نین کە لە ناخی کۆمەڵگەکەوە سەرچاوەی گرتبێت. لە قۆناغی دووەمدا، پێکهاتەی بژاردە سیاسییەکان، ئەندامانی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی ناوەندیی ئەم حیزبانە بە زەقی ناهاوسەنگە؛ هەبوونی چینی دەستەبژێری نەتەوە نافارسەکان یان بوونی نییە یان بە شێوازێکی ڕواڵەتی و

تەشریفاتییە کە مەرجدار کراوە بە توانەوە لە ناو شوناسی پێناسە کراودا. لە کۆتاییدا، لە مانیفێست و بەرنامە سیاسییەکانی ئەم حیزبانەدا کە بەشێکیان تەنیا چەند دە ئەندامێکیان هەیە و خۆیان بە سەرانسەری دەزانن! بابەتە بنەڕەتییەکانی وەک کۆتاییهێنان بە هەڵاواردنی سیستماتیکی نەتەوەیی، مافی خوێندن بە زمانی دایک، نامەرکەزییەت و سیستمی فیدراڵی، یان جێگەیان نابێتەوە یان وەک داواکاریی پلە دوو لە ژێر چەمکە گشتییەکانی وەک دیموکراسیخوازیی گشتی و مافی مرۆڤدا بۆ داهاتوویەکی نادیار دوادەخرێن. ئەم دابڕانە پێکهاتەییە، بە ئەندازیارییەکی وردی وشەسازی لە خزمەت گوتاری ناوەندگەرادا کۆتایی پێدێت. چەمکی ڕەوتی سەرانسەری پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی دەگەڵ زنجیرەیەک وشەی هەژموونخوازی وەک "یەکپارچەیی خاک" و "جوداییخوازی"دا هەیە؛ چەمکگەلێک کە ئامرازی ئەندازیاریی گوتارن بۆ پاراستنی هاوسەنگیی هێز بە قازانجی ناوەند. ئەو ڕەوتانەی لە ناوەنددا جێگیرن، بە پێناسەی سەرانسەری خۆیان، شەرعییەتێکی گەورە و نیشتمانی بە چالاکییەکانی خۆیان دەبەخشن. لە خاڵی پێچەوانەدا، ئەم گوتارە هەوڵ دەدات حیزب و ڕەوتەکانی سەر بە نەتەوە نافارسەکان بە ناونیشانی وەک قەومی، لۆکاڵی و ناوچەیی پێناسە بکات. ئەم ناونانە بەئەنقەستانە، سیاسەتی ڕاستەقینە و عەقڵانی تەنیا لە ناوەنددا کورت دەکاتەوە و داواکارییەکانی پەراوێز وەک هەنگاوی لادەرانە، دژەنیشتمانی یان هاندراو لە لایەن دەستی دەرەکییەوە دەناسێنێت. بێگومان لە مێژووی هاوچەرخدا، هەندێک حاڵەت دەبینرێن؛ بۆ نموونە، ئەنجومەنی نیشتمانیی بەرگری "پرۆژەی خودموختاری کوردستانی ئێران"ی پەسەند کرد و دانی بە مافی نەتەوەکانی تریش نا. بەڵام لە ڕوانگەی هەندێک لە ڕاڤەکارانی سیاسییەوە، ئەم هەنگاوە زیاتر لەوەی هێمای گۆڕانکارییەکی قووڵ بێت لە ناخی ئایدیۆلۆژیی ناوەندگەرادا، تاکتیکێکی سیاسی کاتییە.

ڕەهەندێکی تر کە دەستەواژەی ڕەوتی سەرانسەری بەرهەم دێنێتەوە و پشتیوانی دەکات، پاوانخوازیی زمانی و ناسیۆنالیزمی ناوەندگەرایە لەسەر بنەمای یەک زمانی تاقانە. لە ئەدەبیاتی سیاسی و پەروەردەیی ئێراندا و تەنانەت لەو ڕەوتانەشدا کە خۆیان بە سەرانسەری دەزانن، زمانی فارسی لە زمانێکی هاوبەشەوە گۆڕدراوە بۆ ئامرازێک بۆ دەستەڵاتداری و سڕینەوەی شوناسی ئەویتر. ڕەوتە سەرانسەرییەکان بە قبووڵکردنی ئەم پاوانخوازییە، بوونەتە باسکی کولتووریی ناوەندگەرایی. ناسیۆنالیزمی ناوەندگەرا بە بچووککردنەوەی کولتوور و زمانی نەتەوەکانی تر بۆ چەمکگەلێکی وەک "زاراوە" یان "شێوەزاری مەحەللی"، هەوڵ دەدات بایەخی زانستی و مێژوویی ئەم کولتوورانە پشتگوێ بخات. ئەم ناونانە هەوڵ دەدات بەکارهێنان و خوێندن بەم زمانانە وەک جۆرێک لە دواکەوتوویی پیشان بدات، لە کاتێکدا زمانی ناوەند وەک تاقە زمانی زانست و سیاسەت دەناسێنرێت. کاتێک زمانێک وەک تاقە زمانی فەرمی و شەرعیی سیاسەتکردن دەسەپێنرێت، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بژاردەکانی نەتەوەکانی تر کە ئارەزووی بەکارهێنانی زمان و ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیان دەکەن، لە مەیدانەکە لا دەبرێن یان پەراوێز دەخرێن. حیزبە سەرانسەرییەکان سوود لەم فیلتەرە زمانییە وەردەگرن و داوا لە چالاکوانانی نەتەوەکان دەکەن کە داواکارییەکانیان لە چوارچێوەی چەمک و پێکهاتەی زمانیی ناوەنددا دەربڕن. هەر جۆرە پێداگرییەک

لەسەر شوناسی زمانیی سەربەخۆ، وەک دەمارگیریی قەومی یان هەڕەشە بۆ سەر یەکپڕیزیی نیشتمانی پێناسە دەکرێت. بە پشتگوێخستنی مافی خوێندن بە زمانی دایک و بەتاوانبارناساندنی بەکارهێنانی، جۆرێک لە سیستمی تواندنەوە و لکاندنی زۆرەملێ دروست دەبێت. ئەو حیزبانەی خۆیان بە سەرانسەری دەزانن، نەک هەر بەرنامەیەکی ڕژدیان بۆ کۆتاییهێنان بەم ستەمە زمانییە نییە، بەڵکوو بە بێدەنگی یان بە پاساوی پاراستنی یەکپڕیزیی نیشتمانی، یارمەتی بەردەوامیی ئەم هەڵاواردنە پێکهاتەییە دەدەن. دیموکراسیی ڕاستەقینە بێ بەدیهاتنی دیموکراسیی زمانی و بەڕەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان، تەنیا تراویلکەیەکە و هیچی تر. بەپێچەوانەی ئەو وێنایەی لە لایەن ناوەندەوە دروست کراوە، واقیعە مەیدانی و مێژوویییەکان نیشانی دەدەن کە گۆشەگیریی سیاسی و دڵسۆزیی حیزبی لە ئێراندا خاوەنی دابڕانی قووڵی جوگرافییە. خەڵک لە ناوچەکانی وەک کوردستان، بەلووچستان و ئازەربایجان لە جیاتی خۆگونجاندن لەگەڵ باڵباڵێنی نەریتیی ناوەند، شوناس و داواکارییەکانی خۆیان لەناو حیزبە نەتەوەیییەکانی خۆیاندا دۆزیوەتەوە. ئەم حیزبانە بە لایەنگری ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی، پێشینەی خەباتی ڕوون و خۆماڵی، ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگەکەیان لە دژی جیاکارییە پێکهاتەییەکان لە ئەستۆ گرتووە.

### وەک دەرەنجام؛

دەستەواژەی ڕەوتی سیاسیی سەرانسەری لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێراندا کە ڕەوتە سیاسییەکانی نەتەوە جیاوازەکانیش بە جۆرێک و بە شێوەیەکی نائاگا قبووڵیان کردووە، دیاردەیەک نییە کە لە کۆمەڵناسییەکی واقیعبینانەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکوو پێکهاتەیەکی زمانی، یاسایی و ئایدیۆلۆژییە کە ئامانجی ئاسایی نیشاندانی دەسەڵاتی سیاسی-کولتووریی ناوەند و نائاسایی نیشاندانی فرەیی سیاسیی نەتەوەکانی ئێرانە. لە نەبوونی سیستمێکی سیاسیی فیدراڵ و دانپێدانانی فەرمی بە فرەیی نەتەوەیی، زمانی و کولتووریدا، هیچ ڕەوتێک ناتوانێت بێ ڕەنگدانەوەی داواکاریی نەتەوەکان و جەستەیەکی فرەخواز، بانگەشەی سەرانسەریبوونی ڕاستەقینە بکات. واقیعی ئەمڕۆی ئێران، واقیعی حیزبە نەتەوەیییەکانی نەتەوە جیاوازەکانە کە هەرکامەیان لە جوگرافیای خۆیاندا چالاکی دەکەن و هەر جۆرە پێکەوە بوونێکی ڕاستەقینە لە داهاتوودا، تەنیا لە ڕێگەی بەفەرمی ناسینی ئەم فرەیییە و ڕەخنەی جددی لە گوتاری هەژموونخوازی ناوەندگەرادا تێدەپەڕێت.

٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# خەباتی مەدەنی و جەماوەریی خەڵک و شەپۆلی تازەی زەبروزەنگی ڕێژیم






**ئیبراهیم لاجانی**

لەو حەوتوو و مانگانەی دواییدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن لە فەزای شەڕ پەرەی بە سەرکوتی سیستەماتیک داوە و بارودۆخێکی پڕ لە توندوتیژیی و پۆلیسیی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. ئەو سەرکوت و زەبروزەنگە، پاش کۆمەڵکوژیی ڕۆژەکانی ١٨ - ١٩ی بەفرانباری زستانی ڕابردوو، تەنانەت توندتریش بووە! بارودۆخێک هاتۆتەگۆڕێ

کە ئێستا ئەو سیاسەتە بۆتە ڕێکاری سەرەکیی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی نێوخۆی ئێراندا. ئامانجی ئەو سیاسەتە بریتییە لە سەرکوتی هەر چەشنە ناڕەزایەتی و خەباتێکی مەدەنی، تێکۆشانی سیاسی و هەرجۆرە بەربەرەکانییەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە نێوخۆدا!

لەو ڕۆژانەدا، دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، بەتایبەت وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سوپا بەردەوام خەریکی گرتنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و پەروەندەسازی دژی ئەوانن. ئەو ڕەوتە بەتایبەتی لە کوردستان و خووزستان و بەلووچستان و تورکمەنسەحرادا، بێ دەست ڕاگەیشتن بە پارێزەر، بێ وەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنە قەزاییەکان و ئەسڵە بنەڕەتیەکانی دادرەسی عادڵانە توندتر بەڕێوە دەچێ.

ئەو کارە لە تێرمینۆلۆژیی ماف و یاسادا، پێی دەگوترێ گرتنی سەرەڕۆیانە. ئەمەش بە پێشێلکردنی ئاشکرای بەندی ٩ی کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە دادەنرێ. دامەزراندنی هەزاران بازگەی پشکنین لە شارە گەورەکان و بەتایبەتی لە کوردستاندا، فەزای گشتیی وڵاتی کردۆتە فەزایەکی پۆلیسی و پڕ لە خەفەقان. پشکنینی موبایل و جانتا و ماشین و کەلوپەلی شەخسی، کۆنترۆڵی پەیام و چالاکیی خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە پێشێلکردنی حەریمی ژیانی خسوسی و بنەماڵەیی دادەنرێ. ئەوەش دیسان هەر پێچەوانەی پەسندکراوە نێونەتەوەیەکانە. لەوەش زیاتر ئەوکارە بە لەژێرپێنانی بنەمایەکی گرنگی مافەکانی مرۆڤ لەقەڵەم دەدرێ؛ واتە ئازادیی بەیان و ئازادیی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری.

پاش فەرمانی تازەی سەرۆکی دەزگای قەزایی ڕێژیم سەبارەت بە "پەلەکردن لە دەرکردنی حوکم و جێبەجێکردنی حوکمەکان" شەپۆلێکی تازە لە دەرکردنی حوکمی ئێعدامەکان، بەتایبەتی لە کوردستاندا، دەستی پێ کردوە. هیچ بەیانییەک نییە کۆمەڵێک لە زیندانیانی سیاسی و گیراوەکانی دیکەی بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکان، بە تۆمەتی بێبناخە و هەڵبەستراو نەبرێنە سەر داری سێدارە. ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئەو جۆرە حوکمانە، بەپێچەوانەی ئوسوڵەکانی دادڕەسی ددپەروەرانە و ستانداردە قەزاییەکان دەرکراون و جێبەجێ دەکرێن؛ ئەوەش یانی پێشێلکردنی "مافی ژیان" کە پێشێلکردنی بەندی شەشەمی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و سەرجەم ئەسڵە بنەڕەتییەکانی یاسای سزادانی نێونەتەوەییە. هەر بۆیە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەبێ بەئاشکرا دەنگی بێزاری و ناڕەزایەتی خۆی بە دژی ئەو سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی بەرز کاتەوە و هەڵوێست و بەرپەرچدانەوەی هەبێت.

لایەنێکی دیکەی ئەو سەرکوتە بریتییە لە مووشەکهاوێژیی بەردەوام بۆ سەر کەمپی بنەماڵە ئاوارەکانی حیزب و ڕێکخراوە

سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان. ئەو هێرشانە تەنانەت دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست دەگەڵ ئەمریکا، ئێستا زیاتر و توندتریش بوون. ئەوەش لە یاسای نێونەتەوەییدا پێشێلکردنی سەروەریی وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستانە. هەروەها نادیدەگرتنی ماددەی دووهەمی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ دەکارنەکردنی توندوتیژی، بۆ پەلامارنەدانی خەڵکی مەدەنی و سیڤڵ، بۆ سزانەدانی بەکۆمەڵ و پاراستنی مافە نەتەوەیی، سیاسی، ئێتنیکی، مەزهەبی و ئایینییەکانی جۆراوجۆرییەکانە. ئەو هێرشانە لەکاتێکدا دەکرێنە سەر بنەماڵەکانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران لەو چەند مانگەی دواییدا هیچ چالاکییەکی چەکدارانەیان بەدژی ڕێژیم نەبووە و هەموو ئەو ڕێککەوتننامانەیان پاراستوون کە دەوڵەتی عێڕاق، هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوانیان وەبەرچاو گرتوون.

دەبێت بگوترێ کە کار و تێکۆشانی ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانە بە شێوەیەکی سەرەکی کاری سیاسی، فەرهەنگی، مێدیایی و پەروەردەییە و ڕوونە کە ئەو هێرشانە بەشێکن لە ستراتیژیی ڕێژیم بۆ بە ئەمنییەتیکردنی پرسی کوردستان، بۆ بێدەنگکردن و سەرکوتی دەنگی حەقخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بۆ کپکردنی دەنگ و ڕەنگی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلەکەمان.

هەروەها دادستانی کۆماری ئیسلامی لەو چەند حەوتوویەدا بە شێوەیەکی غیابی، حوکمی تاڵان و دەستبەسەرداگرتنی موڵک وماڵی سەدان کەس لە خەڵکی ئێرانی دەرکردوە. بڕیاری داوە بە وەزارەتی دەرەوە کە ئەو کەسانە مافیان نیە پارێزەریان بۆ بەدواداچوونی ماف و داواکانیان هەبێت. ئەمەش پێشێلکرانی ئەسڵی شەخسیبوونی تاوان و سزادان و لەژێرپێنانی مافی خاوەنداریەتی و هەبوونی موڵک و ماڵی شەخسییە. لەوەش زیاتر ئەو کارە بە سزادانی بەکۆمەڵ دادەنرێت و کردەوەیەکی نایاساییە. ئەو کارە لەگەڵ ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەدژی تێکۆشەرانی ئازادیخوازی دەرەوەی وڵات دەیکەن، نیشانەی ئەوەیە ڕێژیم دەیەوێ ئەو سەرکوت و زبروزەنگە بۆ دەرەوەی وڵاتیش درێژ بکاتەوە.

پچڕاندنی ئینترنێت لە ئێراندا کە ئەوە بۆ چەند مانگ دەچێ و یەکێک لە بەرینترین و درێژترین ماوەکانی پچڕانی ئینترنێتە لە ئاستی جیهانیدا؛ یەکێکی دیکە بوارەکانی سەرکوتی سیستماتیکی خەڵکە. هەڵبەت ئەمەش پێشێلکردنی مافی خەڵک بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیارییە، کە بە یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دادەنرێ. هەروەها پێشێلکرانی ئازادیی ڕادەربڕینە، کە ئەسڵێکی سەرەتایی ڕاگەیەندراوی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤە. لەوەش زیاتر ئەو کارە دەچێتە ڕیزی سزادانی بەکۆمەڵ کە بە پێچەوانەی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانە؛ وەک سزادانی بەکۆمەڵی بە میلیۆن میلیۆن خەڵکی وڵات. ئامانجی ڕێژیم لەو کارە سەرکوت و کپکردنی دەنگی خەڵک و پێوەندیی خەڵک دەگەڵ یەکتر و دەگەڵ دونیای

دەرەوەیە. لەو ڕێگـایەوە ڕێـژیم دەیەوێ هەواڵ و دەنگ و باسـی نێوخـۆی وڵات بـڵاو نەبێـتەوە و نەگـاتە ناوەنـدە جیهـانی و کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکانی دەرەوە.

ئەزموونی بزووتنەوەی ژن ژیان ئـازادی و ئەزموونی خەبـاتی خەڵکی کوردستان و ناوچەکـانی دیکەی ئێران نیشـانی پێمـان دەڵـێ نـاڕەزایەتیی مەدەنـی، خەبـات و بەربەرەکـانیی جەمـاوەری، خـۆڕاگری و بەرگریـی بەکـۆمەڵ و شارسـتانیەنە و دوور لە توندوتیژیی باشترین میتۆد و ئـامرازی خەبـاتن بـۆ بەرپەرچدانەوەی سەرکوت و زەبروزەنگی ڕێـژیم. مـانگرتن، ڕێپێـوان، تۆمارنووسین، خۆڕێکخستنی بەکۆمەڵ، دروستکردنی ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی و پیشـەیی و سیاسـی و مەدەنـی دەتـوانن تێچوونی ڕێژیم بـۆ سەرکوتی خەڵـک بەرنە سەر، چەنـد دەسـتەیی لە ڕیزەکـانی ڕێـژیم و دامودەزگـا سەرکوتکەرەکانیدا پێـک بێـنن و بواری سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەکی بەرینی سەرتـاسەری درووست بکەن؛ بـزووتنەوەیەک کە ئێـران بەرەو ئـازادی و دێموکراسی بەرێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و باقی هێزە سیاسیەکانی دیکە کوردستانی ئێران، وەک ڕابردوو، پێ لەسەر زەرورەتی خەباتی سیاسی و جەماوەریی دادەگرنەوە و ئامادەن لەو ڕێگایەدا لەگەڵ هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی وڵاتەکەمان هاوکاری و هاوئاهەنگی بکەن و بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیک، هەموو تواناو و زەرفییەتی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیان دەکار بکەن.

لە بارودۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامی بەکەلکوەرگرتن لە فەزای شەڕ و هەڕەشەی دەرەکی، سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی خـۆی هێنـدەی دیکەش توونـد و بەریـن کردۆتەوە، تەنیـا ڕێگـای کـۆمەڵانی خەڵـک بـۆ ڕاوەستان و بەربەرەکـانی لەگەڵ ئەو سیاسەتە، بریتییە لە بەربەرەکانی، خەباتی مەدەنی و جەماریی بەکـۆمەڵ و بەهێزکردنـی هاوپێوەنـدیی کـۆمەڵایەتی. هێـزە ئازادیخواز و نیشتیمانی و چەپ و دێموکراتیکەکـانی وڵات بەتـایبەتی لە کوردستان و لە نێو نەتەوەکـانی دیکەی ئێرانـدا، دەتوان لەو پێوەندیەدا ڕۆڵێکی پێشڕەوانە و کاریگەر بگێڕن.

"لە شان و باهۆی خۆم ڕادی هەڵگرم ئاڵای ئازادی."

٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# کورد لە گەمەی دێموکراسییەکەی تورکیەدا






**عەزیز مەعرووفی**

لە ماوەی هەژدە مانگی ڕابردوودا کە پرۆسەیەکی نوێ لە تورکیەدا دەستی پێکردووە، وشەکانی "ئاشتی"، "دێموکراسی" و "تیرۆر" زۆرترین ئەو وشانەن کە پەردەی گوێی خەباتگێڕان و ئازادیخوازانی کورد بەگشتی و باکووری کوردستان دەلەرێننەوە.

"ئاشتی" و "دیموکراسی" دوو وشەن کە بەردەوام و بێ پسانەوە لەژێر ڕێنوێنییەکانی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان و بە دوای ئەویشدا پارتی ئاشتی و یەکسانی (دەم پارتی)، لەلایەن بەشێکی زۆر لە خەباتگێڕانی سیاسی و جڤاکی باکووری کوردستان دەوترێنەوە، هەروەها وشەی "تیرۆر"یش وشەی هەڵبژێردراوی ئەدەبیاتی سیاسیی حاکمانی تورکیەیە لە بەرامبەر دوو وشەی سەرەوەدا.

لە درێژەی ئەو وتارەدا، ئاوڕ لە کارکرد و چۆنیەتی و چەمکی "دیموکراسیی تورکیە" لەسەر مەسەلەی کورد دەدەینەوە و هەروەها ئەوەی کە کورد لە باکووری کوردستاندا، لە پێشەوەی هەموویاندا بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان هێندە شێلگیرانە لایەنگری ئەو چەشنە دیموکراسییەن، گەنگەشە دەکەین .

ئەگەر دیموکراسی لە تورکیە لە ئازادی ئەحزاب، ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی فەردییەکان، پێکهێنانی ئەنجوومەن و سەندیکای جۆراوجۆر، هەڵبژاردن، دەستاودەست پێکردنی دەسەڵات، لەگەڵ وڵاتانی ناوچە وەک ئێران، عێراق، سووریە... بەراورد بکەین، جیاوازی زۆر بەدی دەکەین؛ ئێران بە درێژایی مێژوو قەت خاوەن سیستم و قەوارەیەکی دیموکراتیک نەبووە تا بڵێین دیموکراسی هەیە، بە پێچەوانە سیستمی دیکتاتۆڕی و دەسەڵاتی فاشیستی-مەزهەبی بە درێژایی مێژوو لەو وڵاتە لەسەر کار بووە. لە عێراق و سووریەدا لە سەردەمی دەسەڵاتی سەدام حوسێن و بنەماڵەی ئەسەددا، لە هەڵبژاردنی شانۆییدا سەرۆکی وڵات ٩٧٪ی دەنگەکانی مسۆگەر دەکرد، ئێستاش کە چاوێک بەو دوو وڵاتەدا دەخشێنین "دیموکراسیی تورکیە" چەندین هەنگاو لە پێش عێراق و سووریەیە.

کورد لە باکووری کوردستان، بە درێژایی دەیان ساڵ خەباتی بێوچانی خۆیدا، شەڕی دەستەبەرکردنی مافەکانی کردووە، لە لایەک خەباتی سەختی چەکداری پارتیزانی کە خۆی لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)دا دیتۆتەوە، لە لایەکی دیکەش خەباتی نێوخۆیی لە ڕێی پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و بەشدار بوونیان لە کایەی سیاسی و هەڵبژاردنی پارلمانی و شارەوانییەکاندا بووە. زۆر پێش پێکهاتنی پەکەکە، کورد لە باکووری کوردستان هەوڵی زۆریان دا دەرەتان و کەلێنێک بۆ خەباتی سیاسی و جڤاکی ببیننەوە، کەچی لەگەڵ گرتن، ڕاونان، بێ سەروشوێن بوون و تیرۆری دەوڵەتیی بەرەوڕوو دەبوونەوە .

لە سەرەتای ساڵانی نەوەددا خەباتی سیاسی و جەماوەری باکووری کوردستان بە خێرایی گەشەی کرد، ئەو خەباتە ساڵی ٢٠١٥ لەژێر ناوی پارتی دیموکراتیکی گەلان واتە میراتگری پارتی و ئاشتی و دیموکراسی کە ڕێبەری خۆشەویستی کوردەکانی باکوور بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش ڕێبەرایەتی دەکرد، سەرکەوتنی گەورەی پارلمانی تۆمار کرد، پێش ئەوەش

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا زۆربەری نیزیک بە تەواوی شارەوانییەکانی باکووری کوردستانیان بردەوە. ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەی دەمیرتاش و حیزبەکەی دەسەڵاتی تورکیەی تەنگاو کرد، لێیان کەوتنە پەلپ و بیانوو، پەلاماریان دان، پەروەندەیان بۆ ساز کردن، لە پارلمان و لە سەرۆکایەتی حیزب و سەرۆک شارەوانییەکان دەریان کردن و ئەوە بۆ ١٠ ساڵ دەچێ کە بەڕێز سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی حیزبەکەی و بەشی زۆری ڕێبەرانی دەستە یەکەمی حیزبەکەی و چەندین سەرۆکی گەورە شارەوانی حیزبەکەی دە کونجی گرتووخانە ئاخنراون، ئەوانە بە تێکڕایی لە ملمانێی "دێموکراسیی تورکیە" و ئەویش پاش دەیان کۆسپ و تەگەرەی داتاشراو بەو سەرکەوتنە گەیشتبوون، لە کاتێکدا حیزبەکەشیان، حیزبی "دێموکرات" و "ئاشتی" و "برایەتی گەلان" بوو.

گومانی تێدا نییە، ئەو شێوە خەباتەی کورد لە باکووری کوردستان شیاوترین شێوەی خەباتە کە هەڵیان بژاردووە بەڵام ئەوەی کە پاش سەرکەوتن دەکەونە بەر قەڵت و بڕی دەسەڵاتی دەوڵەتی یان ڕەپێچەکی گرتووخانەکان دەکرێن، ڕاست بۆ کارکردی سەقەتی دەوڵەتی تورکیە لە کرۆکی دێموکراسی ڕاستەقینە و ترس لە خەباتی ڕوو لە گەشەی کورد دەگەڕێتەوە. کەواتە کاتێک چاو بە پەیام و ڕاسپاردەکانی بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلاندا دەخشێنین، ناتوانین ئاواش لە ئاست "دێموکراسیی تورکیە" ئەرخەیان بین. ڕەنگە هەموو لایەک لە بیریان مابێ کاتێک بەڕێز ئۆجەلان ٢٥ی فێبریوەریی ١٩٩٩ ڕادەستی تورکیە کراوە، ڕایگەیاند کە بۆ دێموکراسیی تورکیە تێ دەکۆشم؛ بەڕێزیان چەمکی "کۆماری دێموکراسی" داهێناوە، جیا لەوەش هەر لە پەنا ئەو چەمکەدا "کۆماری هاوبەشی کورد و تورک" و" خۆ گونجاندن دە گەڵ کۆماری دێموکراتیکی تورکیەدا" و زۆر چەمکی هاوشێوەی تیۆریزە کردووە .

بەڕێزیان لە ٢٧ی فێبریوەریی ٢٠٢٥ لە پەیامێکدا کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بڵاوی کردەوە، دەستپێکردنی خەباتی چەکداری و سەرکوت ، کوشتوبڕی کوردی بە دەسەڵاتی ئەوکاتی تورکیە، واتە بە حیزبی گەلی کۆماری ( حیزبەکەی ئەتاتورک) بەستەوە، بەستنەوەیەک کە بۆ خۆبواردن لە وتنی نەفوستانییەکانی دێموکراسی بەگشتی و داپۆشینی کەم و کوڕییەکانی دێموکراسییەکەی تورکیە لەژێر دەسەڵاتی حیزبی داد و گەشەپێدان ( ئاکەپە) و شەریکە دەسەڵاتی ئەو حیزبە واتە پارتی نەتەوە پەرەستی تورکیە ( مەهەپە) دەرهەق بە کورد لە باکووری کوردستاندا دارێژراوە. کەواتە با بپرسین؛ چۆن دەبێ لە لایەک "دێموکراسی" بخوازرێ و لە لایەکی دیکەش چەمک و کارکردەکەی بدینە بەر ڕەخنە؟

کاتی خۆی بەڕێز ئەحمەد تورک، کۆنە سیاسەتمەردار کوتی: ئێمە دەخوازین ئەو دێموکراسییەی لە شارە تورکییەکاندا هەیە، لە کوردستانیش پیادەی بکرێ. ئەو داوایەی بەڕێز ئەحمەد تورک، قەت بە هێند وەرنەگیرا، جیا لەوەش ئەورۆ دەبینین ئەو دێموکراسییەی ئەردۆغان و باخچەلی وەک ڕێگەچارەی مەسەلەی کورد لە باکووری کوردستان بیر و هۆشی بەڕێز

ئۆجەلانیان بۆ لای خۆیان پێ ڕاکێشاوە نەتەنیا لە باکووری کوردستان بە خەراپترین شیوە خۆی دەنوێنێ بەڵکوو لە شارە تورکییەکان و لە ئاست ئۆپۆزسیۆنی سەراسەریشدا زۆر ڕووداوی تاڵی تێدان.

لەم ماوەی دواییدا هەڵوەشاندنەوەی ئاکامی ٣٨ەمین کۆنگرەی پارتی گەلی کۆماری کە سێ ساڵ لەمەوبەر گیراوە، بە لابردنی ئۆزگوور ئۆزەل و هینانەوەی کەماڵ کلیچدارئۆغلوو بۆ ڕیبەری حیزبەکەی دەرخستنی گەمەی نەقوستانی دێموکراسی لە تورکیە بە گشتی و دێموکراسی نێوخۆیی دەروون حیزبی لە کۆی گشتی تورکیەدایە. لەوەش گەڕێین، لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا دەیان حیزب و ڕێکخراوی تایبەت بە کورد داخراون، کەس نەهات "دێموکراسیی کودەتا" لە سەر مەسەلەی کورد لە هەڵا بدات.

لە سیستمی فرە حیزبی تورکیەدا؛ حیزبی دەسەڵاتدار وهاوپەیمانەکەی، ئۆپۆزسیون، کۆمەڵگەی تورک، حیزبی کۆن و نوێ، بەربژێری سەربەخۆ، پارێزگار... هەموو لە سەر ئەوە یەکدەنگ و هاوڕان کە حیزب و ریکخراوی کوردەکان دەنگ نەهێنەوە، بەربەستی ١٠٪ تێنەپەڕێنن، بەربەستێک کە ڕاست وەک کۆسپی ڕاستەقینە لە ڕێی خەباتی پارلمانی بە دژی کورد داندراوە، واتە ئاکامی هەڵبژاردن و دێموکراسیەکە دەبێ بە تەواوی لە پاوانی نەتەوەی باڵا دەستدا بێ، لێرەدا بە ڕوونی دیارە کە کێشەی ئەو جۆرە ڕوانگەیە بۆ حاشا کردن لە دێموکراسی نەتەوەی زۆرایەتی بە سەر نەتەوەی کەمایەتی دایە. کەواتە لە تورکیە و سیستەمە دێمواراتیکەکەیدا!! ئەوەندەی کێشە لە چۆنییەتی ڕەچاوکردنی دێموکراسی و کارکردنەکەیدا نییە هیندەی لە کێشەی حاشا کردن لە کێشەی نەتەوایەتی کورد دایە.

ئاشکرایە حیزبی دەسەڵاتداری ئێستای تورکیە و هاوپەیمانەکەی لە گەمە و خۆدزینەوەیان لە کایەی دێموکراسییەکی ڕاستەقینە لەچاو دەسەڵاتەکانی پێش خۆیان زۆر کارامەن، چونکە لێدوانی بەو شێوەی بەڕێز ئۆجەلان کە ڕاست لێدوانی ئەردۆغان بە درێژایی دەسەڵاتی حیزبەکەی لە ٢٠٠٣ ئێستاشی لەگەڵ بێ بە دژی ئۆپۆسیونی دایک لە وڵاتەکەیدایە، ناتوانێ پەڵەی ڕەشی مێژووی دەیان ساڵی حاکمانی تورکیە – کە بەشێک بە کودەتا و بەشێکیش بە ڕێگای دێموکراسی هاتوونەتە سەر تەختی دەسەڵات- لە ئاست نەتەوەی دەیان میلیۆنیی کورد بشواتەوە .

ئیسماعیل بێشکچی لە وتارێکدا لە ساڵی ٢٠١١، لە بارەوە ڕەخنە لە کوردەکان دەگرێ، ناوبراو دەڵێ؛ "کورد، پێویستە بیر و هۆشی خۆیان لە هەژموونی ئەتاتورکی و کۆماری تورکیایی دەرباز بکات". کەچی ئێستا ئەویش لە کاتێکدا، کوردستان، ناوچەی ئێمە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە ئاڵوگۆڕ و بەرچاودا تێدەپەڕێ، عەبدوڵا ئۆجەلان و بەشێکی زۆر لە ڕێبەرانی باکووری کوردستان بە ناوی وتووێژ و بە قەول بۆ قووڵ کردنەوەی دێموکراسی لە تورکیەدا ئێستا لە هەموو کات تیژتر

دەڕۆن.

**بۆیە کۆی خەباتی ئازدیخوازانەی کوردستانی باکوور بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە و لە ڕیزی هەرە پیشەوەیان دا بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان و وەڤدی دەم پارتی و ڕێبەرانی ئەو پارتە پێویستە لەو بارەوە چەند ڕاستییەک ببینن؛**

**یەکەم:** ئەرکی بە دێموکراسیکردنی تورکیە، ڕاستە دەبێ کورد دەبێ یارمەتیدەر بێ، بەڵکوو ئەرکی لە هەرە پێشینەی کۆمەڵگەی تورک و هێزە سیاسییەکانیەتی نەک کورد؛

**دووهەم:** دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و خەباتە ڕەواکەی نابێ هەرگیز بچێتە ژێر باندۆری دێموکراسیی تورکیەدا؛

**سیهەم:** لاینکەم هەتا ئێستا دەوڵەتی تورکیە ئەو هەزاران کوردە خەباتگێڕەی تەنیا بە بیانووی کورد بوون لە گرتووخانەی هاویشتوون و لە خەباتی سیاسی و بێ بەشی کردوون، ئازاد نەکردوون، و لە کاتێکدا دەوڵەتی تورکیە یەک هەنگاوی بۆمەبەستی چارەسەری کێشەی کورد هەڵنەهێناوەتەوە و بەردەوام کێشەی کورد بە کێشەی "تیرۆر" ناو دەبات، دڵخۆش کردنی کورد بە "دێموکراسیی تورکیە" و "کۆماری دێموکراسی"، "کۆماری هاوبەشی تورک وکورد" جێی تێڕامانە؛

**چوارەم:** ماف و ئازادیی سیاسی و زمانیی، ناسنامە، خاک و وڵات، جلوبەرگ، موزیک و چاند و مێژوو، پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراو، بۆ ڕێبەر و خەباتگێڕانی کورد دەبێ زۆر پیرۆز بن، ئەگەر ئەو چەند ئەسڵە سەرەکییەی سەرەوە لە بەرچاو گیران و لە یاسای بنەڕەتی تورکیەدا گونجێندران، ئیدی دێموکراسییەکەی تورکیەش ناچار دەبێ گەشە بکات.

١٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

---

## ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەبارەی شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان لە کوردستان و ئێران

دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بۆ پەردەپۆشکردنی شکستە سیاسی، نیزامی و ئەمنییەتییەکانی شەپۆلێکی نوێی ئێعدامی بەندکراوە سیاسییەکانی لە ئێران، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ خستووە.

تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی کە لەم دواییانەدا بە شێوەی سەرسووڕهێنەر زیاتر بوون و شەپۆلی نوێی سەرکوت و زەبروزەنگەکان دژی تێکۆشەرانی ئازادیخواز، بەتایبەت لە زیندانەکان بابەتێکی ئاسایی نین و نابێت ڕێگە بدرێت ئاسایی بنوێنن. ئەو ئێعدام و کوشتنە سیاسییانە کوشتاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراون و بۆ هەمووان ئاشکراشە کە کۆماری ئیسلامی ئێعدامەکان بۆ تۆقاندنی زیاتری کۆمەڵگە و وەک قەڵغانێکیش بۆ مانەوەی پتری خۆیان لە دەسەڵاتدا بە کار دێنن.

سەرکوت و ئێعدامەکان لە نێوخۆ و بەردەوامیی مووشەکبارانی حیزبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا پەرە دەستێنن کە ڕێژیم لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و لە شەڕ و ململانێی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا تووشی شکستی ستراتیژی و کەلێنی ئەمنییەتیی قووڵ بۆتەوە، بۆیە بە پیشەی پێشووی پەنای بۆ قەیرانخوڵقێنی لە دەرەوەی وڵات و قەڵتوبڕ و

زەبروزەنگی زیاتر لە نێوخۆی وڵاتدا بردووە. هاوکات بەردەوامیی تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئەویش لە کاتی ئاگربەستی کاتیی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا بەڵگەی حاشاهەڵنەگرە کە ڕێژیم شەڕی خۆی لەگەڵ ئازادیخوازان، مافویستانی و دژبەرانی نێوخۆیی نەک نەوەستاندووە؛ بەڵکوو هەموو دەرفەتەکان بەتایبەت ئەو ئاگربەستەش بۆ پاکتاوی فیزیکیی نەیارانی بە کار دێنێ.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران پێی وایە هەڵخستنی پەتی سێدارە بۆ ئەو کەسانەی بە تۆمەتی بێبنەمای «سیخوڕی» بۆ بیانییەکان یان «شەڕی چەکداری» دژی ڕێژیم گیراون، لە ڕاستیدا چەکی تۆڵەسەندنەوەیە لە خەڵکی خەباتکار و مافخواز. ئەم ڕێژیمە مرۆڤکوژە لە هەموو ماوەی تەمەنی خۆیدا هەوڵی داوە بە ئێعدامی تێکۆشەرانی سیاسی تێچووی خەبات و خۆراگری دژی دەسەڵاتە نگریسەکەی بباتە سەرێ و مافخوازیی نەتەوەکانی ئێران و بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکان بەچۆکدا بێنێت. بۆیە کۆمەڵگەی جیهانی نابی و ناشکرێ ئێعدامی سەدان بەندکراو لە ساڵێکدا لە ئێران تەنیا وەک «پێشێلکاریی مافی مرۆڤ» سەیر بکات، بەڵکوو پێویستە ئەم کردەوانە بە «تاوانی جەنگ» و «تاوان دژی مرۆڤایەتی» بناسێ و هەڵوێست و بڕیاری بەکردەوەی لەدژی ئەم جینایەتانەی ڕێژیم هەبێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران هاوکات ڕادەگەیەنێ کە هەر دیپلۆماسییەک، هەر دانوستانێک و هەر جۆرە ئاگربەستێک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ڕێگە لە وەستاندنی زەبروزەنگی نێوخۆیی لە ئێران و ئێعدام و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ بەهۆی ئەم ڕێژیمەوە نەگرێت؛ هەم دەبێتە پاڵنەری کۆماری ئیسلامی بۆ بەردەوامیی لە سیاسەتی کوشتن و قڕکردنی خەڵکی ئازادیخواز و هەم دەرفەت بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە مرۆڤکوژ و سەرکوتکارە دەڕەخسێنێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پارلەمانی ئورووپا و حکوومەتە دێموکراتیکەکانیش دەکا بۆ وەستاندنی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی تاوان و جینایەتەکانی گوشاری پتر بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی و پێوەندییە دیپلۆماسییەکان لەگەڵ ئەم ڕێژیمە ڕابگرن. هەروەها پێویستە پرسی سەرکوتی نێوخۆیی لە ئێران و ئێعدامەکان ببێتە باسێکی بنەڕەتی لە شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیاری توند لەدژی ڕێژیم بدرێت. بێگومان بێتوو تێچووی ئێعدامەکان و زەبروزەنگی نێوخۆیی لەسەر کۆماری ئیسلامی -چ سیاسی و چ ئابووری- زیاد نەکرێت، ڕەفتار و سیاسەتی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات گۆڕانی بەسەردا نایەت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران هەروەها داوا لە نەتەوەکانی ئێران و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی

ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دەکا بە یەکڕیزی و هاوخەباتیی بەکردەوەیان پاشەکشە بە سیاسەتەکانی ڕێژیم بکەن. دڵنیاین خەڵکی کوردستانیش بە ڕێکخستنی پتری ڕیزەکانیان و خەبات و خۆڕاگریی خۆیان وەک هەمیشە بەرسڤی سیاسەتەکانی ڕێژیم دەدەنەوە.

**سەرکەوتوو بێ خەباتی ڕەوای نەتەوەکانی ئێران بۆ ئازادی و دادپەروەری.**

**هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران**

**١ - ٦ - ٢٠٢٦) ١١ی جۆزەردانی ١٤٠٥ی هەتاوی**

**١١ی جۆزەردانی ٢٧٢٦**

## دادپەروەری و سەرکەوتن لە جەنگدا



ئیسرائیل حەیوم – داوید و. واینبەرگ

کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی

جەنگ دژی ئێران هۆکارێکی پتەوی هەبوو و لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە سەرکەوتوو بوو. حاشاکردن لەم ڕاستییە ناپاکییە. ئۆپەراسیۆنی تووڕەیی ئەفسانەیی و شێری خرۆشاو ئامانجە ستراتیژییە سەرەکییەکانیان دەستەبەر کرد: ڕاگرتنی گەشەی ئێران بەرەو توانایی دروستکردنی چەکی ناوکی و لاوازکردنی بەرچاوی بەرنامەی هاژەکی بالیستیکییەکەی، کە هەر دووکیان هەڕەشەی گەورە بوون بۆ سەر ئیسرائیل، وڵاتانی عەرەبی و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا. حاشاکردن لەمە ناپاکییە. ئەم ئیدیعایە کە جەنگەکە بێجگە لە گێچەڵێکی بێباکانە شتێکی دیکە نەبوو و شکستێکی بە تەواو مانا بوو، تەنیا ئیرەیی سیاسییە.

بڕوانە هەڕەشەی ڕوون و ئاشکرای ئێران، پێش جەنگەکە و هەروەها لە ئێستادا. ئەو نزیکەی پێنجسەد کیلۆ (٤٤٠ کیلۆگرام) ئۆرانیۆمی زۆر پیتێنراوی هەبوو، کە تا نزیکەی ئاستی پێویست بۆ چەکی ناوکی پیتێنرابوو و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی

ناوکی گوتبووی: ئێرانییەکان بە یەک حەفتە دەتوانن سووتەمەنیی پێویست بۆ ٩ بۆمبی ناوکییان هەبێت. ئەمە، پێشێلکاریی سەرجەم سنوورەکانی ڕێککەوتنە ناوکییەکە بوو کە ئێران لەگەڵ ڕۆژاوا واژۆی کردبوو. بە هەمان شێوە ئێران مانگانە ١٠٠ هاژەکی دروست دەکردن و بەرەو دۆخێک دەچوو کە لەوێدا یەدەگی هاژەک و درۆنەکانی ئێران دەیتوانی بەرگریی ئیسرائیل و سەرجەم بنکە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا نوقم بکات. ئێران هەروەها ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی ناوکی و هاژەکییەکانی دەگواستەوە بۆ قووڵایی ژێر زەوی تا لە هێرشی کاریگەر دژی ئەوان بیانپارێزێت.

لە هەوڵێکی هاوبەشی مێژووییدا کە ١٥ هەزار هێرشی ئاسمانی لە ماوەی شەش حەفتەدا کران، هێزە ئاسمانییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بەرگریی ئاسمانیی ئێرانیان خاپوور کرد، هێزی دەریایی و ئاسمانیی ئەم وڵاتەیان تەفروتوونا کرد، هاژەکهاوێژەکانیان، جبەخانە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی چەکوچۆڵەیان لەنێو بردن و وێستگەی کارەبا و وزەیان تێک ڕووخاندن کە وزەی پێویستیان بۆ پیشەسازییەکانی ناوکی و هاژەکی بالیستیکی دابین دەکرد، زانا و پسپۆڕە سەرەکییەکانیان کە دەوری یەکلاکەرەوەیان لە پیشەسازییەکانی ناوکی و هاژەکیدا دەگێڕا کوشت، هەزاران فەرماندە و ڕێبەرانی هێزەکانی سەرکوتی نێوخۆیی و دەیان ڕێبەری توندڕەوی ڕێژیمی مەلایانیان کوشت، کە ڕەواییان بە گەشەکردنی هێژەمۆنیخوازانە و کۆمەڵکوژانەی ئێران دەدا.

تەنانەت بەبێ دەستبەسەرداگرتنی ئۆرانیۆمی زۆر پیتێنراوی ئێران (کە بەگوێرەی ڕاپۆرت لە ژێر داروپەردووی بنکەیەکی ئەسفەهاندا پاش هێرشی ئۆپەراسیۆنی چەکوشی نیوەشەو لە ساڵی ڕابردوودا چاڵ کراوە)، وێدەچێ ئێران هیچ توانایییەکی بۆ بەرهەمهێنانی بۆمبێکی ناوکی لە ئێستادا نەبێت، چونکە سەرجەم زنجیرەی بەرهەمهێنانی پێویست بۆ چوونی ئێران بەرەو دروستکردنی بۆمبی ناوکی لە بۆمبارانەکاندا پێکراوە.

جەنگەکە بە هەمان شێوە ئەم چاڵە ئابوورییەی قووڵتر کرد کە ئێران تێیدا نوقم بووە. وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل گەلێک ژێرخانیان بۆمباران کردن کە بێجگە لە کارایی مەدەنی هەروەها کارایی سەربازییشیان هەبوو، لە نێویاندا ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی پێترۆشیمی و پۆڵا کە بەسەر یەکەوە ٪١٥ی بەرهەمی نێوخۆیی گشتیی ئێران و ٪٦٠ی بەرهەمی پیشەسازیی نانەوتی پێک دێنن.

گەمارۆی هەنووکەیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە گەرووی هورمز ئەگەری پچڕاندنی دوایین شادەماری ئابووریی ئێرانی هەیە، واتە داهاتی نەوت، کە ٪٥٠ی بودجەی دەوڵەت لەم داهاتە دابین دەبێت. بەگشتی، ئێران سامانی ستراتیژی، سەربازی، ژێرخانی و ئابووری لەکیس چوون. پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی کەنداو تێکڕما، چونکە بە زیاتر لە ٦٠٠٠

هاژەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشی کردە سەریان و بووە هۆی تەریککەوتوویی ناوچەیی پێشتر نەبینراو.

جێگای ئاماژەیە، ئێران هەوڵی دا بەرپەرچێکی سەربازیی واتادار بەرانبەر بە هێزەکانی ئەمریکی و ئیسرائیلی بداتەوە، جا بە تواناییەکانی خۆی بوویێت یان بە هی بەکرێگیراوەکانی. ئاشکرا بوو کە ڕایەڵەکانی بەرگریی ئێران و دامودەزگا هەواڵگرییەکانی کە گوایە فرە لێهاتوون، بەپێچەوانە گەلێک هەنۆکەن (قۆڕن). ئێرانییەکان بە چاوی خۆیان زەلیلکرانی ڕێژیمیان دیت.

ئەمە ڕووداوێکی گرنگ بوو هۆیەکەی ئەمە بوو کە کەلێنی نێوان فڕوفیشاڵی ئیسلامی توندڕەوی ئاشکرا کرد، چونکە ئەم پڕوپاگاندایە ئێرانی وەک زلهێزێکی گەشەسەندووی وێنا کردبوو کە خەریکی دارشتنەوەی ناوچەی دەوروبەری خۆیەتی. جەنگەکە بە هەمان شێوە ڕەوایی نێوخۆیی ڕێژیمیشی لێک هەڵتەکاند. دەوڵەتێک کە دەسەڵاتەکەی پشت ئەستوور بە پشتگیریی ڕاستەقینە بێت، پێویست ناکات بۆ چۆڵکردنی شەقامەکان لە نارەزایەتی پەنا بۆ کۆمەڵکوژی ببات.

بێگومان، هەڵسوکەوتی ئێران لە کاتی جەنگەکەدا پێویستیی ڕوودانی ئەم جەنگەی پشتڕاست کردەوە. کۆماری ئیسلامی هێرشی بێبەزەییانەی هاژەک و درۆنانی ئاراستەی دراوسێ عەرەبەکانی کرد، بۆمبی هێشوویی دژی خەڵکی مەدەنیی ئیسرائیل بەکار هێنا، گەمارۆی خستە سەر گەرووی هۆرمۆز و، بە توانایی هاژەکیی کە تا ئەو کاتە شاراوە بوو، هێرشی کردە سەر چەند خاڵێک کە فرە لە ناوچەکە دوورتر بوون. کردەوەکانی ئێران بە ڕوون و ئاشکرا پیشانی دا کە بۆ متمانەپێکردن نابێت، پیشانی دا کە هەڕەشەیەکی مەزنە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی و، دەبێ پێشی پێ بگیرێت تا نەتوانێت چەکی ناوکی بەرهەم بێنێ و بیهاوێژێت. بەکورتی، جەنگە شەش حەفتەیەکە بەهۆ و ئامانجی یەکپارچە بەڕێوە چوو. ئەم جەنگە هەوڵێکی ڕەوشتی و پێویست بوو، جەنگەکە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەرکەوتوو بوو و، دۆخە ستراتیژییەکەی باشتر کرد. هەڕەشە دەستبەجێیەکانی ئێرانی بێکەڵک کرد، تواناییە ستراتیژییەکانی ئێران تووشی زەرەری بەرچاو بوون (ئەگەرچی دەکرێ پێچەوانە بکرێنەوە) و، سەقامگیریی ڕێژیم تووشی هەژانی بەرچاو بووە، ئەگەرچی بتوانێ بۆ ماوەیەک درێژە بە ژیان بدات.

ئەمریکا و ئیسرائیل ئێستا کە لە جەنگدا سەرکەوتنیان مسۆگەر کردووە، دەبێ براوەی گوتارەکە لەمەڕ جەنگەکە بن، پێداگر بن لە سەر ڕەوشتیبوونی هەڵمەتەکە و جەخت بکەنەوە کە سنوورە دژوارەکانی سەپێنراو بەسەر ئێراندا دادپەروەرانەن. پارێزگاری کردن لە دەستکەوتەکانی جەنگ پێشگرتن بە خۆگرتنەوەی ئێران دەخوازێت، تا ئەم کاتەی ئێران واز لە بەرنامە سەربازییە هەڕەشەئامێزەکانی و هەڵوێستە شەڕەنگێزییەکەی لە ناوچەکەدا بێنێت. تەنیا ڕێگای

خۆگرتنەوەی ئێران، قبووڵکردنی هێورکردنەوە بەگوێرەی مەرجەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانە.

بۆ ئەم مەبەستە، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ چنگ لە قورگی ئێران بەرنەدات (هیچ سووککردنێکی بەرچاوی گەمارۆکان لە ئارادا نەبێت)؛ تەریکخستنەوەی ئێران (پێش بە نزیکبوونەوەی وڵاتانی ئورووپی و عەرەبی کەنداو لە ئێران بگیرێت)؛ گوشاری سەربازی لە سەر ئێران بپارێزێت (هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان نابێ بەمزووانە لە ناوچەکە پاشەکشە بکەن)؛ بە چڕی چاودێریی ئۆرانیۆمە پیتێنراوەکەی بکات (و دیسان هێرش بکرێتە سەر هەر بنکەیەکی گەشەکردنی ناوکیی دیسان چالاک کراو) و؛ پشتگیری لە سەرهەڵدانی جووڵانەوەیەکی بەهێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بکرێت (چەکوچۆڵیان بۆ دابین بکرێت).

تا ئەو جێیەی پەیوەندیی بە ئیسرائیلەوە هەیە، ئیسرائیل دەبێ وانەی گرنگی لەمەڕ بەردەوامی و دەستپێشخەریی دۆخی بەرگریی خۆی لە نێویاندا باڵادەستیی ستراتیژی دژی مەزنترین و دوورترین دوژمنەکانی وەرگرتبێت. بە پلاندانانی سەربازی، جێبەجێکردنێکی فرە نایابەوە و، بە هاوپەیمانیی لێبڕاوانە لەگەڵ زلهێزێک، ئیسرائیل بەسەر ئێراندا سەرکەوت و دەتوانێ دیسان سەرکەوێت.

ئەگەرچی ئێران دە هێندەی ئیسرائیل گەورەیە و هەزاران کیلۆمەتر لێی دوورە و، پشتگیریی لە چوار سپای بەکرێگیراو لە سنوورەکانی ئیسرائیلدا دەکرد کە دەیان هەزار هێزی چەکدار و سەدان هەزار تۆپ، هاژەک و دڕۆنیان هەبوون، بەڵام ئیسرائیل بەسەریاندا سەرکەوت.

بەهەمان شێوە دانبەخۆداگرتنی ئیسرائیلییەکانیش فرە گرنگە، کە پیشانیان دا ئەوان قارەمانانە لە بەرانبەر جەنگی هەمەلایەنە لەگەڵ ئێران، کە بەکردەوە دوو جەنگ لە ماوەی ساڵێکدا بوون، خۆڕاگری دەکەن.

تەنانەت لە دژوارترین ڕۆژەکانی جەنگەکەدا، کە جەنگ بە چڕی لە ئارادابوو، ئابووریی وڵات درێژەی بە کاری خۆی دا. لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئەو ڕێگایانەی بەهۆی بەرکەوتنی هاژەکی دوژمن تووشی زەرەر ببوون، خاوێن کرانەوە، نۆژەن کرانەوە و بۆ هاتووچۆی هاووڵاتییان ئاوەڵا کرانەوە. دیسیپلینی ڕەچاوکردنی ڕێنوێنییەکانی پەیوەندیدار بە بەرگریی نیشتمانییەوە فرە سەرنجڕاکێش بوو. بنەماڵەکان جەژنەکانی پوریم و پاکیان بە شێوەیەکی ئاسایی لە ماڵەکانیان بەڕێوە برد. ئیسرائیلییەکان خۆڕاگرن.

جۆزەردانی ٢٧٢٦

دژوارییەکان بایەخی ئەزموونکردنیان هەبوو. هەر چۆنێک بێت، ئەم شەڕە لەدژی سەرهەڵدانی ئێرانێکی تەیار بە چەکی ناوکی و هەزاران هاژەکی بالیستیک بوو و مانەوەی دۆخی پێشوو لەڕادەبەدەر خراپتر لەو دژوارییانە دەبوو کە ئیسرائیلییەکان ناچار بوون خۆی لە بەرانبەردا ڕابگرن و لەو شەڕەدا تێچووی بۆ بدەن.

١١ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# حیزبایەتی، ئەرێ یان نا؟






**ئیبراهیم لاجانی**

بەداخەوە لە نێو ئێمەدا بیرۆکەیەک خەریکە پەرە دەگرێ کە لایەنگری ئەوەیە خەڵک لە کاری سیاسی و حیزبایەتی دووری بکەن. کاکڵی ئەو بۆچوونە ئەوەیە کە دەڵێ حیزبایەتی و کاری سیاسی و تەشکیلاتی لە نێو کورداندا، بەدەستی هەندێک کەسەوە، یا بەدەستی هەموومانەوە، گەندەڵ بووە و بووەتە مەیدانی کەڵەک و درۆ و ڕیا و تەزویر. بۆیە وا باشە لە پێشدا کاری کلتووری بکەین تا نەتەوەکەمان بۆ حیزبایەتی و کاری سیاسی ئامادە دەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

پێویستە بگوترێ کە پێوەندییەکی زۆر نزیک و دیالێکتیکی لە نێوان کلتوور و سیاسەتدا هەیە. کلتوور و فەرهەنگ شوێن لەسەر سیاسەت دادەنێن و سیاسەتیش هەر بەو جۆرە کاریگەری و شوێن لەسەر کلتوور دادەنێ. ئاڵوگۆڕە فەرهەنگییەکان لە کۆمەڵگەدا زۆر لەسەرەخۆ دەچنە پێش، هەر بۆیە بۆ گۆڕینی کلتوور و فەرهەنگیش، وا باشترە سیاسەت و کاری سیاسی بکەین. بەو حاڵەش منیش لەگەڵ ئەوەم کە پێویستە تێکۆشین سیاسەتی خۆمان سالمتر بکەین. چونکە ئەگەر بەتەمای پێکهاتنی ئاڵوگۆڕە فەرهەنگی و کلتوورییەکان ڕاوەستین و هەروا دەست لەسەر دەست دانێین، پێم وایە قەت ناتوانین بگەینە ئاستی نەتەوەکانی ئازاد و بەختەوەری دونیا.

بەڵام هەر لەو کاتەشدا نابێ سەبارەت بە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی کلتووری لە خۆماندا، کەمتەرخەم بین. چونکە پێشکەوتنی کلتووری و فەرهەنگی، وزەی تازە و پێویست بۆ هەڵسوڕانی ماتۆڕی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکەن. بەشداری لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا، چالاکبوون و هەڵسوڕان لە کاروباری گشتیدا، یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە و لە زۆربەی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤدا، بە فەرمی ناسراوە. لەوەش زیاتر ئێستا بە جۆرێک پێی دەگوترێ ئیتاعەت و خوداپەرستیی سەردەم. کەواتە سیاسەتکردن و کاری سیاسی، بریتییە لە بەشداری و هەڵسووڕان لە کاروباری گشتی و کۆمەڵایەتیدا. سیاسەت بە زانستی "بەڕێوەبردنی کۆمەڵ" پێناسە دەکرێ. هەر بۆیە پێوەندیی بە "دەسەڵات" و "هێز"ەوە هەیە. لەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین کە تەنانەت بیرکردنەوەی سیاسیش، دەکەوێتە ژێر شوێنەوار و کاریگەریی سیاسەت.

بەداخەوە ئێستاش لە نێو ئێمەدا، تێگەیشتنمان بۆ سیاسەت هەر ئەو تێگەیشتنەیە کە لە نێو خەڵکی ئاساییدا هەیە. ئەو تێگەیشتنەی کە دەڵێ سیاسەت درۆیە. سیاسەت بەر و پشتی نییە. سیاسەت فێڵە. سیاسەت دایک و باوکی نییە. سیاسەت کلاوبازییە.

ڕاستە ئێستاش لە زۆر جێ درۆ و کەڵەک و فێڵ و تەزویر لە سیاسەتدا وەبەرچاو دەکەون و لە سیاسەتی کوردیشدا ئەوە هەر وایە. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە لە داهاتووشدا شتی وا هەر ڕوو دەدات. بەڵام ئەگەر بە چاوێکی پڕ لە ئینسافەوە بڕوانینە سیاسەتی کوردی بەگشتی، دەبینین کە سیاسەتی ئێمە لە مێژە ئەو قۆناغەی بەجێهێشتووە. ئەو هەموو فیداکاری و شێلگیرییەی لە سیاسەتی کوردیدا دەبینرێ، (سەیریکە خوێناویە ڕابردوومان)، پێمان دەڵێ کە ئەو دیاردە نەرێنییانە، لە سیاسەتی کوردیدا، جەوهەر و نێوەرۆک نین، ئەگەر بەرچاویش بکەون، ئەوە بە نەخۆشیی سیاسەت دادەنرێن نەک خودی سیاسەت.

لە نێو ئێمەشدا ئەو نەخۆشییانە سەرهەڵدەدەن، بەتایبەت بەهۆی ئەو هەلومەرجە سەخت و دژوارەوە کە بزووتنەوەی کوردی پێدا تێدەپەڕێ، زەمینەی سەرهەڵدانی ئەو دیاردە دزێوانە لەبارترە. بۆیە نابێ چاوەڕوان بین کە بەو زووانە دووروویی سیاسی، زمانهەراشی بۆ شاردنەوەی بێباوەڕیی، دەسەریەکخستنەوەی دەستەواژە بێناوەرۆکەکان بۆ حەشاردانی بێنەوایی فکری و هەروەها شانۆسازی بۆ بازاڕگەرمی ئەجێندا تایبەتییەکان، دەست لە یەخەی سیاسەت و حیزبایەتیی ئێمە بەردەن.

بەڵام هەموومان دەزانین کە ئەو جۆرە کردارانە، لە دەرەوەی "مەحفەل"ە خۆدییەکاندا، لە دەرەوەی ئەڵقەی تەنگی دەوروبەری کەسەکاندا، لە نێو بیروڕای گشتیی نەتەوەکەماندا، لە نێو گۆڕەپان و مەیدانی ئەسڵیی بزووتنەوەی نەتەوەییدا، لە نێو کۆمەڵانی بەرینی نەتەوەی کورددا، کڕیاریان نییە. هەر ئەوە بۆ خۆی پێشکەوتنێکی گەورەی سیاسەتی ئێمەیە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە نێو کوردانیشدا سیاسەت خەریکە بەرەبەرە بایەخ و گرنگیی خۆی پەیدا دەکا. دەبێ بگوترێ کە لە نێو هەموو چالاکی و کار و کردەوە ئینسانییەکاندا، سیاسەت و کاری سیاسی لە هەمووان بە جیدیتر دادەنرێن. دەبێ بگوترێ کە ئەگەر بۆ کەس سیاسەتکردن پێویست نەبێ، لەو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەدا و لەو دونیای گلۆباڵەدا، سیاسەت و حیزبایەتی بۆ کورد نەک هەر پێویستن بەڵکوو واجب و فەرزیشن.

١٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# چۆنیەتیی بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد






**ئاریێز محەممەدی**

کاتێک کە باس لە «بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد» دەکەین، بە باوەڕی من هاوکات دوو لێکدانەوە کە بەشێکی زۆری نادروستە، باس دەکرێت. لە لایەکەوە، هەندێک کەس پێیان وایە کێشەکە تەنیا بۆ لاوازیی ڕاگەیاندن یان دیپلۆماسیی کوردەکان دەگەڕێتەوە و لە لایەکی ترەوە هەوڵ دەدرێت پرسی کورد تەنیا لە قاڵبێکی مافی مرۆیی یان کولتووریدا ڕوون بکرێتەوە و پێناسە بکرێت؛ وەک ئەوە وابێت ئەم کێشەیە تەنیا داواکردنی چەند مافێکی مەدەنیی بێت لە چوارچێوەی

دەوڵەتەکاندا.

بە بڕوای من، هەردوو ڕوانگەکە ناتەواون. پرسی کورد پێش هەر شتێک، کێشەیەکی سیاسی و نەتەوەییە، کێشەی نەتەوەیەکە کە لە پرۆسەی چوارچێوەی نەزمی مۆدێرنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بێبەش کرا و لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا دابەش کرا. بەڵام ڕێک لەم خاڵەوەیە کە ئاڵۆزیی کێشەکە دەست پێ دەکات. چونکە لە سیاسەتی ئەمڕۆییدا بەتایبەت سیاسەتی جیهانی، تەنیا «مافی هەبوون» بۆ بوون بە پرسێکی نێودەوڵەتی بەس نییە. چونکە نەزمی جیهانی بە پێچەوانەی ئەوەی هەندێک جار دەبینردرێت، تەنیا لەسەر بناخەی بنەما ئەخلاقییەکان بەڕێوە ناچێت بەڵکوو لەسەر بنەمای هاوسەنگیی هێز، بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکان و تەنانەت مەشرووعیەتی سیاسی دەجووڵێ. بەم هۆیەشەوە، پرسی کورد لەگەڵ بوونی سەدەیەک بەرخودان، هێشتا نەیتوانیوە پێگەیەکی گونجاو لەگەڵ قووڵایی مێژوویی و سیاسیی خۆی لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا بدۆزێتەوە.

ئێمە دەبێت قبووڵی بکەین کە پرسی کورد لە مێژووی خەباتی خۆیدا تەنیا قوربانیی سەرکوتی دەوڵەتانی ناوچەکە نییە، بەڵکوو دەکرێت بگوترێت کە قوربانیی جۆرێک لە ناسەقامگیری لە پێناسەی سیاسیی خۆیشیدا بووە. کوردەکان لە درێژەی مێژووی هاوچەرخدا، زۆرجار یان لە قاڵبی «کێشەیەکی ئەمنییەتی»دا بینراون یان لە قاڵبی «هێزێکی کاتی» لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا. ئەمەش واتە چاوی جیهان، کوردەکانی زیاتر لە چرکەساتی قەیراندا بە ڕەسمی ناسیوە تا وەک سوژەیەکی سیاسیی جێگیر. بە باوەڕی من، ڕەنگە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم دۆخە ئەمە بێت کە سیاسەتی کورد هێشتا نەیتوانیوە لە نێوان «ئاگایی نەتەوەیی» و «زمانی سیاسەتی جیهانی»دا هاوسەنگی دروست بکات. ئێمە یان زیاتر لە ڕادە لە زمانی هەست و سۆزی نەتەوەییدا ماوینەتەوە، یان هەندێک جار ئەوەندە هەوڵمان داوە خۆمان لەگەڵ ئەدەبیاتی باوی جیهانی هاوسەنگ بکەین کە خودی کێشەی نەتەوەیی کورد کەمڕەنگ بووەتەوە. لە حاڵێکدا ئەگەر نەتەوەیەک نەتوانێت کێشەی نەتەوەیی خۆی بە زمانێکی مۆدێرن، دروست و شیاوی تێگەیشتن بۆ جیهان ڕوون بکاتەوە، درەنگ یان زوو بەرەو پەراوێز بوون دەچێت. ئەمن خۆم باوەڕم وایە کە بەدیهاتنی مافە مێژووییەکانی کورد وەک نەتەوەیەک، خەونێکی ڕۆمانتیک نیە بەڵکوو بەشێکە لە پرۆسەی سروشتیی مێژووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ناتوانرێت نەتەوەیەک بەم هێزە لە مێژووی خۆی، زمان، جوگرافیا، فەرهەنگ و ئاگایی سیاسی،..هتد بۆ هەمیشە لە دۆخی هەڵپەسێردراویدا ڕابگیردرێت. هەروەها هاوکاتیش لەسەر ئەم باوەڕەم کە وەدیهاتنی مافە مێژووییەکانی نەتەوەی کورد پێویستی بە بەرهەمهێنانی مشروعیەتی مێژوویی و سیاسی هەیە کە کورد لەمە بێبەش نیە هەر وەک باسم کرد.

بەڵام بەشەکەی تری بابەتەکە گرێدانی ئەم پرسانەیە بە نێودەوڵەتی بوون کە لێرەدا ڕەنگە یەک بابەت دەبێت ڕوون

بێتەوە، کە کێشەی سەرەکیی کورد ئەوە نییە کە بەردەوام ڕوونی بکاتەوە ئاخۆ کوردەکان مافیان هەیە یان نا، مەسەلەکە ئەوەیە کە ئایا کورد توانیویە ئەم مافە بە زمانێک باس بکات کە لە جیهانی ئەمڕۆدا هێز بەرهەم بهێنێت؟ بۆیە، من بیر دەکەمەوە پرسی کورد دەبێت لە ئاستی «دۆسیەیەکی ئەمنییەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» دەرچێت و وەک بەشێک لە قەیرانی نەزمی سیاسیی ناوچەکە باس بخرێتە ڕوو.

سەد ساڵ سیاسەتی حاشاکردن و سڕینەوە، ئاسیمیلاسیۆن و سەرکوت نەک هەر کێشە ی کوردی چارەسەر نەکردووە، بەڵکوو خودی دەوڵەتانی ناوچەکەیشی خستووەتە نێو قەیرانی درێژخایەنی ناسەقامگیری. بەڵام لە عەینی حاڵدا، ئێمە دەبێت لە هەڵەیەکی تریش دەست بپارێزین، ئەمەی کە پێمان وابێت گوێی کۆمەڵگەی جیهانیی تەنیا چاوەڕێی بیستنی گێڕانەوەی کوردەکانە. ڕاستییەکە ئەمەیە کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، تەنیا ئەو نەتەوانە دەبیندرێن ودەنگیان دەبیسرێن کە بتوانن خۆیان بکەنە بەشێک لە گفتوگۆی گەورەی جیهانی. ئەمڕۆ ئەگەر کوردەکان دەیانەوێت پرسی کوردستان گەشە پێ بدەن، دەبێت بتوانن ئەمە گرێ بدەن بە پرسیارگەلێکی وەک دیمۆکراسی، مافی نەتەوەکان، کۆچبەری و ئایندەی نەزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. چونکە ئەم کێشانە کە ساڵانێکە کوردەکان پێوەی تێوەگلاون و تەجروبەیان کردووە، لەسەر ئایندەی ناوچەکەش کاریگەری دەبێت.

بابەتێکی تر کە هاوکات زۆر گرنگیشە و هاوکات کێشەیەکی جیددیشە لە نێو خودی سیاسەتی کورددا، پەرتبوونە! لە لایەکەوە بوونی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە جیاوازەکان لە کوردستان نیشانەی قووڵایی بیرکردنەوە و ڕوانینی جیاوازە کە ئەمە بە نۆبەی خۆی لە پرۆسەی گەشەی فکریی کۆمەڵگەدا یارمەتیدەر دەبێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە بەم هۆیەشەوە ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە لە ئاستێکدا لە سەرووی ڕکابەرییە حیزبی و ئایدۆلۆژییەکانەوە، ئاسۆیەکی نەتەوەیی هاوبەش بەرهەم بهێنین. هەرچەندە لەگەڵ بوونی چەندین جار هەوڵدان لەم بارەیەوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەنجامێکی تەواو و شیاوی سەرنج کە ئایندەی ئەم خەباتە بگرێتەوە. کۆمەڵگەی جیهانی بە گشتی لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا دەچێتە ناو پەیوەندیی ستراتیژییەوە کە بتوانن لانیکەمێک لە یەکگرتوویی سیاسی و ئامانجی هاوبەشدا، دروست بکەن.

لە کۆتاییدا دەتوانم بە کورتی ئاماژە بەوە بکەم کە داهاتووی پرسی کوردستان زیاتر لە هەر کاتێکی تر بە پرسی بەدامەزراوەیی کردنی جیهانییەوە بەستراوەتەوە. لە پاڵ پشت بەستن بە گەشەی سیاسی تاک و کۆی خەڵکی کورد لە ناخۆی خودی کوردستاندا، بەڵام ئێمە هێشتا پێویستمان بە ئامادەیی و گەشەی بەردەوام هەیە لە زانکۆکان، سەنتەرەکانی توێژینەوە، میدیا نێودەوڵەتییەکان، دامەزراوە یاساییەکان و ژوورەکانی بیرکردنەوەی جیهانییدا. پێویستە نیشانی بدەین کە خاوەنی چ پرۆژە و پلانێکین بۆ داهاتوو. بۆیە تا ئەو کاتەی کە تەنها ئەوانی تری بێجگە کورد لەسەر کوردستان

جۆزەردانی ٢٧٢٦

زانیاری و باس بەرهەم بهێنن، گێڕانەوەی پرسی کوردستان هەر لە دەرەوە پێناسە دەکرێت و ئەگەری هەیە لەسەر واقع و ڕاستیش نەبێت. بۆیە بە دڵنیاییەوە، ئامادەیی کورد لە زانکۆ باوەڕپێکراوەکاندا، لە سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەدا، لە میدیا جیهانییەکاندا و لە دامەزراوە یاساییە نێودەوڵەتییەکاندا، یان جیا لەمانەش هەر ڕێگەیەکی تر کە بتوانرێت گێڕانەوەی تێدا دروست بکرێت و بەشداری تێدا بکرێت لەمەڕ پرسی کورد ڕوو بە دەرەوە، بەشێکە لە خەباتی سیاسیی مۆدێرن و پێویستیی ئەمڕۆ.

١٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

## پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی خالە سەید حەسەن هاشمی



**میوانانی بەرێز !**

**نوێنەرانیحیزب و لایەنە سیاسییەکان!**

**ئازیزان وخزم و کەسوکاری بەڕێزی ،نەمر خاڵە سەید حەسەن هاشمی!**

**سڵاوتان لێ بێت!**

ئیزن دەخوازم کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنی ئێوە بەرێزان بکەم کە لە رێگای دوورو نیزیکەوە بۆ هاوخەمی و ریز گرتن لە تەمەنێکی پڕ لە شانازی لە خەبات و تێکۆشانی ،تێکۆشەرێکی دڵسۆز و کوردپەروەرێکی بە ئەمەگی گەلەکەمان خالە سەید حەسەنی هاشمی لێرە کۆبوونەوە.

هاوکات رێگام بدەن کە لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە سەرخۆشی لە ئێوە بەرێزان و لە بنەماڵەکانی گەورە و تێکۆشەری هاشمی، سەیدی ، سەیدنژادیان، رستگار ، مەدنی، پێشنەماز ،عەبباسی و بە تایبەتی لە کچ و کورانی خالەی ئەزیز

بکەم، شەریکی خەمتانین و هیوامان سێبوریتانە.

بەرێزان،

ئەمڕۆ لێرەکۆبووینەتەوە تا ڕێز بگرین لە ژیان و تێکۆشانی کەسایەتیەک کە ناوی لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەماندا وەکوو گەورە پیاوێک تۆمار بووە؛ خاڵە سەید حەسەن هاشمی، ئەو کادرە دێرینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تا دوا هەناسەی ژیانی، بە ڕەوشت بەرزی، دڵسۆزی، وەفاداری و بە باوەڕەوە لە خزمەتی گەل و حیزب و دۆزی ڕەوای کوردستاندا سوور و پێداگر مایەوە.

خاڵە سەید حەسەن لەو وچە پاک و تێکۆشەرانە بوو کە خەبات و قوربانیدانیان هەڵبژارد پێش ئەوەی دەفکری سود و بەرژەوەندیدا بن. ئەو لە سەردەمی کۆماری کوردستان و لە تەمەنی منداڵیدا چاوی بە پێشەوا قازی محەممەد کەوت، و هەر ئەو دیدارە بوو بە چرای ڕێگای ژیان و خەباتی و هەر لەو کاتەوە تا دواساتی ژیانی، خۆی بە قەرزدار و پابەند بە ڕێبازی پێشەوا و ئامانجە بەرزەکانی حیزبی دێموکرات دەزانی.

ژیانی خاڵە سەید حەسەن، ژیانێکی ئاسایی و ئاسان نەبوو. زیندان، تەنگانە، ئاوارەیی و هەڕەشەی سەر ژیانی، بەشی دانەبڕاوی ژیانە پڕ لە سەروەرییەکەی بوون؛ بەڵام هیچکات سەریان پێدانەنواند. لە ساڵانی تاریکیی ڕێژیمی پەهلەویدا، کاتێک زۆر کەس لە ژێر زەخت دا بێدەنگ بوون، ئەو بە ئاشکرا لە ڕیزی حیزبی دێموکراتدا وەستا و بەهۆی ئەو باوەڕ و خەباتەوە دەستبەسەر و زیندانی کرا. بەڵام زیندان نەیتوانی ئیرادەی تێکۆشان لە ناخیدا بکوژێنێتەوە.

دوای ئازادبوونیش، لە باشووری کوردستان لەگەڵ گەورە پیاوانی مەیدانی خەبات و شەهیدانی سەربەرزی حیزب هاودڵ و هاوخەبات مایەوە. لەگەڵ شەهیدان برایانی موعینی و ئیسماعیل شەریفزادە و هاوڕێیانیان لە پەیوەندێکی چڕو پڕ دابوو و بە هەمان ڕوحی بەرپرسیارێتی و متمانە، درێژەی بە خەباتی سیاسی و نەتەوەیی دا.

خاڵە سەید حەسەن تەنها ئەندامێکی حیزب نەبوو؛ ئەو خۆی بە بناغەیەکی متمانەپێکراوی حیزب سەلماندبوو. ماڵەکەی لە مەهاباد تەنها ماڵێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو ناوەندێک بۆ پلاندانانی خەبات و شوێنی کۆبوونەوە و بڕیاردانی تێکۆشەرانی حیزب بوو. لەو ماڵەدا باسی داهاتووی کوردستان دەکرا، پلانی خەبات دادەنرا، و پەیمانی وەفاداری نێوان هاوسەنگەران دووپات دەکراوە.

ئەو بەهۆی دەستپاکی و ویژدانی زیندووی خۆیەوە، لە گرنگترین بەرپرسیارێتییەکانی حیزبدا خزمەتی کرد. لە بەرپرسایەتییە بەرچاوەکانی وەک بەرپرسی بەشی مالی، بەرپرسی نەخۆشخانە و راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی دا، کەسێک بوو کە هاوسەنگەرانی بە پاکی و راستگۆیی دەیانناسی و هەمیشە نموونەیەکی بەرزی ئەمانەتداری و پابەندی بوو.

بەلام گەورەیی خاڵە سەید حەسەن تەنها لە مەیدانی خەبات و بەرپرسیاریەتی سیاسییدا نەبوو؛ ئەو خاوەنی هەستی جوانی مرۆڤایەتی و نموونەی بەرزی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی پیاوێکی نایاب بوو. هاوسەنگەران و هەموو ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە دەیناسی، هەمیشە یادی مێهرەبانی، ئارامی، نەرم و نیانی و ڕووخۆشی ئەو مرۆڤە دەگمەنە دەکەنەوە. کەسێک کە لە سەختترین دۆخەکانیشدا دەیتوانی هیوا و متمانە و دڵگەرمی ببەخشێت. دەنگی نزم، قسەی شیرین و دڵی گەورەی، شوێنی تایبەتی لە دڵی هاورێ و هاوسەنگەرانیدا کردبۆوە.

ئەم پیاوە تێکۆشەرە لە پاش خۆی بنەماڵەیەکی بەرێز و ناسنامەیەکی شەرەفمەندی بەجێهێشت. بنەماڵەی خاڵە سەید حەسەن لە هەموو قۆناغەکان دا بەردەوام هاوشان و پشتیوانی ئەو بوون و بە دڵفراوانیەوە بەرگەی زەحمەت و دووری و فشارەکانیان گرت. بێگومان، ئەگەر تێکۆشەرانی وەک ئەو لە خەباتدا سەرکەوتوون، بەشێکی گرنگی ئەو سەرکەوتنە گەڕاوەتەوە بۆ ئارامی و پشتگیریی بنەماڵەکانیان. لێرەدا جێ خۆیەتی یادێک لە هاوسەری کۆچکردووی خاله سەید حەسەن، عیسمەت خانمی سەیدی بکەینەوە و زەحمەتەکانی ئەم خاتوونە بەرێزە ،لە یاد نەکەین.

ئەگەرچی لە ساڵانی دوایی ژیانیدا ، خاله گیان ، دوور لە نیشتیمانی زێد و لە سوئید نیشتەجێ بوو، بەڵام دڵ و بیر و هەستی لەلای کوردستان مایەوە. تا دوا هەناسە، ناوی وڵات و دۆزی ڕەوای گەلەکەی لەسەر زمان بوو.

بۆ ئێمە قوتابیانی جیلی خالەی خۆشەویستمان، تەواوی ژیان و خەباتی ئەم نەمرە جێگای رێزو پێزانین و هاوکات دەرس لێوەرگرتنە. زیندوو بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای ٨٠ سال موبارزە و تێکۆشان، بەرهەمی پەروەردە بوون لە بەر دەستی ئەم ماموستایانەیە کە ئەمرۆ هەموو بە شانازییەوە باسیان دەکەین و سەربلێندین کە چ کەسانێک لە ریزەکانی حیزب و لە خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان دا پێشەنگمان بوونە .

**لە کۆتایی دا بە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جارێکی دیکەش سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵە و خزم و کەسوکار و هەموو دۆستان و هاوسەنگەرانی خاڵەی هەردەم زیندوومان دەکەین، و دڵنیاین کە ناوی ئەو تێکۆشەرە**

جۆزەردانی ٢٧٢٦

دێرینە هەمیشە بە ڕێزەوە لە بیر و مێژووی خەباتی گەلەکەماندا دەمێنێتەوە.

ڕووحی شاد، یادی پیرۆز، و ڕێگای پڕ شانازی و پڕ سەروەری کوردبوون و کوردپەروەری بەردەوام بێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەریی – دەرەوەی وڵات

١٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# شەڕ کەوتە قۆرتێ، لێدە لە بنەوپاڵەوە




**دارسمە**

لە وڵاتی ئێمەدا، پێشکەشکار و نووسەر و هەواڵساز و هەموو ئەو بێچارانەی کارکردن بە وشە و وێنە کاریانە، هەموویان کەوتوونەتە ژێر چەتری سێبەری قایم و پڕ مەترسیی "سازمانی ئیرشاد" و "پرۆدیسۆر" و "ئیدیتۆڕ" و چەندین "تۆڕ"ی دیکە. ئەم چەمکانە وەک پیاوی سێبەر وایە، لە هەموو لایەکەوە دەبینرێن و کاریگەرییان هەیە، بەڵام کەم کەس دەزانێت سەرچاوەیان لە کوێوەیە. ئەگەر ڕاستگۆ بین دەکرێت بڵێین ئەم چەمکانە هەموویان لق و پۆپی درەختێکی گەورەترن و ئەویش ناوی "بەرژەوەندی"یە. بەرژەوەندی، ئەم برا گەورە چاودێرەیە، چاوی بەسەر هەموو تشتێکدا دەخشێنێت و مێشکی بە کۆمەڵێک "بەرژەوەندی و مەرژەوەندی" و "ترس و مرس" لە سەرنووسەر و "مەرنووسەر" و سازمانی "ئیرشاد و میرشاد" و "پرۆدیسۆر و مرۆدیسۆر" و "ئیدیتۆر و میدیتۆر" و چەندین "تۆڕ"ی دیکەوە خەریکە.

ئەمانە هەموویان پێکەوە تەنها یەک شت دەخولقێنن: "خۆسانسۆڕی" یان بە واتایەکی ڕوونتر، "خۆسانسۆڕکردن". واتە خۆت زمان و قەڵەم و چاوت سانسۆر بکەیت، پێش ئەوەی ئەوان بیکەن و خۆت کاری ئەوانیش ئاسان بکەی. هیچ نووسەرێک، هیچ پێشکەشکارێک، هیچ دەرهێنەرێک نییە لەم پەتایە بێبەش بێت. هەمووان بە شێوەیەک لە شێوان خۆیان سانسۆر

دەکەن، یان لە ترسی لێپێچینەوە یان لە ترسی لەدەستدانی کارەکەیان یان لە ترسی "بەرژەوەندی"ی گشتی و ئەویش دیار نییە کێ دیاری دەکات.

من وەکوو نووسەری ئەم دەقە، پێم خۆشە لێرەوە ڕایبگەیەنم هەر کەسێک ئەم چەند دێڕە بخوێنێتەوە، بێبەر و ئازادە لە هەر "ڕەخنە" و "مەخنەیەک". وەک دادگای بێلایەن دەفەرموێت: "هەموو کەسێک بێتاوانە، مەگەر پێچەوانەکەی بسەلمێنرێت". کەواتە، کەس ئەم قسەیەی من وەخۆی نەگرێت، چونکە ئەمە تەنها پاکانەیەکە بۆ پێشکەشکارێکی تەلەفزیۆنی ئێران، واتە هەمان "صداوسیما"ی خۆمان.

بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونی بکەمەوە، با بگەڕێینەوە سەر ئەو دیمەنەی لە تەلەفزیۆنەکەی ئێران، واتە "صداوسیما"ی خۆمان، بینیمان. شەڕ کاتێک دەکەوێتە قۆرتێ کە شارەزایەکی چەکوچۆڵ، ئەویش وادیارە خاوەنی پلەیەکی باڵاشە لە سوپای پاسداران، لە ژووری هەواڵ یان بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی، واتە هەمان "صداوسیما"ی خۆمانەوە، خەریکە بە هاوکاریی پێشکەشکارەکە، هەموو خەڵکی "جانفیدا"ی ڕێبەر فێری تەقەکردن بە کەلاشینکۆف دەکات. ئەم دیمەنە وەک خەونێک وایە تێیدا هەموو هاووڵاتییەک دەبنە سەربازێکی ئامادە بۆ بەرگریکردن لە وڵات. گومانی تێدانییە خەڵکی "جانفیدا"ی ڕێبەر لە سەرانسەری ئێران خەریکن بەرەنگاری ئەو "دوژمنە پیسانە" دەبنەوە پێشتر دەیانگوت: "نە غەزە، نە لوبنان، گیانم فیدای ئێران." ئێستا ژمارەی "جانفیدا"یانی ڕێبەر گەیشتووەتە سەداسەدی دانیشتووانی ئێران و تەنانەت دژبەرانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیش دەگرێتەوە. ئەمە وای لێ دێت هەست بکەیت هەموو وڵات بووەتە یەک یەکە سەربازی گەورە و هەمووان لە حاڵەتی ئامادەباشیدان.

هەر بەم هۆیەشەوە بەرپرسانی ڕاستگۆی کۆماری ئیسلامی دەڵێن: ئێران زیاتر لە ٩٠ ملیۆن کەس بە کۆرپەی سەر بێشکەشەوە "جانفیدا"ی ڕێبەرن". جا ئەگەر هەتا کۆرپەکانیش فیداکاری بن، دەبێ تەواوی وڵات ئامادەی شەڕ بن! ئەمە واتای ئەوەیە چیتر پێویست بە دامەزراندنی سوپای گەورە و بودجەی زۆر ناکات، چونکە هەموو هاووڵاتییەک خۆی لە بنەڕەتدا سەربازێکی ئامادەیە. ئەمە تەنها بژاردەیەکە بۆ دەوڵەتێک دەیەوێت بە کەمترین تێچوو زۆرترین سوپا دروست بکات. دیارە لە نێوخۆ یەک کەسیش دەست ناکەویت دژی دەستەڵات بێت، تەنیا کەلاشیکۆف بۆ ئەمەیە ئەگەر دوژمنانی دەرکی هاتن دەیانکووژین.

دیسان دەگەڕێمەوە سەرەتای باسەکە، واتە بابەتی ئەو سانسۆرەی لە پاراگرافی یەکەمدا باسم کرد. ئێستا دەیبمەوە لای پێشکەشکارەکەی تەلەفزیۆنی خۆمان، واتە هەمان "صداوسیما".

ئەگەر بەرنامەکەی فێرکاریی بەکارهێنانی چەکتان لە تەلەفزیۆنەوە دیتبێت، دیارە پێشکەشکارەکە لە "پرۆدیسۆر" یان هەمان دەرهێنەری بەرنامەکە دەترسێت. لەبەر ئەمە، بەر لە تەقەکردن بە ڕوونی دەڵێت: "ئەگەر بە تەقەی من زیان بە دیوار و دیکۆری ستۆدیۆ بگات، من ئەوەندەم نییە قەرەبووی بکەمەوە" ئەمە نیشانەی ترسێکی قووڵە لە ناخی پێشکەشکارەکەدا هەیە، ترسێک نایەڵێت بە ئازادی هەڵسوکەوت بکات.

دوای ئەوەی ڕێنمایی لە شارەزای تەقەکردن وەردەگرێت، ئامانجەکەی خۆی دەدۆزێتەوە و سێرە لە ئاڵای ئیمارات دەگرێت و فیشەکێکی پێوە دەنێت. ئاڵای ئیمارات، بێ ئەوەی بشەکێتەوە، بە نێوچاوانی دیواری ستۆدیۆکەوە دیارە و کاتێک پێشکەشکاری بەرنامە سێرەی لێ دەگرێت، پاسدارە فێرکارەکە بۆ هەڵبژاردنی ئامانجەکە دەستخۆشیی لێ دەکات. وادیارە ئاڵای ئیمارات بووەتە کیسەیەکی لێدان بۆ نمایشە سەربازییەکان!

لێرەدا پێشکەشکار و میوانی بەرنامەی تەقەکردن، سەرکەوتنێکی گەورەیان مسۆگەر کردووە. نەوەد ملیۆن کەس لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران، بێ ئەوەی پێویست بکات لە سەربازگەکان کۆبکرێنەوە و فێری تەقەکردنیان بکەن، لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە فێرکاریی کارکردن بە چەکی کەلاشینکۆف دەبەنە ژووری ماڵ و شوێنی کاری هەموو کەسێک. بەم جۆرەش تێچوویەکی زۆر بۆ باوکی میللەت، واتە دەوڵەت، دەگەڕێننەوە. لەلایەکی دیکەوە، لە جیاتی ئەوەی لە ژێر هەڕەشەی ئەمریکا و لە نێو دەریادا هێزێکی زۆر بۆ هێرشکردنە سەر ئیمارات تەرخان بکەن، ئەم وڵاتە بە ئاڵاوە ڕادەکێشنە سەر دیواری ژووری پێشکەشکاری بەرنامە و لەوێش بە قوربانی تەنها یەک فیشەک دەیکەن. ئەوەتا، شۆڕش لەسەر دیواری ستۆدیۆ! ئەمە دەری دەخات کە چۆن سیاسەتی دەرەوە دەکرێتە یارییەکی تەلەفزیۆنی و دوژمنەکان دەکرێنە ئامانجێکی ساکار بۆ سەرکەوتنێکی خێرا و هەرزان.

**هیوادارم نووسەری ئەم دێڕانە و پێشکەشکاری بەرنامەی تەقەکردن، بێ ترس و لەرز ئامانجی خۆیان پێکابێت.**

١٣ی جۆزەردانی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە ناوەندی سەرنج دان؟





**ڕەزا دانشجوو**

هێرشە بەرفراوانەکانی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەوکەمپانەی شوێنی نیشتەجێبوونی خێزان و منداڵەکانە و بە شێوەیەکی سەرەکی لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکاندان و لە ڕاستیدا شوێنی پەنابەرانی سیاسیین، لە کاتێکدا بەردەوامە کە بێدەنگی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و حکومەتی فیدراڵی عێراق ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی زۆر ڕووهەڵماڵراوتر و بێبەزەییتر لە ڕابردوو کردوە.

نارەزایەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش تا ئێستا هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە و دەسەڵاتدارانی تاران تەواوی سنوورەکانی ئینسانی و ئەخلاقیان بەزاندووە و زۆر بێبەزەییانە درێژە بە دڕندەیی خۆیان دەدەن. لە تازەترین لێدوانـدا مەنووچێهر موتتەکی، وەزیری پێشووی دەرەوەی ڕێژیم و ئەندامی ئێستای مەجلیسی کۆماری ئیسلامی وێڕای دووبارەکردنەوەی هەڕەشەی بەردەوامەکانی ڕێژیم، ڕوو بە حکومەتی هەرێمی ڕایگەیاند کە ئەگەر حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ناوچەکەدا بمێننەوە، ئەوان هەرێم کوردستان خاپوور دەکەن! هەڵبەت موتتەکی یەکەم کەس نییە کەوا خۆبەزلزان و بێویژدانانە هێرش دەکاتە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ماوەیەک لەمەوبەر لاریجانی، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ڕێژیم، لە لێدوانێکی هاوشێوەیدا باسی لە ئاوات و ئارەزووەکانی کرد و ئەوە خەونی پێوە دەدیت هێنایە بەرباس، بەڵام ئەجەل دەرفەتی نەداو و ئارەزوو لە دڵ ڕەوانەی دۆزەخ کرا!

بەڵام بەڕاستی هۆکاری ئەم هەموو قین و تووڕەیی چییە و بۆچی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ژیانی نگریسی ڕژێم ئەوەندە مەترسیدارن؟ بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە باشتر وایە سەرەتا کەمێک لە بابەتەکە وردتر بینەوە و لە دەلاقەی چەند لایەنی تر بڕوانینە ئەم باسە. ڕاستی ئەوەیە کە ئەم گرنگیدانە تەنیا تایبەت بە کۆماری ئیسلامی نییە و بەڵکوو لانیکەم لە ڕوانگەی دوژمنانی کۆماری ئیسلامییشەوە، کورد هەمیشە لە پێشەنگی سەرنج و جێی باس بووە، جا چ لە ڕوانگەی دژبەرانی و ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی یان لە ڕوانگەی ئیسرائیل و ئەمریکاوە. تەنیا ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو دەرخەری ئەم ڕاستییەن کە کورد بە گشتی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت تا چ ڕادە جێی باس و لێکدانەوە و سەرنجی ئەم لایەنانە بوون.

ئۆپۆزسیۆنی بەناو سەڵتەنەتخواز و خودی ڕەزا پەهلەوی لە چەند مانگی ڕابردوودا بە هۆکاری جۆراوجۆر دەیان جار هێرشیان کردووەتە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و هەوڵیان داوە کە ئەوان و بزووتنەوەکانی پشتیوانیان بێ بایەخ نیشان بدەن. دیارە ئەم هێرشانە ڕووبەڕووی کاردانەوەی بەرفراوانی لایەنگرانی ئەو حیزبانە، یان باشتر بڵێین خەڵکی کوردستان بووەتەوە.

بەڵام ئەمە تەواوی چیرۆکەکە نییە! لە چەند مانگی ڕابردوودا وشەی کورد بووەتە وشەی سەرەکی بەشێکی زۆری لە قسەکان و لێدوانەکانی دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکان ئەمریکا. لێدوانی زۆر جیاواز و هەندێک جار زۆر دژ بەیەک! لە دوایین لێدوانیدا ترامپ وێڕای دەربڕینی نائومێدی و بێهیوایی خۆی لە کورد، جارێکی تر باسی لە ناردنی ئەو چەکانە کرد کە ئێستاش هیچ لایەنێکی ڕۆژهەڵات و تەنانەت حکوومەتی هەرێم نەچوونە ژێرباری! جگە لەوەش تەنانەت بە گریمانەکردنی ئەوەی کە ئەم چیرۆکە ڕاست بێت، لە شەرێکدا کە تاکوو ئێستا تێچووەکەی میلیۆنان دۆلارە، باسی کردنی

بەردەوام لەم چەکانە زۆر نابەجێ و ناعەقڵانی دێتە بەرچاو. لە کۆتاییدا دەبێت بگوترێت کە ئایا دەبێت لایەنێک چەکی لە ئامریکاییەکان وەربگرێت و بۆ خۆی هەڵیگرتبێت و ئامریکاییەکانیش بە لەبەرچاوگرتنی تواناییەکانیان و بوونیان لە هەرێمی کوردستان بێدەنگ چاویان لێ کردبێت و هیچ کاردانەوەیەکیان نەبووبێت!

دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە ناڕازیبوونی ترامپ دوور و نزیک هیچ پەیوەندی بە تاقمێک چەک کە لە بنەڕەتدا تەنانەت لە هەبوونیاندا شک و گومانی زۆر هەیە، نییە بەڵکو تووڕەیی و ناڕەحەتی ترامپ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کورد لە شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، ئەو جۆرەی ترامپ چاوەڕێی دەکرد بەشدار نەبوو. ئەوەی کە کورد لە ڕۆژهەڵات حازر نەبوو بێ گەرەنتی پێویست دەستێوەردان بکات و لە ڕاستییدا بە کردەوە داواکارییەکەی ترامپی ڕەت کردەوە.

ئێستا دەتوانین لە سێ ڕوانگەی جیاوازەوە ئەم پرسە تاوتۆ بکەین کە بۆچی کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە ژێر چاودێری ئەم سێ لایەنە جیاوازن. لە ڕاستیدا هەم کۆماری ئیسلامی و هەم ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، هەروەها ئەمریکا و ئیسرائیل، وەک دوژمنی ڕێژیم، زۆر باش دەزانن کە کورد بە گشتی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەت دەتوانن چ ڕۆڵێکی گرنگ لە شەڕ و داڕشتنی داهاتووی ئێراندا بگێڕن. هەر لەبەر ئەمەشە کە کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی کە چەندین جار لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وەک هەلوەشاوە و نەماو ناو دەبات، بە درێژایی تەمەنی نگریسی خۆی لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک بۆ زیانگەیاندن و لەنێوبردنی ئەم حیزبانە. خۆی نەپاراستووە، هەر لە تیرۆرکردنی سەرکردە دیارەکانی ڕوژهەڵات لە ڕابردوودا تا دەگاتە تیرۆرکردنی کوێرانەی تەنانەت ئەندامانی ئاسایی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تا دەگاتە سەدان هێرشی مووشەکی و درۆنی! ئەوە لە کاتێکدایە کە تێپەربوونی کات نەتەنیا نەبووەتە هۆی هیچ گۆڕانکارییەک لە شێوەی هەڵسووکەوتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی ڕوژهەڵات بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ درندایەتی و بێبەزەیی ڕژیم لەو هێرشانە زیادی کردووە. لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییشدا لە موجاهیدنەوە تا جەماعەتی سەڵتەنەتخواز، هەوڵیان داوە بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی خۆیان لەگەڵ حیزکانی ڕۆژهەڵات ڕوون بکەنەوە. ڕێکخراوی موجاهدین، لانیکەم لە ڕواڵەتدا، زۆرتر ویستویەتی لە دەرگای دۆستایەتییەوە پێوەندی بگرێت و بە پشتیوانیکردن لە خواستەکانی خەڵکی کوردستان، بەتایبەت مافی چارەی خۆنووسین، هەوڵی داوە هاوپەیمانێکی بەهێز بۆ خۆی دروست بکات. بە پێچەوانە جەماعەتی وەهمیی پاشایەتیخواز بەردەوام هەوڵیان داوە بە سیاسەتی ئینکاری و درۆ ڕێگایەکی جیاواز بگرنەبەر و تەنانەت لە ڕێگەی دامەزراندنی تاقمێک و ڕێکخراوی کاغەزیشەوە شوناسێکی خەیاڵی بۆخۆیان دروست بکن. سەبارەت بە ئەمریکا و ئیسرائیل دەبێت بگوترێت ئەوەی بە کردەوە ڕووی داوە زۆر دوورە لەوەی ئیدیعا دەکرێت. لە ڕاستییدا پاڵپشتیی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ لایەنە کوردییەکان و پرسی کوردستان زیاتر گرێدراو و وابەستەی پەیوەندیی نێوان زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان بووە و بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کورد زیاتر لەم مەسەلەیە زەرەرمەند بووە تا ئەوەی کە سوودی لێ

وەرگرتبێت.

ئێستا دوای ئەوەی ئەم گرنگییە لە ڕوانگەی چەند هێزی دژبەیەكەوە ڕوون بووەوە، كاتی ئەوە هاتووە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە: هۆكاری گرنگیی هێزەكانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەم لایەنانە چییە؟ چ شتێك لە بزووتنەوەكانی تر نێو ئێران جیایان دەكاتەوە؟

## وەڵامی ئەو پرسیارە دەتوانرێت لە سێ بەشدا باس بكرێت:

**پێگەی جەماوەری:** بێگومان گرنگترین بابەت لەم باسەدا بنكەی جەماوەریی حیزبەكانی ڕۆژهەڵاتە. لە ڕاستیدا هۆكاری ترس و بێگومان پشتبەستن بەم حیزبانە بۆ ئەو دەسەڵاتە و دەستڕۆیشتووییە ناوازەیە دەگەڕێتەوە كە گەلی كورد هەیەتی. كوردستان بەدرێژایی ساڵان نیشانی داوە كە چ توانایەكی گەورەی هەیە و چۆن دەتوانێت ببێتە هێزی بزوێنەری ڕاپەڕینێكی گەورە و ڕەوت دارێژەر. بێگومان شۆڕشی ژینا باشترین نموونەی ئەم توانایە لە سكاوت و پێشەنگایەتییە. تەنانەت لە ڕووداو و نارەزایەتییەكانی مانگی بەفرانباریشدا، پارێزگاكانی ئیلام و كرماشان ڕۆڵی پێشەنگیان بینی!

**پاشخانی سیاسی:** پێكهێنانی حیزب لە ئێراندا پرسێكی تەواو نوێیە و دەكرێت بە متمانەوە بڵێین جگە لە كوردستان، لە بەشەكانی دیكەی ئێران، چ لە پێكهاتەی كۆماری ئیسلامی یان لە ناو ئۆپۆزسیۆن ڕژێمدا، لە بنەڕەتدا شتێك بە ناوی حیزب بە مانا ڕاستەقینەكەی نییە. لە كاتێكدا كە حیزبەكانی ڕۆژهەڵات هەشتا ساڵ و پەنجا ساڵە لە گۆڕەپانی سیاسی و خەباتی ئێراندا ئامادەن، لە بەشەكانی دیكەی ئێران تەنیا فۆرمێكی پشتیوانی و لایەنگرێك بەبێ هیچ بیرێكی سیاسی دروست بووە. دیارە كوردستان بەو مێژووە سیاسییە و بەرنامەیەكی دیار و نووسراوەوە، هەمیشە جێگای سەرنجە.

**كورد وەك نەتەوە:** خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و لە بەشەكانی دیكەی كوردستان هەمیشە پەیوەست بووە بە بزووتنەوەیەكی گەورەترەوە بە ناوی كوردستان و هەر لەبەر ئەوەشە كە چەند ملیۆن دانیشتووانی كورد لە سووریا ئەگەرچی كەمینەی لە سەدا دەیە، بەڵام بە پشتیوانی ملیۆنان كورد دەتوانن سەرچاوەی گۆڕانكاری زۆر بن. ئەمە ڕێك بۆ كوردستانی ئێران ڕاستە.

لە ڕاستیدا ئەوەی خەباتی كورد لە ئێراندا بەهێز دەكات، پشتیوانی پارچەكانی دیكەی كوردستانە. ئەم پاڵپشتییە دەتوانێت تەنیا مەعنەوی بێت و پێویست ناكات بۆ ئەوەی هاوكاری سەربازی بێت!

جۆزەردانی ٢٧٢٦

لە کۆتاییدا دەبێت بگوترێت کە هۆکاری ئەم هەموو دوژمنایەتی و ڕق و کینەیە و بێگومان سەرنجدانە، ئەو پۆتانسێلە ناوازەیەیە کە کورد نەک تەنیا لە دارِشتنی داهاتووی ئێراندا، بەڵکوو لە دارِشتنی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەتوانێت هەیبێت. پێویستە ئەم دەسەڵات و توانایە بەرز بنرخێنرێت و کەڵکێکی باش لە واقیعەکانی کۆمەڵگەی کوردی وەربگریت.

بێگومان ئەمە پێش هەموو شتێک پێویستی بە یەکریزی و یەکیەتیی هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد، لانیکەم لە باردۆخی ئیستادا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر وشیاری و بەئاگابوون لە بارودۆخ و بڕیاردان لە کاتی خۆیدایە. مێژوو چاوەڕێمان ناکات و ڕەنگە ڕووداوەکان ببنە لەمپەر و ڕێگر یان سانسۆرمان بکەن. هیچ دۆستایەتی و دوژمنایەتییەک لە سیاسەتدا ئەبەدی و هەمیشەیی نییە، ئامانج ئایندەی کوردستانە.

**هەر ڕێگایەک ئەنجامێکی باشتر بدات بوونی ڕەوایە! بێدەنگی و چاوەڕوانی قبووڵکراوە بە مەرجێک دەرفەتی بەفیرۆچووی لێنەکەوێتەوە! یان دەبێت کارێک بکەیت یان دەبێت تا هەمیشە چاوەڕێ بیت!**

١٤ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# تاران وەک ڕۆژە کۆتاییەکانی ئاڵمانی نازی




**سێوێر پلوکەر**

**نیان ب کردوویەتی بە کوردی**

ئەگەر ترامپ بڕیار بدات بە ئارامی چاوەڕێ بێت هەتا ئەوکاتەی دەسەڵاتبەدەستانی ئێران لە دەمارگیریی خۆیان بەئاگا بێنەوە، ڕەنگە تێ بگات کە سەبرگرتنەکەی بێسوود بووە؛ مێژووی ٨١ ساڵ لەمەوبەری ئورووپا هۆشدارییەکی توند لەسەر ئەو ڕێژێمانە دەدات کە تا کاتی سەپاندنی شکستی تەواوەتی، بەردەوام دەبن لە شەڕ.

وەک شارەزایان دەڵێن سەرکردایەتیی ئێران دابەش بووە و لە نێوان سیاسییە لێزان و دەمارگیرەکان، و لە نێوان مرۆڤە واقیعبینەکان و ئیسلامگراکاندا دێت و دەچێت. دەستەی دووەم کە زۆربەیان فەرماندەکانی سوپای پاسداران و بەرپرسانی ئەمنییەتین و خۆیان لە پۆستە باڵاکانی سەرکردایەتیدا دەبیننەوە، ڕێگرن لە هەر جۆرە ڕێککەوتن یان سازانێک لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئەوان بە شێوەیەکی پەرەسەندوو تایبەتمەندییەکانی دەمارگیرییەکی کوێرانە پیشان دەدەن کە ڕێژیمی تێداچووی "نازی"مان وەبیر دەهێنێتەوە: دابڕان لە واقیع، باوەڕهێنان بە موعجیزە، بێباکیی بەرامبەر بە دۆخی ڕاستەقینە و کارەساتباری ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵک و سوپای وڵاتەکەیان، و کۆمەڵکوژیی نەیارانی ڕێژیم. ئەوان ئامادەن پاشەڕۆژی ئێران فیدای خولیاکانی خۆیان بکەن و بۆ تێداچوونەکەی مل ڕابکێشن، ڕێک وەک چۆن سەرکردە نازییەکان لە مارس، ئەپریل و سەرەتای مانگی مایی مایسی ١٩٤٥دا ئامادە بوون ئاڵمان فیدای خۆیان بکەن و مل بۆ تێداچوونەکەی ڕابکێشن. ئەوان تا ئەوکاتەی سەربازەکانی هاوپەیمانان بە هێزەوە گەیشتنە بەردەم بارەگای فەرماندەییەکانیان و لە ڕەسمەیان بردن؛ لەسەر هەڵوێستی خۆیان سوور بوون.

"فۆڵکەر ئۆلریش"، مێژوونووس، لە کتێبەکەی بە ناونیشانی «هەشت ڕۆژ لە مانگی مایسدا» دەنووسێت لە ٢٤ کاتژمێری کۆتایی ئەپریلی ١٩٤٥دا، چەند کاتژمێرێک پێش خۆکوشتنی هیتلەر لە پەناگەی قایمی بەرلین، فڕۆکە ئەمریکییەکان بڵاوکراوەی پڕوپاگەندەییان بەسەر مونیخدا بڵاو کردەوە و داوایان لە خەڵکەکەی کرد بڕژێنە سەر شەقامەکان، حکوومەتی نازی بڕووخێنن و ڕێگری لەو خوێنڕشتنە بکەن کە ئەنجامەکەی لەپێشدا دیار بوو. لە وەڵامدا، گرووپێکی بچووکی ژێرزەمینیی لیبراڵ و دژە نازیی نێوخۆیی ڕاپەڕینێکیان دەست پێ کرد و تەنانەت دەستیان بەسەر وێستگەیەکی ڕادیۆییش داگرت. بەڵام داوای ئەوان لە پیاوان و ژنانی مونیخ بۆ پەیوەندیکردن بە ڕاپەڕینەکەوە بێ وەڵام مایەوە. کەس هەڵنەستا و شار نەخرۆشا. ئۆلریش دەنووسێت: «خەڵک و دانیشتووانی مونیخ و ناوچەکانی دەوروبەری پێیان باش بوو هەر چاوەڕێ بن و لە ماوەیەکی کورتدا نەزمی نازی سەرلەنوێ دامەزرایەوە». ئەو شۆڕشگێڕانەی نەیانتوانی ڕا بکەن، گیران و بە شێوەیەکی دڕندانە بە دەستی "ئێس ئێس" کوژران.

حکوومەتی نازی تەنیا ئەو کاتە کۆتایی هات کە هێزە نیزامییەکانی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان بەبێ هیچ بەرگرییەک چوونە نێو ناوەندی شارەکە و دەستیان بەسەردا داگرت. دوای هاتنی ئەوان، گەلێک ئاڵای سپی لە بالکۆن و پەنجەرەکانی مونیخەوە شۆڕ کرانەوە. لەناکاو، لە "نازی"ترین شاری ئاڵماندا، هیچ نازییەک نەما!

دەمارگیری و تۆقاندن نەک هەر پێش خۆکوشتنی هیتلەر لە ٣٠ی ئەپریلی ١٩٤٥، بەڵکوو دوای ئەوەش بەسەر ئاڵمانی نازیدا زاڵ بوو؛ کاتێک ئەو فەرمانی بە خەڵکی ئاڵمان دا خۆیان ڕادەست نەکەن و فەرمانی بە سوپا کرد تا دوایین سەرباز بجەنگن. هیتلەر لە وەسیەتنامەکەیدا، دەریاوان «کارڵ دۆنیتس»، فەرماندەی هێزی دەریایی و وەفادار بە نازیسمی وەک سەرۆکی دەوڵەتی ئاڵمان (کە لەو کاتەدا نزیک بە تەواوەتییەکەی داگیر کرابوو) دەستنیشان کرد. دۆنیتس کابینەیەکی حکوومەتیی چالاک و شەڕخوازی پێکهێنا. ئۆلریش دەگێڕێتەوە: «تەنانەت دوای مردنی هیتلەریش، شەڕە

قورسەکان لە نێوان "ڤێرماخت" (هێزی بەرگریی) ئاڵمان و سوپای هاوپەیمانان بە هەموو توندییەکەوە بەردەوام بوو». لە ڕاستیدا شەڕی دۆڕاو، خۆبەخۆ نەوەستا. ئۆلریش بە پەژارەوە ئاماژە بەوە دەکات زۆربەی زۆری ئەڵمانییەکان، خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرجیان «نەک وەک ئازادی، بەڵکوو وەک شکست و تراژیدیایەکی نەتەوەیی» دەبینی. ئەڵمانییەکان خۆیان "نازی"زمیان نەڕووخاند، هەرچەندە زۆرینە زۆرینەی هەرە زۆریان بڕوایان بە هیتلەر نەمابوو و بۆ مردنی ئەویش شینیان نەکرد. ئەوان بڕوایان لەدەست دابوو، بەڵام بێدەنگ بوون. بڕوایان لەدەست دابوو، بەڵام ڕانەپەڕین.


لە ١٠ی مایی ١٩٤٥دا، «تۆماس مان»، نووسەری گەورەی ئەڵمانی، لە بەرنامەیەکی ڕادیۆیی تایبەتدا لە تاراوگە و لە کالیفۆرنیاوە، ڕاستییە تاڵەکەی بۆ گەلەکەی خستە ڕوو: «ئەگەر ئەڵمانییەکان لە کاتی خۆیدا خۆیان لە ژێر باری حکوومەتی نازی ڕزگار کردبایە، ئەگەر تەنانەت لە دوایین ساتدا ڕاپەڕینایە، ئێستا دەستیان بە جەژنی ئازادیی خۆیان و گەڕانەوە بۆ مرۆڤایەتی دەکرد.» بەڵام ئەڵمانییەکان خۆیان نازیزمیان نەڕووخاند.


ئاکامگیرییەکەی ئۆلریش ئەوەیە: «ڕایشی سێیەمی نازی هەتا دوایین چرکە بەردەوام بوو لە کارەکانی.» لە هەموو ئەو ماوەیەدا، لە شار و شارۆچکەکانی سەرانسەری ئاڵماندا، ژیان بە ڕواڵەت بەپێی ڕۆتینی ئاسایی بەڕێوە دەچوو. سەرەڕای کەموکوڕی و مەترسییەکان، قاوەخانە خواردنگەکان، شوێنە بازرگانییەکان و سینەماکان کراوە بوون و شەقامەکان پڕ بوون لە خەڵک.

ئێستا بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست: لە هەفتەکانی ڕابردوودا، دۆناڵد ترامپ زۆر پێشنیاری بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕ بە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی داوە. نەیاران لەنێو سەرکردەکانی ڕێژیمدا، سەرەڕای ئەو زەبرانەی ئێرانییەکان لە شەڕی دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیلدا خواردوویانە و دەیخۆن، پێشنیارەکانی ئەویان بە سووکایەتییەوە ڕەت کردووەتەوە. بەڵام خۆ ئەگەر بەو حاڵەشەوە ترامپ بڕیار بدات بە ئارامی چاوەڕێ بێ هەتا ئەوان لە دەمارگیری و توندڕەویی خۆیان بەئاگا بێنەوە، ڕەنگە تێ بگات سەبرگرتنەکەی بێسوود بووە. ئەمە وانەیەکی تاڵە کە مێژووی ٨١ ساڵ لەمەوبەری ئورووپا فێرمان دەکات.

١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید عەبدوڵڵا شەریفی)



**برایم چووکەڵی**

هەگبەی "شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەی کوردستان بە کورتی ئاوڕ لە ژیانی شۆڕەسوارێکی ناوداری کورد دەداتەوە، ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی خەباتی کوردایەتی، ئەویش شەهید عەبدوڵڵا شەریفییە.

عەبدوڵڵای شەریفی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی لە ئاوایی "شارەزوور"ی ناوچەی گەورکی مەهاباد، لە بنەماڵەیەکی وەرزێر چاوە

گەشەکانی بە دونیا هەڵێنا. وەک وەک قوتابییەکی زیرەک هەتا ٥ی سەرەتایی لە گوندی شارەزوور خوێندی و، پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕەوانەی شاری مەهاباد کرا. پاش وەرگرتنی دیپلۆم بۆ ساڵی خوێندنی ٥٦ و ٥٧ لە ڕشتەی ئەدەبیاتی فارسی لە زانستگەی تەورێز وەرگیرا و دوای شۆڕشی ١٣٥٧ و پاش دوو ساڵان بەهۆی شۆڕشی بەناو فەرهەنگی و داخرانی زانستگەکان، نەیتوانی زانکۆ تەواو بکا و ئەویش کەوتە بەر شاڵاوی دەرکران لە زانکۆ.

کاتێک عەوڵا شەریفی کەوتە بەر غەزەبی بەناو شۆڕشی فەرهەنگی، زانستگەی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و تێکۆشانی خۆی لە ناوچەی لەدایکبوونی دەست پێکرد و ئەوە سەرەتای ژیانی سیاسیی ناوبراو لە ساڵی ١٣٥٩ بوو. بەهۆی وشیاریی سیاسی و کارلێهاتوویی، لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە ئەندامی کۆمیتەی گەورک و پاشان بوو بە بەرپرسی ئەو ناوچەیە. هەڵسووڕان و کارکردن لەنێو خەڵک وای کرد کە زۆر زوو بناسرێ و هەموو تواناکانی بۆ بردنەپێشی سیاسەتەکانی حیزب بەکار بێنێ، هەر بۆیە ساڵی ١٣٦٠ بوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد و زۆر بە لێوەشاوەیی تا ساڵی ١٣٦٦ بەرپرسایەتیی سەرشانی بە باشی بەڕێوە دەبرد.

عەوڵا شەریفی کاتێک لە کۆنگرەی ٨ی حیزبدا بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، زیاتر قۆڵی بۆ خەبات هەڵماڵی و هەر بەو پێیەش بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری کەوتە سەر شان، وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد، سەردەشت و بەرپرسی کۆمیسیۆنیماڵی و خەدەمات. عەوڵای شەریفی بەوپەڕی لێهاتوویی و توانای خۆیەوە ئەرکەکانی جێبەجێ دەکرد، ناوبراو لە کۆنگرەی ٩ی حیزب سەرلەنوێ وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە و پاشان وەک بەرپرسی کۆمیتەی مەهاباد دیاری کرایەوە و تا کاتی شەهیدبوونی لەم پۆستەدا مایەوە.

عەوڵای شەریفی، لاوی ڕووناکبیر و بەئەمەگی حیزبی دێموکرات، باشی دەزانی مێژوو چ ئەرکێکی خستووەتە سەر شان. لەڕاستیدا کادرێکی سیاسی، بەتوانا، لێهاتوو، ئازا و ماندوویینەناس بوو و بەردەوام بۆ خۆپێگەیاندن خەریکی خوێندنەوە بوو و لە کتێبخانە خنجیلانەکەی هەموو جۆرە کتێبێک دەست دەکەوت، ئەوە بۆ خۆی نیشانەی ڕووناکبیری و حەز و خولیا بۆ خوێندنەوە و فێربوون بوو. زۆرجار وەک کادرێکی تەشکیلاتی تەنانەت هاوکاری بەشی ڕاگەیاندنی دەکرد و زۆر وتاری بەنرخی بۆ ڕۆژنامەی کوردستان و ڕادیۆ کوردستان دەنووسی.

دڵسۆزی و ڕاستگۆیی، ئازایەتیی شەخسی و ئەخلاقی، ڕاشکاوی و دەستوداوێن‌پاکی لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی عەوڵای شەریفی بوون، بیروباوەڕێکی قووڵی بە ڕێبازەکەی بوو، هیچکات کردەوەیەکی وای لە خۆی نیشان نەدا کە پرستیژی حیزب بێنێتە ژێر پرسیار، یان زەبر لە ئیعتباری حیزبەکەی بدا. لە دۆستایەتیدا دۆست و خاکی و خەڵکخۆشەویست بوو و لە

هەر جێگایەک کاری کردبایە لەگەڵ هاوڕێیەکانی وەک برا کاری دەکرد. زمانی قەناعەتپێکردنی لەسەرێ بوو و بەهەق جێی متمانەی هاوسەنگەرانی و کۆمەڵانی خەڵکی بوو، بەو هەموو تایبەتمەندییەوە بەڕاستی یەکێک لە لێوەشاوەترین کادرەکانی ڕێبەریی حیزب بوو.

پێش شەهیدبوونی و لە کاتێکدا بەرەبەرە خۆی بۆ چوونەوە بۆ نێو خەڵک و قووڵایی ناوچەکانی کوردستان ئامادە دەکرد، وەسیەتنامەیەک دەنووسێ و لە بەشێک لەو نووسینەدا ڕوو بە دایک و باوک و بنەماڵەکەی دەڵێ: ئەمن تەنیا کوڕی ئێوە نەبووم، هی هەموو باوک و دایکێکی ئەو کوردستانە بووم. ئێوە باش دەزانن من لەسەر خۆم و بۆ خۆم نەبوومە پێشمەرگە، ئاه و ناڵەی ڕەش و ڕووت و ڕەجاڵەکانی کوردستان، ئیمان بە ئازادی و ڕزگاری، بۆ ئەو ڕێگایەی هان دام. ئازایانە، دڵسۆزانە و سادقانە، قایم و پتەو، ئەرکەکانی شۆڕشم بەجێگەیاند. بەو هیوایە حیزبە خۆشەویستەکەم و گەلە هەژارەکەم لێم ڕازی بن و وەک من بەوان وەفادار بووم، ئەوانیش من لەیاد نەکەن".

لە بەشێکی دیکەی وەسیەتنامەکەدا شەهید عەوڵا شەریفی ڕوو لە ئەسمەری خێزانی نووسیویەتی: "هەرچەند پێت ناخۆش بوو بۆ ساتێکیش لێت دوور کەومەوە، ئەوجار دوورکەوتنەوەکەم بووەتە هەمیشەیی و تازە ناگەڕێمەوە، ماڵاوایت لێ دەکەم. داوام ئەوەیە بۆم غەمبار مەبە و خۆت ناڕەحەت مەکە. منداڵەکان چاک پەروەردە کە، حەتمەن پێیان بخوێنە و باشیان پێ تەڵقین بکە ڕێگای باوکیان قەت بەرنەدەن و هەمیشە بە سەربڵندی بژین و بۆ گەلەکەیان بژین".

**شەوی ٧ی مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٣ شەوپەرستان لە نێوان گوندەکانی کووران و کاوڵان لە دەراوی شەکراوێ کەمینیان بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات دانابۆوە کە بەداخەوە لەو کەمینەدا خەباتکاری ماندوویینەناس، عەوڵای شەریفی کەوتە بەر گولەی داگیرکەران و خوێنی تێکەڵ بە خوێنی قارەمانێکی دیکە بە ناوی قەرەنی مامەنەبی بوو و خوێنیان بوو بە چرای ڕووناکی ڕێگای تێکۆشانمان.**

١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# چارەنووسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئەگەری ڕێککەوتنی ئەمریکا و ئێراندا






**د. ئاسۆ حەسەنزادە**

لە بارودۆخێکدا کە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان وا دەنوێنێ کە ڕەنگە ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێران نزیک بێ، نیگەرانییەکی کۆن جارێکی دیکە لەلای خەڵکی ئێران خەریکە سەر هەڵدەداتەوە: لە دانوستانەکانی داهاتوودا، چارەنووسی مافەکانی مرۆڤ و دیمۆکراسی لە ئێراندا چیی بەسەر دێ؟ بە هەموو نیشانەکان ڕا دیارە کە ڕێککەوتنەکەی داهاتووی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێران -کە ئەگەر وەدی بێ پێ دەچێ لە چەند قۆناغکدا دابڕێژرێ و جێبەجێ بکرێ- بە

شێوەیەکی سەرەکی سەرنج دەخاتە سەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، گەمارۆ ئابوورییەکان، ئەمنییەت و پاراستنی گەرووی هورمز و دەستێوەردانە هەرێمییەکانی ئێران. چاوەڕوان ناکرێ مافەکانی مرۆڤ، دیمۆکراسی و سەرکوتی نێوخۆیی بەشێک لە کرۆکی سەرەکیی دانوستانەکان بن؛ هەرچەندە واشینگتۆن لە ساتگەلێکی تایبەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دواییانەی خۆیدا لەگەڵ ئێران بە توندی پێی لەسەر ئەم بابەتانە داگرتبوو.

ڕوانینێک بۆ مێژووی پێوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێران پێمان دەڵێ ئەم بابەتە نە نوێیە و نە جێگای سەرسووڕمان. مافەکانی مرۆڤ هەرگیز لە چەقی دانوستانەکان لەگەڵ تاراندا نەبووە. زۆربەی کات، مافەکانی مرۆڤ وەک زمانێکی ئەخلاقی دەکار کراوە کە لە پەراوێزی ئەو سیاسەتانە چووەتە پێش کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە نیگەرانییە ئەمنییەتی و جیۆپۆلیتیکییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە. لە ساڵی ١٩٧٩ەوە، ئەولەوییەتە ستراتیژییەکانی ئەمریکا بە نەگۆڕی ماونەتەوە: ڕێگریکردن لە بوونی ئێران بە هێزێکی ئەتۆمی، کۆنترۆڵکردنی نفووز و هێژێمۆنیی هەرێمیی ڕێژیم، پاراستنی ئیسرائیل، دابینکردنی ئەمنییەتی ڕێڕەوەکانی وزە لە کەنداو و سنووردارکردنی چالاکییەکانی ئەو میلیشیا چەکدارانەی هاوپەیمانی تاران و سەر بە ڕێژیمن.

هەر لە بنەڕەت ڕا تێکچوونی نێوانی واشینگتۆن و کۆماری ئیسلامی نە بەهۆی سەرکوتی نێوخۆیی لە ئێران، بەڵکوو بەهۆی قەیرانی بارمتەگرتن لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا ڕووی دابوو. تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٤دا، ئێران بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن ئەمریکاوە وەک دەوڵەتی پشتیوانی تیرۆر دەستنیشان کرا و بەم چەشنە ئەم پێوەندییە بە شێوەیەکی بەردەوام کەوتە نێو چوارچێوەی لۆژیکێکی ئەمنییەتییەوە، نە لۆژیکێکی دیمۆکراتیک یان مافەکانی مرۆڤ.

یاساکانی ئەمریکا زۆر جار ئاماژەیان بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران کردووە، بەڵام ئەم ئاماژەپێکردنانە لەنێو پێکهاتەی ئەو گەمارۆیانەدا جێگیر کراون کە سەرنجیان لەسەر بەرنامەکانی پەرەپێدانی ئەتۆمی، موشەکە بالیستییەکان و پشتگیریکردنی ئێران لە گرووپە بریکارەکانی خۆی لە ناوچەکەدا چڕ کردووەتەوە. مافەکانی مرۆڤ زیاتر وەک ئامرازێک بۆ فشاری زیاتر بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ڕۆڵیان گێڕاوە نەک وەک بنەمایەک بۆ ستراتیژییەکی ڕاستەقینەی دێموکراتیزەکردن. گەمارۆکانی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ تەنیا بەشێکی تا ڕادەیەک سنووردار لە پێکهاتەی بەربڵاوتری گەمارۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دژی ئێران پێک دەهێنن؛ پێکهاتەیەک کە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لە دەوری نیگەرانییە ئەتۆمی، سەربازی و جیۆپۆلیتیکییەکان ڕێک خراوە.

لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ساڵی ٢٠١٥ (بەرجام)دا، بە ڕوونی ئەم پلەبەندییەی ئەولەوییەتەکان ڕەنگ دابۆوە.

بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما بە ئاشکرا دانی بە سروشتی سەرکوتکەرانەی ڕژێمی ئێراندا دەنا و گەمارۆگەلێکی تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا هێشتەوە؛ بەڵام ئامانجی سەرەکیی دانوستانەکان ڕێگریکردن لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی بوو. مافەکانی گەلانی ئێران لە گوتاری ئەمریکییەکاندا غایب نەبوو، بەڵام لە دەرەوەی کرۆکی سەرەکیی خودی دانوستانەکاندا مایەوە.

بە پێچەوانەی ئەوەی هەندێ کەس چاوەڕوانیان دەکرد، هاتنەسەرکاری دۆناڵد ترامپ ئەم لۆژیکەی بە شێوەیەکی بنەڕەتی نەگۆڕی. ستراتیژیی ئەوپەڕی تەوژم، لیستی گازندە و سکاڵاکانی ئەمریکا لەدژی ئێرانی فراوان کردەوە، بەڵام ئاماژەکان بۆ مافەکانی خەڵکی ئێران لەچاو نیگەرانییە ئەمنییەتییەکان لە پلەیەکی لاوەکیدا مایەوە. گوتاری ساڵی ٢٠١٨ی مایک پۆمپێئۆ کە تێیدا دوازدە مەرجی بۆ ئێران دیاری کردبوو، لەم بوارەدا هیچی تێدا نەهێشتەوە؛ چونکە مافەکانی مرۆڤ تەنیا لە پەراوێزدا بوون. تەنانەت لە کاتی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا کاتێک ناڕەزایەتییەکانی ئێرانییەکان هاوپێوەندییەکی نێونەتەوەیی گەورەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ئیدارەی بایدن هێشتا بەردەوام بوو لە ئەولەوییەتدان بە پرسی ناوکی و سەقامگیری لە ناوچەدا. واشینگتۆن سەرکوتی خەڵک لەلایەن ڕێژیمی ئێرانییەوە مەحکوم کرد و گەمارۆگەلێکی سەمبولیکی بەسەر ئەو ڕێژیمەدا سەپاند بێ ئەوەی خواستە دێمۆکراتیکەکانی خەڵکی ئێران بخاتە چەقی ستراتیژیی دیپلۆماسیی خۆیەوە. ئەولەوییەتی سەرەکیی ئەمریکا هەروا ڕێگریکردن لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی و هاوکات کۆنترۆڵکردنی نفووزی هەرێمیی ئەو ڕێژیمە مایەوە.

هۆکاری ئەمەش تەنیا ئەوە نییە کە لە کاتی ڕاپەڕینی ژینا، «ژن، ژیان، ئازادی»دا سەرۆککۆمارێکی دێموکرات لە ئەمریکا لە سەر کار بوو. لە ماوەی خولی دووەمی سەرۆکایەتیی ترامپدا، شەپۆلێکی هاوشێوە لە ناڕەزایەتییە مەدەنییەکان پێش ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ئەم دواییانە لەگەڵ ئێران وەڕێ کەوت و پشتگیریکردنی خۆپێشاندەران (بە ئیدیعای ناردنی چەک بە گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە) بوو بە بەشێک لە گوتاری ئەمریکا. سەرەڕای ئەمەش، هەر کە ڕێژیمی ئێران نیشانی دا لەسەر لاساری و ملنەدانی سوورە و پەنای بردە بەر ئامرازی سەرەکیی ستراتیژیی خۆی واتە گەرووی هورموز، ئاماژەکان بۆ مافەکانی خەڵکی ئێران وردە وردە لە گوتاری سیاسیی ئەمریکادا کاڵ بوونەوە.بەمجۆرە جارێکی دیکە لۆژیکی ئەمنیەتی بەتەواوی بەسەر ڕوانگەی پشتبەستوو بە ئازادی و مافی مرۆڤدا زاڵ بۆوە.

بابەتی گرنگی دیکە ئەوەیە کە سەرەڕای پێشبینی و گومانەکان لەسەر ڕێککەوتنێکی گریمانەیی نێوان ئەمریکا و ئێران بەمزووانە، بازنە و مەودای ڕاستەقینەی ئەو ڕێککەوتنە دیار نیە. ئایا ئەو ڕێککەوتنە بۆ ئاگربەسێکی درێژخایەنە یان لە پێناو ئاساییبوونەوەیەکی پایەداری پێوەندییەکان؟ ئایا ڕاگرتنی شەڕ هەموو بەرە هەرێمییەکان دەگرێتەوە یان تەنیا

ناوچەگەلێکی دیاریکراو؟ ئەم کەشە تەمومژاوییە بەتایبەت لەبارەی کوردەکانی ئێرانەوە بەرچاوە. سەرەڕای ئاگربەس و دانوستانەکان، ئێران بە هەمان چڕیی پێشوو، لەسەر هێرشی موشەکی و درۆنی بۆ سەر بنکە و کەمپە مەدەنییەکانی حیزبە کوردییەکانی ئێران لە کوردستان عێراق بەردەوام بووە. هیچ نیشانەیەکیش نابینرێ کە ڕێککەوتنی داهاتوو کۆتایی بەم هێرشانە بێنێ.

هێرشەکان دژی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران لە تاراوگە، نیشاندەری پێوەندییەکی قووڵە لەنێوان ڕەهەندە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی سیاسەتی ئێراندا. سەرکوتی نێوخۆیی، ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی سنوور، هێزە بریکارە هەرێمییەکان و چالاکیی تێکدەرانی ئێران، هەموویان بەشێکن لە لۆژیکێکی ئەمنییەتیی یەکانگیر. ڕێژێمێک کە نەتوانێ فرەیی سیاسی لە نێوخۆی سنوورەکانی خۆیدا تەحەممول بکا، بەدوور دەزانرێ سیاسەتی ملهوڕانەی خۆی لە دەرەوەی وڵات بە شێوەیەکی درێژمەودا وەلابنێ. پرسی کورد ڕێک نیشانی دەدا کە ڕەهەندە نێوخۆیی و هەرێمییەکانی مەسەلەی ئێران ناتوانرێ بە شێوەیەکی دەسکرد لە یەکتر جیا بکرێنەوە.

باجی سیاسیی ئەم هاودژییە قورسە. ئێستا زۆر لە ئێرانییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن ئاماژەکانی ڕۆژاوا بۆ مافەکانی مرۆڤ کلێشەیی و بەشێوەی ئامرازین. کاتێک واشینگتۆن باس لە ئازادییە بنەڕەتییەکان لە ئێراندا دەکا و هاوکات لەگەڵ هەمان ئەو بەرپرسانەی بەرپرسیاری سەرکوتکردنن دانوستان دەکا، گوتاری ئەمریکا متمانەی خۆی لەدەست دەدا. ئەم بێمتمانەییە نەک تەنیا باوەڕپێکراویی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا خەوشدار دەکا، بەڵکوو شانسی گۆڕانکاریی سیاسیی بنەڕەتییش لە ئێراندا لاواز دەکا. ئەم ڕەخنەیە هێندەی دیکەش حکومەتە ئەورووپییەکان دەگرێتەوە کە هەمیشە ڕێککەوتن لەسەر ئەمنییەت و سەقامگیرییان خستووەتە پێش پرسی مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی لە ئێراندا.


ڕۆژئاوا دەبێ سەرەنجام لەو ڕاستییە سادەیە تێ بگا کە ئامانجە ئەمنییەتییەکانی لەپێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بەبێ زەمینە خۆشکردن بۆ گۆڕانکاریی نێوخۆیی لە ئێراندا بە شێوەی بەردەوام نایەنە دی. تا ئەو کاتەی لۆژیکی ئەمنیەتیی سوپای پاسداران لە ئێراندا حاکم بێ، گرژییەکانی پێوەندیدار بە بەرنامەی ئەتۆمی، تۆڕە نیابەتییە هەرێمییەکان و قەیرانەکانی کەنداو سەرلەنوێ بەرهەم دێنەوە. ڕۆژئاواییەکان بە هەوڵدان بۆ ئیدارەدانی دەرکەوت و دەرەنجامەکانی لەسەرکارمانەوەی کۆماری ئیسلامی بەبێ ئاوڕدانەوە لە خودی سروشتی سیستمی سیاسیی ئێران، لە ڕاستیدا ڕێگە بە درێژەکێشانی ئەو ناسەقامگیرییە دەدەن کە ئیدیعا دەکەن لەدژی دەوەستنەوە. پارادۆکسەکە کە لەوەدایە ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆرجار باس لە مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا دەکا، بەڵام زۆربەی کات بە شێوەیەک دانوستان دەکا کە وەک بڵێی کێشە سەرەکییەکە لە شوێنێکی دیکەیە. تەنیا گەرەنتیی ڕاستەقینە و پایەدار بۆ بەرژەوەندییە ئەمنییەتییەکانی

جۆزەردانی ٢٧٢٦

ڕۆژاوا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لەو شتەدا خۆی حەشار داوە کە بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی کەمترین حیسابی لەسەر مێزی دانوستان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە بۆ کراوە، واتە هاتنەسەرکاری حکومەتێکی دێموکڕاتیک لە ئێران کە نوێنەرایەتیی گەلانی ئەم وڵاتە بکا و ڕێز لە خەڵکی خۆی بگرێ.

١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# حیزبی دێموکرات وەک داینەمۆی بەردەوامیی جووڵانەوەی نەتەوەیی





**عومەر باڵەکی**

حیزبی دێموکراتی کوردستان ٨٠ ساڵ لەمەوبەر لە کاتێکدا دامەزرا کە بەهۆی سەرکوتی جووڵانەوەکان لە هەر چوار پارچە لەلایەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، نائومێدی باڵی بەسەر کوردستانی گەورەدا کێشابوو؛ بۆیە وەک پێویستییەکی مێژوویی، دامەزراندنی حیزبی دێموکرات توانی هەوری نائومێدی لەسەر ئاسمانی خەباتی نەتەوەیی و مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بڕەوێنێتەوە و بۆ جارێکی دیکە تۆوی هیوا و ئومێد بە سەرکەوتن لە دڵی خەباتکارانی هەر چوار پارچەی

کوردستاندا بچێنێ.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا لە ژیانی سیاسیی خۆیدا، گەلێک سەرکەوتنی گەورە و جێی شانازی بۆ گەلی کورد تۆمار کردووە و لە هەمان کاتدا تووشی زۆر کارەساتی گەورە بووە و خوێنی زۆری لەبەر ڕۆیشتووە، کە ئەگەر سیاسەتی واقیعبینی و پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات نەبوایە، ڕەنگە وەک زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە لەم ماوە زەمەنییە دووروودرێژەدا لێک هەڵوەشابایەوە و تەنیا لە مێژوودا ناوێکی لێ مابایەوە.

لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا، هەم لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و هەم لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوازی جۆراوجۆر لە ئارادا بووە؛ بە چەشنێک کە لە سەردەمی هەردوو ڕێژیمدا، کوردستان نەک تەنیا بۆ خۆی، بەڵکوو بۆ سەرانسەری ئێرانیش سەنگەری خۆڕاگری و دەنگی ئازادیخوازی بووە. لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا، کاتێک کۆماری کوردستان لەلایەن سپای پاشایەتیی ئێرانەوە ڕووخێندرا و بەشێک لە ڕێبەرانی ئەو کۆمارە -کە لە هەمان کاتدا ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون- لەسێدارە دران و بەشێکی دیکەیان ڕاپێچی زیندان کران، دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە ڕایانگەیاند کە کێشەی کوردیان چارەسەر کردووە و حیزبی دێموکرات لێک هەڵوەشاوەتەوە و کوردستان ئارامە.

ئەو سیناریۆیە ٣٢ ساڵ دواتر لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دەرحەق بە جووڵانەوەی مافخوازنەی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە فتوای جیهادی خومەینی بەدژی گەلی کورد و سەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا دووپات کرایەوە. لە هەمان کاتدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، حیزبی دێموکراتی بە هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و دەزگاکانی تەبلیغاتی و ڕاگەیاندنی ڕێژیم دەستیان بە پڕوپاگەندەی ئەوە کرد کە کوردستان لە نەیاران پاک کراوەتەوە و کێشەیەک بە ناوی ئەحزابی دژبەری نیزام لە کوردستاندا بوونی نییە؛ بەڵام دەبینین دوای هەشتا ساڵ، هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و ئیسلامی لە پرۆژەی فەوتاندنی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی شوناسخوازی و مافویستیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تووشی شکست هاتوون.

ئەگەر دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان، ڕێژیمی پاشایەتی تەبلیغاتی بۆ ئەوە دەکرد کە جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی سەرکوت کراوە، بەڵام لە مەیدانی بەکردەوەدا پێچەوانەی پڕوپاگەندەی ڕێژیم دەبینین؛ بۆ نموونە: لە ساڵەکانی ١٣٣٢ و ١٣٣٨دا زیندانەکانی ڕێژیمی پاشایەتی پڕن لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، و لە ساڵەکانی ١٣٤٦ و ١٣٤٧دا تێکۆشەرانی

دێموکرات بوون گۆمی مەندی دەسەڵاتداریی پاشایەتییان لە ئێراندا شڵەقاند.

لە هەمان کاتدا، لە بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر ١٩٧٥ (١٣٥٣ی هەتاوی) کە لە نێوان شای ئێران و سەدام حوسێندا ئیمزا کرا، دەبینین و دەخوێنینەوە کە باس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دەکرێ؛ کە دەوڵەتی ئەوکاتی عێراق لەبەرانبەر ئەوەدا کە ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران ڕێگا لە تێکۆشەرانی کوردستانی عێراق دەگرێ، ئەویش لەسەریەتی ڕێگری بکا لە کار و تێکۆشانی خەباتکارانی کوردستانی ئێران. بەڵام ئەو ڕێککەوتننامەیە بەهۆی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە تەمەنی ئەوەندە کەم بوو کە هیچ کام لەو دوو ڕێژیمە نەیانتوانی ڕێژەیەکی کەم لە بەند و بڕگەکانی جێبەجێ بکەن، و لە هەر دوو پارچەی کوردستاندا جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد بە هێز و وزەیەکی گەورەترەوە، بە ئاشکرا گۆڕەپانی خەباتی بەدەستەوە گرتەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە ماوەی ئەو ٤٧ ساڵەدا، هەرچی لە دەست و توانایدا بووە بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد بە دڕندانەترین شێوە بەرامبەر بە تێکۆشەرانی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات ئەنجامی داوە، و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی چڕ کردووەتەوە کە بە هەر نرخێک بێ، حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێک داببڕێ و لە هەلی جۆراوجۆر کەڵکی وەرگرتووە بۆ زەربەلێدان لە تێکۆشەرانی جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە زیاتر لە چل ساڵە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە گوێی خەڵکی ئێراندا دەخوێنن کە کوردستان ئارامە و حیزبەکان تارومار کراون، بەڵام حەرەکەت و جموجۆڵی شوناسخوازیی خەڵک و پێگەی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا، دروست پێچەوانەی بۆچوون و پڕوپاگەندەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەسەلمێنن. گرتن و زیندانی و ئیعدامی لاوەکان، مانگرتنە سەرانسەرییەکان لە کوردستان، ڕاپەڕینی ژینا، بە دەیان جار هێرشی ئاسمانی بە فڕۆکە و مووشەکی بالیستیک و درۆنی خۆکوژ بۆ سەر بنکە و شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەموویان نیشانەی زیندووبوونی جووڵانەوەی شوناسخوازی و مافویستیی گەلی کوردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی شوناسخوازی و مافویستیی گەلی کورد لەو پارچەیە لە کوردستان دەکەن و پێگەی جەماوەریی بەربڵاویان لەنێو خەڵکی کوردستاندا هەیە، سەرەڕای شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و لەرزۆکبوونی

جۆزەردانی ٢٧٢٦

پایە و بناغەکانی، بەو حاڵەشەوە بە هەموو تواناکانی ئێستای لە هێرشکردن بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕانەوەستاوە و تەنانەت دوژمنکارییەکەی دەرحەق بە گەلی کورد و حیزبەکانی، چی وا کەمتر نییە لە ڕادەی ئەو دوژمنکارییانەی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکادا هەیەتی.

بێجگە لە کرداری نیزامی کە بە مووشەک و درۆنی خۆکوژ بۆ سەر کەمپەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی حیزبەکان لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا کردوویەتی و ئێستاش بەردەوامە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵیان ئەوەیە کە ڕێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان دەوڵەتی عێراق و کۆماری ئیسلامی، کە ساڵی ١٤٠٢ بە ناوی پاراستنی ئەمنییەتی سنوورەکان بەسترا، ئەو ڕێککەوتننامەیە زیندوو بکەنەوە و بە قسەی خۆیان دارولەلەی زیاتر و قایمتر لەو ڕێککەوتننامەیەدا دژ بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنێن. بەڵام خۆیان لە ئاستی ئەو بابەتەدا گێل دەکەن کە ئەوە خودی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوون کە هەموو بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیەیان بە هێرشکردنە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشێل کردووە؛ کە پێشێلکردنی ئەو ڕێککەوتننامە بەناو ئەمنییەتییە دەتوانێ نیشانەی ترسی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بێ لە جێگە و پێگەی جەماوەریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە شەڕ و شۆڕ و بۆمباران و بەستنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ناتوانی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی نەتەوەیەک لەنێو ببات؛ ڕەنگە بۆ ماوەیەکی زەمەنی سەرکەوتن وەدوا بخات، بەڵام لە ئاکامدا سەرکەوتن بۆ گەلی کورد و خەباتکارانی پرسە نەتەوایەتییەکانە و شکست و نەمان بۆ دەسەڵاتدارانی پاوانخوازە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مێژووی دوورودرێژی خەباتکارانەی خۆیدا بێگومان لە کەموکوڕی بێبەری نییە، بەڵام لە ڕۆژی دامەزرانیەوە هەتا ئێستای لەگەڵدا بێ، هەوڵی داوە خوێندنەوەیەکی دروست و واقیعبینانە لە ڕووداوەکان بکات و قازانج و بەرژەوەندیی درێژخایەنی نەتەوەیی لە گرەوی سەرکەوتنێکی کاتیدا دانەنێت؛ و هەر ئەوەش وای کردووە سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتە جەرگبڕ و خوێناوییانەی بەسەری هاتووە، دوای هەشتا ساڵ ئێستاش بە گوڕوتینەوە لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانێدا بۆ وەدەستهێنانەوەی مافەکانی گەلی کورد لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تاران لە شەڕ و ململانێدا بێت.
لە بارودۆخی ئێستادا، بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوەی پێویستە خۆڕاگری و ئیرادە و باوەڕمەندبوون بە سەرکەوتنە؛ چونکە ئەو قۆناغەش کۆتایی دێت و سەرکەوتوو ئەو لایەنەیە کە خاوەنی ئیرادەیە و پشتئەستوورە بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان.

١٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# حەسەن شەرەفی: کوردستان مەکۆی هەستان و بەرەنگارییە



وتوویژ: شەهرام سوبحانی

## ئاماژە:

لە کاتێکی زۆر هەستیاردا کە ناوچەکە لەبەردەم وەرچەرخانی گەورەدایە، کاک حەسەن شەرەفی بە دیدێکی قووڵەوە، کایە نوێیەکانی وتوویژ و گرژییەکانی نێوان واشینگتۆن و تاران دەخوێنێتەوە و هاوکێشە ئاڵۆزەکانی ناوچەکە شی دەکاتەوە. ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات بە ڕوونی سنوورێک لە نێوان "خەباتی گشتی بۆ دێموکراسی" و "ژانی مان و نەمانی نەتەوەیی کورد" دەکێشێت. ئەو جەخت دەکاتەوە کە کوردستان پاشکۆی بێدەنگی گۆڕانکارییەکانی ناوەند نییە، بەڵکوو خۆی بزوێنەر و ئاراستەکەرێکی سەرەکییە. وتەکانی ئەو پەیامێکی ڕوونن: لە کاتێکدا جیهان چاوی لەسەر تاقیکردنەوەی ڕێککەوتنە لەرزۆکەکانە، کورد لەپێناو هیچ هاوکێشەیەکدا لە مافی دیاریکردنی چارەنووس پاشەکشە ناکات.

**شەهرام سوبحانی: کاک حەسەن، بە بڕوای ئێوە ئامانجی کۆتایی ئەمریکا لەم قۆناغەدا چییە؛ گۆڕینی ڕێژیمی ئێران، یان تەنیا کورتکردنەوەی دەستی تاران و قبووڵکردنی ئێرانێکی بێ دەسەڵات؟**

**حەسەن شەرەفی**: لە سەرەتاوە، ئامانجی سەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا - بە تایبەت ئیدارەی دۆناڵد ترامپ - ڕێگریکردن بوو لە دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە چەکی ئەتۆمی و بەرتەسککردنەوەی چالاکییە ناوکییەکانی ئەو وڵاتە. هاوکات، دابینکردنی ئەمنییەتی ئیسرائیل و دوورخستنەوەی لە هەڕەشە و پلانەکانی تاران، لە پاڵ کەمکردنەوەی مەترسیی گروپە چەکدارە پرۆکسییەکانی (نیابەتی) سەر بە ئێران، تەوەری بنەڕەتیی ئەو ستراتیژیەتە بوون.

بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی شەڕ و پێشهاتەکانی دوای ئەو قۆناغە، هاوکێشەکانی گۆڕی؛ کاتێک کۆماری ئیسلامی پەنای بردە بەر هێزی پێگەی جوگرافیی خۆی و لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردن و گرتنی گەرووی هورمزەوە، کاریگەرییەکی نەرێنیی قورسی لەسەر هاتوچۆی کەشتییە بازرگانییەکان و نەوتهەڵگرەکان دروست کرد. ئەم کارە بازاڕی جیهانیی نەوتی تووشی شڵەژان و شۆکێکی گەورە کرد، بە جۆرێک کە پرسی کردنەوە و دەستەبەرکردنی ئاسایشی گەرووی هۆرمۆز، بووە یەکێک لە کارە لەپێشینە و گرنگەکانی لایەنی نێودەوڵەتی و ئەمریکا. لەم سۆنگەیەوە دیارە کە ترامپ هەر لە سەرەتاوە بەرنامەیەکی ڕوونی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی نەبووە؛ یان ئەوەتا پلانێکی دروست و کاریگەری بۆ ئەو مەبەستە دانەڕشتبوو، یاخۆ هاوسەنگی و هاوکێشەکانی بە دروستی هەڵنەسەنگاندبوو. لە ئێستادا، پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە: ئایا ئەو ئاگربەستەی هاتووەتە ئاراوە، دەبێتە دەرفەتێک بۆ سازان و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ، یاخۆ تەنیا هێوربوونەوەیەکی کاتییە و زەمینە بۆ هەڵگیرسانەوەی خولێکی تری شەڕ و پێکدادان خۆش دەکات.

**شەهرام سوبحانی**: پاشهاتەکانی ئەم شەڕ و وتووێژە ناوچەییانە بۆ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات، زیاتر هەڕەشەیەکی ستراتیژییە یان دەرفەتێکی مێژوویی؟

**حەسەن شەرەفی**: کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نە لە هەڵگیرسانی ئەم شەڕەدا خاوەن بڕیار و دەورگێڕ بووە، نە لەم ئاگربەست و ڕێککەوتنە کاتییەی کە باس دەکرێت و هێشتا بەفەرمی ڕانەگەیەندراوە، پشکی هەبووە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، ئەم وەرچەرخانە لە ناوچەکەدا ڕووداوێکی گرنگ و کاریگەرە لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ جا چ بە بەردەوامیی شەڕ بێت یان بەم ڕێککەوتنە لەرزۆکە. هۆکاری وەسفکردنی ئەم ڕێککەوتنە بە لەرزۆک و دەڵەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچ کام لە لایەنە ناکۆکەکان لەم قۆناغەدا نەگەیشتوونەتە ئەو ئامانجە ستراتیژییانەی کە شەڕەکەیان لەپێناودا بەرپا کرد. لەبەر ئەوەی ڕەگی کێشەکان وەک خۆیان ماونەتەوە، هیچ ڕێککەوتنێک ناتوانێت هەمیشەیی و جێگیر بێت. پرسیارە بنەڕەتییەکە لێرەدا ئەوەیە: لە ناو جەرگەی ئەم ئاڵۆزی و ناوچە پڕشێوییەدا، کورد چۆن دەتوانێت لێزانانە هەنگاو بەرەو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی بنێت؟ لەم قۆناغەدا ناتوانرێت بە بڕبڕایی و بە شێوەیەکی پێشوەختە حوکم بدرێت کە ئەم دۆخە دەرفەتێکی مێژووییە یان هەڕەشەیەکی ستراتیژی.

**شەهرام سوبحانی:** ئایا چارەسەری پرسی کورد گرێدراوی گۆڕانکارییەکانی تارانە، یان پێویستی بە پڕۆژەیەکی سەربەخۆ و لە دەرەوەی مەرکەز هەیە؟

**حەسەن شەرەفی:** بە شێوەیەکی سروشتی، لەبەر ئەوەی هەمیشە داخوازییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و ئازادییەکانی لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا خراونەتە ڕوو، بێگومان هەر جۆرە گۆڕانکاری و وەرچەرخانێک لە دەسەڵاتی مەرکەزیدا، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی (ئەرێنی یان نەرێنی) لەسەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت. بەڵام ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر کە بۆ هەمووان ڕوونە، ئەوەیە کە کوردستان خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە شانازییە لە خەبات و خۆڕاگری دژ بە ستەم، ملهوڕی و پێشێلکاریی مافەکان. ئەم پێگەیەش پشتئەستوورە بە بوونی حیزب و لایەنە سیاسییە دێرین و بەئەزموونەکانی. ڕەنگدانەوەی ئەم مێژووەش لەوەدا دەردەکەوێت کە دیارترین و کاریگەرترین سەرهەڵدانەکانی ئەم دواییانە لە کوردستانەوە چەکەرەیان کرد و تەنانەت کایە سیاسییەکانی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشیان هێنایە بزووتن. هەر ئەمەش وای کردووە کە لە کاتی هەر گۆڕانکارییەکدا، چاوی چاوەڕوانیی بەشەکانی دیکەی ئێران لەسەر کوردستان بێت.

تایبەتمەندییەکی تری کوردستان ئەوەیە کە سەرەڕای فرەیی حیزبی و سیاسی، لە پرسە چارەنووسسازەکاندا یەکدەنگ و یەکگرتووە؛ کەشوهەوای کۆمەڵایەتیی کوردستان تەواو لەژێر کاریگەریی فەرهەنگێکی سیاسی و حیزبیی پێگەیشتوودایە، ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی کوردستانە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران. کەواتە، هێندەی کە مەرکەز کاریگەریی لەسەر داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت، بەهەمان پێوەر و بگرە زیاتریش، کوردستان خاوەن هێزی کاریگەری و ئاراستەکردنە بەسەر مەرکەز و تەواوی جوگرافیای ئێراندا.

**شەهرام سوبحانی:** ئێوە چۆن کێشەی کورد - وەک پرسێکی نەتەوەیی- لە کێشەی ناوەندی فارسی کە تەنیا لە چوارچێوەی دێموکراسی و بژێویدا دەیبینن جیا دەکەنەوە؟

**حەسەن شەرەفی:** ئاشکرایە کە بۆ ئەو بەشە لە هاونیشتمانیانی ئێران کە وەک نەتەوەی باڵادەست و خاوەن دەسەڵات دەردەکەون، کێشەی سەرەکی بریتییە لە: چۆنیەتیی گوزەران، دابینبوونی دێموکراسی و مافە مەدەنییەکان؛ چونکە لە ئێستادا نە دێموکراسییان بۆ فەراهەم کراوە و نە باری ئابووری و بژێوی ژیانیان جێگای ڕەزامەندییە. لەم ڕوانگەیەوە، خواست بۆ دێموکراسی و باشترکردنی بژێوی، خاڵی هاوبەشی زۆربەی هەرە زۆری گەلانی ئێرانە. بەڵام کاتێک پرسی نەتەوەکانی دیکەی ئێران دێتە ئاراوە، هاوکێشەکە ڕەهەندێکی قووڵتر بەخۆوە دەگرێت. بۆ ئەم نەتەوانە، جیا لە دێموکراسی و بژێوی ژیان کە خەمی گشتییە، کێشەیەکی بنەڕەتیی دیکە هەیە کە بریتییە لە: مافی نەتەوایەتی. ئەوان

تەنیا بەدەست نەبوونی دێموکراسی و گرانیی ژیانەوە نانالێنن، بەڵکوو ئازارێکی جەرگبڕتر و قووڵتریان لەسەر شانە کە پەیوەستە بە شوناس و بوونیانەوە؛ بە جۆرێک کە ناسنامەی نەتەوەییان لێ سەندراوەتەوە، زمانی دایکیان لێ قەدەغە کراوە، سامانی نیشتمانیی خاکەکەیان بەتاڵان دەبرێت و تووشی جۆرێک لە هەڵاواردن و جیاکاریی سیستەماتیک بوونەتەوە کە تەنانەت لەسەر خاکی خۆشیان وەک بێگانە سەیر دەکرێن. ئەم ژانە، ژانی مان و نەمانە؛ ژانی بەدەستهێنانەوەی ماف، شوناس و سەلماندنی بوونە. بۆیە بۆ گەلی کورد، خەبات لە پێناو سڕینەوەی ئەم ستەم و هەڵاواردنە نەتەوایەتییەیە، بێ ئەوەی بۆ ساتێکیش لە خەبات بۆ ئازادی، دێموکراسی و دابینکردنی بژێوییەکی مرۆیی و سەردەمیانە غافڵ بێت. هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناسنامەیە، زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و پاراستنی زمان و کولتوور، ڕێک ئەو جیاوازی و کەلێنە سەرەکییەیە کە پرسی کورد و نەتەوە چەوساوەکانی دیکە، لە کێشەی نەتەوەی باڵادەستی ئێران جیا دەکاتەوە.

**شەهرام سوبحانی: حیزبی دێموکرات هەمیشە داوای "فیدراڵیزم" دەکەن، بەڵام ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو پیشانی دا کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی تەنانەت فیدراڵیزمیشی پێ قبووڵ ناکرێت؛ کاتێک ئەوان هێڵی سوور لەسەر ئەم داوایەتان دادەنێن، ستراتیژی جێگرەوە یان پلانی Bی ئێوە چییە؟**

**حەسەن شەرەفی:** لە زۆربەی بەڵگەنامە فەرمییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشێک لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستاندا، جەخت لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس کراوەتەوە؛ لەم چوارچێوەیەشدا، فیدراڵیزم لەسەر بنەمای نەتەوەیی، جوگرافی و مێژوویی، وەک گونجاوترین ڕێگاچارە بۆ دابینکردنی مافە ڕەواکانی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران دەستنیشان کراوە. ئەگەرچی لایەن یان پێکهاتەیەک بەهۆی تێڕوانینی پاوانخوازانەی خۆیەوە ئامادە نەبێت دان بەم ڕاستییەدا بنێت، بەڵام گەلی کورد لەبەر خاتری هیچ هێزێک کە حاشا لە بوون و مافەکانی دەکات، لە داخوازییە ڕەواکانی پاشگەز نابێتەوە.

**شەهرام سوبحانی: لەم وەرچەرخانە مێژووییەدا، ئەرکی پێشەنگیی شەقامی کوردی لە نێوخۆدا چییە؛ بەردەوامیدان بە خەباتی مەدەنی، یان ئامادەکاریی جیددی بۆ ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری؟**

**حەسەن شەرەفی:** شەقام هەرچەند هەمیشە، بەڵام بەرچاوتر لە پێشوو ئێستا ئەرکی پێشەنگ بوونی خۆی سەلماندووە. ئەم لەسەر شەقام بوونە هەرگیز دابەش ناکرێ، بەسەر دوو شێوەی بەردەوام بوون لەسەرر خەباتی مەدەنیی یان ڕاپەڕینێکی گشتی وا هەرودو شێوە پیرۆزە و شوێن دانەر لە پێناو ئەو ئامانجانەی کەوا بۆ بەرێوە دەبن.

شەقام، سەرەڕای ئامادەیی هەمیشەیی، لە ئێستادا زیاتر لە هەر کاتێکی پێشوو ڕۆڵی پێشەنگایەتیی خۆی سەلماندووە.



سەرچاوە
Serchawe

جۆزەردانی ٢٧٢٦

ئەم ڕاگرتنی سەنگەر و ئامادەییە بەردەوامەی نێو شەقام، هەرگیز شیکاریی دووفاقە قبوڵ ناکات؛ جا چ لە قاڵبی پشوودرێژیی خەباتی مەدەنییدا بێت، یان لە ڕێگەی ڕاپەڕینێکی سەرانسەرییەوە. هەردوو شێوازی ئەم داکۆکیکردنە، هاوشانی یەک خاوەن پیرۆزیی و کاریگەریی مێژوویی خۆیانن لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجە باڵایانەی کە ڕێڕەوی ئەم بزووتنەوەیەیان بۆ دیاری کراوە.

١٧ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# خڕەجۆ، دەورەی کادر و دەنگی کوردستان





سەید ئەحمەد حوسێنی

لە هەناوی ناوچەیەکی سیاکێو، لە باکووری شاری مەهاباد، دارستانێکی چڕ خۆی لە دۆڵێکی نەدیو حاشار داوە و مەزرای گوندی خڕەجۆ دەوریان داوە.

لە سەر بستووی ئەو دۆڵە کەپرێکی سابات خۆش لە چەشنی هەواری گەورەماڵی مەرداری کوێستان، پەلێکی پێشمەرگەی

هێزی پێشەوای لە ئامێز گرتووە کە ئەرکی پارێزگاری ئەم خولەی پەروەردەی کادریان لەسەر شانە.

دەیان لاوی دڵگەرم و ئازادیخواز لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە هاتوون و بەشداری ئەم دەورەیەن. ئەوان لە ئەزموونی سیاسیدا شلک، بەڵام خاون بڕوان. دارەدارەی خەبات و بەگژداچوونەوە دەکەن بۆ ئەوەی پێ بگەن و پاشان ببنە سەفیری کوردایەتی و پێشمەرگەی نیشتمان. هاژەی شنەبا و خوڕەی ئاوی لە سەرچاوەوە بەرەو ئەستێر ڕێگرتوو و جریوەی مەل و خشەی سەمای گەڵای دارەکان تێکەڵ بەیەک دەبن و کشێکی سازگار و دڵگیر پێکدێنن.

یەک لە ماموستاکانی ئەم دەورەیە کە هەموو جووڵە و هەنگاوێکی، باوەڕبەخۆبوونی لێ دەبارێ، لە کەپری پێشمەرگەکانەوە بەرەو دەشتۆکەی خۆشکراو بۆ شوینی یانەکان دێتە خوار.

مامۆستا، شیرین بزە، کەواپاتۆڵێکی پیشمەرگانە لەبەر، "ڕادیۆ"یەکی پێنج مەوج و جانتایەکی بچووکی دەستی بەدەستەوە، دەمانچەیەکی هێمانوێن بە کەلەکەی چەپیەوە، زەردەخەنەیەکی کارتێکەر لەسەر لێوان، بە ویقار و هەیبەتێکی چیایی و پێشەنگایەتییەوە دێتە نێو بەشداران بۆ گوتنەوەی وانەی ئیمرۆ. یەکەم ڕستەی مامۆستا پاش دەسپێکی وانەی ئەمڕۆی "خۆشحاڵم کە جارێکیتر دەگەڕێمەوە سەر پیشەکەی خۆم و وەک مامۆستا لەنێو پۆلدا خۆم دەبینمەوە".

سەرەتای مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٩یە. کەشێکی ترسناک بەسەر کوردستاندا زاڵە، وتووێژ بەکردەوە شکستی هێناوە و شەر لە زۆر شوێنی کوردستاندا دەست پێ کراوەتەوە. فڕۆکە شەڕکەرەکانی کۆماری ئیسلامی و هێرشی پیادە لە زیادبووندایە.

هیوا و ناهومێدی، بەرگری و خۆبەدەستەوەدان، ڕزگاریی و ژێردەستەیی لە بەرانبەر یەکدا وەستاون. ڕێگەیەکی دژوار و چەتوون و تێکۆشانیکی سەخت لە پێشە تا نەتەوەیەکی ژێردەست و شوناس لێونبوو و کەمئەزموون و نایەکگرتوو، بخرێتە سەر ڕێگای ژیانی شایان و بەرەو ڕزگاری.

مامۆستا لە هەمووان زیاتر بارودۆخی کوردستان و دەرکەوتەکانی هێرشی دەسەڵاتی تاران هەست پێ دەکات و نیگەرانە. بەڵام وەسەر خۆی ناهێنی و وەستایانە تێکهەڵکێشیکی سیاسی - ئابووری و میژوویی کۆمەڵگەی کوردستان دەکاتە بەرکوڵی پەیامی نەتەوەبوونی کورد و شوناسی نەتەوەیی. بە ڕاوێژێکی خۆش، دەنگێکی دڵگر و شیکردنەوەیەکی لێزانانە، نێوەرۆکی باسەکان بۆ بەشداران ساکار دەکاتەوە و جار جار بە هێنانەوەی وێنەیەکی گونجاو وردە جەفەنگێکی ماقووڵ، نێوەرۆکی

باسەکەی شیرینتر دەکات.

مامۆستا خاوەنی خەون و پلانی بەرزە و بۆ گەیاندنی ئەندێشە سیاسییەکانی خۆی و ڕزگاریی نەتەوەکەی بە گڕ شاخێکی چڕی بەردینـدا چۆتەوە و دەیەوێت بـۆ تێپەڕین بە نێـو ئەم دەرووە ئەسـتەم و هەڵـدێر و پـڕ ڕێگـر و لەمپەرەدا، دالانـی خۆڕاگریی و خەبات بۆ ڕزگاریی لێ بدات.

***

ئێوارە و سێبەر باڵیان بە سەر دارستانی نێو دۆڵەکە کیشاوە و خۆر لە پشت کێوەبەرزەکاندا خۆی حاشار داوە. وانەی ڕۆژ تەواو بـووە. لە کەشێکی فینکدا مامۆستا و قوتابییەکـان بە دەم حەسـانەوە و بـاس و قسـەی خۆشـەوە، چـاوەڕوانی "دەنگی کوردستانی ئێران"ن کە ماوەی یەکدوو حەوتوویە دامەزراوە.

شمشاڵی کوردی یەکەم تەتەری شەپۆلەکانی دەنگی کوردستانە و پاشان "ڕادیـۆ" بە سەمفونیی پێنجی "گوستاڤ مالەر" - کە ئێستاش نازانم سەلیقە و پێشنیاری کێ بووە- وەک موزیکی پشتی پەیام درێژە بە بەرنامەکانی دەدات.

هاواری "ترۆمپێت"ی دەسپێکی سومفونی مارشی تراژیکی "مالەر" کە لەسەر ئیدەیەکی ئابستراکت داڕێـژراوە و لە تەواویەتـی خۆیدا بەناو کەشی گەشە و بەرەو پێشچووندا زریان ئاسا گڤەی دێت، سێبەر و تـاریکی دەبـڕێ و بەرەو ڕووناکی دەخوشێ و دەبێتە گێڕانەوەیەکی موزیکالی بەهێز و دەگەڵ ئۆرکێستری سروشتی دۆڵەکە تێکەڵ دەبێت. گوزەری هارمۆنیکی "نۆتەکـان" بە گەرووی ئامێرەکاندا سەربەردە و بەسەرهاتی خـالەقی ئەم سەمفونیە گەردوونییە سیحراوییە، ئـاوێتەی سـەربردەی نەتەوەی کوردی پڕ لە هەوراز و نەشیو دەبێت و خۆ بە پەردەی گوێی گوێگر دادەات.

***

سەمفونیی "مارشی مەرگ"، مارشی تراژیکی ژیـان، لە نێوان دراما و تـاریکی لە لایەک و ڕووناکی و شادی لە لایەکیتر، لە ئـارادایە و بەرەو پـێش دەچێـت و دواجـار بە ئامـانج دەگـات و ئەوەش بێگومـان بەشـیکە لە بـاوەڕ و سـتراتژیی مامۆسـتای خولەکە کە دەیەوێت بۆ گەیشتن بە ئامانج ئاوێتەیان بکات.

جۆزەردانی ٢٧٢٦

مامۆستا دەنگێک لە جگەرە "کێنت"ەکەی دەردینێ و چاوێکی ئاخنراو لە هیوا لە بەشدارانی دەورەکە دەکات و بە حورمەتەوە دەڕوانێتە پێشمەرگەکانی پارێزەری شوێنەکە. بزەیەکی پڕ لە شادی بۆ دامەزرانی "دەنگی کوردستانی ئێران" دەبێتە میوانی لێوەکانی و جگەرەکە دادەگیرسێنێ و بە هەموو تواناوە جوانیی کوردستان و دیمەنی پێشمەرگە و دۆڵی "خڕەجۆ" لە ئامێزی دڵ دەگرێت.

"خڕەجۆ"، یەکەم دەورەی پەروەردەی کادری سیاسی و پێشتر پەروەردەی پێشمەرگە، و هەروەها "دەنگی کوردستان" سێ کوچکەی ئامرازی ئەو دالانە بوون کە مامۆستا بۆ گەیشتن بە خۆناسین و ڕزگاری و ئازاد ژیان، ئەرکی ئەندازیارییەکەی گرتبوو ئەستۆ.

***

زیاتر لە یەک دەیە، کوردستان و شاخ و چیا و دۆڵەکانی، دەبنە سەنگەری بەرگری و هێرش و ڕابوون، و بەشدارانی ئەو دەورە و دەورەکانیتری سیاسی - نیزامیی شۆڕش، دەبنە بەڕێوەبەر و بزوێنەری خەباتێکی سەختی بەرگریی نەتەوەیی و دەنگی کوردستانیش دەبێتە زمانحاڵ و دەنگی ڕاستوێژی ئەم خەباتە و هاوڕێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و مامۆستاش دەستێکی لە لووتکەی شاخەوە هاڵاندووە و چاوێکی لە سەنگەری پێشمەرگە بڕیوە و گۆشەی دڵیشی بۆ دیپلۆماسی تەرخان کردوە و لێزانانە ڕەوڕەوەی شۆڕش ڕێبەری دەکات.

١٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# لە بەرپرسیارێتیی مێژووییەوە بۆ نوێبوونەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا





**حەسەن قارەمانی**

پرسی سەرکردایەتی هەمیشە لە ناوەندی مێژووی نەتەوەکاندا بووە؛ بەتایبەت لەو کۆمەڵگەیانەی کە مێژوویەکی درێژە ڕووبەڕووی پەراوێزخستنی سیاسی، تواندنەوەی کلتووری و بەرتەسککردنەوەی مافی چارەی خۆنووسین بوونەتەوە، لێرەدا ڕۆڵی سەرکردایەتی نەتەوەیەک گرنگتر و هەستیارتر دەبێت. بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ــ وەک یەکێک لە گەورەترین پێکهاتە نەتەوەییە بێدەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست - سەرکردایەتی تەنیا لە نوێنەرایەتیکردنێکی سیاسی کورت

نابێتەوە، بەڵکوو ئەرکێکی ستراتیژییە بۆ دارشتنی دیدگایەکی هاوبەشی داهاتوو، بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و فەراهەمکردنی زەمینەی گونجاو بۆ ئاسایش، کەرامەت و بەردەوامیی کلتووری.

دەستەواژەی «سەرکردایەتیی کوردستان ئەرکێکی مێژوویی لەسەر شانە»، هاندەرە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاوکات گوزارشتە لە زیندووکردنەوەی شکۆ و گەڕاندنەوەی شانازییە نەتەوەییەکان؛ ئەم تێڕوانینە لە زۆربەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی جیهانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام لەپشت ئەم چەمکەوە پرسیارێکی قووڵتر سەرهەڵدەدات: سەرکردە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان، چ بەرپرسیارێتییەکی مێژووییان بەرامبەر بە نەتەوەیەک هەیە کە چەندین نەوەیە مافە بنەڕەتییەکانی زەوت کراون؟

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ پاشخانی مێژوویی و سیاسی:

نەتەوەی کورد یەکێک لە نەتەوە هەرە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێدەهێنێت، کە نیشتمانەکەی بە شێوەیەکی سەرەکی لە نێوان چوار دەوڵەتی ئێران، تورکیە، عێراق و سووریەدا دابەش کراوە. لە سەدەی بیستەمدا، چەندین بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بە ئامانجی بەدەستهێنانی مافە کلتووری و سیاسییەکان سەریان هەڵدا؛ لەم نێوەندەشدا دامەزراندنی کۆماری کوردستان وەک وەرچەرخانێکی مێژوویی و هێمایەکی هەرە بەرچاوی هەوڵی بێوچانی ئەم نەتەوەیە بۆ خۆبەڕێوەبەری سەیری دەکرێت.

سەرەڕای قۆناغە جیاوازەکانی گۆڕانکاری، پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی ئێران و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانهەمیشە ئاڵۆز و لێوانلێو لە گرژی بووە. مژارەکانی وەک پاراستنی زمان، ئۆتۆنۆمیی کلتووری، گەشەپێدانی ناوچەیی و نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی سیاسی، هەمیشە لە چەقی داواکارییە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندا بوون.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پاشخانەدا، پرسی سەرکردایەتی گرنگییەکی تایبەت دەگرێتە خۆ؛ چونکە هەر کاتێک کۆمەڵگەیەک هەست بکات ناسنامە و مافە دەستەجەمعییەکانی لەبەردەم مەترسیی مۆنۆپۆڵکردن و سڕینەوەدان، چاوەڕوانییەکی قووڵ و گەورە لە سەرکردە سیاسی و هێما ڕۆشنبیرییەکانی خۆی دەکات بۆ ڕێبەرایەتیکردنی قۆناغەکە.

## ناسنامەی نەتەوەیی و هەستی ئاسایش:

بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چەمکی ئاسایش تەنیا لە ڕەهەندە جەستەیی و فیزیکییەکەیدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو

پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئاسایشی کلتوورییەوە هەیە. کاتێک زمانێک لە سیستمی پەروەردەدا پەراوێز بخرێت، یان دەرفەتەکان بۆ گەشەپێدانی دامەزراوە نیشتمانییەکان بەرتەسک بکرێنەوە، هەستی بێبەشبوونی سیاسی لە لایەن کۆمەڵگەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی دۆخێکی نائارامیی دەستەجەمعی.

لە چوارچێوەیەکی ئاوابیدا، ئەرکی سەرەکیی سەرکردایەتیی بریتییە لە چاندنی تۆوی متمانە لە ناخی خەڵکدا بەرامبەر بە داهاتوو. سەرکردایەتییەکی سەرکەوتوو دەبێت بتوانێت دیدگایەکی ڕوون بخاتە ڕوو، کە تێیدا تاکەکانی کۆمەڵگە هەست بە بەها و دانپێدانانی ڕاستەقینە بکەن.

هەستکردن بە ئاسایش، بەستراوەتەوە بە ئاستی متمانەی کۆمەڵایەتییەوە. لێکۆڵینەوەکانی زانستی سیاسی ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو کۆمەڵگەیانەی خاوەن متمانەیەکی بەرزی نێوخۆیین، لە کاتی قەیرانە سیاسییەکاندا یەکگرتوویی و خۆڕاگریی زیاتر لە خۆیان نیشان دەدەن. بۆ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمە بەو مانایەیە کە سەرکردایەتی دەبێت ببێتە داینەمۆی دامەزراندنی ڕێکخراوەگەلێکی باوەڕپێکراو کە خەڵک متمانەی تەواویان پێیان هەبێت.

## شکۆی نەتەوەیی وەک سەرچاوەیەکی سیاسی:

چەمکی شکۆی نەتەوەیی زۆرجار بە هەڵە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. لە لێکۆڵینەوەکانی ناسیۆنالیزمی مۆدێرندا، شکۆی نەتەوەیی وەک دەربڕینێک بۆ باڵادەستی سەیر ناکرێت، بەڵکوو وەک هەستکردن بە کەرامەتی بەکۆمەڵ پێناسە دەکرێت. چارڵز تایلۆر (فەیلەسووفی کەنەدی) جەخت لەوە دەکاتەوە کە «دانپێدانان» پێویستییەکی بنەڕەتیی مرۆڤە. کاتێک نەتەوەکان هەست دەکەن کلتوور و ناسنامەکەیان پشتگوێ دەخرێت، ئەمە مەترسیی نامۆبوون و بێزاریی سیاسی بونیات دەنێت. بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شکۆی نەتەوەیی لە مێژوودا هەمیشە بەستراوەتەوە بە زمانی کوردی, ئەدەب، هۆنراوە، موزیک، نەورۆز و یادەوەرییە مێژووییەکانی بەرخۆدان و مانەوە.

**بۆ نموونە؛ نەورۆز لە جەژنێکی فەرهەنگیی سادە تێپەڕیوە و بۆ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووەتە هێمایەک بۆ بەردەوامی، خۆڕاگری و شوناسی نەتەوەیی.**

## گەڕاندنەوەی کەرامەتی نەتەوەیی:

پێویستە چەمکی کەرامەتی نەتەوەیی وەک بەهایەکی بەکۆمەڵ لێبکۆڵرێتەوە، نەک تێگەیشتنێکی نەریتیی کۆن. یورگن

هابەرماس (فەیلەسووفی ئەڵمانی) ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان لەسەر بنەمای دانپێدانان و بەشداریی یەکسان لە ژیانی گشتیدا بونیات نراون. کاتێک نەتەوەکان بە شێوازێکی سیستماتیک لە بەشداریی سیاسی یان کلتووری بێبەش دەکرێن، کەرامەتی بەکۆمەڵیان زیانی پێدەگات.

بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەڕاندنەوەی کەرامەتی نەتەوەیی لە چەند ڕەهەندێکدا خۆی دەبینێتەوە؛ لەوانە: بەهێزکردنی پێگەی کلتووری، فراهەمکردنی دەرفەتی خوێندن بە زمانی دایک، زیادکردنی نوێنەرایەتی لە دامەزراوە گشتییەکان، گەشەپێدانی ئابووریی هەرێمی و پاراستنی میراتی ڕۆشنبیری.

## سەرکردایەتیی گۆڕانخواز:

جەیمس ماکگریگۆر بێرنز جیاکاری لە نێوان «سەرکردایەتیی مامەڵەیی» و «سەرکردایەتیی گۆڕانخواز»دا دەکات. سەرکردایەتیی مامەڵەیی تەنیا سەرنج دەخاتە سەر ئامانجە کورتخایەنەکان، بەڵام سەرکردایەتیی گۆڕانخواز ئامانجی گۆڕینی ڕیشەیی کۆمەڵگەیە لە ڕێگەی دیدگا، بەها و کۆکردنەوەی توانای بەکۆمەڵی خەڵکەوە. ئەگەر سەرکردایەتیی کوردستان بیەوێت بەرپرسیارێتیی مێژوویی خۆی بەجێ بگەیەنێت، دەبێ مۆدێلێکی گۆڕانخواز پێڕەو بکات، نەک تەنیا کورت بێتەوە لە کاردانەوەی کاتیدا.

## کۆتایی:

سەرکردایەتیی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لەبەردەم ئەرکێکی مێژووییدایە کە زۆر لە سنووری سیاسەتی نەریتخوازی بەرفراوانترە. بەرپرسیارێتیی ئەوان تەنیا نوێنەرایەتیکردنێکی سادەی نەتەوە نییە، بەڵکوو بەشداریکردنە لە بونیاتنانی ئاسایش، کەرامەت و متمانە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

پێویستە ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییەی دەخرێتە سەر شانی سەرکردایەتیی کوردستان، وەک دەرفەتێک بۆ هاوتەریبکردنی شوناس لەگەڵ گەشەپێدان، کلتوور لەگەڵ دامەزراوەکان و مێژوو لەگەڵ دیدگاکانی داهاتوودا لێی بڕوانرێت. تەنیا بە گرتنەبەری ئەم ستراتیژییەیە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێت ئاسایشی دەستەجەمعیی خۆی پتەوتر بکات و هەلومەرجی پێویست بۆ زیندوویی درێژخایەنی نەتەوەیی فەراهەم بکات.

١٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# ژن و قەیرانی شەڕ






ئاسۆ مینبەری

شەڕ لەگەڵ ئەوەی بە ئاشکرا زۆر لایەنی ژیانی مرۆڤەکان دەکاتە ئامانج و دەیانخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، زۆر جاریش دەتوانێ بەستێنێکیش بۆ پەرەسەندنی دیاردە و خەسارەکانی دیکە لە کۆمەڵگەدا بێت. ئەگەرچی شەڕ لە خودی خۆیدا هەمیشە لەگەڵ ماڵوێرانی و ناسەقامگیری مانا دەکرێتەوە بەڵام، زۆر جاریش ئەم شەڕە دەتوانێ خاڵی دەسپێک بۆ ڕوودانی ڕووداوگەلێک لە پەراوێزەوە بێت کە بە قازانجی کۆمەڵگە و ژیانی مرۆڤایەتی نین.

لەگەڵ دەسپێکی هەر شەڕ و پێکدادانێکی سەختی سەربازیدا، چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانەوە. لێرەدایە کە دیاردەگەلی وەک ژنکوژی و خۆکوژی لەژێر سێبەری شەڕدا دەرفەتی خۆدەرخستن دەدۆزنەوە و خۆ دەنوێنن.

کاتێک کە باس لە شەڕ دەکرێت، ژنان و منداڵان وەک گرینگترین بەشە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە، دەبنە مژاری سەرەکی و باسیان لێ دەکرێت. لە ڕاستیدا یەکێک لەو بابەتانە کە لە کاتی شەڕ و قەیرانەکاندا، بەرۆکی کۆمەڵگە دەگرێت، ئەو توندوتیژییانەن کە بە هەر هۆکارێک پەرە دەستێنن و کۆمەڵگە تووشی کێشەی گەورەتر دەکەن. یەکێک لەو بابەتانەی کە لەژێر سێبەری شەڕدا، سەرهەڵدێنێ و دەبێتە پرس، دیاردەی ژنکوژییە!

ژنکوژی لەژێر سێبەری شەڕدا یەکێک لە قووڵترین و ئازاربەخشترین کێشە کۆمەڵایەتییەکانە، کە تێیدا جەستە و ژیانی ژن دەبێتە گۆڕەپانێکی دیکەی شەڕ و لە کاتی قەیرانەکاندا، بەتایبەت شەڕی چەکداری و ناسەقامگیریی سیاسیدا، توندوتیژیی خێزانی لە حاڵەتێکی پەراوێزخراوەوە دەگۆڕدرێت بۆ دیاردەیەکی پەرەسەندوو.

### هۆکار و ڕەهەندەکانی ئەم پەرەسەندنە دەتوانێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا ببینرێت:

لە کاتی شەڕدا، تەواوی سەرنجی دەسەڵات و دامەزراوە ئەمنییەتییەکان دەچێتە سەر بەرەکانی شەڕ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بێباکییەک لە سزادان سەر هەڵ بدات؛ بکوژەکان هەست دەکەن لەبەر ئەوەی یاسا لاوازە، دەتوانن بەبێ سزا لە تاوانەکانیان ڕزگاریان بێت.

لە لایەکی دیکەوە نائاساییبوونی دۆخەکە دەبێتە هۆی پەککەوتنی دادگاکان و دۆسییەکانی توندوتیژیی خێزانی دەخرێنە کۆتایی لیستی کارەکانەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەمانە، شەڕ فەرهەنگێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت کە تێیدا هێز و توندوتیژی دەبنە نیشانەی پیاوەت. و بڵاوبوونەوەی چەک لەنێو ماڵەکاندا، مەترسیی گۆڕانی دەمەقاڵێیەکی سادە بۆ "ژنکوژی" زۆر زیاتر دەکات.

هەندێ جاریش ئەو پیاوانەی لە بەرەکانی شەڕ دەگەڕێنەوە، تووشی "نەخۆشیی دوای شۆک" (PTSD) دەبن، کە ئەگەر چارەسەر نەکرێت، وەک توندوتیژی بەرامبەر هاوسەر و منداڵەکانیان دەتەقێتەوە.

لە ڕاستیدا شەڕ هەمیشە هەژاری و بێکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بە سەرنجدان بەوەی کە دۆخی شەڕ قەیرانی ئابووریش بەدوای خۆیدا دێنێت، ئەم قەیرانە دەتوانێ وەک بزوێنەری توندوتیژی ببینرێت. ناسەقامگیربوونی دۆخی گشتیی کۆمەڵگە و قورسبوونی باری دارایی خێزانەکان، ئاستی تووڕەیی و نائارامی لەناو ماڵدا زیاد دەکات؛ ژن لەم بارودۆخەدا سەربەخۆیی ئابووری لە دەست دەدات و ناچار دەبێت لەگەڵ بکوژەکەی لە یەک شوێندا بمێنێتەوە، چونکە هیچ شوێنێکی دیکە شک نابات.

لە کاتی شەڕدا، کۆمەڵگە داخراوتر دەبێت و زۆرجار پاراستنی "کەرامەتی خێزان" دەبەسترێتەوە بە کۆنترۆڵکردنی توندی ژنان. ژنکوژی بە پاساوی پاراستنی شەرەف لە کاتی شەڕدا تەنها تاوانێکی خێزانی نییە، بەڵکوو هەوڵێکی نائاگایانە بۆ سەپاندنی دەسەڵات لە دەسپێکێکی نوێدایە کە تێیدا پیاو هەست دەکات کۆنترۆڵی هەموو شتێکی تری لەدەست داوە.


تەشەنەسەندنی ئەم قەیرانە پێویستی بە تێگەیشتن و هەڵگرتنی هەنگاوی کردەیی هەیە. ئەگەرچی ئەوە ئەرکی دەسەڵاتە کە لە کاتە قەیراناوییەکاندا، پێش بە تەشەنەسەندنی پرسی لەم چەشنە بەتایبەت بەرانبەر بە ژنان و منداڵان بگرێت بەڵام، چییەتیی دەسەڵاتی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی ئەم بابەتە ڕەت دەکاتەوە و پێویستە کەسانی شارەزا لە بواری دەروونی و کێشە خێزانییەکان، پشتیوانیی دەروونی لەو کەسانە بکەن کە بە هۆی شەڕەوە ئەگەری زۆرە بەرەوڕووی توندوتیژی ببنەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەرکی ڕاگەیاندن و میدیاکان ئەوەیە کە کار لەسەر ئەو بابەتە بکەن و جەخت بکەنەوە کە قەیرانی سیاسی نابێت ببێتە پاساو بۆ توندوتیژیی خێزانی.

ژنکوژی لە کاتی شەڕدا تەنها پەیوەندی بە تاکەکانەوە نییە، بەڵکوو نیشانەی هەرەسهێنانی بەها مرۆییەکانە لە کۆمەڵگەیەکدا کە بە هۆی شەڕەوە ماندوو بووە و تێک چووە.

پاراستنی ژنان لە کاتی قەیراندا، بەشێکی دانەبڕاوە لە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگەیە و لە کۆمەڵگەیەکدا کە دەسەڵات خۆی و یاساکانی سەرچاوەی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان، ئەرکی ڕێکخراوە مەدەنییەکان زیاتر زەق دەبێتەوە. ئەوان دەتوانن بە وشیارکردنەوەی خەڵک و بەتایبەت تێگەیاندنیان لە دۆخی هەنووکەیی و لێکدانەوەی هەنگاوە نەرێنییەکانی دەسەڵات لەمبارەوە، ڕۆشنگەریی زیاتر بکەن.

١٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# ئاساییکردنەوەی جینایەت لە کوشتنی کۆڵبەرانەوە تا لەسێدارەدانی خۆپێشاندەران





ئازاد مستۆفی

ئەوەی ئەمڕۆ لە خەڵکی ئێراندا دەبینرێت، تەنیا خەمساردی نییە، بەڵکوو پووکانەوە و داڕمانی مێژوویی توانای کرداری بەکۆمەڵە. کۆمەڵگەیەک وا بە بەردەوامی هەواڵی کوشتنی کۆڵبەری کورد و "سووتەمەنیبەری" بەلووچ دەبیستێت و وردە وردە بەرامبەری بەنج دەبێت، ئێستاش لە بەرامبەر سێدارەدانی نارازییانی سیاسیدا تووشی جۆرێک لە "ئیفلیجی کۆمەڵایەتی" بووە.

ئەم دۆخە تەنیا بە چەمکە ئەخلاقییەکانی وەک نامرۆیی یان ترس ڕوون ناکرێتەوە، دیاردەیەکی قووڵی کۆمەڵناسی و سیاسییە. دیاردەی کۆڵبەری و "سووتەمەنیبەری" بەرهەمی گەشەی ناهاوسەنگ و پەراوێزخستنی نەتەوەیی و ئابووری - ئەمنییەتی لە ئێراندا بووە و هەیە. کۆڵبەری دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی "کۆلۆنیالیزمی نێوخۆ" و سیاسەتەکانی گەشەنەکردنە لە کوردستاندا، کە دەوڵەت نەک وەک بەشێک لە نەتەوەیەکی یەکسان، بەڵکوو وەک "پەراوێزی تەناهیی" ئەو هەرێمە بەڕێوەی دەبات کە هەمیشە دەبێت تووشی چەوسانەوەی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە بێت.

بە هەمان شێوە لە دۆخی بەلووچستاندا "سووتەمەنیبەری" بەرهەمی هەژاریی پێکهاتەیی، لەناوبردنی بەئەنقەستی ئابووری، نەبوونی ژێرخانی گەشەپێدراو و ئیمتیازاتی تایبەتی تاران بۆ بیانییەکانە، بەڵام پرسیاری گرنگتر ئەوەیە بۆچی مردنی ئەو کەسە بێتاوانانە لە شارەکانی ناوەندی ئێراندا بووەتە شتێکی ئاسایی؟

حکوومەتی تۆتالیتەر بۆ مانەوە تەنیا پشت بە سەرکوتکردنی جەستەیی نابەستێت، هەروەها دەبێت هەستیاریی ئەخلاقی کۆمەڵگە لەنێو ببات، واتە کۆمەڵگە بگەیەننە ئاستێک کە مردن چیتر شۆک نەبێت. کاتێک ڕۆژانە هەواڵی تەقە و کوشتنی کۆڵبەرێک لە بەفردا یان سووتانی "سوختبەر"ێک لە ئاگردا بڵاو دەبێتەوە و هیچ گۆڕانێکی سیاسی ڕوو نادات، ورده ورده هزری گشتی لەلایەن حکوومەتی تارانەوە بەو ئاراستەیە بەلاڕێدا دەڕوات کە "ئێمە توانای هیچ گۆڕانێکمان نییە."

ئەمە ئەو پرۆسەیەیە کە حکوومەتی پاوانخواز خوازیاریەتی و دەکرێت ناوی بنێین ئاساییکردنەوەی جینایەت و توندوتیژی، لەو حاڵەتەدا توندوتیژی نەک تەنیا قوربانییەکە دەکوژێت، بەڵکوو بینەریش لە دەروونەوە لەنێو دەبات.

کۆمەڵگەی ئێران بەتایبەت لە شارەکانی نێوەڕاست، لە بەناو ڕووناکبیرانەوە بگرە هەتا ئەوانەی دەستیان لە میدیای دەوڵەتی و نیمچە دەوڵەتیدا ئاوەڵەیە، ساڵانێکە پرۆڤەی دیتنی مردنی نەتەوە غەیرە فارسەکان دەکات. کۆڵبەر و "سوختبەر" هەمیشە لە خەیاڵی ناوەندچییەکاندا "ئەوانی تر"ن، نەک خۆیی. ئەم مەودای کۆمەڵایەتییە بووەتە هۆی ئەوەی مردنیان هەل بۆ قەیرانێکی قووڵتر و بەربڵاوتر ئامادە بکات.

دەسەڵاتیش ڕێک سەرمایەگوزاریی لەسەر ئەم بۆشاییە کردووە: ناوەند / پەراوێز، فارس / غەیرە فارس، چینی مامناوەند / هەژار؛ چونکە پاوانخوازی کاتێک بەردەوام دەبێت کە ئازارەکان نەبنە گشتی و کاتێک هەر ناوچە و ئایین و نەتەوە و چینێک خۆی بە هاوسۆزی کەسێکی تر نەزانێت. کاتێک بڕینی دارێک لە شەقامی وەلی عەسری تاراندا زیاتر لە کوشتنی مرۆڤێک لە کوردستان یان بەلووچستاندا سەرنجی زیاتر وەردەگرێت، یاخود داکەوتنی مێزەری ئاخوندێکی شیعە لە تاران و

مەشهەددا، لە زینـدانیکردن و لەسێدارەدانی مەلایەک، فەقێیەک یـا چـالاکێکی مەزهەبیـی سوننە پتـر "علمـدار"ەکان بـۆ "سینەزنی" هان دەدات، لێرەدایە کە مەسەلەکە تەنیا سەرکوتی حکوومەتی نییە، بەڵکوو قەیرانی ئەخلاقی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆشدا دەوروووژێنرێت و دەخرێتە ژێر پرسیارەوە.

کۆمەڵگەیەک کە لە پەراوێزدا بە مەرگی "ئەوی دی" ڕابێت، درهەنگ یا زوو بە مردنی "خۆیی" لە ناوەندیشدا ڕادێت.

ئەمـڕۆ کە هەواڵـی لەسێدارەدانی نـاڕازییەکی سیاسـی بـڵاو دەبێـتەوە و هـیچ کـاردانەوەیەکی کـۆمەڵایەتیی بەرچـاو لە گەورەشـارەکانی نێوەڕاستدا نییە، نابێت مرۆڤ وا بیر بکـاتەوە ئەمە لەناکـاو و لە شەوێکدا ڕووی داوە. ئەمەش بەرهەمـی پرۆسەیەکی درێژخایەنی بێهەستیاریی سیاسییە. ئەو حکوومەتەی کە توانی کوشتنی کۆڵبەر بکـاتە هەواڵـی ڕۆژانە و دواتـر "سوختبەر"یشی پێ زیاد کرد، ئێستا توانیویەتی لەسێدارەدانی خۆپێشاندەران بخاتە نێو ڕیزبەندیی هەواڵە ئاساییەکانەوە. لە زانستی سیاسیدا دەتوانرێت ئەم دۆخە بە جۆرێک لە "ئەتـۆمکردنی کۆمەڵگە" هەژمار بکرێت، واتە "دارمـانی پەیوەنـدیی هاودەنگیی". تاکەکان چیتر خۆیان وەک بەشێک لە چارەنووسێکی هاوبەش نابینن. هەموو کەسێک تەنیا تا سنووری مانەوەی تاکەکەسیی خـۆی پاشەکشە دەکـات. پـاوانخوازی وردە وردە لەمەوە هێـز وەردەگرێت، لە کۆمەڵگەیەکەوە کە چیتـر "ئێمە"ی نییە.

لەم جۆرە هەلـومەرجەدا تەنـانەت دەربڕینـی نـاڕەزایەتیش دەبێتە کردەوەیەکـی تاکەکەسی؛ تـووڕەیی هەیە، بەڵام ڕێکخـراو نیـیە؛ مـاتەمینی هەیە، بەڵام نـابێتە کردەوەیەکـی سیاسـی. کـۆمەڵگە لە نێـوان تـووڕەیی و بێدەسـەڵاتیدا هەڵواسـراو دەمێنێتەوە.

خاڵی تراژیدیتر ئەوەیە کە بەشێک لە چینی مامناوەنـدی ئێران، هەتـا ئەو کـاتەی توندوتیژییەکان ئاراستەی شـارەکانی پەراوێـز و دوورەدەسـتی ئێـران بووبێت، ئەو بابەتەیـان بە کێشەی خۆیـان نەزانیـوە و بەدڵنیـاییەوە پێیـان وا نەبـووە کە دەسەڵاتی سیاسی هەرگیز بەوەوە ناوەستێت. واتە ئەو جینـایەت و توندوتیژیانەی لە سنوورەکاندا دەکرا پـڕۆڤەیەک بـوو و ئێسـتا لە شـار و گەڕەکەکـانی ناوەنـدی ئێرانـدا درێـژەی هەیە. هەمـان فیشـەک کە سـەرەتا بەر کـۆڵبەر دەکەوت، پاشـان خۆپێشاندەری سەر شەقامی کردە ئامانج.

لەم ڕوانگەیەوە، کۆڵبەرەکان و "سوختبەر"ەکان تەنیا قوربانیی هەژاری نەبـوون، ئەوان تـاقیگەی سیاسیی "ئاسـاییکردنەوەی مەرگ" بـوون لە ئێرانـدا. ڕەنـگە تـاڵترین بەش لە چیـرۆکەکەدا ئەوە بێت کە کـۆمەڵگە، پـێش ئەوەی لە ڕووی سیاسـییەوە

شکست بهێنێت، له ڕووی عاتفییەوە پرتووکاوە. کەسانێک کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی شەپۆلی هەواڵی سەرکوتکردن، لەسێدارەدان، هەژاری و زەلیلبوون دەبنەوە، وردە وردە تووشی جۆرێک لە "ماندوێتیی ئەخلاقی" دەبن.

لەم دۆخەدا بۆ پاراستنی ڕۆح و دەروون، مرۆڤ ناچارە خۆی دوور بخاتەوە یاخود بێهەست بێت و وا بنوێنێت هیچی نەدیتووە. ئەمە تەنیا ترس نییە، جۆرێکە لە میکانیزمی مانەوە؛ و ئەم میکانیزمەی مانەوە، لە ئاستێکی گشتیدا دەبێتە هۆی مەرگی سیاسەت؛ چونکە سیاسەت لەوەوە دەست پێدەکات کە مرۆڤ ئازاری کەسێکی دیکە بە ئازاری خۆی دەزانێت.

کاتێک کۆمەڵگە ناتوانێت پەیوەندییەک لە نێوان مردنی کۆڵبەرێک، لەسێدارەدانی ناڕازییەکی دەسەڵات، هەژاریی کرێکارێک و سەرکوتکردنی ژنێکی مافخوازدا دروست بکات، ڕێژیمی تۆتالیتەر نەک تەنیا لە شەقام، بەڵکوو لە مێشکدا بە ئامانجی خۆی گەیشتووە. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە کێشەی سەرەکی لە ئێرانی ئەمڕۆدا تەنیا سەرکوتی حکوومەتی نییە، قەیرانی دارمانی هاوپشتیی کۆمەڵایەتییە؛ و هەتا ئەو کاتەی کە "ئەوی دی دوورەدەست" جارێکی تر ببێتە "بەشێک لە ئێمە"، کۆمەڵگە لە دۆخی پاسیڤییەت و تەماشاکردندا دەمێنێتەوە.

بێگومان جێی خۆیەتی ڕۆڵی نەرێنیی میدیای دەوڵەتی یان ئەوانەی هاوتەریبن لەگەڵ سیاسەتی ڕاسترەودا لە دروستکردنی ئەم پاسیڤییەت و نەبوونی ڕۆڵی جەماوەردا، بەوردی بۆی بڕوانرێت و لەبەرچاو بگیرێت.

١٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# ڕوانگەی دونیای عەرەب لەمەڕ جەنگ دژی ئێران




زەینەب ڕیبوا

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

ڕوومـاڵکردنی ڕۆژاوایـی لە ئۆپەراسیۆنی تـووڕەیی ئەفسـانەیی، نـزیکەی بە تەواوی بەگـوێرەی مەرجەکـانی ئێـران جێبەجـێ دەکرێت. چوارچێـوەی زاڵ بەسـەر لێـدوانەکانی ئورووپـایی و ئەمریکاییـدا، کۆمـاری ئیسلامی وەک لایەنێکی نـاڕازیی خـاوەن گوتـاری "مقـاومەت" وێنـا دەکەن و گفتوگۆکـان لە میـدیا ئاسـاییەکان و لە پلاتفۆرمەکـانی سۆشـیال میـدیادا بە شـێوەیەکی بەربڵاو لە دەوری بانگەشەکانی ئێران، لەمەڕ خۆڕاگریی ئێران و ئەوەی ئێران دەوێرێت هەڕەشەی لێ بکات، ڕێکخراون.

ئەم چوارچێوەیە کەلێنێکی زەبەلاح لە وێنەکەدا بەجێ دەهێڵێت و کەلێنەکە دونیای عەرەبە؛ شارستانییەتێک کە چل ساڵی ڕابردووی بە سەیرکردنی بنکۆڵکرانی بناغە دامەزراوەیی، ئـایینی و کولتوورییەکـانی خۆی لەلایەن ئێـرانەوە تێپەڕ کردووە. بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بەڕاستی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕوو دەدات، چـاودێریکی ڕۆژاوایـی پێویسـتە هاوکـات سێ تەوەر لەبەرچاو بگرێت، پێکهاتەی گفتوگۆی سیاسیی ڕۆژاوایـیش ئەگەر نەڵێین لە هێنـدێک دۆخدا نـاومکین، لانـی کەم ئەم کـارە فرە دەژوار دەکات.

**سێ شت کە ڕۆژاوا ناتوانێ ببینێت:**

**یەکەمیان؛** پەیوەندیی عەرەب لەگەڵ ئێرانە. لە دەلاقەی بروکسێل یان لەندەنەوە، ئێران خۆی وەک جووڵانەوەیەکی بەرگریکارانەی ناڕازی دژی هێژموونیی ئەمریکایی و داگیرکاریی ئیسرائیلی پێناسە دەکات و ئەم وێناکردنە بێ گیروگرفت لە چوارچێوەی دژە کۆلۆنیالیی ڕۆژاواییدا جێگای دەبێتەوە. ئەوەی لەگەڵیدا یەک ناگرێتەوە، ئەزموونی دانیشتووانی عەرەبی لوبنان، عێراق، یەمەن، بەحرەین، سووریە و سەرانسەری کەنداوە. لەم وڵاتانەدا، بوونی ئێران بە مانای حیزبوڵڵایەکە کە دەوڵەتی لوبنانی کردووەتە بارمتەی بڕیارەکانی تاران، سی و پێنج لقی چەکدار لە عێراقە بە مووچە و پشتگیریی دارایی ئێران کە لەلایەن خەزێنەی نەتەوەیی عێراقەوە دابین دەکرێت، و فەرماندەکانی حوسیی یەمەنن کە وەڵامدەری سپای پاسدارانی ئێرانن لە کاتێکدا کە تەقە لە عەرەبی مەدەنی لەسەر خاکی یەمەن دەکەن. چاودێرانی عەرەب بەو شتەی ئێران لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، ناڵێن ئازادی.

لە ڕاستیدا، مشتوومڕی عەرەبەکان لەگەڵ ئێران گەلێک لە بوونی بنکەی ئەمریکایی یان هێرشی ئیسرائیلی قووڵترە. پاڵنەری ئەم مشتوومڕە، ژێرپێنانی سیستەماتیکی سەربەخۆیی عەرەب لەلایەن دەسەڵاتێکی بیانییەوەیە کە باس لە یەکگرتوویشی ئیسلامی دەکات تا پرۆژە ئیمپریالیستییەکەی، کە لەلایەن بەکرێگیراوانییەوە جێبەجێ دەکرێت، بشارێتەوە.

**دووهەم تەوەر؛** پرسی خودی بەکرێگیراوەکانە، واتە پرسێک کە زۆربەی لێکۆڵەرانی ڕۆژاوایی لە دیتنیدا بە تەواوی شکستیان هێناوە. پشتگیریی ئێران گەلێک لە پشتیوانیکردنی تاقمە چەکدارەکان بەولاوەترە. پێکهاتەی دەوڵەتی هاوتەریب لەنێو وڵاتانی عەرەبییدا چێ دەکرێت، سیستەمەکانی دارایی گیرۆدەی گەندەڵی دەکرێن و کەسایەتیی سیاسیی ئەوتۆ دادەنرێن کە گشت هەبوونی ئەوان قەرزباری تارانە.

ئەم ئێرانییانەی بەڕێوەبەری ئەم پرۆژەیە بوون، ئەم کارە وەک هەناردەکردنی شۆڕش سەیر دەکەن، بەڵام ئەوەی دانیشتووانی عەرەب ئەزموونیان کردووە، زۆرتر وەک داگیرکاریی کۆلۆنیالیستیی جێبەجێکراو لەلایەن بریکارانەوەیە و لە ئێستادا، ئەوان تازیەباری کۆماری ئیسلامی نین. کاتێک ڕۆژاواییەکان لەگەڵ ئەم ڕایەڵەی بەکرێگیراوانە وەک ئامرازی بەرخۆدانی ڕەوا، نەک وەک میکانیزمی پێملکردن هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوان پشتگیری لە پرۆژەیەکی ئیمپریالیستی دەکەن، لە کاتێکدا خۆیان بە دژبەری دیاردەیەکی ئەوتۆ دەزانن و لە ڕاستیدا خۆیان دەکەن بە هێزی ڕەوابیدەری جەنگی ئێران دژی دنیای عەرەب.

**سێهەم تەوەر؛** کە بۆ بەردەنگی ڕۆژاوایی لە هەموویان نائەقڵانیتر و گرینگترینە، چۆنیەتیی تێگەیشتنی دروست یان هەڵەیە لەم جەنگەی ئێستادا. بۆ نەتەوەپەرستانی عەرەب، لە ناویاندا نەتەوەپەرستە سێکولارەکان و تەنانەت ئەوانەی گومانی قووڵیان لەمەڕ سیاسەتەکانی ئیسرائیل هەیە، لە بەراورد لەگەڵ هەڕەشەی ئیسرائیل، ئێران بە هەڕەشەیەکی مەزنتر و فرە دەستبەجێتر دەزانن.

ئەمە هەڵوێستێکە کە میدیای ڕۆژاوایی لە بنەڕەتدا توانایی لێتێگەیشتنی نییە، چونکە گوتاری ڕۆژاوایی لەمەڕ خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەیان ساڵە لە دەوری کێشەی ئیسرائیل - فەلەستین، وەک تەوەری سەرەکیی ناداد‌پەروەریی ناوچەیی، ڕێکخراوە. ئاکامەکەی ئەمەیە کە کاتێک دەوڵەتانی ڕۆژاوایی و بیروڕای گشتیی ڕۆژاوا هەڵوێستی بەهێز دژی هێرشەکانی ئیسرائیل بەرانبەر ئێران دەگرن، پێیان وایە پشتگیری لە دونیای عەرەب دەکەن. لە ڕاستیدا، ئەوان هەڵوێستێک دەگرن کە دونیای عەرەب هاوڕای نییە و داواشی نەکردووە، لە کاتێکدا ئەو هەڕەشەیە پاشگوێ دەخەن کە دەوڵەتانی عەرەب و دانیشتووە عەرەبەکان ژیانی لەگەڵدا تێپەڕ دەکەن.

ئەو ڕەوانبێژییەی کە ئیسرائیل بیانووی بەردەوامی شەڕانگێزیی ئێرانە، یەکێک لە ئامرازە هەرە کاریگەرەکانی کۆماری ئیسلامییە و بیروڕای ڕۆژاوایی وەک بەهێزکەرەوەی بێئاگای ئەم ئامرازە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تا ئێستا بووە.

## ئەم جەنگەی دونیای عەرەب تەماشاوانیەتی

ئەمەی ئەم چرکەساتە گرینگ دەکات ئەمەیە کە ئۆپەراسیۆنی تووڕەیی ئەفسانەیی، لێکدانەوەیەکی خێراتر کرد کە پێشتر دەستی پێکردبوو. دونیای عەرەب بینەری لێکهەڵوەشاندنەوەی ڕایەڵەیەکی بەکرێگیراوانەیە کە ئێران دەیان ساڵی بۆ دروستکردنی تەرخان کرد و ئێستا ڕووبەڕووی کاردانەوەکانی ئەم پرۆسەیە لەسەر داهاتووی سیاسیی خۆی بووەتەوە.

**یەکەم شت:** کە لەمەوە دەرکەوتووە، پێشاندانی تواناییەکی ئەوتۆیە کە هیچ کەس پێشبینی نەکردبوو. وڵاتانی کەنداو کە خۆیان لە بەرانبەرهەزاران هاژەک و درۆندا ڕاگرت، لە کاتێکدا ژیانی ئاسایی شارۆمەندانیان و هێمنی سیاسییان پاراست، ئەمە دەرخەری سەقامگیرییەکی سەربازی بوو کە ڕووبەڕووی بەکەمگرتنی دەیان ساڵە لەلایەن شرۆڤەکارانی ڕۆژاوایی و عەرەبی نەتەوەپەرستەوە ببووەوە و ئەوان گوتبوویان شتێکی ئەوتۆ نامومکینە.

**دووهەمیان:** ئەمەیە کە ناوچەکە لە چرکەساتی وەرچەرخانی ڕاستەقینەدایە؛ یەکێک کە تێیدا لێکهەڵوەشاندنەوەی

جۆزەردانی ٢٧٢٦

ڕایەڵەی بەکرێگیراوانی ئێران، بۆ یەکەم جار لە چەند نەوەدا دەرفەتێکی ڕاستەقینە بۆ وڵاتانی عەرەب دەستەبەر دەکات کە بۆخۆیان بەڕێوەبەری خۆیان بن، بێ دەستێوەردانی دەرەکی.

چاودێرانی ڕۆژاوایی کە بە چاویلکەی هەژمارەکانی سۆشیال میدیای ئێرانی بەدواداچوونیان بۆ ئەم جەنگە کردووە، شانۆیەکی پلان بۆداڕێژراوی تەواویان بینیوە. دنیای عەرەب تەماشاوانی شتێکی بە تەواوی جیاواز بووە؛ یەکەم ئاڵنگاریی جیددی بۆ ئایدیۆلۆژیایەک کە قەت بە شێوەیەکی دێموکراتیک پێڕەو نەکرا، قەت باوەشی بۆ نەکراوە و بە توندوتیژی و ناچارکردن لە سەرەتای دامەزرانییەوە سەپێندرا.

وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل، کە ماوەیەکی دوورودرێژە وەک دوو دایناموی سەرکوتی ناوچەیی خراونەتە ناو کولتووری سیاسیی عەرەبەوە، خەریکە لەلایەن ڕێژەیەکی بەرچاو لە بیروڕای گشتیی عەرەبییەوە وەک ڕزگاریدەر سەیر دەکرێن؛ نە بە زمانی پێزانینەوە کە شکۆی عەرەبی ئیزنی ئەم کارە نادات، بەڵام بە زمانی هەستی سووکبوونی بارێکی گران.

لەم ڕوانگەیەوە، دوو وتوویژ بەتایبەت ئەم وەرچەرخانە ئاشکرا دەکەن: یەکیان لەگەڵ نووسەرێکی میسری و ئەوی دیکەیان لەلایەن ئەندامێکی پەرلەمانی عێراقەوە بوون، هەردووکیان لە کەناڵێکی عەرەبیی سەر بە عەرەبستانی سعوودی بڵاو بوونەوە کە بە ڕاستوێژییەکی ئەوتۆ بوو کە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژاوایی زۆر بە دەگمەن بەرهەمی دێنن و بڵاوی دەکەنەوە. هەر کامیان، بە شێوازی تایبەتی خۆیان، هەمان شت دەڵێن: ئێران دوژمنەکەیە.

هیوادارم خوێندنەوەی ئەم وتووێژانە، تامی گفتوگۆی ڕاستەقینەی ناو دونیای عەرەب بە چاودێرانی جیددیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ببەخشێت، کە بە عەرەبی، بە گوێرەی مەرجەکانی عەرەب و نزیکەی بە تەواوی بێبەری لە ڕوانگەی ڕۆژاوایی بەڕێوە چوون.

٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# کورد و کوردستان لە دەقە ئاینییەکانی یارساندا






سارۆ خوسرەوی

(بەشی یەکەم؛ سەرهەڵدانی ئایینی یاری، کۆچ و گوشار بۆ سەر یارییەکان)

## دەسپێک:

کاتێک باس لە چەمکی یارسان دەکەین، زۆر گرینگە پشت بەو دەقانەی ئایینی یاری ببەستین کە وەک میراتی ماددی و

مەعنەوی بۆمان بەجێ ماون. ئەگەریش گومانمان لە کەلام یان دەقێکی یارسان هەیە، دیسان هەر دەبێت بەبەڵگەوە ڕوونی بکەینەوە، لە چ دەورانێک و بەچ هۆکارێک گۆڕانکاری لە دەقە ئایینییەکاندا ڕووی داوە. من بڕوام وایە، لێکدانەوە و شرۆڤەی دەقەکانی یارسان بە ڕوانگەی سیاسی و بە ئارەزووی تاکەکەسی، گونجاو نییە و دوورە لە خوێندنەوەیەکی زانستی.

زۆر پێویستە لە ڕووی مێژووی، هەڵکەوتەی جوگرافی، زمان، ڕەگەز و پاشخانی ئایینی و فەرهەنگییەوە، لێکدانەوەی ورد بۆ مێژوو و دونیابینی و دۆخی یارسان لە دەورانە جیاوازەکاندا بکرێت. من وەک کەسێکی یارسانی کە ساڵانێکە سەرقاڵی توێژینەوەم لەبارەی مێژوو، فەرهەنگ و ئەدەبیاتی باوەڕی یارسان، هەوڵ ئەدەم بەپێی دەرفەت و تێگەیشتنی خۆم و بە پشتبەستن بە چەند دەقێکی کەلام لە ئایینی یاری، ڕۆشنایی بخەمە سەر پەیوەندی نێوان یارسان و چەمکی کوردبوون.

## سەرهەڵدانی ئایینی یاری و بزووتنەوەی یارسان

لەپاش سەرهەڵدان و زاڵبوونی ئیسلام بەسەر ئێران و کوردستاندا، زۆربەی چەمکە فکری و فەلسەفییەکان کە هەڵگری ڕوانگە و دونیابینیی بزووتنەوە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی زاگرۆس بوون، لەناو چوون، بەڵام بزووتنەوەی یارسان بە پشتبەستن بە فەرهەنگی بەرخۆدانی سەدان ساڵەی خۆی، توانی لە چوارچێوەی ئایینی یاریدا، شوناسی ڕاستەقینەی کوردان بپارێزێت و وەک میراتێکی ماددی، فەرهەنگی و مەعنەوی، بۆ نەوەکانی دواڕۆژی نیشتمانی ڕاگوێزێت. ئایینی یاری، لە سەر خاکی کوردستان و لەژێر دەسەڵاتی میرنشینەکانی کورددا و لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی ئیسلامدا بەفەرمی ئاشکرا بوو. یارسان، بەها کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی لە تێڕامان و فەلسەفەی ئایینیی خۆیدا پاراستووە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ پەرەی پێ داوە. لە گەوهەری کەلامەکانی یاریدا، فەرهەنگ و ژیاری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی زاگرۆس وەک بەشێکی گرینگ و پڕبایەخ لە مێژووی ڕاستەقینەی کوردان، جێگای باس و تێڕامانە.

یارسانییەکان لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و زاڵبوونی دەسەڵاتی سیاسیی ئیسلام لەسەر خاکی نیشتمانی کوردان، وێڕای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ئێران و کوردستان، دژ بە داگیرکاریی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی سیاسی تێکۆشاون.

بەپێی بەرهەم و نووسراوەکانی یاری، لەپاش داگیرکردنی ئەو ناوچانەی یارسانییەکان تێیدا ژیاون، پێشەنگانی بزووتنەوەی یارسان بۆ بنیادنانەوەی ناسنامە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی پێش ئیسلام، ژمارەیەک بزووتنەوەیان دروست

کردووه که دیارترینیان بریتی بوون له: بزووتنەوەکانی بابا سەرهەنگ دەودانی له سەدەی ١٠ی زایینی و شاخوشین لوڕستانی له سەدەی ١١ی زایینی. درێژەی بزووتنەوەکانی یارسان دواجار پەیوەست بووە بە سەردەمی سوڵتان سەهاک بەرزنجی له سەدەی ١٣ی زایینی. سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ئایینی یاری له چوارچێوەی گرێبەستێک لەژێر ناوی (بیاوبەس) له پردیوەری هەورامان، یارسانی کرده خاوەن سیستەمی پیر و پادشایی، بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەی ڕێکخراوەیی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵگە بکات. بەپێی گرێبەستی بیاوبەس، بنەما فکرییەکانی یاری و ئامانج و میتۆدی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵگە له ڕێگەی سیستەمی شورایی "پیر و پادشا" دیاری کراوە.

خەبات و خۆڕاگریی یارسانییەکان بۆ پاراستنی شوناسی فەرهەنگی و ئایینی، که گەوهەری فەرهەنگی نەتەوەی کوردە، پشتی بەو چەمک و ڕێبازانە بەستووە که پێش له هاتنی ئیسلام له زاگرۆس باو بوون. له نیزامی پیر و پادشایی یارساندا، ڕێنێسانسی فکری بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی، پێناسەی دروستی ئەخلاق له بەها و پێگەی مرۆڤ له گەوهەر و بنەوای ئایینی یاری واتە (پاکی، ڕاستی، نیستی و ڕەدا) ڕۆشنایی خراوەتە سەر و له بواری کردارییەوە کاری لەسەر کراوە. هەوڵدان بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانی لەنێوان ژن و پیاو و خۆبەڕێوەبەری له نیزامی یاریدا، خاڵگەلی گرینگ و جێگای بایەخ بوون.

پرۆژە و بەرنامەی نیزامی پیر و پادشایی، له پەیمانی پردیوەردا، وەک ئەرک له ٧٢ شەرتدا دیاری کراوە و له ڕێگەی جەم و (گرووپ و ئەنجومەن)ەوە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە. له سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، سەید براکەی گۆران وەک دوایین میراتگری ئایینی یاری دەرکەوتووە. بەو جۆرەی گەورەکانی تەکیەی گۆران باسی لێوە دەکەن، له سەردەمی سەید براکەدا، بناغە فکرییەکانی ئایینی یاری کە له پەیمانی پردیوەر داڕێژراون، پارێزراون و له ڕێگای ٣٦ هەڵبەستوانی سەر بە تەکیە، هەوڵی تاوتوێکردن و تێگەیشتنیان دراوە.

## یاری و یارسان له پێناسەی کوردبووندا

له ئایینی یاریدا گەلێک نیشانە و ڕیوایەت هەن کە پەیوەندییان بە سروشت و ژینگەی کوردستانەوە هەیە. بەتایبەت چیا و ڕووبارەکان وەک سەرچاوەیەک کە بوونی کوردانیان پاراستووە، زۆر جێگای سەرنجن. بەرخۆدانی سوڵتان و یارانی له چیای شنروێ، هەڵبژاردنی پردیوەر له هەورامان بۆ ڕاگەیاندنی ئایینی یاری، چیرۆکی بەیەک گەیشتنی سوڵتان و یارانی لەسەر چیای شاهۆ، گواستنەوەی نیزامی پیر و پادشایی له هەورامانەوە بۆ دالاهۆ، لەو شوێنانەی کوردستانن کە له ئایینی یاریدا وەک شوێنی پیرۆز ناویان لێ هاتووە.

له پەیوەندی لەگەڵ گرینگیی کورد و کوردستان و ئایینی کوردان، چەندین دەقی کەلام لە سەرنجام و دەفتەری شاعیرانی دەورەی سید براکەی گۆراندا هەیە کە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە چەند دانەیەکیان بکەم. تا ئەو جێگایەی من زانیارم هەیە، لە چەند دەقی کەلامدا، لە سەردەمی (بالوول زانا) تا دەگاتە سەردەمی (سەید براکەی گۆڕان) جەخت لەسەر وشەی کوردی و کوردستان کراوەتەوە.

یەکەمین کەسایەتییەک کە باسی لە یارسان کردبێ بالوولی زانایە کە لە سەدەی دووهەمی کۆچی مانگیدا ژیاوە. ئەو لە کەلامێکدا ئاماژە بە ئایینی کوردان دەکات و دەڵێ:

ئەو واتەی یاران، ئەو واتەی یاران
ئێمە دێوانەین، ئەو واتەی یاران
هەنی مەگێڵیین یەک یەک شاران
تا زندە کەریم ئایین کوردان

جێگای باسە لە نووسخەیەکی جیاوازدا، لەباتی ئایینیی کوردان، ئایینی ئێران هاتووە. بەڕای من، ڕێیی تێ ناچێت ئەمەیان دروست بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە چاوی لێ بکەین، ١٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا، وڵاتێکی یەکدەست و قەوارەیەکی سیاسی وەک ئێران لە ئارادا نەبووە کە خاوەن ئایینێکی گشتگیر و فەرمی بێت، تاکوو بالوول شاهیدی بۆ بدات. خۆ ئەگەر مەبەست لە ئایینی ئێران "زەردەشت" بێت، ئەوا ناوی فەلاتی ئێران لە سەردەمی ساسانییەکان بەتەنیا ئێران نەبووە، بەڵکوو "ئێرانشار" بووە. باوە سەرهەنگی دەودانی،

زانای گەورەی یارسانی، لە سەدەی چوارم، موژدەی سەرهەڵدانی ئایینی کوردان، واتە ئایینی یاری دەدات و دەڵێت:

سەرهەنگ دەودان، سەرهەنگ دەودان
ئەز کە نامەن سەرهەنگ دەودان
چەنی ئێرمانان مەگێڵم هەردان
مەکۆشم پەرێ ئایین کوردان

کەسایەتی و زانای گەورەی یارسانی، شاوەیس‌قولی لە سەدەی نۆیەمی کۆچی، بەم جۆرە شاهیدی بۆ کوردبوونی خۆی وەک یارسانییەک دەدات و دەڵێت:

جۆزەردانی ٢٧٢٦

ئەسڵ من جە کورد، ئەسڵ من جە کورد
بابۆم کوردەنان، ئەسڵ من جە کورد
من ئەو شێرەنان، چەنی دەستەی گورد
سلسلەی سوپای، زوحاکم کرد هورد

سوڵتان سەهاک کە دەبێتە دامەزرێنەری بناغەی فکری و نیزامی پیر و پادشاییی یارسان، لە سەدەی حەوتەمی کۆچی مانگی، جەخت لەسەر کوردبوونی خۆی دەکاتەوە و دەڵێت:

ئەسڵمەن جە کورد، ئەسڵمەن جە کورد
ئەز کوردیۆەنان، ئەسڵمەن جە کورد
ئەز ئا بەورەنان شێر مەکردم ورد
سەرخێڵ خێڵان، مێردان کردم گورد

کەسایەتیی گەورە و یاری نزیکی سوڵتان سەهاک، واتە پیر میکائیل دەودانی لەدایکبووی ۶۵۸ی کۆچی، "شا"کەی خۆی لە دوونی پێشوو وەک کوردێکی ئازا وێنا دەکات و دەڵێت:

نەوزەرشای کەیان، نەوزەرشای کەیان
شام بی نە ئەو دەم نەوزەرشای کەیان
شام بنیامین بی چەوگا نەو زەمان
وێنەی کورد گورد مەشی نە مەیدان

پیری گەورە و زانای یارسانی پیربنیامین لە سەدەی حەوتەمی کۆچی مانگی، بەبۆنەی لەدایکبوونی باوە یادگار، باس لە خەڵاتی خودڕەنگی سوڵتان سەهاک بۆ ناوبراو دەکات و بەم جۆرە کورد و کوردستانی خەڵات دەکات و دەڵێت:

عەلەم قودرەت ناجی بی وەپا
بەرگ خودڕەنگی یادگار پۆشا
غوڵامان دیشان وە معجزاتەش
بەرگ خودڕەنگی بی وە خەڵاتش
تەمام کوردستان دا وە بەراتش
پەی علم و قودرەت، پەی موعجزاتەش

یەکسەر کردەوە کورد و کوردستان
هەم وە موعجزات، هەم وە سفرە و خوان

یان لە کەلامێکی هاوشێوەدا هاتووە کە دەڵێت:

یادگار نە تەنوور وریزا وەپا
وە لەفز شیرین سڵام داوە شا
بەرگ خودڕەنگی یادگار پۆشا
غوڵامان دیشان شا پەنەش بەخشا
بەرگ خودڕەنگی کرد وە خەڵاتش
کورد و کوردستان دا وە بەراتش

هەروەها کەسایەتیی دیار و زانای یارسانی، نەورۆز سۆرانی کە یەکێک بووە لە یارانی تەکیەی سەید براکەی گۆران، لە کەلامێکدا بە شانازییەوە باس لە کوردبوونی خاوەنکەرەمی خۆی دەکات دەفەرموێت:

دڵە تو کوردی
دڵە تو مەیلان مەحەلەی کوردی
دەر مەیدان یار گرەوی بردی
پیاڵە نە زەهر حەڵاڵ خوردی

### هەورامان، لانکەی سەرهەڵدان و سەقامگیریی ئایینی یاری

سوڵتان سەهاک لە بنەماڵەیەکی سوننەی شیخانی بەرزنجەی دەڤەری پارێزگای سلێمانی بوو، بەڵام بەهۆی ناکۆکیی فکری لەگەڵ کوردانی موسڵمان، نەیتوانیوە لەوێ ئایینی یاری دامەرزێنێت، بۆیە پەنای بردووە بۆ ناوچە شاخاوییەکانی هەورامان کە پاشماوەی فەرهەنگی ئایینە کۆنەکانی میترایی و زەردەشتی لێی بووە. هەڵبژاردنی هەورامان بۆ ئاشکراکردنی ئایینی یاری بە هەڵکەوت نەبوو، بەڵکوو بە بەرنامە بووە.

هەورامان هەر بەتەنیا شوێنی سەرهەڵدان و سەقامگیریی ئایینی یاری نەبووە، بەڵکوو دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە دەستپێدا باشتر لە هەر پێکهاتەیەکی دیکەی کوردستان لەگەڵ زمان و گەوهەری ئایینەکە ئاشنا بوون و مامەڵەیان لەگەڵ

کردووە، لەبەر ئەوەی هەورامییەکان درەنگتر لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان ئاییینی ئیسلامیان قەبووڵ کردووە. هەروەها بەشێکی بەرچاو لە پیر و کەسایەتییە دیارەکانی یارسان بۆ خۆیان هەورامی بوون.

کاتێک سوڵتان سەهاک و یارانی ناوچەی هەورامانی لهۆن و دێی پردیوەر لە نێوان پاوە و نەسوود هەڵدەبژێرن بۆ ڕاگەیاندنی ئاییینی یاری، ئیتر کەعبەی گەورەیان دەبێتە پردیوەری هەورامان،

**وەک ئەوەی کە پیرمەنسوور شووشتەری شاهیدی بۆ دەدات و دەڵێت:**

ئەو کابەی ئەعزەم، ئەو کابەی ئەعزەم
بارگە شام وەستەن، ئەو کابەی ئەعزەم
کابەم پردیوەر، سوڵتان سەرجەم
یاران نە جەمدا، دڵ بارن وە هەم

سوڵتان سەهاک لە ئەوەڵین بانگەوازی خۆیدا، لە هەورامان جاڕی ئاییینی یاری دەدات و داوا لە هەموو دانیشتوانی ئەو دەڤەرە دەکات بێن بۆ پردیوەر و ڕوو لە ئاییینی کوردان (یاری) بکەن،

**بۆیە لە کەلامێکدا دەڵێت:**

ئێوەت حەشار، ئێوەت حەشار
جاڕ یاری دەر، ئێوەت حەشار
شێخان و حورین و بەرزنجە و هاوار
هێروێ و شۆشمێ و بەیان و تەشار
نەوسوود و پاوە، کول ئێڵ و تەبار
جەم بوان نە جەمدا، چی پردیوەر شار

## کۆچی یارسانییەکان لە هەورامانەوە بۆ دالاهۆ

بزووتنەوەی یارسان، پێش سەرهەڵدانی سەفەوییەکان، لەژێر گوشاری توند و گشت لایەنەی باوەڕمەندانی موسڵمانی

سوننە، قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی لە هەورامان لاواز بووە و لە ڕووی ناچارییەوە ناوەندی دەسەڵاتداریی خۆی گواستوەتەوە بۆ دالاهۆ و ئەویّ کردووەتە دوایین بارەگای نیزامی (پیر و پادشایی) یارسان. لە دالاهۆ (باوەیادگار) وەک جێنشینی سوڵتان سەهاک، ئەرکی ڕێکخستنی بزووتنەوەی یارسانی لە ئەستۆ بووە.

کاتێک نیزامی پیر و پادشایی یارسان لە هەورامانەوە دەگوازێتەوە بۆ دالاهۆ، دەڤەری گۆران دەبێتە دوایین مەنزڵگە و قیبلەی ئایینی کوردان و شایادگار دەبێتە شای دالاهۆ.

لەم بارەوە نەورۆز سۆرانی شایەتی دەدات و دەڵێت:

فەڕ کوپەسا سیادەوارەن
کوردەماڵ سەرپشک شا یادگارەن
دۆستان مزگانی پادشام سەوارەن
میهمان مینگەی تازە هەوارەن
یە نەورۆز واتەن ماڵ نیایم جە نۆ
تومیدەم تۆنی یا شای دالاهۆ

بەپێی ئەو چەند بەندە لە کەلامی پیر و کەسایەتییە مەزنەکانی یارسان بێت، چەقی فەلسەفە و تێڕامانی یارسان هەر لە دەستپێکەوە نیشتمانی کەونارى کورد بووە و ئەم ئایینە میراتگری فەرهەنگ و شارستانییەتی کوردان بووە و بەدرێژایی مێژوو تێکۆشانیان بۆ زیندووڕاگرتنی ئەو چەمکە فکری، مەعنەوی و فەلسەفییانە بووە کە کورد وەک گەلێکی خاون مێژوو و شارستانییەت لە گەلانی دیکەی ناوچەکە جیا کردووەتەوە.

دوای کۆچی مێژوویی یارسانییەکان لە پردیوەرەوە بۆ دالاهۆ، نیزامی پیروپادشایی یاری وەک پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە هەورامان کەمڕەنگ دەبێتەوە، بەڵام فەرهەنگی ماددی و مەعنەوی یاری کاریگەریی خۆی لەنێو بەشێکی زۆر لە هەورامییەکان بەجێ دێڵێت، بەجۆرێک کە هەتا ئێستا ئەوان، یارسان بە بەشێک لە میراتی فەرهەنگیی خۆیان دەزانن و لە زۆر ڕووەوە پێڕەوەی لە دابونەریتی یارسان دەکەن. بۆ نموونە، هەورامییەکان هەرچەن ئێستا بە ئایین موسڵمانن، بەڵام دیاردەی فرەژنی لەناویاندا باو نییە، کە ئەم نەریتەیان لەژێر کاریگەری ئایینی یاری ڕەچاوی کردووە، لەبەر ئەوەی یارسان فرەژنی ڕەد دەکاتەوە.

٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# دیالێکتیکی سەپاندنی تێچوو و ژیۆپۆلیتیکی وزە لە دۆسیەی ئێراندا






**شاڕوخ حەسەنزادە**

لە کاتێکدا کۆمەڵناسیی سیاسیی باو بۆ لێکدانەوەی ململانێ نێودەوڵەتییەکان هەروا سەرقاڵی خوێندنەوەی دروشم و وێژمانە ئایدیۆلۆژییەکانە، واقیعی مۆدێرنی ژیۆپۆلیتیک ئاماژە بە ڕاستییەکی جیاوازتر دەکات؛ لە جیانی مۆدێرن و پێشکەوتوو کە لەسەر بنەمای ئابووری هەڵچنراوە، شەڕەکان بەرلەوەی لە بەرەکان یەکلایی ببنەوە، لەنێو هاوکێشە بیرکارییەکانی هاوسەنگیی تێچوودا دەگەنە خاڵی کۆتایی. لە تیۆریی واقیعبینیی پێکهاتەییدا، توانای ڕاگرتنی

هاوسەنگیی دارایی لە کاتی ململانێدا، تاقە پێوەری مانەوەی سیستەمە سیاسییەکانە.

لەم ساڵانەی دواییدا، ستراتیژیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرانبەر ڕژێمی توتالیتەر و تیۆکراتیکی ئێران، بە تەواوەتی لەسەر مۆدێلی "هەنگاو بە هەنگاو و ستراتیژیی وشککردنی سەرچاوەکان" ڕۆنراوە. ئەم پرۆسەیە لە گەمارۆی ئابوورییە سەرەتاییەکانەوە دەستی پێکرد، بە کوشتنی زانا ئەتۆمی و فەرماندەرانی سپا حاڵەتی کردەیی و مەیدانی بەخۆیەوە گرت، پاشان لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و کەمکردنەوەی توانای هێزە نیابەتییەکانی تاران لە شەڕی بەرەی حەماس - حووسی- حیزبوڵلا و حەشدی شەعبی، شەڕی ١٢ ڕۆژە تێپەڕی و گەیشتە شەڕی ٣٩ ڕۆژە. ئێستاش ئەم ستراتیژییە گەیشتووەتە قۆناغی شەڕی سارد لە ناوچە ئاوییە هەستیارەکانی وەک گەرووی هۆرمۆز و کایەی وتووێژە تاکتیکییەکان. لە قۆناغی ئێستادا ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆسەیە، لێدانی کتوپڕیی نیزامی نییە کە تێچوویەکی زۆری بۆ سیستەمی نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەمریکا هەبێت، بەڵکوو دارمانی هێور، بەڵام سیستەماتیکی هێزی دارایی، نیزامی و لۆجستیی سەرانسەری ڕێژیمەکەیە.

گەرووی هۆرمۆز، وەک یەکێک لە شادەمارەکانی گواستنەوەی وزەی جیهانی، هەمیشە کارتی هەرە سەرەکیی تاران بووە بۆ سەپاندنی هەڕەشە بەسەر سیستەمی ئابووریی جیهاندا. بەڵام گوشارە خنکێنەرە ژیۆئابوورییەکانی سەر ئەم گەرووە و توندکردنەوەی چاودێرییە نێودەوڵەتییەکان، دەرەنجامی پێچەوانەیان لێکەوتووەتەوە و کایەی ئابووریی نێوخۆیی ڕژێمی ئێرانیان تووشی ئاستەنگی پێکهاتەیی و هەمەلایەنە کردووە. دەرەنجامی سەرەکیی ئەم ستراتیژییە، ناهاوسەنگییەکی بێ‌پێشینە و مێژووییە لە نێوان دۆلار و تمەندا کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بووەتە هۆی هەڵاوسانی تاقەتپڕوکێن، دارمانی خێرای بژێوی کۆمەڵگە، لە هەموو ئەمانە مەترسیدارتر بۆ سیستەمەکە؛ دواکەوتنی بەردەوامی مووچەی مانگانەی کارمەندانی مەدەنی و هێزە نیزامی و ئەمنییەکانە. لە زانستی نیزامی و ئەمنییەتی نەتەوەییدا، پێوەرێک هەیە کە دەڵێت؛ کاتێک دەستەڵاتێکی سیاسی توتالیتەر نەتوانێت تێچووی داراییی هێزە ئاسایشی و پارێزەرەکانی خۆی دابین بکات، متمانەی هێزە چەکدارەکان بە سیستەمەکە دادەڕمێت. ئەم برسیبوونە داراییە دەبێتە هۆی دروستبوونی درزی پێکهاتەیی و جەمسەربەندی لەنێو ڕێبەرانی سیاسی و فەرماندە باڵاکانی سپای پاسداراندا. ئەوەی ئێمە ئێستا لە ململانێ و جەمسەربەندییە بێدەنگەکانی نێوخۆی بازنەی بڕیاردانی ئێراندا دەیبینین، بەشێکی دەرکەوتەی مادیی ئەو هاوکێشەیەیە کە تێیدا ماشینی سەرکوت توانای کڕینی وەفاداریی هێزەکانی خۆی لاواز بووە.

لەلایەکی دیکەوە، سەرەڕای ئەم دۆخە ئاڵۆزە ژیۆپۆلیتیکییە و گشت ئاستەنگەکان، نەخشەی وزەی جیهانی بە قازانجی ئەمریکا گۆڕاوە! واشینگتۆن ئێستا نەک تەنیا لە ڕووی نیزامییەوە، بەڵکوو لە بواری وزەشەوە لەم دەرفەتە کەڵکی

وەرگرتووە و وەک مەزنترین هەناردەکاری گازی سروشتیی شلکراو (LNG) و گازی شلی نەوتی (LPG) لە جیهاندا دەرکەوتووە و لە کاتی گونجاودا نەوتی خۆی بە بەرزترین نرخ لە بازاڕە جیهانییەکاندا دەفرۆشێت. ئەم باڵادەستییە نوێیەی وزە، بوار بە ئەمریکا دەڕەخسێنێت کە گوشارێکی بێبەزەییانە و یەکلاکەرەوە بخاتە سەر وڵاتانی بازنەی یەکیەتیی ئورووپا. ئامانجی ئەم گوشارە ئەوەیە کە چیتر پایتەختە گەورەکانی ئورووپا نەیانەوێت و نەتوانن لە ناوچەی خۆڵەمێشیی پێوەندییە دیپلۆماسییەکاندا دەگەڵ تاران بمێننەوە و ناچار بن بڕیاری کۆتایی لەسەر دابڕانی تەواو لە پێوەندییە بازرگانی و سیاسییەکانیان دەگەڵ ئێران بدەن. ئەم شێوازە گەمارۆدانە لە حاڵەتی بە تەنیا ئەمریکاییەوە، دەکاتە گەمارۆدانێکی پێکهاتەیی جیهانی کە هیچ ڕێگەیەکی هەناسەدان بۆ ئابووریی ئێران ناهێڵێتەوە.

شیکاریی لۆژیکی و زانستیی ڕۆژانەی ڕووداوە نوێیەکان لە ساڵی ٢٠٢٦دا، پەردە لەسەر نەخشەیەکی وردتر لا دەدات. لە کاتێکدا کە وەرزی حەج بەرەو کۆتایی دەچێت و حاجییەکان دەگەڕێنەوە، جیهان خەریکە دەچێتە نێو کایەی مۆندیالی ٢٠٢٦وە (جامی جیهانی) کە تێیدا ئەمریکا خۆی خانەخوێی سەرەکییەتی و، باس لە گەڵاڵەکردنی ئاگربەستێکی کاتیی ٦٠ ڕۆژە دەکرێت لە ناوچەکەدا. شیکردنەوەی ستراتیژی پێمان دەڵێت کە ئەم ٦٠ ڕۆژە، پڕۆسەیەکی ئاشتیخوازانەی ڕاستەقینە نییە، بەڵکوو دەرفەتێکی تاکتیکیی دروستکراوە لەلایەن زلهێزەکانەوە بۆ پڕکردنەوەی عەمبارە ستراتیژییەکانی نەوت لە جیهاندا. ئامانج لەم پڕکردنەوەیە، پاراستنی ئابووریی جیهانە لە هەر جۆرە شۆکێکی کتوپڕ لە کاتی بەرەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ یانی قۆناغێکی دیکە کە دەکرێ ئەمجارە دوامین قۆناغی کۆتاییهاتن بە ڕێژیمی ئێران بێ. دەگەڵ کۆتاییهاتنی ئەم ماوە کاتییە، بەپێی تەتەڵەی زانستیی بازاڕە جیهانییەکان، شیمانە دەکرێ کە لە مانگی کۆتایی وەرزی هاویندا، نرخی نەوت بە شێوەیەکی زۆر بەرز ببێتەوە. ئەم بازدانە کتوپڕەی نرخی نەوت لە نێوەڕاستی پاییزدا دەگاتە لوتکە، ئەمەش هێما و نیشانەی چوونە ناو دوا قۆناغی شەڕی گەورە و گواستنەوەیە لە شەڕی ساردەوە بۆ شەڕی گەرم و ڕاستەوخۆ.

ئەگەرچی ڕێژیمی ئێران ئێستا تەنیا کارتی گەرووی بابولمەندەبی لە ڕێگەی هێزە هاوپەیمانەکانییەوە لە یەمەن بە دەستەوە ماوە و لە سەرەتای پێدادانەکەدا پێدەچێت بەهۆی بەکارهێنانی مووشەک و درۆنەکانییەوە دەستپێشخەریی کات بکات و شۆکێک لە هێڵەکانی بازرگانیدا دروست بکات، بەڵام هاوکێشەی کۆتایی ململانێکە لەسەر زەوی بە داڕووخانی یەکجارەکی بۆ ئەو ڕێژیمە دەشکێتەوە، چوونکە لە ئەگەری داخستنی بابولمەندەب زەرەرمەندی سەرەکی وڵاتی چین دەبێ کە ئێران هیوای بە پشتیوانییەکانی هەیە، کێشەیەک کە هەر ئێستا لە گەرووی هۆرمۆزیش هەیەتی. لە وەها حاڵەتێکدا هێزێکی نیزامی کە لە نێوخۆدا پاڵپشتیی جەماوەریی نەمابێت و دەگەڵ گەلەکەی خۆیدا لە شەڕێکی ئایدۆلۆژیدا بێ، ناتوانێت شەڕی درێژخایەن و کۆڵان و شاران بکات. ئەم ڕێژیمە بۆ کۆنترۆڵکردنی کایەی گشتی، سێبەرێکی تەمومژاوی بەسەر ئینتەرنێتیشدا کێشاوە، بەڵام ئەم بڕین و گەمارۆدانی ئینتەرنێتە نێوخۆییە لە بنەڕەتدا زیانێکی زۆری بە پیشە، بازرگانی، پێوەندییەکان و تەنانەت ژێرخانی مۆنیتەریی خەڵک گەیاندووە و بێزاریی و توڕەیی کۆمەڵایەتیی گەیاندووەتە

لوتکە. ڕێژیمی ئێران کە شەرعییەتی لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا نەماوە و هێزە نیزامییەکانی لەژێر گوشاری ئابووری و ئایدیۆلۆژیدا سەفا و مەروە دەکەن و هیچ دۆستێکی ئەوتۆی کاریگەر و ڕاستەقینەی لە جیهاندا نەماوە، ناتوانێت لە بەرانبەر گەمارۆ یان هێرشێکی بەربەرینی جیهانی خۆی ڕابگرێت.

ئەم داتا ئابووری و نیزامییانە بە ڕوونی پێمان دەڵێن کە مێژووی ناوچەکە بەرەو خاڵی وەرچەرخان و کۆتاییهاتنی پێکهاتەیەکی ڕێژیمێکی تۆتالیتەر هەنگاو دەنێت. لەم سۆنگەیەوە، بزووتنەوەی سیاسیی کورد ئەگەر تەنیا وەک تەماشاکارێکی پاسیڤ و بێدەنگ سەیری ئەم ڕۆژمێرە ستراتیژییانە بکات و خۆی بۆ لێکەوتەکانی قۆناغی دوای تەقینەوەی نرخی نەوت و شەڕی کۆتایی ئامادە نەکات، دیسان لەسەر مێزی ڕێککەوتنە گەورەکانی نەخشەی نوێی ناوچەکە دەکرێتە قوربانی و پەراوێز دەخرێت. مەنتیقی ڕیالیزمی سیاسی حوکم دەکات کە لە کاتی دارمانی ناوەندە فەرمی و نیزامییەکان، تەنیا ئەو ئەکتەرە نادەوڵەتییانە دەمێننەوە و حیسابیان بۆ دەکرێت کە خاوەنی جێگرەوەیەکی دیاریکراو، ستراتیژی و هێزی ڕێکخراو بن لەسەر زەوی. جووڵانەوەی کورد پێویستی بە تێپەڕاندنی گوتارە نەریتییەکان و ئامادەکردنی هێزێکی نیزامی و دیپلۆماسیی لێهاتوو هەیە کە بتوانێت بۆشایی ئەمنیی دوای دارمانی ناوەند پڕ بکاتەوە، تەنانەت لە قۆناغێکدا دەبێ خۆی بۆ شەڕی ناو شارەکان بە چەکی نوێ ئامادە بکات. شیاوی ئاماژەیە؛ پێوەندیگرتن دەگەڵ ناوەندە جیهانییەکان و دۆزینەوەی هاوپەیمانی دەرەکی چالاکییەکەی گەلێک گرنگە، بەڵام پرسیارە ستراتیژییەکە لێرەدا ئەوەیە؛ دیپلۆماسی دەگەڵ کێ و کام ڕەوتی فیکری و سیاسی؟

لە ململانێی ئێستای نێوان جەمسەرە نێودەوڵەتییەکان - بە تایبەت ئەمریکا و ئیسرائیل - لە بەرانبەر ڕێژیمی ئێراندا، بەشێکی بەرچاو لە هێزەکانی چەپ، سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان لە سەرانسەری جیهان، ئورووپا و تەنانەت لە نێوخۆی ئێران و کوردستانیشدا، گوتارێکی دژەشەڕیان هەڵگرتووە کە لەژێر پەردەی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزمدا، لە ڕاستیدا هاوسەنگیی هێزەکە بە قازانجی مانەوەی دۆخی ئارایی و پاراستنی ڕێژیمی ئێران دەشکێنێتەوە. لێرەوە، خوێندنەوەیەکی ناباوی گەورەی سیاسییە کە هێزێکی ڕزگاریخواز، کات و وزەی دیپلۆماسیی خۆی لە گۆڕەپانی ئەو هێزە فیکری و سیاسییانەدا بەفیڕۆ بدات کە لە بنەڕەتدا دژی هەر جۆرە دەستێوەردان یا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتین لە پێکهاتەی هێزی ناوچەکەدا. کاتێک هێز یان ڕەوتێکی جیهانی خۆی بە دژی میکانیزمەکانی لاوازکردنی ڕێژیم پێناسە دەکات، لۆژیکی لۆبیکردن لەگەڵیاندا دەبێتە دۆخێکی بێکەڵک. دیپلۆماسیی کارامە و ڕاستەقینە دۆزینەوەی خاڵی هاوبەشە دەگەڵ ئەو جەمسەر و هێزە لیبراڵانەی کە ئیرادەی ڕاستەقینەیان بۆ گۆڕینی نەخشەی ژێئۆپۆلیتیکی ناوچەکە هەیە و شەڕەکە وەک دەرفەتێکی مێژوویی بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەبینن کە ئێمەش لەو نێوەدا دەتوانین قازانجی خۆمانی لێبکەین، چوونکە ڕاستە ئەمە شەڕی ئێمە نییە بەڵام ئێمە لەناو چەقی شەڕەکەداین و دەبێ خۆمان یەکلایی بکەینەوە.

جۆزەردانی ٢٧٢٦

گۆڕینی ئاڕاستەی گوتاری سیاسی ئارایی بەرەو دۆزینەوەی بەرژەوەندی هاوبەش دەگەڵ هێزە لیبراڵە نێودەوڵەتییەکان، نەک تەسلیمبوون، بەڵکوو تێگەیشتنێکی واقعبینانە لە مەنتیقی هێزە. ناتوانرێت بە گوتارێکی کلاسیک و نەریتی کە چاوی لەهەمبەر ئاڵوگۆڕە گەورەکان بەستووە، متمانەی جیهانێک بەدەست بێنی کە خۆی لە نێوەڕاستی گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکاندا دەبینێتەوە. لە کاتی گۆڕانکارییە گەورەکاندا، کاتێک دەرفەتە زێڕینەکان بەهۆی تێکچوونی هاوسەنگیی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانەوە دێنە کایەوە، دروستکردنی پەناگەیەک لەژێر ناوی خەباتی تاک ڕەهەندی جگە لە کڕینی کات بۆ دیکتاتۆر بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی هێزەکانی خۆی شتێکی ئەوتۆتر نییە. بزووتنەوەی سیاسی و هزریی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بگرە لە تەواوی ناوچەکەدا، ئەگەر نەتوانێت لەم هەل و دەرفەتە هەستیارەدا گوتارێکی نوێ، شۆڕشگێڕانە، خاوەن باوەڕ و هاوتەریب دەگەڵ پێشهاتە ژیۆپۆلیتیکییەکان بونیاد نەنێتەوە، مێژوو بەزەیی پێدا نایێ و لە ناو پەراوێزی سڕبوونی سیاسیدا دەبێتە تارماییەکی نۆستالۆژیک! دەبێت ئەوە بزانین کە بەرژەوەندی گەلی خۆمان بەر لە هەموو بەرژەوەندییەکانی ترەوە بێت و وەدەستهێنانی ئازادی، لە دەرەوەی هاوسەنگیی هێز و لەسەر بنەمای چاوەڕێبوون و متمانەی ئەخلاقی بە سیستەمی تۆتالیتەر بەدەست نایەت.

٢٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

---

# زمانی دایکی، ڕەگی کولتووری و بوونی مرۆڤ






**شاهین مودەڕس**

چاوەکانمان جیهان دەبینن و گوێیەکانمان دەنگی ئەو جیهانە دەبیستن. لە نێوان ئەم بینین و بیستنەدا، شتێک لە ناخی مرۆڤدا پێکدێت کە ناوی «وشیاری»یە؛ گفتوگۆیەکی بەردەوام لە نێوان ئێمە و جیهانی دەوروبەرمان. بەڵام پێش هەر گفتوگۆیەک لەگەڵ جیهان، مرۆڤ مۆنۆلۆگێکی لە ناخی خۆید هەیە، ڕەوتێکی بیرکردنەوەی پوختنەکراو، ئەو دەنگەی لە بێدەنگیی مێشکدا لەگەڵ خۆی قسە دەکات. ئەم مۆنۆلۆگەش لە زمان پێکهاتووە؛هەر بۆیەشە پرسی زمانی دایک، تەنها بابەتێکی کولتووری یان هەستیاری نییە؛ بەڵکوو پرسێکە پێوەندیی بە بوون، فەلسەف و تەنانەت ژیاری مرۆڤەکانەوە

هەیە.

زمان تەنیا ئامرازێک بۆ قسەکردن نییە. زمان، میکانیزمی تێگەیشتن لە جیهانە. مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە نەک هەر پەیوەندی دروست دەکات، بەڵکوو جیهان واتادار دەکات، دەیخاتە نێو بیرەوەری و بۆ نەوەی دواتر دەیگوازێتەوە. ئۆمبێرتۆ ئێکۆ، نیشانەناس و فەیلەسووفی گەورەی ئیتالی پێی وابوو زمان تەنیا کۆمەڵە وشەیەک نییە. ئەو لەسەر ئەم باوەڕە بوو زمان «سیستەمێکی نیشانەیی»یە؛ پێکهاتەیەک کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە ڕاستییەکان شی دەکاتەوە و لێکیان دەداتەوە. واتە ئێمە بە زمان تەنیا قسە ناکەین؛ بەڵکوو بە زمان لە جیهانی خۆمان تێ دەگەین. بۆیەشە تێکۆشانەکردن لە زمانی دایک، تەنها سڕینەوەی چەند وشە یان سنووردارکردنی شێوەزارێک نییە؛ بەڵکوو تێکۆشانەکردنە لە جیهانێک. حاشاکردن و سڕینەوەی بیرەوەریی مێژوویی، ئەدەبیاتی زارەکی، لالاییەکانی دایک، ئەفسانەکان، گاڵتە و نوکتەکان، ترسەکان و ئەو شێوازە تایبەتانەیە کە مرۆڤ ئەزموونی ژیانیەتی.

فەیلەسووفی ئەڵمانی، مارتین هایدیگەر، وتەیەکی بەناوبانگی هەیە: «زمان ماڵی بوونە.» مرۆڤ لە زماندا دەژی و کاتێک زمانی دایکیی مرۆڤێک بخرێتە پەراوێزەوە، لە ڕاستیدا بەشێک لە «بوونی» ئەویش وەلا نراوە. لە لایەکی دیکەوە، پییەر بۆردیۆ، کۆمەڵناسە فەرەنسییەکە ڕوونی دەکاتەوە کە زمان تەنیا ئامرازی پەیوەندی نییە؛ زمان جۆرێکە لە «هێز» و «سەرمایەی نیشانەیی». واتە ئەو پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەن دیاری دەکەن کام زمان ڕەوایە، فەرمییە و بەنرخ دادەنرێت و کام زمان دەخرێتە پەراوێزەوە. بەڵام ئەنجامی ئەم پرۆسەیە چییە؟ هەستی خۆبەکەمترزانین، قەیرانی ناسنامە و لە زۆر حاڵەتدا، تووشبوون بە ئاسیمیلاسیۆنی بەردەوام و بەرەبەرە. ئاسیمیلاسیۆن هەمیشە بە توندوتیژیی ڕاستەوخۆ دەست پێ ناکات؛ هەندێک جار لەسەرەخۆ، قۆناغ قۆناغ و لە پۆلەکانی خوێندنەوە دەست پێ دەکات.

منداڵێک بێننە بەرچاوی خۆتان لە تەمەنی شەش یان حەوتساڵیدا دەچێتە قوتابخانە. ئەو هەتا ئەو ڕۆژە، جیهانی بە زمانی دایکیی ناسیوە؛ بەو زمانە پێکەنیوە، ترساوە، خەونی بینیوە و لە مانای خۆشەویستی تێگەیشتووە. بەڵام لەناکاو دەچێتە نێو بوارێک کە دەبێت بە زمانێکی دیکە بیر بکاتەوە، فێر ببێت، هەڵە نەکات و بڕیاری لەسەر بدرێت.

ئایا تا ئێستا بیرمان لە شۆکی دەروونیی وەها ئەزموونێک کردۆتەوە؟ لەوەی کە زۆرێک لە منداڵان لە وەها بارودۆخێکدا شەرمن دەبن، متمانەبەخۆبوونیان لەدەست دەدەن و توانا و بەهرەکانیان هەرگیز شکۆمەند نابێت؟ کێشەکە کەمیی زیرەکی نییە؛ کێشەکە بۆشاییی زمانە. لێکۆڵینەوە زۆرەکانی یونسکۆ و توێژینەوەکانی بوارەکانی فێرکردنی چەندزمانە سەلماندوویانە کە ئەو منداڵانەی فێرکاریی سەرەتایی بە زمانی دایکی ئەزموون دەکەن، نەک تەنها ئەنجامی خوێندنییان

باشترە، بەڵکوو لە فێربوونی زمانی دووەم و سێیەمیشدا سەرکەوتووترن. چونکە زمانی دایکی بەربەستێک بۆ فێربوون نییە؛ بەڵکو بناغەی فێربوونە.

کەواتە پرسیارێکی سادە دێتە ئاراوە: ڕاستییەکەی چی تێدایە ئەگەر هەر کەسێکی خەڵکی ئێران لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بتوانێت جگە لە زمانی دایکیی خۆی، بەسەر فارسی و ئینگلیزییشدا زاڵ بێت؟ فارسی دەتوانێت زمانی پەیوەندی و پێکەوەگرێدانمان بۆ تێگەیشتن لە یەکتری بێت؛ ئینگلیزی زمانی پەیوەندیی جیهانی؛ و زمانی دایکییش کە بە ڕەگی بوون و کولتووریی هەر مرۆڤێک دادەنرێ. کەواتە بۆچی دەبێت ئەمانە لە دژایەتیی یەکتر دابنرێن؟ بۆچی هێشتا وا لێک دەدرێتەوە کە بە فەرمیناساندنی زمانی دایکی «هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی»یە؟ لە کاتێکدا ئەزموونی جیهان بە تەواوی پێچەوانەی ئەوە نیشان دەدات.

لە کاتالۆنیا، لەگەڵ ئەوەدا زۆربەیان سەربەخۆییخوازن، بەڵام پەروەردە بە زمانی کاتالان لە تەنیشت فێربوونی زمانی ئیسپانیۆلیدا وای کرد ملیۆنان کەس، بێ ئەوەی ناسنامەی خۆجێیی خۆیان لەدەست بدەن، بەشێک لە پێکهاتەی مۆدێرنی ئیسپانیا بمێننەوە. لە باسک، سیاسەتی فێرکردنی دووزمانە یارمەتیی دا بۆ کەمکردنەوەی بۆشاییە کۆمەڵایەتییەکان و دووبارە بنیادنانەوەی متمانەی گشتی. لەوانەش گرنگتر، ناوچەی ترێنتینۆ - ئەڵتۆ ئادیجە لە باکووری ئیتالیاست؛ ناوچەیەک کە ساڵانێک گرژی و ئاڵۆزیی نێوان ئیتالییەزمانان و ئەڵمانییەزمانانی ئەزموون کردبوو. بەڵام دەوڵەتی ئیتالیا بەهۆی بەفەرمیناسینی پەروەردەی دووزمانە، خودموختاریی کولتووری و مافە زمانییەکان، توانی یەکێک لە سەرکەوتووترین مۆدێلەکانی هاوژیانی لە ئەورووپا دروست بکات. ئەمڕۆ نەک تەنها ئەو ناوچەیە لە ئیتالیا جیا نەبۆتەوە، بەڵکوو بووەتە یەکێک لە جێگیرترین و پێشکەوتووترین ناوچەکانی وڵات.

**ئەم ئەزموونانە ڕاستییەکی گرنگ نیشان دەدەن:** سەرکوتکردنی زمانەکان، یەکێتی دروست ناکات؛ بەڵکو بێمتمانەیی، برینی مێژوویی و کەلێنی کۆمەڵایەتی دروست دەکات. یەکێتیی ڕاستەقینە کاتێک بنیاد دەنرێت کە مرۆڤەکان هەست بکەن ناسنامەیان ڕێزی لێدەگیرێت.

ئەوە لە بەرژەوەندیی ئێراندا نییە نەتەوەکانی ئەم وڵاتە لە نێوان «ئێرانیبوون» و «خۆیبوون»دا یەکێکیان هەڵبژێرێت. ئێران، وڵاتێکی تاکدەنگ نییە. ئێران کۆمەڵەیەکە لە زمان، کولتوور، بیرەوەری و گێڕانەوە مێژووییەکان. ڕاستە فارسی بەشێکی گرنگ و بەنرخی ئەم میراتە هاوبەشەیە، بەڵام ئێران تەنها لە فارسی کورت نابێتەوە.

جۆزەردانی ٢٧٢٦

لە ڕاستیدا، ئەو وڵاتەی بتوانێت فرەجۆریی خۆی بەڕێوە ببات، بەهێزتر، جێگیرتر و مۆدێرنتر دەبێت. فرەکولتووری، هەڕەشە نییە؛ بەڵکو دەرفەتێکی شارستانییە. زمانی دایکییش تەنها ئامرازێکی پەیوەندی نییە؛ زمانی دایکی، مافی مرۆڤە بۆ «خۆیبوون». مافی بیرکردنەوە، خەون بینین، خۆشەویستی کردن و تێگەیشتن لە جیهان، بەو زمانەی کە دایک یەکەم جار واتای بە جیهانی بەخشی. هەر زمانێک، پەنجەرەیەکە بۆ جیهان؛ و ئەو نەتەوەیەی پەنجەرەکانی خۆی دابخات، زوو یان درەنگ لە تاریکیی خۆیدا دەگیرسێتەوە.

٢٤ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# ستراتیژییەکان لە خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان





**حەسەن قارەمانی**

بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە مێژە لە نێوان دوو ڕێبازی گشتیدا لە کێشمەکێشدایە. ڕێبازی یەکەم لەسەر بنەمای بەرهەڵستکاریی چالاکانە بەرامبەر دەوڵەتی ئێران دامەزراوە و مێژووەکەی بە خەباتی چەکدارییەوە گرێ دراوە؛ وەک ئامرازێک بۆ بەرگری لە مافە گشتییەکان و بەدیهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی. ڕێبازی دووەمیش لەسەر بنەمای وریایی، ڕامانی سیاسی و بەرگەگرتنی درێژخایەن پێک هاتووە، کە تێیدا پاراستنی مانەوە، سەقامگیریی

ناوچەیی و کاراکردنی دیپلۆماسی دەکرێنە بنەما.

لە چوارچێوەی ئەم پاشخانە مێژووییەدا، تا ئەو کاتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دامەزراوە نەتەوەییەکانی دیکە لەسەر چالاکییەکانیان بەردەوام بن، هیوای سیاسی بۆ گەیشتن بە ئازادی، دێموکراسی و مافە نەتەوەییەکان بە زیندوویی دەمێنێتەوە. ئەو ڕاستییەی کە بزووتنەوەکە هێشتا بە ئامانجە گشتییەکانی نەگەیشتووە، نابێت وەک دۆڕانێکی نەتەوەیی لێک بدرێتەوە؛ بەڵکوو دەبێت وەک دەرئەنجامی ئەو ئاستەنگە پێکهاتەییانە سەیر بکرێت کە لە هاوکێشە ناهاوسەنگەکانی دەسەڵاتدا، مەودای جموجۆڵ لە بزووتنەوە نەتەوەییە بێدەوڵەتەکان تەنگ دەکەنەوە. هەر بۆیە، ئەو قۆناغانەی چەقبەستوویی کە بە درێژایی مێژوو سەریان هەڵداوە، پچڕانی کاتین نەک شکستی یەکجاری. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی مێژوویی و دوورمەوداوە بڕوانین، دەرفەتەکانی بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانییەکان هێشتا لەبارن و لە هەندێک ڕووەوە لە جاران ڕوونتر و نزیکترن.

لە ڕوانگەیەکی تیۆرییەوە، دەکرێت پرسی کورد لە ڕێگەی دیدگاکانی بەڕێوەبردنی ناکۆکیی ناهاوسەنگ، تیۆرییەکانی وابەستەیی و لێکۆڵینەوە لە ئابووریی سیاسیی نێودەوڵەتیدا شی بکرێتەوە. ئەم دیدگایانە نیشان دەدەن کە هەردوو ڕێگەی بەرهەڵستکاریی سەربازی و ستراتیژیی چاوەڕوانی، بە توندی بە کۆتوبەندە پێکهاتەییەکانیانەوە بەستراونەتەوە. خۆڕاگریی چەکداری، مەترسیی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە باڵا سەربازییەکانی دەوڵەتی ئێرانی بەدوای خۆیدا هێناوە؛ لە کاتێکدا پشتبەستنی تاکلایەنە بە لایەنە نێودەوڵەتییەکان، دەکرێت وابەستەییەکی سیاسی وا بخوڵقێنێت کە ئازادیی مانۆڕ و کردەوە لە بزووتنەوەکە زەوت بکات.

هاوکات، پەرەسەندنی پێگەی ڕەوەند، سەرهەڵدانی تۆڕەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەرەوەی وڵات و پێوەندی لەگەڵ هێزە دەرەکییەکانی وەک ئەمریکا، ئیسرائیل و دەوڵەتانی ئورووپا، هاوکێشە ستراتیژییەکەی ئاڵۆزتر کردووە. ئەزموونی مێژوویی دەریخستووە کە پشتیوانیی زلهێزەکان بەردەوام بە بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکی و ئەمنییەکانی خۆیانەوە مەرجدارە، نەک بە پاڵپشتیی ڕاستەقینە بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی یان مافەکانی مرۆڤ. ئەمەش بەو مانایەیە کە هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان ئەگەرچی دەکرێت وەک سەرچاوەیەکی کاتی سوودیان لێ ببینرێت، بەڵام بە دەگمەن دەبنە بنەمایەکی بێکەموکوڕی بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی درێژخایەن.

بەم پێیە، پرسی کورد لە ئێراندا یەکێک لە ئاڵۆزترین ململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەم کێشەیە تەنیا لەسەر کۆنترۆڵکردنی خاک نییە، بەڵکوو مافە کولتوورییەکان، پێگەی زمان، بەشداریی سیاسی و دانپێدانان

بە ناسنامەی نەتەوەییش دەگرێتەوە. هاوکات، ئەم پرسە لە چوارچێوەی هاوسەنگییەکی ئەمنیی ناوچەییدا دەجووڵێتەوە کە زۆرجار تێیدا پاراستنی سەروەریی دەوڵەت و یەکپارچەیی خاک، دەخرێتە پێش داواکارییەکانی دیموکراسییەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پاشخانەدا، سەرەکیترین ئاڵنگاریی ستراتیژی تەنیا ئەوە نییە کە کام ڕێگە پەسندترە، بەڵکوو پرسیارەکە ئەوەیە لە ژێر سایەی ئەم هاوکێشە باوانەی دەسەڵاتدا، کام ڕێکار لە سەر زەوی جێبەجێ دەکرێت؟ کەواتە ناکرێت تەنیا بپرسین «دەبێ چی بکرێت؟»، بەڵکوو دەبێت بپرسین: لە چوارچێوەی کۆتوبەندە دامەزراوەیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەتوانێت چی بەدەست بهێنێت؟

بۆیە گونجاوترین و بەردەوامترین ستراتیژی، گرتنەبەری ڕێبازێکی فرەڕەهەندە؛ بە جۆرێک کە تێیدا کۆکردنەوەی توانای نێوخۆیی، ڕێکخستنی کۆمەڵگەی مەدەنی، کاراکردنی پێگەی سیاسیی ڕەوەند، ئاڕاستەکردنی ڕای گشتیی نێودەوڵەتی و بنیاتنانی شەرعیەتی دامەزراوەیی هاوتەریب کارلێک بکەن. ستراتیژییەکی لەم شێوەیە، پشتبەستنی کوێرکورانە بە لایەنی دەرەکی کەم دەکاتەوە و هاوکات بزووتنەوەکە لەو بەربەستانە دەپارێزێت کە بەهۆی پشتبەستنی تاکلایەنە بە خەباتی چەکدارییەوە دێنە ئاراوە. لەم ڕوانگەیەوە، خۆڕاگریی سیاسی، بەردەوامیی ڕێکخراوەیی و بەدەستهێنانی شەرعیەتی نێودەوڵەتی، مەرجی بنەڕەتین بۆ بەهێزکردنی چانسی گەیشتنی نەتەوەی کورد بە ئامانجە دیموکراسی و نەتەوەییەکانی.

## ململانێی نایەکسان و مانەوەی سیاسی

**لە ململانێیەکی ناهاوسەنگدا، کە ئەکتەرێکی نادەوڵەتی ڕووبەڕووی دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێز دەبێتەوە، زۆرجار ڕەفتار و کردەوە ستراتیژییەکان لە سەر سێ لۆژیکی بنەڕەتی بنیات دەنرێن:**

**یەکەم:** گۆڕینی هاوسەنگیی تێچوون؛ ئەکتەرە لاوازەکە هەوڵ دەدات تێچووی سیاسی، ئابووری یان ئەمنیی لایەنی بەرامبەر بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی مەودای مانۆڕی لێ تەنگ بکاتەوە و هاوسەنگیی هێز لە ململانێکەدا بگۆڕێت.

**دووەم:** ململانێ لەسەر شەرعییەت؛ ئەکتەرەکە هەوڵ دەدات پشتگیری و دانپێدانانی پێکهاتە نێوخۆییەکەی خۆی، ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان یان ڕای گشتیی جیهانی بەدەست بهێنێت. لەم هاوکێشەیەدا، شەرعییەت دەبێتە سەرمایەیەکی ستراتیژیی وا کە دەتوانێت قەرەبووی کەمیی سەرچاوە ماددی و سەربازییەکان بکاتەوە.

**سێیەم:** لۆژیکی مانەوە؛ ئامانجی سەرەکی لێرەدا، دەستەبەرکردنی بەردەوامیی بوونی بزووتنەوەکەیە. لە زۆرێک لە ململانێ

ناهاوسەنگەکاندا، خودی مانەوە و بەردەوامبوون - و دوورکەوتنەوە لە لەناوچوونی یەکجاری - سەرکەوتنێکی ستراتیژیی گەورە ئەژمار دەکرێت.

هاوکات، تیۆرییە سیاسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەو بزووتنەوانەی لە پێناو ڕەزامەندیی لایەنە دەرەکییەکاندا زۆر لە بنەماکانی خۆیان لادەدەن، دەکەونە بەردەم مەترسیی لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و شەرعییەتی نێوخۆییان.

## ستراتیژیی خۆڕاگری و سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئاراستەیەکی ستراتیژیی ناوەندی لە ناو گوتاری سیاسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لەسەر بنەمای بەرخۆدانی کارا بەرامبەر بە دەوڵەتی ئێران پێکهاتووە. ئەم ستراتیژییە پاڵپشتە بەو تێڕوانینەی کە پێکهاتەی سیاسیی ئێران بە چەوساندنەوەی دامەزراوەیی و نەبوونی چاکسازیی دیموکراسیی ڕاستەقینە دەناسرێتەوە. بۆیە لایەنگرانی ئەم ڕێبازە پێیان وایە گۆڕانکاریی ڕیشەیی و بەردەوام، تەنیا لە ڕێگەی بەرخۆدانی ڕێکخراو و ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسیی ئاشکرا لە دژی دەسەڵاتی دەوڵەت بەدی دێت.

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم ستراتیژییە، توانای ڕێکخستن و کۆکردنەوەی خەڵکە لە دەوری ئامانجە سیاسییە هاوبەشەکان و پشتبەستنە بە شوناسێکی بەکۆمەڵی بەهێز. بزووتنەوەکە بە گژداچوونەوەی پێکهاتەکانی دەسەڵاتی زاڵدا، بوونی ئیرادەی نەتەوەیی و ڕەتکردنەوەی پەراوێزخستنی بەردەوام دەسەلمێنێت. بەم پێیە، ئەم ستراتیژییە لە دۆخێکی پڕ لە چەوساندنەوەی درێژخایەندا، دەبێتە ئامرازێک بۆ دەنگپێدان بە داواکارییە سیاسییەکان و قایمکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی.

هاوکات، ئەم ڕێبازە ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی قورس دەبێتەوە؛ چونکە ناهاوسەنگیی هێز لە نێوان دەوڵەتی ئێران و ئەکتەرە سیاسییەکانی کورددا، تێچووی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ زۆر بەرز دەکاتەوە. ئەزموونی مێژووییش دەریخستووە کە زۆرجار هاووڵاتییانی مەدەنی بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە دەبنە قوربانیی شاڵاوی سەرکوتکاری، ئۆپەراسیۆنە ئەمنی و سزای ئابوورییەکان. جگە لەوەش، لە نەزمی نێودەوڵەتیی هاوچەرخدا، سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەک تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە شەرعییەتی دەرەکی، پشتیوانیی دیپلۆماسی و سەرنجی جیهانییەوە؛ هۆکارگەلێک کە زۆرجار نادیارن و بە بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکانەوە مەرجدار کراون.

لەم قۆناغەدا، ئاراستەیەکی ستراتیژیی دیکە لە ناو کایەی سیاسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەر هەڵدەدات کە ئەویش سیاسەتی وریایی و دانبەخۆداگرتنی ستراتیژییە. ئەم ڕێبازە پاڵپشتە بەو تێڕوانینەی کە مانەوەی سیاسیی دوورمەودا، پێویستی بە خۆپارێزی، بەرگەگرتنی دامەزراوەیی و گونجانی ژیرانە هەیە لەگەڵ هاوکێشەکانی دەسەڵاتی ناوچەییدا.

سەرەڕای ئەم لایەنە ئەرێنییانە، ئەم ستراتیژییەش ئاڵنگاریی گەورەی لەبەردەمدایە؛ چونکە پێداگریی بەردەوام لەسەر خۆپارێزی، دەکرێت ببێتە هۆی چەقبەستوویی سیاسی و پەراوێزخستنی بەرەبەرەی بزووتنەوەکە لە گوتاری گشتیدا. لایەکی دیکەوە، پشتبەستنی زۆر بە ئەولەویەت و بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی هێزە دەرەکییەکان، مەترسیی پاشەکشەی سەربەخۆیی سیاسی و لاوازبوونی توانای بڕیاردانی سەربەخۆی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نەوەی نوێش، نەبوونی دەستکەوتی سیاسیی بەرجەستە، بێزاری دەخوڵقێنێت و بۆشایی نێوان سەرکردایەتیی تەقلیدی و چاوەڕوانییەکانی گەنجان بۆ گۆڕانکاری قووڵتر دەکاتەوە.

هەردوو ستراتیژیی خۆڕاگری و خۆپارێزی، وەڵامگەلێکی عاقڵانەن بۆ بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان. لە کاتێکدا یەکەمیان جەخت لەسەر ڕێکخستن، بەرخۆدان و دەرکەوتنی مەیدانی دەکاتەوە، ئەوەی تریان گرنگی بە مانەوە، سەقامگیری و پاراستنی پێکهاتە دامەزراوەییەکان دەدات. کەواتە ئاڵنگاریی سەرەکیی بەردەم ئەکتەرە سیاسییەکانی کورد، دۆزینەوەی هاوسەنگییەکی ژیرانەیە لە نێوان ئەم دوو لۆژیکەدا؛ بە جۆرێک کە هاوکات هەم دەزگا سیاسییەکان بپارێزرێن و هەم کەمترین تێچووی ململانێکە بخرێتە سەر شانی کۆمەڵگە. بەدیهێنانی هاوسەنگییەکی لەم شێوەیە، مەرجی بنەڕەتییە بۆ پاراستنی پێگەی سیاسی و بەردەوامیی کۆمەڵایەتی.

## ئەکتەرە دەرەکییەکان: ئەمریکا، ئیسرائیل و خەیاڵی گەرەنتیی ئەمنی

تێڕوانینێکی باو لە ناو زۆرێک لە بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا هەیە کە پێی وایە زلهێزە دەرەکییەکان دەتوانن ببنە گەرەنتیکاری ئاسایش یان گۆڕانکاریی سیاسی، بەڵام ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی کە ئەم تێڕوانینە هەڵگری مەترسیی گەورەیە.

**سیاسەت و کردەوەکانی ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بە گشتی لەسەر ئەم سێ تەوەرە دەسووڕێنەوە:**

**بەرژەوەندیی ستراتیژی، نەک هاوپەیمانیی ئایدیۆلۆژی.**
**ئامانجە ئەمنییە کورتخایەن و مامناوەندەکان.**
**پاراستنی هاوسەنگیی ناوچەیی، نەک پشتگیری لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەیی.**

ئەمەش بەو مانایەیە کە پاڵپشتیی دەرەکی زۆرجار تەنیا ئامرازێکە بۆ پێکانی ئامانجێکی کاتی و نابێتە گەرەنتییەکی هەمیشەیی. بۆ ئەکتەرە سیاسییە بچووکەکان، پشتبەستنی ڕەها بەم هێزانە تەنیا سەرابێک لە ئاسایش دەخوڵقێنێت، نەک ئەوەی کۆنترۆڵێکی ڕاستەقینە بەسەر داهاتووی سیاسیی خۆیاندا بەدەست بهێنن.

## ڕۆڵی ڕەوەند: سەرچاوەی سەرمایەی سیاسی و کاریگەریی نێودەوڵەتی

ڕەوەندی کوردی یەکێکە لە سەرچاوە ستراتیژی و هەرە دیارەکانی بزووتنەوەی کورد. ڕەوەند لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی جوگرافی، دەستڕاگەیشتن بە تۆڕە نێودەوڵەتییەکان و ژیان لە ناو کۆمەڵگە دیموکراتەکاندا، خاوەنی سەرمایەیەکی سیاسیی وایە کە دەکرێت لە چەندین ئاستدا بۆ دروستکردنی کاریگەری بەکار بهێنرێت.

**کارتێکەریی ڕەوەند بەتایبەتی لە سێ بواردا ڕەنگ دەداتەوە:**

**کاریگەریی دیپلۆماسی:** ڕەوەند لە ڕێگەی لۆبیکردن و بەشداریکردن لە پرۆسە سیاسییەکانی وڵاتانی خانەخوێدا، دەتوانێت کار ب کاتە سەر بڕیاردەرانی نێودەوڵەتی، پەرلەمانەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ هێشتنەوەی پرسی کورد لە کارنامەی نێودەوڵەتیدا و دروستکردنی فشاری سیاسی لەسەر دەوڵەتانی داگیرکەر.

**پاڵپشتیی دارایی و پەرەپێدانی دامەزراوەیی:** ڕەوەند دەتوانێت ببێتە شادەماری دارایی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ناوەندە پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکان و پرۆژە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆدا. ئەم جۆرە پاڵپشتییانە خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی بەهێز دەکەن و دەبنە هۆی گەشەکردنی پێکهاتە دامەزراوەییەکان.

**هێزی گێڕانەوە و پێوەندیی ستراتیژی:** لە سەردەمی شۆڕشی زانیاری و میدیاییدا کە گێڕانەوەکان ڕۆڵی چارەنووسساز لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەگێڕن، ڕەوەند دەتوانێت تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی جیهانی بۆ پرسی کورد دروست بکات. ڕەوەند لە ڕێگەی ڕاگەیاندن، تۆڕە ئەکادیمییەکان و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە، دەتوانێت گێڕانەوە چەواشەکارییەکانی

دەوڵەتانی باڵادەست پووچەڵ بکاتەوە و چیرۆکێکی ڕەسەن بخاتە ڕوو کە شەرعییەتی سیاسیی داواکارییەکانی کورد بەهێزتر بکات.

سەرەڕای ئەم پوتانسیێلە بەهێزە، پێوەندیی نێوان ڕەوەند و ئەکتەرە سیاسییەکانی نێوخۆ زۆرجار بەهۆی لێڵبوونی ستراتیژی و گرژیی ڕێکخراوەییەوە سست دەبێت. نەبوونی هەماهەنگی، لاوازیی دامەزراوەیی و جیاوازیی ئەولەویەتەکان، زۆرجار دەبنە هۆی پەرتبوونی وزەکان و کەمبوونەوەی کاریگەریی ستراتیژی؛ بە جۆرێک کە سەرمایەی سیاسی، ئابووری و پێوەندییەکانی ڕەوەند بە تەواوی بۆ بەرژەوەندیی دۆزە نەتەوەییەکە کۆ ناکرێنەوە.

## بۆچی ستراتیژییە تاکلایەنەکان شکست دەهێنن؟

ئەو ستراتیژییانەی زۆرجار بە «خۆگونجاندن» یان «سیاسەتی چاوەڕوانی» ناوزەد دەکرێن، کێشەیەکی هاوبەشیان هەیە؛ ئەویش پشتبەستنە بە تێگەیشتنێکی ڕووکەش بۆ واقیعێکی سیاسیی قورس و ئاڵۆز. ئەم دیدگایانە وا گریمانە دەکەن کە دەکرێت کێشەیەکی گەورە، تەنیا بە یەک ڕێکار یان بە چڕبوونەوە لەسەر ڕەهەندێکی دابڕاو چارەسەر بکرێت. بەڵام لە واقیعدا، پرسی کورد لە ئێراندا بەهۆی کارلێکی بەردەوامی چەندین هۆکاری پێکهاتەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی-ئابوورییەوە شێوەی گرتووە.

دۆخی کورد تەنیا لە سەرکوتی دەوڵەت یان داواکاریی مافی نەتەوەییدا کورت نابێتەوە؛ بەڵکوو ئەم پرسە لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەولەویەتە ئەمنییەکانی دەوڵەت، کێبڕکێی جیۆپۆلەتیکییەکانی ناوچەکە، هەڵوێستی هێزە نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ، پەراوێزخستنی ئابووری، و ململانێ لەسەر شوناس، زمان و دانپێدانانی کولتووریدایە. ئەم هۆکارانە جیا لە یەکتر کار ناکەن، بەڵکوو پێوەندییەکی توندوتۆڵیان پێکەوە هەیە و زۆرجار کاریگەریی یەکتر قووڵتر دەکەنەوە.

**بۆ نموونە**، سەرکوتی دەوڵەتی دەبێتە هۆی پاشەکشەی ئابووری و بێبەشکردنی سیاسی، ئەمەش لە بەرامبەردا گرژییە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێی شوناس تیژتر دەکات. هاوکات، ململانێی دەسەڵات لە ناوچەکەدا و بەرژەوەندییە ئەمنییە نێودەوڵەتییەکان، ڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر چانسی گۆڕانکاریی سیاسی و بەدەستهێنانی پاڵپشتیی دەرەکی. لایەکی دیکەشەوە، پەراوێزخستنی ئابووریی ناوچە کوردییەکان، هەستی نایەکسانی و نادادپەروەری قووڵتر دەکات و باری ململانێکە ئاڵۆزتر دەکات.

لەم سۆنگەیەوە، زۆر دوورە لە ڕاستییەوە کە یەک ستراتیژی بە تەنیا بتوانێت وەڵامدەرەوەی ئەم هەموو ئاڵنگارییە پێکبەستراوانە بێت. بۆیە ستراتیژییە تاکلایەنەکان کێشەیان هەیە؛ چونکە تەنیا پەنجە دەخەنە سەر بەشێک لە نیشانەکانی نەخۆشینەکە و ڕەگ و ڕیشەی کێشەکانی دیکە فەرامۆش دەکەن، تەنانەت جاروبار بەهۆی چاوپۆشیکردن لە ڕەهەندە گرنگەکانی سیاسی، ئابووری یان کولتووری، لاوازیی نوێش بۆ بزووتنەوەکە دەخوڵقێنن.

لێرەوە دەردەکەوێت کە چارەسەری بەردەوام، پێویستی بە دیدگایەکی فرەڕەهەند هەیە؛ دیدگایەک کە پێوەندیی نێوان مافە سیاسییەکان، گەشەسەندنی ئابووری، دانپێدانانی کولتووری و هاوکێشەکانی دەسەڵاتی ناوچەیی بە تەواوی ڕەچاو بکات.

## واقیعی سیاسی و بنیاتنانی توانای دوورمەودا

ستراتیژیی سیاسیی سەرکەوتوو دەبێت پاڵپشت بێت بە هەڵسەنگاندنێکی واقیعیانە بۆ پێوەندییەکانی دەسەڵات و چەندین ئاستی کردار لە یەک کاتدا لەخۆ بگرێت. سەرکەوتن بە تەنیا یەک بڕیاری یەکلاکەرەوە بەدی نایەت، بەڵکوو پێویستی بە لێهاتوویی لە هاوئاهەنگکردنی شێوازە جیاوازەکانی خەباتی سیاسی هەیە،

**لەوانە:**

**بنیاتنانی توانای دامەزراوەیی و سیاسی:** گەشەپێدانی دامەزراوە نێوخۆییەکان، تۆڕە پیشەییەکان و ڕەخساندنی دەرفەتی کۆمەڵایەتی - ئابووری کە پایەکانی دەسەڵات و خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵگە قایمتر دەکەن.

**بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی:** کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی پووچەڵنەکراوە و زیندوو، دەبێتە کۆڵەکەی شەرعییەتی نێوخۆیی، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی دیموکراتی.

**کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی ڕەوەند:** بزووتنەوەکە دەتوانێت بە یەکخستنی توانای دارایی، دیپلۆماسی و فیکریی ڕەوەند، کاریگەریی نێودەوڵەتی و بەردەوامیی ستراتیژیی خۆی چەند بەرامبەر بکات.

**پێوەندیی ستراتیژی:** لێهاتوویی لە ئاڕاستەکردنی گێڕانەوەکان، بڵاوکردنەوەی زانیاریی دروست و دروستکردنی لایەنگری لە ناو ڕای گشتیی نێودەوڵەتیدا، هۆکاری سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەت و کارتێکردن لەسەر ئەکتەرە دەرەکییەکان.

**کارامەیی لە بەڕێوەبردنی مەترسیی پێوەندی لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان:** پاڵپشتیی نێودەوڵەتی گرنگە، بەڵام وابەستەیی مەترسیی زەوتکردنی ئازادیی بڕیاردانی هەیە؛ بۆیە پاراستنی هاوسەنگییەکی ورد لە نێوان هاوکاری و سەربەخۆیی سیاسیدا پێویستییەکی حەتمییە.

کەواتە ئاڵنگاریی ڕاستەقینە، تەنیا هەڵبژاردن لە نێوان خۆپارێزی یان چاوەڕوانیکردنی دەرفەتی گونجاوتر نییە؛ ئەرکی سەرەکی پەرەپێدانی ستراتیژییەکی نەرم، فرەئاست و گونجاوە کە بتوانێت هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکە و جیهاندا بجووڵێتەوە، لە کاتێکدا شەرعییەتی دوورمەودا، سەربەخۆیی و توانای ڕێکخراوەیی بزووتنەوەکە وەک خۆی دەپارێزێت.

## کۆتایی

ئەزموونی مێژوویی بزووتنەوە هاوشێوەکان لە جیهاندا دەریخستووە کە گۆڕانکاریی سیاسیی بەردەوام، بە دەگمەن تەنیا لە ڕێگەی یەک جۆر ستراتیژییەوە دێتە بەرهەم؛ بەڵکوو بەرهەمی ئاوێتەکردنی بنیاتنانی دامەزراوەیی، بەدەستهێنانی شەرعیەتی نێودەوڵەتی و پاراستنی ڕێکخستنی نێوخۆییە، بە جۆرێک کە تێیدا توانای دامەزراوەیی، شەرعیەتی سیاسی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی پێکەوە گەشە بکەن و هاوکاری یەکتر بن.

کەواتە کێشەی سەرەکی بۆ ئەکتەرە سیاسییەکانی کورد، هەڵبژاردنی نێوان ڕووبەڕووبوونەوە یان چاوەڕوانی نییە، بەڵکوو پەرەپێدانی هێزێکی ستراتیژییە کە بتوانێت خۆڕاگری و گونجاندن پێکەوە گرێ بدات. لە ژینگەیەکی سیاسیدا کە بە سەرکوتی دەوڵەت، کێبڕکێی هێزە ناوچەییەکان و تەمومژاویبوونی دۆخی نێودەوڵەتی دەناسرێتەوە، خۆڕاگریی ڕێکخراو دەبێتە سەرمایەیەکی چارەنووسساز. ئەو بزووتنەوانەی بە شێوەیەکی تاکلایەنە تەنیا پشت بە هێزە دەرەکییەکان دەبەستن، سەربەخۆیی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە، لە کاتێکدا ئەوانەشی خۆیان لە جیهانی دەرەوە دادەبڕن، چانسی دروستکردنی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و کاریگەریی سیاسی لە خۆیان زەوت دەکەن.

لەم سۆنگەیەوە، ستراتیژییەکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە، واقیعیترین بەدیلە. ستراتیژێکی لەم شێوەیە پێویستی بە وەبەرهێنان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەیە، لەگەڵ پەرەپێدانی دامەزراوە نێوخۆییەکان، بەهێزکردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان و کۆکردنەوەی ژێرانەی سەرچاوە سیاسی و داراییەکانی ڕەوەند. هاوکات، بۆ گۆڕینی ئاڕاستەی گێڕانەوە نێودەوڵەتییەکان و گەیاندنی دروستی داواکارییەکانی کورد بۆ ماف، نوێنەرایەتی و بڕیاردانی چارەنووس، پێویستە

جۆزەردانی ٢٧٢٦

گرنگییەکی تەواو بە پێوەندیی ستراتیژی بدرێت.

کەواتە گرێکوێرەی سەرەکی، کێشەی نێوان «چاوەڕوانی» یان «ڕووبەڕووبوونەوە» نییە، بەڵکوو دارشتنی توانایەکی ستراتیژیی وایە کە بتوانێت لە کاتی گۆڕانی هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەکاندا خۆی ڕابگرێت، بەبێ ئەوەی بنەما و ناوەڕۆکە سیاسییەکەی خۆی بدۆڕێنێت. تەنیا لە ڕێگەی ئەم هاوسەنگییە لە نێوان ڕیالیزم، هێزی ڕێکخراوەیی و پلاندانانی دوورمەودادا، دەرفەتی ڕاستەقینە بۆ گۆڕانکاریی سیاسیی بەردەوام دەخوڵقێت.

٢٤ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# ئێران دەتوانێ چ وانەیەک لە هیند فێر بێت؟






ئیبراهیم لاجانی

ئێران وەک وڵاتێکی فرە نەتەوە، فرەکولتوور، فرەزمان و فرەئایین، لە مێژووی کۆن و هاوچەرخی خۆیدا هەمیشە لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدا بووە؛ ئەویش چۆنیەتیی ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی ئەم کۆمەڵگە فرە ڕەنگەیە. ئەوە لەکاتێکدایە ئەو فرە فەرهەنگیبوونە، نەک هەر ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە و دەبێت سەرنجی بدرێتێ، بەڵکوو بەو مەرجەی لە شکڵی دامەزراوە و سیاسەتگوزارییەکی بەرین و وەخۆگردا بەفەرمی بناسرێ، دەبێتە زەمینە و دەرفەتێکی بەهێز بۆ

پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتیش. لەو پێوەندییەدا ئەزموونی وڵاتی هیند، وەک گەورەترین وڵاتی دێموکراسی و چەند فەرهەنگیی دونیا، دەتوانێ بەتایبەتی لە پێوەندیی لەگەڵ کوردستان، بەلووچستان، ئازەربایجان، خوزستان و تورکمەنسەحرادا، گەلێک وانەی بەنرخی لە زۆر بارەوە بۆ ئێران تێدا بێت.

دیسانتڕالیزاسیۆن یەکێک لەو بوارانەیە. مەبەست لە دیسانتڕالیزاسیۆن بریتییە لە: ئەسپاردنی بەشێک لە دەسەڵات و ئیختیاراتی سیاسی، دارایی، پەروەردەیی، کولتووری، ئیداری و حکوومەتی لەلایەن ناوەندەوە بەو هەرێمانەی کە هەلومەرجی تایبەت بەخۆیان هەیە. لە هیند ئەو کارە لە ڕێگای پیادەکردنی سیستەمی فیدرالی و هەندێک سازوکاری دیکەوە، کە دەرفەت بۆ بەشداریی ڕاستەوخۆی خەڵک لە بڕیاردان لەمەڕ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا دەخوڵقێنن، جێبەجێ کراوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە شکڵ و قەوارە و پێکهاتەی سیاسی لە ئێراندا بەتوندی سانتڕالیزەیە و هەموو دەستەڵاتی حکوومەتی لە ناوەنددا کۆ کراوەتەوە. دۆخەکە بەجۆرێکە کە تەنانەت لە بوارەکانی فەرهەنگی، پەروەردەیی و پەرەسەندنی ناوچەییشەوە، بڕیارەکان زۆرتر لە ناوەندەوە، بێ وەبەرچاوگرتنی ڕاستییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەکان، دەدرێن و ڕادەگەیەنرێن. لە پێوەندی لەگەڵ کوردستاندا، دیسانتڕالیزاسیۆن دەکرێ بریتی بێت لە: دابینکردنی خودموختاری بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا.

هەر لەو پێوەندییەدا سازوکارێکی دیکە بریتییە لە: فیدرالیزمی ناتەریب. لە وڵاتی هیند هەندێک ئەیالەت، وەک ئەیالەتەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی هیند، بە وەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تایبەت بەخۆیان، خاوەنی دەستەڵات و ئیختیاراتی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی خۆیانن. ئەو جۆرە فیدرالیزمە، ئەو ڕاستییە بەفەرمی دەناسێت کە هەرێم و ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات، دەکرێ لە باری ئیداری و دەستەڵاتی حکوومەتییەوە، ئیختیاراتی جیاوازیان بدرێتێ و خودموختاریی تایبەت بە خۆیان هەبێت. ئەو مۆدێلە بۆ ئێران دەتوانێ وەک سەرمەشق چاوی لێ بکرێت. بەتایبەتی بۆ ئەو هەرێمانەی کە بە بەراورد لەگەڵ ناوەند و ناوچەکانی دیکەی وڵات، وەک کوردستان، خاوەنی زمان و فەرهەنگ و کولتوورێکی جیاوازن.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، بەفەرمی ناسینی ناسنامە و شوناسی نەتەوایەتی، ئێتنیکی، زمانی، فەرهەنگی، قەومی، ئایینیی دانیشتووانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی وڵات، بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ. خۆ لەخۆڕا نییە کە تیۆرسێنە بەناوبانگەکانی وەک چارلز تایلۆر و ئەکسیل هۆنێت، لەو پێوەندییەدا پێ لەسەر گرنگی و بایەخی سیاسەتەکانی بەفەرمی ناسینی شوناس و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان دادەگرن. کەواتە بەفەرمی ناسینی شوناس و زمان و فەرهەنگ و کولتووری کوردی، نەک هەر مافێکی فەرهەنگیی گەلی کوردە، بەڵکوو پێداویستییەکی گرنگیشە بۆ دابینکردن و بەهێزکردنی یەکگرتوویی سیاسی.



سەرچاوە
Serchawe

سیاسەتی فرەزمانی لە یاسای بنەڕەتیی هیندا جێگای بۆ کراوەتەوە. ئەو وڵاتە بیست و دوو زمانی فەرمیی هەیە. هەر هەرێمێک دەتوانێ زمانی فەرمیی خۆی هەبێت. کەچی لە ئێراندا، ئەگەرچی زمانە یاسای بنەڕەتیدا زمانی نەتەوەکان -وەک زمانە ناوچەییەکان- بەفەرمی ناسراون، بەڵام لە کردەوەدا ئەو ئەسڵە هەرگیز جێبەجێ نەکراوە. ئەوە لەکاتێکدایە کە خوێندن و فێربوون بە زمانی دایک لە کوردستاندا، دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ لە کەمکردنەوە و لەنێوبردنی نابەرانبەرییەکاندا، بەتایبەتی لە نەهێشتنی نابەرانبەری پەروەردەییدا ببینێ و، ببێتە هۆی گەشە و هەڵدانی فەرهەنگی و پەرەسەندنی سەرمایە ئینسانییەکان.

لە مافی نێونەتەوەییدا، بۆ نموونە لە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و لە ڕاگەیەنراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا سەبارەت بە مافەکانی گەلان و خەڵکە بوومییەکاندا، مافی کەمایەتییە نەتەوەیی، زمانی، فەرهەنگی و ئایینییەکان و خەڵکان و گەلانی بوومی و خەڵکە ڕەسەنەکان، پێی لەسەر داگیراوە. ئەرکی سەرشانی دەوڵەتەکانە کە ئەو ئەسڵانە پیادە بکەن و لە سیاسەتگوزاریی خۆیاندا وەبەرچاویان بگرن. هەرچەند کوردەکان لە ئێراندا وەک کەمایەتی پێناسە ناکرێن، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو میکانیزم و سازوکارانەی لەو پەیماننامە ناونەتەوەییانەدا هاتوون، دەکرێ لە کوردستان و لە ناوچەکانی دیکەی وەک ئازەربایجان و بەلووچستاندا پیادە بکرێن و وەبەرچاو بگیردرێن. بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ مافە فەرهەنگی و زمانییەکان و مافی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاردانـدا، ئەو بەڵگەنامە نێونەتەوەییانە نرخ و بایەخێکی زۆر گرنگیان هەیە.

سێکۆلاریزمیش یەکێکی دیکە لەو بوارانەیە کە لە ئەزموونی هیندا بۆ ئێران جێگای لێ فێربوونە. سێکۆلاریزمی هیندی بەمانای وەدەرنانی دین لە گۆڕەپانی فەزای گشتیدا نییە، بەڵکوو بەمانای بێلایەنیی دەوڵەت و حکوومەت لە پێوەندی لەگەڵ ئاییندایە. ئەو ئەسڵە هەلومەرجی پێکەوەژیانی بە ئاشتیانەی بۆ پەیڕەوانی هەموو ئایینە جۆراوجۆرەکان لەو وڵاتەدا پێکهێناوە. لە ئێران کە دارشتنی قەبارە و شکڵی سیاسیی دەوڵەت لەسەر بناخەی ئایین دانراوە، پێداچوونەوە بەو شکڵە لە حکوومەتداری و پێوەندیی نێوان دین و دەوڵەت، دەتوانێ کێشە و ململانێ و وێکەوتنە مەزهەبییەکان کەم کاتەوە و جیاکاری و نابەرابەری تا ڕادەیەکی زۆر، بۆ نموونە لە ناوچە سوننینشینەکانی وەک کوردستاندا، لەبەر یەک ببات.

یەکێکی دیکە لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان وڵاتانی هیند و ئێران ئەوەیە کە لە هیندا سیستەمی فرە حیزبی و ململانێی سیاسیی ڕاستەقینە لەگۆڕێدایە. ئەوەش دەرفەت و ئیمکان بۆ نەتەوە جۆراوجۆرەکان، دانیشتووانی ناوچە جۆراوجۆرەکان، پەیڕەوانی ئایینە جۆراوجۆرەکان پێکدێنێ تا لە ڕێگای حیزبە ناوچەییەکانەوە، شوێنەواری خۆیان لەسەر پرۆسەی سیاسی دانێن. کەچی بۆ نموونە لە کوردستانی ئێراندا، سەرکوت و زەبروزەنگی سیاسی، بووەتە هۆی ئەوەی کە

خەڵکی کوردستان نەتوانن بە شێوەیەکی فەرمی و ئازادانە، کاناڵی فەرمیی خۆیان بۆ بەیان و هێنانەگۆڕی داخوازە نەتەوایەتی و سیاسییەکانی خۆیان هەبێت. ئاخر بەرینکردنەوەی فەزای سیاسی و بەهێزکردنی دامەزراوە سیاسی و مەدەنییەکانی وەک حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، دەتوانێ یارمەتی بە بەرەوپێشبردن و ئیدارەکردنی بە ئاشتییانەی ململانێ و هێنانەگۆڕی داخوازە سیاسی و فەرهەنگی و کولتوورییەکان بکات.

لەوەش زیاتر دەستەواژەی پەرەسەندنی ناهاوسەنگ لە کۆمەڵناسیی پەرەسەندندا بەباشی دۆخی ناوچە و هەرێمە پەراوێزخراوەکانی وەک کوردستان و بەلووچستان لە ئێراندا ڕوون دەکاتەوە. کوردستان و بەلووچستان و ناوچە دووردەستەکانی دیکەی ئێران، بەگوێرەی پێوەرەکانی پەرەسەندنی ئینسانی، بە بەراورد لەگەڵ ناوەند، لە ئاستێکی خوارەوەتردان. لە هیند لەو پێوەندییەدا، دەوڵەت سیاسەتی جیاوازیدانانی ئەرێنی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ناوچانەدا وەبەرچاو دەگرێ کە کەمتر پەرەیان سەندووە. لەو ڕێگایەوە دەوڵەت توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازییەکان پڕ بکاتەوە و نابەرانبەرییەکان لەناو ببات. کەچی لە ئێراندا ئەو ناوچانە نەک هەر سەرنجێکی تایبەتیان پێنادرێ، بەڵکوو لەژێر سەرکوت و زەبروزەنگی سیاسی و نیزامی و ئەمنییەتیشدان.

لە کۆتاییدا دەبێت بگوترێ کە هیچ مۆدێلێک ناتوانرێ بە شێوەیەکی میکانیکی بگوێزرێتەوە. ئەزموونی هیند ئاکامی گەشە و هەڵدان و بارودۆخی مێژوویی تایبەت بەو وڵاتەیە. بەو حاڵەش ئەسڵەکانی وەک دیسانتراڵیزاسیۆن، دێموکراتیزاسیۆن، بەفەرمی ناسینی فرە زمانی و فرە کولتووری و فرە نەتەوەیی، دەستەبەرکردنی بەشداریی خەڵک لە پرۆسەی سیاسیدا، دابینکردنی مافە فەرهەنگی و کولتووری و نەتەوەییەکانی گەلانی وڵات و کەمایەتییەکان، دەتوانن وەک سەرمەشق لە ئێراندا دەکار بکرێن و وەک دەرس فێریان بین و لە دارشتنەوەی هەیکەلی سیاسیی ئێراندا کەڵکیان لێ وەرگرین.

ئەوە بۆ کوردستانی ئێران دەتوانێ بریتی بێت لە: تێپەڕین بەرەو ئازادی، بەرەو خودموختاری، بەرەو حکوومەتی ناوچەیی، هاتنەدەر لە دوورەپەرێزی و دواکەوتوویی هەمەلایەنە و بەشداریی کاریگەر و چالاکانە لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا. شتێک کە نەک هەر بە قازانجی کوردەکانە، بەڵکوو لە بەرژەوەندیی هەموو ئێران و خەڵکی ئێرانیشدایە. بۆ؟ چونکە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی ڕاستەقینە نەک بە حاشا لێ کردن لە گەلان و فەرهەنگ و ئایین و زمان و شوناسە جۆراوجۆرەکان، بەڵکوو لە ڕێگای قبووڵکردن و بەفەرمی ناسین و ئیدارەکردنی داهێنەرانەی ئەو جیاوازیانەوە دابین و دەستەبەر دەکرێت.

٢٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

## بەهار کەپرێ دەکەینۆ و هاوین تێکی دەدەینۆ و پاییز ڕێکی دەخەینۆ، بەینۆ بەینۆ بەینۆ...




ئای لەم گۆرانییە! ئای لەم فۆلکلۆرە دەوڵەمەندە! کاتێک لەسەر کورسییەکەمان دادەنیشین و چایەکی گەرم یان شەربەتێکی ساردمان خواردۆتەوە و دەنگە بەرز و لەرزۆکەکەی هونەرمەندێکی بە زیک و زەردی کەمانچەکەیەوە دەڵێت: "بەینۆ بەینۆ بەینۆ، بەهار کەپرێ دەکەینۆ، پاییز ڕێکی دەخەینۆ"، ئا لێرەدا دەبێت لەسەر کورسییەکەت ڕێک دانیشیت و لە قووڵایی ئەم شاهکارە گۆرانییە تێبگەیت. ئەمە تەنیا میلۆدییەکی سادە نییە بۆ سەمای هەڵپەڕکێی گوندنشینان لێدرابێت، نا! ئەمە فەلسەفەی ژیانە، ئەمە ستراتیژی سیاسییە، ئەمە پڕۆگرامی ئابووریی نەتەوەییە و تەنانەت ستراتیژیی گەرمی - ساردییشی تێدا شاراوەتەوە. وا دەزانن ئێمە گەلێکی دواکەوتووین و لەنێو چیا و دۆڵاندا لە دونیا بێخەبەرین؟ نەخێر، ئێمە خاوەنی "بەینۆ بەینۆ"ین! ئەم گۆرانییە ئەوەندە قووڵە، ئەوەندە پڕ واتا و ڕەمزە، سێبەرەکەی نەک هەر بەسەر تەواوی کوردستاندا، بەڵکوو بەسەر هەموو گۆی زەوییاندا درێژ بووەتەوە. ئێمە لەگەڵ خۆماندا هەموو دونیاشمان بۆ ڕووخاندن و سازکردنەوەی پەیتاپەیتای کەپران قایل کردووە.

هەر کەسێک کەمێک مێشکی لەسەر گۆرانیی کوردی و فۆلکلۆر بێت، یان کەمێک لە ئەدەبیاتی دانوستانی دژبەیەک تێگەیشتبێت، دەزانێت "بەینۆ بەینۆ" کتێبێکی کراوەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێمەیە. نەکەن وا بیر بکەنەوە ئەمە تەنیا بۆ گاڵتە و گۆرانی و کات بەسەربردنە. نا، ئەمە پڕۆگرامی کارە بۆ هەموو گەلان. ئەگەر بە قووڵی لە وشەکان، لە ئاوازە گەرم و ساردەکان، لە دەربڕینەکان و لەو هەناسە درێژەی هونەرمەندەکەمان تێبگەیت، تێز و ئەنتی تێز و سەنتێزی

فەیلەسوفە گەورەکان وەک هێگڵیشی تێدایە، بەڵام بە شێوازێکی کوردییانە، پڕ لە ڕەنگ و بۆن و ژیان، و سەرنجڕاکێشتر! وەکوو نموونە، هەر لەم چەند دەیەی ڕابردوودا، بەشی ڕۆژهەڵاتمان، یان وەک ئێستا پێی دەڵێن، "ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، هەر کە پاشایەتییەکەی ئێران تێک چوو، هەڵمەتی "بەینۆ بەینۆ"یان دەست پێکرد. نوێنەرانی گەل لە بەهارێکی پڕ هیوادا، کەپرێکی گفتوگۆیان لەگەڵ کۆماری تازەپێگەیشتوودا لێدا. ئەوەتا ئێمە نەک هەر گەیشتووینەتە مانگ و زەردەواڵەشمان لەسەر نیشتووە، بەڵکوو لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی کۆمارێکدا، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە چادرمان هەڵداوە. پاشان، بەبێ ئەوەی زۆر کات بڕوات، کەپرەکە بە زرمێک ڕووخێنرا، و وەک بەشێک لە فەلسەفەی "بەینۆ بەینۆ"، ماوەیەکیش لە زستانی بێئومێدیدا مانەوە. ئیتر ئێستا دوای چەند ساڵێک، جاروبار بە درۆن و مووشەک یادی "تێکدانی کەپرەکە" دەکرێتەوە و هێرش دەکرێتە سەرمان، و لە لایەکی ترەوە، ماڵپەڕێکی تاران بە ناوی "ڕووداو ٢٤" بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەسەر لاپەڕەکانی دەنووسێت و باس لە "هەوڵەکانی کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی" دەکات و چاوەڕێیە لە بەهاری داهاتوودا — ئەگەر بەهارێک بێت و تووشی زریانی سیاسی نەبێت — دیسان کەپرێکی نوێی گفتوگۆ لە نێوان دەسەڵاتی ئێستا یان داهاتوودا دروست بکرێتەوە. ئەمە "بەینۆ بەینۆ"ی نێوان کورد و ئێرانە، وەرز بە وەرز و دەیان ساڵ بە دەیان ساڵ بەردەوامە. پرۆژەیەکی دڵخۆشکەر!

ئەمە تەنیا پەیوەندی بە ئێرانەوە نییە! کەپری "بەینۆ بەینۆ" لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا، وەک هەڵپەڕکێیەکی خۆشە و ئەوانیش زۆر جار بە گۆرانیی بەینۆ بەینۆوە، کوردانی باکوور و ئەردۆغان کە هەر جارە و بە قسە خۆشێک دێنە پێشەوە و دواتر خەنجەرێکی تازە دەردەهێنن، تەنانەت لە ڕۆژاوایش لە نێوان کورد و ئەحمەد شەرعیدا بەردەوام هەڵ دەبەسترێت، تێک دەدرێت و دواتر "چاک دەکرێتەوە" (کە زۆربەی کات تەنیا نوێکردنەوەی ناوی کەپرەکەیە و شوێنی چادرەکە دەگۆڕدرێت!). پرۆژە نیشتمانییەکە ئەوەندە سەرکەوتوو بووە، ئەوەندە کاریگەر بووە، لە نێوخۆدا لە نێوان حیزبە سیاسی و چەکدارەکانی خۆشماندا دووبارە دەبێتەوە.

لە ڕووسیە و ئۆکراین باس لە کەپری "بەینۆ بەینۆ" دەکرێت، بەڵام وادیارە هێشتا تەواو لە فەلسەفەکەی تێنەگەیشتوون و بە باشی کاریان بۆ نەکردووە، بۆیە جەنگەکەیان کۆتایی نایەت و ناتوانن کەپرەکەیان بە جوانی لێ بدەن. تەنانەت ئیسرائیل و حیزبوڵڵاش لەگەڵ ئەوەی دوژمنی سەرسەختی یەکترن و چاویان بەیەکتر هەڵنایەت، لەنێو گفتوگۆ نهێنییەکانیاندا گۆرانیی "بەینۆ بەینۆ" دەڵێنەوە، هەرچەندە جاروبار دەنگی مووشەک و تۆپبارانیشیان تێکەڵ دەبێت، بەڵام بێگومان ئەوان پەیامی "بەینۆ بەینۆ"یان وەرگرتووە.

پێویستە لێرەدا سپاسێکی زۆر لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەمریکا بکەین. چونکە ئەگەر ئەوان لە دانوستانە زەبەلاح و

جۆزەردانی ٢٧٢٦

پڕ لە دراماکانیاندا خۆیان بەم شێوەیە نەکردبووایە قوربانیی پۆست مۆدێرنیزمی "بەینۆ بەینۆ"، ئاوا بە ئاسانی ئەم گۆرانییە نەدەبوو بە پرۆژەیەکی جیهانی. ئەوان ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە جیهانیکردنی ئەم گۆرانییە فەلسەفییە کوردییە قووڵە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەم "بەینۆ بەینۆ"یە خۆمان دامانناوە و هەر لە خۆمان جوانە. ئێمەی کورد هەموومان لەسەر ئەم گۆرانییە کۆکین، بە هەوایەکی تایبەتەوە هەڵدەپەڕین و بە یەک دەنگ دەڵێین:"

بەینۆ بەینۆ بەینۆ،
بەهار کەپرێ دەکەینۆ،
هاوین تێکی دەدەینۆ،
پاییز پاییز ڕێکی دەخەینۆ"!

ئێستاش خەڵکی هەموو پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان لەسەر ئەم گۆرانییە جیهانییە دڵخۆشن و شادمان دەژین و لە جیاتی دروستکردنی باڵەخانەیەکی قورس و قایم قۆناغ بە قۆناغ خەریکی کەپرەکەن.

٢٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# خەباتی کورد و دژبەرانی دڵڕەشی






هەیاس کاردۆ

بۆ کەس شاراوە نییە خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان لە ئێران، بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی، مافی بەرابەری و عەدالەتی کۆمەڵایەتییە. لەوەتی کورد خەباتی خۆی درێژە دەدا، هیچکات مەیلی سەرەڕۆیی و تەماحکارانەی نیشان نەداوە. هیچکات نەیویستووە پەلامار بەرێتە سەر ماف و ژیانی هیچ نەتەوە و لایەنێکی دیکە. بە هەموو دەنگی خۆی هاواری کردووە کە هەموو گەلانی نیشتەجێی ئێران مافی وەک یەکیان لە هەڵبژاردنی چۆنیەتیی ژیانی خۆیاندا هەیە.

هیچکەس لە کەسی دیکە نە زیاترە و نە کەمتر. ئەوەندەی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی و مافی ژیانێکی ئاسوودەی باقیی بەشەکانی ئێران خەباتی کردووە و خوێنی داوە، هیچکات ئەو هاودەنگییەی وەرنەگرتووەتەوە.

دیارە سەرەکیترین دوژمنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و گشت ئێران، دەسەڵاتی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامییە کە بەردەوام خەڵکی کوردستانیشی پەلامار داوە، ماڵی وێران کردووە و کوشتاری لێ وەڕێ خستووە. لەژێر دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە دژی ئینسانییەدا، گەلەکەمان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر چەوساوەتەوە و زوڵمی لێ کراوە. لە ماوەی نزیک نیو سەدە دەسەڵاتی ڕەشی ئەم ڕێژیمەدا خەڵکی کورد زیاترین زیانی وێ کەوتووە. زۆرترین کوشتاری لێ کراوە. لە بێبەشیی زیاتردا ڕاگیراوە. زیاترین هێزی سەرکوتکەری بۆ ڕەوانە کراوە. کەمترین پلانی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانیی تێدا بەڕێوە چووە. بەشی زۆری ئێعدام و زیندانیی لێ بینراوە و کەمترین مەجالی ژیانێکی ئاسوودەی بۆ دابین کراوە.

ئەگەر خەڵکی کوردستان ئێستاش خەباتی نەپساوەی خۆی بە دژی ئەو ڕێژیمە هەروا درێژە دەدا، کەس ناتوانێ ناحەقی بگرێ. چونکە کورد بە ڕەگ و پێستەوە تامی تاڵی بێبەشی و ناعەداڵەتیی چێشتووە و بڕیاری داوە هەتا گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری وچان نەدا. لەو ڕێگایەدا قوربانیی زۆری داوە و دیارە ئامادەشە واز لە خەبات نەهێنێ.

بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد لە کوردستانی ئێران کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆڵی پێشەنگی تێدا دەگێڕێ، هەتا ئێستاش هەمیشە دەستی دۆستایەتی و هاوخەباتیی بۆ باقیی خەڵکی ئێران درێژ کردووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وایە هیچ سیستەمێکی سیاسی و سەقامگیر لە ئێرانی داهاتوودا بەبێ بەشداریی هەموو گەلان و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران نە پێک دێ و نە ئەگەر پێکیش بێ، بەردەوام دەبێ. هەر بۆیە بۆ گەیشتن بە دۆخێکی ئارام و ئاشتیخوازانە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی یەکتر، تەنیا ڕێگا یەکتر قبووڵ کردن و دەستی هاوکاری بۆ یەک درێژ کردنە. دیارە لەو بوارەدا بزووتنەوەی کورد هیچکات ئەو گرنگییەی وەپشت گوێ نەخستووە و دایمە وەبیر هەموو لایەکی هێناوەتەوە.

بەخۆشییەوە بەشێکی بەرچاو لە هێز و لایەنە سیاسییە نەتەوەیی، دێموکرات و چەپی واقیعبینی ئێرانی لەو ڕاستییە گەیشتوون و بۆیان دەرکەوتووە کە، ئێران وڵاتێکی فرەڕەنگ و فرەچەشنە و بە بێ بەشداریی هەمووان، هیچ دەسەڵاتێک پایەدار نابێ. هەر بۆیە لە مێژساڵە دانیشتن و باسی جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە لێک تێگەیشتنی باشتر، لەنێو لایەنە کوردی و ئێرانییەکاندا بەردەوام درێژەی هەبووە. لەو پێوەندییەدا زۆر نزیکبوونەوەی باشیش کراوە و تەنانەت هاوکاریی جۆراوجۆر لە شکڵ و ناوی جیاوازدا پەیدا بوون. هەر ئێستاش بزووتنەوەی کورد هەم لەگەڵ بزووتنەوەی گەلانی ژێر ستەمی

ئێراندا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا و بۆ مەبەستێکی مافویستانە خەبات دەکا و هەم لەگەڵ ژمارەیەک لە ئازادیخوازانی دیکەی ئێرانی خەریکی لێک نزیکبوونەوە بە هاوکاریی زیاترە.

بەو حاڵەش، بەداخەوە نابێ لە بیرمان بچێ مەسەلەی کورد و خەباتە ڕەواکەی هەتا ئێستاش بۆ بەشێک لە ناوەندگەرایان کە عادەتیان بە سەپاندنی هێزی خۆیان بەسەر خەڵکی دیکەدا گرتووە، بە باشی هەزم ناکرێ. ئەوانە نایانەوێ ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەن و جارێک بۆ هەمیشە واز لە خۆبەزلزانی بهێنن کە تامی شیرینی پێکەوەژیانی بەرابەر، زۆر بەقازانجترە لە دەسەڵاتی خۆسەپێنی بە ڕواڵەت ئێراندۆست. دیارە بەشێک لەو ناوەندگەرایانە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئامادەی دانیشتن لەگەڵ نوێنەرانی کوردن و خوازیاری لێک حاڵیبوونی زیاترن. ئەوانە هەرچەند وا دەنوێنن دژی مافی کورد نین، بەڵام بە بیانووی جۆراوجۆر خۆ لە قبووڵی ویستەکانی دەبوێرن. بەگشتی تەمی تەعەسوبێکی ئێرانیگەری کە بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەکە بەرچاوی قەومی فەرمانڕەوای گرتووە، وادیارە بە ئاسانی نارەوێ. لەو پێناوەدا هەم کورد دەبێ کاری زیاتری بۆ بکا و هەوڵ بدا دۆستانی زیاتر بۆ مەسەلەی لێک تێگەیشتن کۆ کاتەوە، هەم کۆمەڵی ڕووناکبیر و واقیعبینی ئێرانی لەسەریەتی بۆ قازانجی گشتیی ئێرانی داهاتوو، خۆ لەو کۆت و زنجیرە ڕزگار بکا. چونکە تەنیا لەو حاڵەتە دایە دەکرێ دڵ بە ئێرانێکی سەقامگیر و دێموکرات خۆش بکرێ.

هەڵبەت جگە لە دەسەڵاتی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی، بەداخەوە لایەنی دیکەش کە خۆیان لە دەسەڵات وەلانراون و تەرکەوەتەن کراون، لە دوژمنایەتیی مافەکانی کورددا، لەگەڵ ڕێژیم هاوبەشن. لە هەرە دیارترینی ئەو لایەنانەی بە ئاشکرا دژی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان شەو و ڕۆژ خەریکی تۆمەت بەخشینەوەن،

**دوو جەمسەری دژ بە یەک، بەڵام هاوتەریبی ڕاستی ڕاست و چەپی چەپن. با بزانین ئەوانە کێن:**

هەر وەک دەزانین سروشتی گۆی زەوی بە جۆرێکە دوو جەمسەری قوتبی باکوور و قوتبی باشوور، ساردترین خاڵی سەر زەوین. ئەو دوو بەشەی زەوی ئەگەر لە شتێکدا وەک یەک بچن، سەهۆڵبەندانی دایمیی ئەوانە. واتە ئەو دوو جەمسەرەی گۆی زەوی وەک یەک، ساڵ دوازدەی مانگ و بۆ هەمیشە پڕ بەفر و سەهۆڵبەندانن. جگە لەوە، هیچ وێکچوونی دیکەیان لەگەڵ یەک نییە.

دوو جەریانی ئەوپەڕی ڕاست و چەپی ئێرانی کە شاپەرستەکان و کۆمۆنیستی کرێکارین، خسڵەتێکی تەواو هاوشێوەیان هەیە. ئەو دوو جەمسەرە بە حیساب سیاسییەی ئێران کە بە قسەی خۆیان شیر و تیر لێک دەسوون و وەک دوو ڕووی

دراوێکن، ئەزقەزا لە دوژمنایەتیی کورد و مافەکانیدا تەواو هاوتەریب و هاودەنگ دەجووڵێنەوە.

تەیفی سەڵتەنەتخواز لەبەر ئەوەی تامی تاڵی شکستی ساڵی پەنجا و حەوتی چێشتووە و بە تەواوی ڕێگای گەڕانەوەی لێ گیراوە، لە جیاتی ئەوەی دژی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بجووڵێتەوە، ڕاست بە پێچەوانە، هاوشێوەی دەسەڵات، دژی مافەکانی خەڵکی کوردستان هەڵوێست دەگرێ و بە هەموو شێوەیەک دەیەوێ نیشانی بدا لەو بارەوە زۆر لە ڕێژیم لێبڕاوترە. جەمسەری سەڵتەنەتخواز کە خۆی لە تەیفی ئەوپەڕی ڕاستی هەڵسووڕاوانی سیاسیدا دەبینێتەوە کە زیاتر بە فاشیست، ڕاسیست، شۆڤێنیست، مەزنیخواز و ناوەندگەرا دەناسرێتەوە، هیچ باوەڕێکی بە ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران نییە و بۆ سەرکوتی خەباتی ئەو گەلانە چاوی لە هەمان شکڵی دەسەڵاتداریی سیستەمی بەر لە ساڵی پەنجا و حەوتە.

ئەو جەریانی کە هیچ پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لەنێو خەڵکی ئێران و بەتایبەت لەنێو نەتەوەکانی ئێراندا نییە، زیاتر چاوی لە هێزی دەرەوەیە یارمەتیدەری بن و بیگەیەننە دەسەڵات. هەر بۆیە بە دەستپێکردنی هێرشەکانی ئەم دواییانەی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامی، کوڕی شای پێشووی ئێران خەریک بوو بارگە و بنەی خۆی هەڵگرێ و لە ماوەیەکی نزیکدا لە کۆشکی دەسەڵاتی تاران تاجی شایەتی لەسەر بنێ. بۆ ئەوەش هەر لە ئێستاوە ڕووی دزێوی خۆی نیشان بدا، یەکەم هەڕەشەی لە کورد کرد و ویستی پێمان بڵێ ئەوەی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا بۆی نەکراوە، ئەو تەواوی دەکا.

بەڵام جەمسەرێکی دیکەی تەیفی سیاسیی ئێرانی کۆمۆنیستی کرێکارییە. ئەو جەمسەرە ئەوپەڕی چەپەش، کە ئەزقەزا ئەویش لە جۆری خۆیدا و بەتایبەت لە دروشمەکانیدا زۆرجار فاشیستانە دەجووڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەی خۆشی دەزانی هیچ شانسێکی بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات لە ئێراندا نییە، بەو حاڵەش بە هەمان سەبکی ڕاستی فاشیست، لە دژایەتی و تۆمەت بەخشینەوە بە کورد و خەباتە ڕەواکەی ڕانەوەستێ. بەڕاستی ئەو تەیفە دوور لە واقیع و خەولێکەوتوویەی چەپی ئێرانی بۆچی ئاوا لە کورد داخدارە و چ زیانێکی لە خەباتی کورد پێ گەیشتووە؟ مەگەر هەر ئەوانە نەبوون بۆ ساڵانێک لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە پەنا دران و باوەشیان بۆ کرایەوە هەتا لە دەست پەلاماری ڕێژیمی ئیسلامی بپارێزرێن؟ مەگەر هەر ئەوانەش نەبوون لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان پەنای دابوون و دەیحەواندنەوە، لە بنەوە خەریکی دووبەرەکی نانەوە لەنێو بزووتنەوەی کوردستاندا بوون و تەنانەت بە پلانی سەرکردەکانیان شەڕێکی ماڵوێرانکەریشیان وەڕێ خست؟ ئەوانە ئەگەر تۆزقاڵێک باوەڕیان بە ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی هەبێ، کە وادیارە نییانە، نەدەبوو هاوتەریب لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و تەیفی سەڵتەنەتخوازی دەستەڕاستی، بەسەر خەڵکی کوردستاندا بڕشێنەوە.


**جۆزەردانی ٢٧٢٦**

خەباتی گەلی کورد، خەباتێکی ڕەوا، عەدالەتخوازانە، مافویستانە و یەکجار پێشکەوتووانەیە. ئەم خەباتە ڕەوایە لە ڕەوتی خۆیدا گەلێک هەوراز و نشێوی بڕیوە و بە سەر زۆر کەند و کۆسپدا پەڕیوەتەوە. هەم دەسەڵاتی جۆراوجۆری داسەپاوی زاڵ لە هەر دووک جۆری شایەتی و ویلایەتیدا بەربینگیان بەم خەڵکە مافویستە گرتووە. هەمیش بە داخەوە کەسان و لایەنی بە ناو سیاسیی موخالیفی دەسەڵات بە بیانووی بێبنەما، بۆختانیان بۆ ساز کردووە. بێگومان هەر تەیف و لایەنێک دژی ئەم خەڵکە و خەباتە ڕەواکەی سەنگەر بگرێ، جگە لە ڕوڕەشی و پەشیمانی هیچی پێ نابڕێ. خەڵکی کوردستان دۆست و دوژمنی خۆی باش لێک دەکاتەوە. ئەم خەڵکە تێکۆشەرە ڕێز لە دۆستەکانی دەگرێ و بەرەو ڕووی دوژمنەکانیشی دەبێتەوە.

**٢٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٦**

---

# سیاسەتی نکۆڵی وگۆڕبزریی بەندییە سیاسییەکان






ئاسۆ ساعێدی

## شیکارییەکی دەروونی بۆ دەرئەنجامەکانی ڕادەستنەکردنەوەی تەرمی لەسێدارەدراوانی سیاسی لەسەر تەندروستیی دەروونیی بنەماڵەکانیان

## دەروازە:

سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ڕادەستنەکردنەوەی تەرمی لەسێدارەدراوان، بەتایبەت زیندانییانی سیاسی و

ئایدۆلۆژی، بەشێکە لە ستراتیژییەکی سیستماتیکی سەرکوت. ئامانجی ئەم کارە ڕێگریکردنە لە پێکهاتنی ناڕەزایەتی، دروستکردنی ترس و شاردنەوەی ڕەهەندە ڕاستەقینەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ. ئەم سیاسەتە لە سەرەتای جێگیربوونی حکوومەتەوە (بەتایبەت لە دەیەی ١٣٦٠ی هەتاوی) دەستی پێکردووە، تا ئێستاش بەردەوامە و بنەماڵەکان ناچار بە "شینگێڕی شاراوە" و بێدەنگییەکی سەپێندراو دەکات.

لە پێکهاتەی کۆمەڵگە مۆدێڕنەکاندا، ڕێوڕەسمی ماتەمینی و ناشتن تەنیا نەریتێکی کولتووری یان ئایینی نییە، بەڵکوو وەک بەشێک لە "مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ" و میکانیزمێک بۆ پاراستنی تەندروستی دەروونیی بەکۆمەڵ دادەنرێت. بەڵام لە سیستەمە سیاسییە سەرکوتکەرەکاندا، "مردن" لە فەزای تایبەتی دەردەچێت و دەچێتە چوارچێوەی "نکرۆپۆلیتیک "(Necropolitics)ەوە؛ واتە حکوومەت نەک هەر مافی ژیان لە "سوژە" (تاکی سیاسی) دەسەنێتەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی کۆنترۆڵی شێواز و شوێنی ناشتن (وەک گۆڕە بێناونیشان یان بەکۆمەڵەکان)، دەسەڵاتی خۆی بەسەر جەستەی مردوودا دەسەپێنێت. ئەمە بۆ ئەوەیە کە جەستە نەبێتە هێمای بەرخۆدان و هیچ پەیامێکی سیاسی بە بنەماڵە و کۆمەڵگە نەگوازێتەوە. (Achille Mbembe٢٠٠٣)

## سیاسەتی نکۆڵی؛ جەستە وەک ئامرازێکی سیاسی

لە سیستەمە تۆتالیتارییەکاندا، ڕادەستنەکردنەوەی تەرمی لەسێدارەدراوان ئامرازێکی سیاسی - ئەمنییەتییە. حکوومەت ترسی ئەوەی هەیە ڕێوڕەسمی ناشتن ببێتە گۆڕەپانی خۆپێشاندان و هاوپێوەندیی گشتی. بەو پێیەی کە پرسەی سیاسی دەتوانێت ببێتە بزوێنەری شەپۆلێکی نوێی تووڕەیی خەڵک، حکوومەت بە "ناشتنی نهێنی" هەوڵی پچڕانی ئەم هاوپێوەندییە دەدات. ئەم کارە لە ڕاستیدا جۆرێکە لە ئەشکەنجەی دەروونیی درێژخایەن بۆ سەر بنەماڵەی قوربانییان.

**لێرەدا دەکرێت لە ڕێگەی دوو تیۆری سەرەکیی دەروونناسییەوە سەیری ئەم دۆخە بکەین:**

### یەکەم، بێبەشکردن لە شینگێڕی

کێنت دۆکا، (١٩٨٩)، دەروونناسی ناوداری بواری "ماتەم"، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم جۆرە ماتەمینییە کاتێک ڕوودەدات کە کۆمەڵگە یان دەسەڵات مافی شینگێڕی لە بنەماڵە زەوت بکات. ئەمە ماتەمێکە کە نە تەرم، نە ڕێوڕەسم و نە باوەشێکی گشتی بۆ سوکنایی تێدا هەیە. کاتێک دەسەڵات ئەم ئازارە بەفەرمی ناناسێت، خێزان لە مافی پرسە بێبەش دەبێت و تەنانەت هێمای یادەوەریی (گۆڕ)یشی لێ زەوت دەکرێت. لە کاتێکدا پێویستە ئەم شینە بە شێوەی سروشتی و تەندروست

دەربڕدرێت، تا نەبێتە هۆی ئازارێکی درێژخایەن و بێدەنگ و شاراوە؛ ئازارێک کە لە ژێر پێستی ژیاندا دەمێنێتەوە.

## دووهەم، لەدەستدانی ناڕوون

پاولین باس (Pauline Boss)، پێی وایە ئەمە خراپترین جۆری ترۆمایە (زەبری دەروونی)؛ چونکە مەرگ ڕووی داوە، بەڵام بەڵگەی فیزیکی (تەرم) بوونی نییە. شینگێڕی پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستی لەدەستدانە. کاتێک شوێنی ناشتن نادیارە، بنەماڵەکان تووشی "لەدەستدانی ناڕوون" دەبن.

لەم دۆخەدا، کەسە لەدەستچووەکە لە ڕووی جەستەییەوە "غایب"ە، بەڵام لە ڕووی دەروونییەوە هێشتا لای بنەماڵەکەی "ئامادە"یە. ئەم هەڵپەساردنە لە نێوان مەرگ و ژیاندا، ڕێگری لە تێپەڕبوونی بنەماڵە بەناو قۆناغە سروشتییەکانی ماتەمینیدا دەکات. دەرئەنجامەکەی بریتییە لە: سڕبوونی دەروونی، هیوای درۆینە، نائومێدی ڕەها و سەرهەڵدانی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەک خەمۆکی قووڵ و "ماتەمینی ئاڵۆزە".

**پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بێبەشکردن لە ڕێوڕەسمی پرسە و ماتەمینی و ڕادەستنەکردنەوەی تەرمی قوربانی، چۆن پرۆسەی شینگێڕی لە بنەماڵەی لەسێدارەدراوەانی سیاسیدا، دەگۆڕێت بۆ ترۆمایەکی درێژخایەن؟**

## ١- دەروونناسیی نکۆڵی و ترۆما

ڕادەستنەکردنەوەی تەرم یان ناشتنی نهێنی لە شوێنە نادیارەکاندا، ئەشکەنجەیەکی سیستماتیکیی دەروونی بۆ بنەماڵەی لەسێدارەدراوی لێ دەکەوێتەوە. لە دەروونناسیی جەماوەردا، گۆڕ شوێنێکە بۆ بەتاڵکردنەوەی هێمایی خەم و تووڕەیی. حکوومەت بە بێبەشکردنی بنەماڵە لە هەبوونی گۆڕ، ڕێگری لە ساڕێژبوونی ئەم خەمە لە هزری خێزان و کۆمەڵگەدا دەکات و لە دۆخی سەرگەردانی و دڵەڕاوکێیەکی هەمیشەییدا دەیانهێڵێتەوە، کە ئامانج لێی دارمانی سیستەمی دەروونیی تاکە.

دەروونناسیی ماتەم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بینینی تەرم وبەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی پرسە، پرۆسەی "قبووڵکردنی مردن" ئاسان دەکاتەوە؛ چونکە ماتەمینی میکانیزمێکی چارەسەریی بۆ بەتاڵکردنەوەی خەم و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستییەکانە. کاتێک تەرم بوونی نییە، ماتەم لە قۆناغی "نکۆڵی" یان "تووڕەیی"دا دەمێنێتەوە. ئەم حاڵەتی "ناڕوونی لە لەدەستدانە" بنەماڵە لەناو ترۆمایەکی هەتاهەتاییدا (شۆکی دەروونی) دەهێڵێتەوە.

لە دەروونناسیی دەماردا(Neuropsychology) ، مێشک بۆ تێپەڕین بەسەر ترۆما پێویستی بە "بەڵگەی هەستپێکراو" هەیە. کاتێک چاو تەرم نابینێت یان دەست لە جەستە نادرێت، سیستەمی لیمبیکی مێشک لە حاڵەتی "ئامادەباشیی بەردەوام"دا دەمێنێتەوە. مێشک ناتوانێت بڕوا بەو مەرگە بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی خەمۆکیی توندی دوای کۆست. بۆ ئەم خێزانانە، کات لە ساتەوەختی لەسێدارەدانەکەدا دەوستێت، هەر بۆیە "کات" لە دەروونیاندا دادەڕمێت.

بەپێی تیۆریی "پێیر نورا"، کۆمەڵگەکان بۆ مانەوەی یادەوەریی بەکۆمەڵ پێویستیان بە شوێن هەیە. گۆڕ وەک "لەنگەرگایەکی سۆزداری"، ڕێگە بە بنەماڵەکان دەدات خەمەکانیان لە شوێنێکی دیاریکراودا چڕ بکەنەوە.

## ٢- ترۆما و سترێسی دوای کارەسات(PTSD)

ڕادەستنەکردنەوەی تەرم، کە زۆرجار لەگەڵ ناڕوونی لەبارەی ساتەکانی کۆتایی ژیانی کەسەکەدا هاوڕێیە، دەبێتە هۆی دروستبوونی "وێناسازییە ترۆماتیکەکان." مێشکی خێزان بەردەوام دیمەنەکانی ئەشکەنجەدان یان لەسێدارەدان دووبارە دەکاتەوە. نەبوونی جەستەیەک بۆ ماڵئاوایی لێکردن، ئەم خەیاڵە ئازاربەخشانە دەگۆڕێت بۆ واقیعی دەروونیی بەردەوام.

## ٣- گواستنەوەی نێوان نەوەکان

دەرئەنجامەکانی ئەم ڕووداوە تەنیا لە نەوەی یەکەمدا قەتیس نامێنێتەوە. "گۆڕی ونبوو" و "چیرۆکی تەواونەکراو"ی جەستەی ڕادەستنەکراو، وەک گرێیەکی دەروونی دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. منداڵ و نەوەکان باری گرانی خەم و پەژارەیەک هەڵدەگرن کە هەرگیز بە دروستی بەتاڵ نەکراوەتەوە.

## بۆچی حکوومەت لە ڕادەستکردنەوەی تەرمی لەسێدارەدراوان بە بنەماڵەکانیان دەترسێت؟

## یەکەم، گۆڕ؛ جوگرافیای هاوپێوەندی

لە ژینگەیەکی پاوانخوازانەدا، کە ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان سەرکوت دەکرێن، "گۆڕستان" دەگۆڕدرێت بۆ تاقە کەشی نیمچە گشتی-تایبەتییەک کە مابێتەوە. گۆڕ دەبێتە خاڵێکی جوگرافی بۆ کۆبوونەوە. کاتێک خەڵک لەسەر گۆڕەکان کۆدەبنەوە، لە ڕاستیدا خەریکی پراکتیزەکردنی "ئامادەبوون لە فەزای گشتیدا"ن. ڕێوڕەسمی ماتەمینی لە فۆڕمە نەریتییەکەی دوور دەکەوێتەوە و دەبێتە "مێتینگێکی سیاسی"؛ لێرەدا گریان و ماتەمینی دەگۆڕدرێن بۆ سروود و دروشم.

ئەگەر گۆڕ دیار بێت، دەبێتە شوێنی کۆبوونەوەی نەوەکانی داهاتوو کە "بەهاکان"ی کەسی لەسێدارەدراو بەرهەم دەهێننەوە. ئەمەش بە واتای چاندنی ئایدۆلۆژیای دژبەرە لە دڵی خاکدا.

## دووهەم، خاوەندارێتی جەستە و ترساندن

لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە جەستەی لەسێدارەدراو تەنانەت دوای مردنیش لەژێر خاوەندارێتی حکوومەتدایە. خۆبواردن لە ڕادەستکردنی تەرم، لە ڕاستیدا دوا ئامرازی ئەشکەنجەدانی بنەماڵەکان و بارمتەگرتنی سۆزدارییە، تا لەم ڕێگەیەوە خێزان و کۆمەڵگە چاوترسێن بکەن.

## سێیەم، یادەوەری دژی لەبیرچوونەوە

هەر گۆڕێک، گێڕەرەوەی چیرۆکێکە. گۆڕەکان یادەوەریی زیندووی شارن؛ تا گۆڕ بوونی هەبێت، تاوان لەبیر ناکرێت.

بەمجۆرە لە ڕوانگەی کلینیکییەوە، خۆبواردن لە ڕادەستکردنەوەی "تەرم" دەبێتە هۆی ئەوەی بنەماڵە تووشی "شیوەنی سڕبوو" بێت. لە شینی سروشتیدا، "ڕاستی مەرگ" بە بینینی تەرم و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی پرسە لە مێشکدا جێگیر دەبێت،

## بەڵام لەم دۆخەدا:

– **جێگیربوون لە قۆناغی نکۆڵیدا:** مێشکی بەجێماوان بەهۆی نەبوونی بەڵگەی فیزیکییەوە بە شێوەیەکی لەنکاو لە بۆشایی نێوان هیوا و نائومێدیدا گرفتار دەبێت. ئەم دۆخە دەبێتە هۆی تێکچوونێک کە لە دەروونشیکاریدا پێی دەوترێت "شیوەنی ئاڵۆز و درێژخایەن"؛ حاڵەتێک کە تاک تێیدا نە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ژیانی ئاسایی و نەش دەتوانێت ماڵئاوایی لە ئازیزی لەدەستچووی بکات.

– **ئەشکەنجەی دەروونی بەردەوام:** هەر ڕۆژێک کە تەرم ڕادەست ناکرێتەوە، ترۆما دووبارە بەرهەم دێتەوە. ئەم "ڕووداوە ترۆماتیکە" سەر بە ڕابردوو نییە، بەڵکوو "ئەشکەنجەیەکی بەردەوام لە ئێستادا"یە.

– **لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە، لەناوبردنی بۆنە و یادەوەری:** کۆمەڵناسەکان پێیان وایە سیستەمە سیاسییە تۆتالیتەرەکان، تەنیا لە ڕێگەی جەستەوە مرۆڤ کۆنترۆڵ ناکەن، بەڵکوو هەوڵ دەدەن دەست بەسەر شێوازی بیرکردنەوە و



سەرچاوە
Serchawe

مێژووشدا بگرن. بە سڕینەوەی یادەوەرییە ڕاستەقینەکان و گۆڕینی مێنتالیێتیی (کۆئەقڵی) تاکی کۆمەڵگە، دەسەڵات دەتوانێت بەبێ بەرگری بەردەوامی بە خۆی بدات.

– **بێبایەخکردنی هاوسۆزیی گشتی:** ڕێوڕەسمی پرسە و ناشتن، بەکۆمەڵترین شێوازی دەربڕینی هاوسۆزییە. حکوومەت بە شاردنەوە و وەلادانی تەرم، ڕێگری لە دروستبوونی "ناوکی سەرەتایی کۆبوونەوەکان" دەکات. بەم کارە، خەمی بەکۆمەڵ دەگۆڕێت بۆ ئازارێکی تاکەکەسی و گۆشەگیری لە سووچی ماڵەکاندا، تا لەو ڕێگەیەوە وزەی پەنگخواردووی تەقینەوەی شینگێڕی پووچەڵ بکرێتەوە.

– **شەڕ لەگەڵ گۆڕستان:** گۆڕەکان "شایەتحاڵە بێدەنگەکان"ی مێژوون. لابردنی گۆڕ، هەوڵێکی ئەندازیارییە بۆ فەرامۆشی و لەبیرچوونەوە. حکوومەت دەیەوێت گێڕانەوەی کەسی لەسێدارەدراو لە جوگرافیای شار بسڕێتەوە، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو هیچ پەیوەندییەکی فیزیکییان بەو ئازارە مێژووییەوە نەمێنێت.

– **لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، تاوان دژ بە مرۆڤایەتی:** لە ڕوانگەی یاساییەوە، ئەم کارە لە پێشێلکارییەکی نیوخۆیی تێدەپەڕێت و لە چوارچێوەی تاوان دژ بە مرۆڤایەتیدا ئەژمار دەکرێت.

– **بەردەوامیی پرۆسەی تاوان:** بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، تا ئەو کاتەی چارەنووس یان شوێنی ناشتنی لەسێدارەدراو بۆ بنەماڵەکەی ڕوون نەکرێتەوە، بە "تاوانێکی بەردەوام" دادەنرێت.


– **مافی گەیشتن بەڕاستی:** خێزانەکان بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان "مافی زانینی ڕاستی"یان (Right to Truth) هەیە. خۆبواردن لە ڕادەستکردنەوەی تەرم، پێشێلکردنی ئاشکرای پرۆتۆکۆڵەکانی مافی مرۆڤ جۆرێکە لە سزادانی بەکۆمەڵی خێزانەکان، کە دەتوانرێت لە دادگا نێودەوڵەتییەکاندا بەدواداچوونی یاسایی بۆ بکرێت.

– **لە ڕوانگەی فەلسەفی و بوونگەراییەوە:** مردن بەبێ گۆڕ لە مێژووی شارستانیەتدا، ناشتنی مردوو سنووری جیاکەرەوەی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵە. کاتێک حکوومەت مافی هەبوونی گۆڕێک زەوت دەکات، لە ڕاستیدا بەدوای "داماڵینی مرۆڤایەتی" لە کەسی لەسێدارەدراو و خێزانەکەیدایە. ئەمە پەیامێکی سەرکوتکەرانەیە بۆ خێزانەکان کە پێیان دەڵێت: "ئازیزی ئێوە تەنانەت مافی ئەوەی نییە بستێک لە خاکی ئەم وڵاتە داگیرکراوەی هەبێت".

٢٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید قادر میرزایی)



**برایم چووکەڵی**

**"با بنووسم خەمی خاک، شێعری منە بێشکەیی ئەو**
**بۆ ئەوین ڕستەیەکی و بۆ خەفەتی شارێ هەراو"**

**کاتێک وەڵامی سەرەتاییترین داخوازییەکانی هەر نەتەوەیەک بە ئاگر و ئاسن دەدرێتەوە؛ کاتێک سەرکوت و ڕەشەکوژی و**

زەبروزەنگ جێگەی ئازادی دەگرێتەوە، ئەو نەتەوەیە ناچار دەبێ بۆ بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی دەست بۆ چەک ببات و بۆ وەدەستهێنان و پاراستنی ئازادی چەک لەشان بکات. هەر بۆیەشە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٨٠ ساڵ لەمەوبەرەوە حیزبی خۆی دامەزراندووە و خەباتی خۆی بۆ مافەکانی ڕێکخستووە. حیزبی دێموکرات پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئێران هەوڵی دا بە وتووێژ و لە ڕێگەی ئاشتییەوە مافەکانی بەدی بێنیت، بەڵام کاتێک ڕێژیم شەڕی بە سەر کوردستاندا سەپاند، بەرگری لە مان و مەوجوودییەت و مافەکانی نەتەوەی کوردی هەڵبژارد. لەو خەباتە خوێناوییە دژی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٨ ساڵی ڕابردوودا هەزاران کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی کورد شەهید بوون کە لە هەگبەی "شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا ڕێز لە یاد و بیرەوەریی یەک لەوان؛ شەهید قادر میرزایی ناسراو بە قادر شبێلی دەگرین.

قادر میرزایی ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە ئاوایی سینگانی سەر بە ناوچەی شنۆ، لە بنەماڵەیەکی نەدار و کەم داهاتی ئەوکات چاوی بە دونیا ڕوون کردەوە. ژیانی مەینەتباری و پڕکارەساتی قادر هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە دەستی پێ کرد. هێشتا چەند مانگ لە ژیانی تێنەپەڕیبوو کە چوونە شاری مەهاباد و پاشان لە گوندی شیوەسماک گیرسانەوە. هێشتا ٣ ساڵ بوو دایکی مرد و ئەرکی پێگەیاندنی قادری تاقانە کەوتە سەر شانی باوکی زەحمەتکێشی.

ڕۆژ هات و مانگ تێپەڕی، قادر کاتی خوێندنی هات؛ هەرچەند گوندەکەیان قوتابخانەی نەبوو، بەڵام باوکی چونکی بۆ خۆی تاڵیی نەخوێندەواریی چێشتبوو، ڕێگای نەدا کوڕە تاقانەکەی لە تاریکستانی نەخوێندەواریدا بمێنێتەوە، بۆیە ڕەوانەی قوتابخانەیەکی کرد لە شاری شنۆ. قادری وریا پۆلەکانی سەرەتایی یەک بەدوای یەکدا بڕی و زۆر زیرەکانە خوێندی، بەڵام بەداخەوە لەوە زیاتر نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات و وێڕای باوکی زەحمەتکێشی شانی دایە بەر کاروکاسبی و دەست و پەنجەی لەگەڵ کوێرەوەرییەکانی ڕۆژگار نەرم دەکرد. کەم کەس هەبوو بە ڕادەی ئەو تامی چەوسانەوەی چێشتبێت و لەگەڵ خوێن و دەمارەکانی تێکەڵ بووبێت. هەر بۆیەش لە سەرەتای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا وێڕای خەڵکی قارەمانی شنۆ هاتە سەر شەقامەکان و ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا.

شەهید قادر ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی لەبەر کرد و لە هێزی شەهید سمکۆدا ڕێک خرا. ئەو وەک لاوێکی تێگەیشتوو چالاکانە ئەرکەکانی سەر شانی ڕادەپەڕاند و هەمیشە هەوڵی دەدا پلەی زانیاریی خۆی بباتە سەرێ، هەر بۆیە زۆری نەخایاند ناو و خۆشەویستیی ئەو لاوە خەباتگێڕە بوو بە وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەکە. شەهید قادر لە هەر شەڕێکدا بەشداریی دەکرد لە سەنگەری پێشەوەدا بوو؛ بۆیە بەهۆی زانایی و چاونەترسییەوە کرا بە جێگری پەل و پاشان بە سەرپەل و سەردەستە و جێگرلک و سەرئەنجام

بە فەرماندەی لک دیاری کرا.

شەهید قادر پێشمەرگەیەکی هەڵسووڕو و فەرماندەیەکی لێوەشاوە بوو؛ گورج و گۆڵ، کارلێهاتوو، بەدەست و برد و زەبروەشێن بوو. نەڕەی شێرانەی زراوی دوژمنی تۆقاندبوو. شەڕەکانی پایەگای لکبن، تێکشکاندنی هێرشی دوژمن بۆ سەر گوندەکانی کانیمەلا و کانیبداغ، گرتنی پایەگای شاوەلە، کەمینی نێو گوندی مەحمەشە، چەککردنی چەکدارەکانی یۆنسلیان و کۆئێک، گرتنی پایەگای ناریێ، جادەی شنۆ - نەغەدە، گرتنی پایەگای تاچیناوێ، نێو شاری شنۆ، پایەگای سینگان، حەوت پایەگای گەلی گادەران و شەڕی ٣ ڕۆژەی بەرزاییەکانی زەینەرۆک و سپێریز و شەترە کە لەژێر فەرماندەیی شەهید قادردا تاڵاویان بە زاری دوژمندا کرد، مۆرکی نەترسی و زانیاریی ئەو قارەمانە بەدەست و بردەشەیان پێوە دیارە و بۆ هەمیشە لە مێشکی دانیشتوانی ئەو مەڵبەندەدا نەخشی بەستووە.

شەوی ٩ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی، پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین بۆ زەبرلێدانی هێزەکانی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی، گەلاڵەیەکی عەمەلیاتیان بۆ سەر پایەگای گوندی "گەلاز" داڕشت و لە نیوەشەودا بە چەکی ڕۆڵەکانی دێموکرات لە هەموو لایەکەوە ئاگربارانی گوللەیان بەسەردا باراندن. شەهید قادر کە فەرماندەی ئەو عەمەلیاتە بوو، وەک یەکەم کەس تێلوڕووی پایەگای بڕی و خۆی هاویشتە نێو سەنگەری پایەگاکە و وێڕای هاوسەنگەرانی شەڕێکی دەستەویەخەیان دەکرد. بەداخەوە لە گەرمەی شەڕدا قادر میرزایی ناسراو بە قادر شبێلی، لەگەڵ دوو هاوسەنگەری بە ناوەکانی قاسم عەلیزادە ناسراو بە مەلاقاسم و سلێمان باروەت شەهید بوون و بۆ هەمیشە مالاواییان لە گەلە بەئاواتنەگەیشتووەکەیان کرد و سەنگەری خەباتیان بە هاوسەنگەرانیان ئەسپارد.

٢٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# ڕێککەوتنی ئێران دەتوانێت ڕاستەقینە بێت، بەڵام دەشتوانێت لەرزۆک بێت





فۆربز – مایکڵ ڕێنج

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

پاش ئیدیعای پەیتا پەیتای ئەمریکا کە ڕێککەوتنێکی ئاشتی یان لانی کەم ئاگربڕێکی گشتگیرتر بە زوویی جێبەجێ دەبێت و ڕەتکرانەوەی لەلایەن ئێرانەوە، ڕەنگبێ سەرۆک کۆمار ترامپ بە ڕاستی گەیشتبێتە ڕێککەوتنێک کە ببێتە هۆی کرانەوەی

گەرووی هۆرمـۆز. نرخەکـان پێشـتر بە شێوەی بەرچـاو (دیسـان) لە چـاوەڕوانیی دەسـتپێکردنەوەی هەنـاردەکرانی ئـازاددا دابەزیـوە و زۆر کەس هیـوادارن ئەمجـارە بەردەوام بێـت و ببێـتە هـۆی دابەزینـی نرخـی بەنـزین و سـڕکرانی نرخـی پێداویستییەکان و یارمەتیدەری هێورکردنەوەی ڕەوتی هەڵاوسان بێت.

لە کـاتی نووسینی ئەم وتـارەدا (کـاتژمێر ٨ی پێشنیوەڕۆی هەینی)، وردەکارییەکـان هێشـتا نـاڕوونن و پشتڕاستکرانەوەی لەلایەن ئێرانەوە بە تەواوی ڕوون نییە. گیروگرفتەکە لەوەدایە کە هەردوو لا باسی هێڵی سوور، یان دەستەواژەی ئەوتۆیـان کردووە کە لە ڕوانگەی هەر کامیانەوە بۆ هەر جۆرە ڕێککەوتنێک و بێ سازشکردن لەسەریان گرنگن و دیـار نییە ئـاخۆ ئەو شتانە باس کراون یان نا، بەڵام ڕەنگبێ ئەوان ئێستا ئامادە بن لەسەریان سازش بکەن.

کرانەوەی گەرووی هۆرمۆز ڕێگـا بە پـاڵپۆڕە نەوتهەڵگر و بارهەڵگرەکـان دەدات ئـازادانە هـاتووچۆ بکەن، ئەگەرچی پرسی خێرایی ئاساییبوونەوەی بەرهەمهێنان و گەڕانەوەی داوای کڕین بۆ دۆخی پێشوو جێگای پرسیارە. من پێشتریش گوتـوومە کە نیگەرانییەکـان لەمەڕ خایانـدنی چەنـد مانگ بـۆ گەڕانەوەی ئاسـتی بەرهەمهێنـانی مەیـدانە نەوتییەکـان بـۆ ئاسـتی پـێش جەنگەکە، بە لەبەرچاوگرتنی شێوەی کاری پێشوو، وێدەچێ زێـدەڕۆیانە بـێ، بەڵام گومـان لەوەدا نییە کە کـات دەبـات. لە لایەکـی دیکەوە، عەمبـارە پڕەکـانی عەرەبسـتانی سعوودی و شوێنی دیکە یەکلاکەرەوە دەبـن، لانـی کەم بـۆ مـاوەی چەنـد حەفتەیەک.

خاڵی سەرەکی بۆ بازاڕەکان ئەمەیە کە چاوەڕوانیی کڕیارەکان دەبێتە هـۆی دابەزینی نـرخ (چونکە چەنـد جـاری پێشـوو لە وەڵامـی ئیـدیعای نزیکبـوونی ڕێککەوتـن ئەمە ڕوویـداوە)، تەنـانەت ئەگەر نرخەکـان نەشگەڕێنەوە ئاسـتی پـێش شـەڕەکە. بیرۆکەی نەمانی کاریگەریی نیگەرانییە تەناهییەکان بۆ سەر نرخی نەوت لە ئەگەری ڕێککەوتنێک لەمەڕ کرانەوەی گەرووی هۆرمـۆز، ڕەنگبـێ گەمژەیـی بـێ، بەڵام تـا ئەوکـاتەی هێرشی مەزن لە ئـارادا نەبـێ، ئەم کـاریگەرییە لە کەمترین ئـاستدا دەمێنێتەوە.

بەڵام ئەمە هۆشدارییەکی جدییە. لە پێش هەموو شتێکدا، هێشتا ڕوون نییە ئاخۆ ئیسرائیل ڕێککەوتنەکەی پەسـەند کـردووە و هەروەهـا نـاڕوونە لە ئەگەری درێژەکێشـانی جەنگی ئیسـرائیل لە لوبنـان، ئێران چ کـاردانەوەیەکی دەبێت. بێجگە لەوە، بێتوو ئێران بە تۆڵەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنـان دیسـان هێرش بکـاتەوە، ئەوکـات ئـاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکـان جەنگی کەنـداو دەست پـێ دەکـاتەوە؟ هەروەهـا، ئـاکاری ئیسرائیل تـا ڕادەیەک بەسـتراوەتەوە بە کردەوەکـانی حیزبـوڵڵا و ڕەنگبێ ئێران نەیهەوێت پێشیان پێ بگرێت؛ تەنانەت بیهەوێ ئەمکارەش بکـات، ڕەنگبێ نەتوانێت.

بە هەمان شێوە، میلیشیاکانی سەر بە ئێران دەتوانن درێژە بە هێرشەکانیان بۆ سەر وڵاتانی کەنداو بدەن، لە ناویاندا بۆ سەر بەندەرەکانی هەناردەکردنی نەوت، کە ئەگەری پاشگەزبوونەوەی خاوەن پاپۆڕەکان لە ناردنیان بۆ ناوچەکە هەیە، بە تایبەت لە باکووری کەنداو. بەڵام، ئێران ڕەنگبێ لە چاو حیزبوڵڵا یان حوسییەکان (کە لەم دواییانەدا گەلێک ناچالاک بوون)، دەسەڵاتی فرە زیاتری بەسەر ئەواندا هەبێت، کەوابوو ڕەنگبێ ئەگەری نوێبوونەوەی کێشەکە فرە بەرچاو نەبێت.

پاش هێرشە سەرەتاییەکان بۆ سەر ئێران کە بووە هۆی لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەرانی ئێران، فەرماندە هەرێمییەکان دەسەڵاتی زۆرتریان بۆ دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر کەشتیوانیی و داراییە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا پێدراوە. لە تیۆریدا، ئاگربڕ وێدەچێ دڵنیایی زۆرتر بدات بە دەوڵەتی ناوەندی تا کۆنترۆڵی خۆی بەسەر هاووڵاتییانیدا بسەپێنێت، ئەگەرچی نیگەرانییەکان لەمەڕ کوشتنەکان لە لایەن ئیسرائیلەوە ڕەنگبێ ئەوان لە دروستکردنەوەی سیستەمە ئەلەکترۆنیکییەکانی ناوەندی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ دڵسارد بکاتەوە و ئەمە ببێتە هۆی دژوارتربوونی کۆنترۆڵی هاووڵاتییان. فەرماندەیەکی سەرەڕۆی سپای پاسداران لەوانەیە چەند فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەڕێ بکات کە ببێتە هۆی وەڵامی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەڵام هێرشی بچووکتر وێدەچێ پاشگوێ بخرێن.

گریمانە دەکرێت کە پێکدادانەکان جاروبار و لە ئاستێکی نزمدا ڕوو بدەن، بۆیە وێدەچێ وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێز لە ئاگربڕەکە بگرێت، ڕەنگبێ بە ڕێکەوت هێرش بکاتە سەر موشەکهاوێژێک، بەڵام بێتوو داواکاریی سەرەکی لە ئێران کۆتاییهێنان بە هێرش بۆ سەر کەشتیوانیی بێت، وڵاتە یەکگرتووەکان هۆیەکی ئەوتۆی نامێنێت کە گەمارۆ دەریاییەکەی بسەپێنێتەوە یان دەست بە جەنگ بکاتەوە، مەگەر گەرووی هۆرمۆز بە شێوەی جیددی ببەسترێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە گەلێک لایەن لەم کێشەیەدا بەشدارن، ئیسرائیل، حیزبوڵڵا و ئەوانی دیکە، ئەمە بەو مانایەیە کە ئەگەری زۆرە کە ڕێککەوتنەکە فرە لەرزۆک و پچڕپچڕ بێت و ڕەنگبێ تەنانەت لێک هەڵوەشێتەوە. و بێتوو هیچ پێشوەچوونێک لە ڕێککەوتنی یەکجاریدا نەکرێت، پرسی ئۆرانیۆمی زۆر پیتێندراوی ئێران و پرسی پشتگیریی لە میلیشیاکان، ڕەنگبێ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئازادکردنی داراییە سڕکراوەکانی ئێران پاشگەز بێتەوە. ئەم ڕاستییە کە ئەم پرسانە تەوەری سەرەکیی گفتوگۆکان بۆ ماوەیەکی هێندە دووروودرێژ بوون بە بێ چارەسەرکردنیان، بەو مانایەیە کە ٦٠ ڕۆژی دیکە بەشی گەیشتن بە ڕێککەوتنێک ناکات.

دوای کۆتایی کاتی ئاگربڕەکە چی ڕوو دەدات؟ ترامپ لە ڕابردوودا کاتی ئاگربڕە ڕاگەیەندراوەکانی، دوای هەڕەشەی باراندنی مەرگ و وێرانی بەسەر ئێراندا، کۆتایی هاتووە، درێژی کردوونەوە و، ئەمە دەتوانێت دیسان ڕوو بدات. ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئێرانییەکان وەکوو ڕابردوو هەوڵ بدەن لە گفتوگۆکاندا خاوەخاو بکەن و کات بکوژن. لەم دۆخەدا، ڕەنگبێ



سەرچاوە
Serchawe

جۆزەردانی ٢٧٢٦

ترامپ تووڕە بێت و دەورێکی نوێ لە هێرشەکان ڕاگەیەنێت، کە دەتوانێ ببێتە هۆی تۆڵەئەستاندنەوەی ئێران و بە ئامانجگرتنی وڵاتانی کەنداو. بەڵام هەر دوو لا ئەوکات دەتوانن بڵێن تۆڵەمان کردووەتەوە و کۆتایی بە هێرشەکانیان بێنن و ئیزن بدەن گەرووی هۆرمۆز بە ئاوالایی بمێنێتەوە.

کەوابوو، لە دۆخی ئێستادا، لە کاتێکدا هێشتا نادڵنیاییەکی مەزن لەبارەی چۆنیەتی و کاتی جێبەجێکردنی ئاگربڕە هەیە، وێدەچێ گەرووی هۆرمۆز لە ماوەیەکی کورتدا بکرێتەوە و نرخی نەوت، دوای دابەزینی سەرەتایی، وردە وردە بەرەو ئاستی پێش جەنگ بگەڕێتەوە و دوای ئاساییبوونەوەی ئاستی عەمبارە جیهانییەکان، سەقامگیر بێت. ئەمە بە مانای هەواڵی خۆش بۆ خەڵکی ئاساییە، بەڵام وەک لێکۆڵەرانی بازاڕی نەوت دەڵێن، ئەگەری هەڵبەزدابەزی زۆریش هەیە، یان ڕەنگبێ گوتە دروستترەکە ئەمە بێت کە جارێ بەر لە پاڵاوتنیان، خۆتان لە بژاردنی بەرمیلە نەوتەکان ببوێرن.

٢٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

## خالید عەزیزی: ستراتیژیی سەرەکییمان بردنی خەباتە بۆ قووڵایی نێوخۆی وڵات




### ئاماژە:

**کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ "دەنگی کوردیی ئەمریکا" وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری لەسەر خوێندنەوە، سیاسەت و بڕیارەکانی حیزبی دێموکرات پێوەندیدار بە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستای ئێران و ناوچە داوەتەوە. ئەوە کە دۆخی ئێستا چ دەرفەتێکی بۆ خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕەخساندووە؟ دوای هێرشەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی کەوتوونەتە چ قۆناخێکەوە؟ هەروەها حیزبی دێموکرات لە بەردەوامیی ژیانی سیاسیی خۆیدا چ هەنگاوێک بۆ درێژەدان بە خەبات بۆ مافە سیاسییەکانی کوردستان دەگرێەبەر؟ "کوردستان" وەڵامەکانی کاک خالید بەو پرسیارانە:**

### بە کورتی و پوختی بەمجۆرە فۆرمولە کردووە:

**پاشخانی حیزب:** حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەن مێژوویەکی دەوڵەمەندە لە قوربانیدان و خەبات و لەنێو ئیرادەی نەتەوەکەیدا ڕەگاژۆی کردووە. حیزب کارەکتەرێکی سەرەکیی هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

**گرژییەکانی ناوچەکە:** ئەمریکا، ئیسرائیل و ئێران لە ململانێ دان، بەڵام پرسی کورد بەرهەمی ئەم شەڕە نوێیە نییە،

هەرچەندە حیزبی دێموکرات واقیعبینانە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکان دەکات.

**ئەگەرەکانی داهاتوو:** ئاسۆی سیاسیی ئێران و ناوچە تەمومژاوییە و دۆخەکە لە نێوان سێ ئەگەردایە: **شەڕ، دانوستان، یان سازان بەهۆی ماندووبوونی هەردوولا.**

**هەڵوێست لەسەر شەڕی دەرەکی:** ململانێی ئەمریکا/ئیسرائیل و ئێران لەسەر پرسی ئەتۆمی، مووشەک و میلیشیاکانە و شەڕی کورد نییە.

**چالاکیی پێشمەرگەنە:** لە ئێستادا حیزب چەکداری لە نێوخۆدا نییە. هەر بڕیارێک لە داهاتوودا تەنیا بەستراوەتەوە بە ویستی نێوخۆیی و دۆزی کورد، نەک شەڕی هێزە دەرەکییەکان کە ئەگەری هەیە لە کۆتاییدا بۆخۆیان لەگەڵ یەکتر بسازێن.

**شێوازی خەبات:** هەر لە سەرەتاوە و دوای شکستی دانوستانەکانی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ڕێژیم، شەڕی چەکداری بە سەر بزووتنەوەی کورددا سەپێندرا. بەڵام ئێستا حیزب زیاتر جەخت لەسەر خەباتی مەدەنی و جەماوەریی نێوخۆیی دەکاتەوە.

**مانەوە لە کەمپەکان:** نیشتەجێبوونی تەشکیلاتی حیزب و بنەماڵە مەدەنییەکان لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان بژاردەی خۆیان نییە، بەڵکوو دەرەنجامی سەرکوتکاریی کۆماری ئیسلامییە. مانەوەش لە دەرەوەی سنوور هەتا کاتی ڕووخان یان گۆڕانی بنەڕەتیی ڕێژیم بەردەوام دەبێت، بەڵام جەستە و پێکهاتەی سەرەکی حیزب لە نێوخۆدایە.

**فشارەکانی بەغدا:** پەیوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حکوومەتی عێراق ئەرێنییە و حیزب دەست لە کاروباری عێراق وەرنادات. لە ئێستادا بڕیارێکی نوێ بۆ دەرکردنی حیزب لە عێراق لەئارادا نییە و لە داهاتووشدا ئەو بابەتە بە گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان چارەسەر دەکەین.

**شێواز و پێگەی خەبات:** حیزب نایەوێت پرسی کورد تەنیا لە قەندیل و خاڵە سنوورییەکاندا کورت بکاتەوە. ستراتیژی سەرەکی بردنی خەباتە بۆ قووڵایی نێوخۆی وڵات، ڕێکخستنی جەماوەر، و دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ نەتەوە غەیرە کوردییەکانی دیکەی ئێران.

**کۆنگرەی نەتەوەکانی فیدراڵ:** سەکۆیەکی هاوبەشە بۆ ناساندنی ئێرانی فرەنەتەوە، نەک بەدیلێکی ئامادەکراو. بە گشتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات بەهۆی لاوازیی عەقڵییەتی حیزبی و بوونی تاکی سەربەخۆی زۆر، نەیانتوانیوە ئالتێرناتیڤێکی یەکگرتوو بونیاد بنێن.

**کۆنگرەی ئازادیی ئێران:** دەنگ نەهێنانی کاندیدی حیزب لە پرۆسەیەکی دێموکراتیدا ئاساییە و دەبێتە هۆی پێداچوونەوە. وتووێژەکانی ئێمەش لەگەڵ ڕەوتە جیاوازەکان بۆ گەیاندنی دۆزی کورد بەردەوام دەبێت.

**پێگەی کورد:** پێچەوانەی سەردەمی دکتور قاسملوو کە کورد بەتەنیا بوو، دوای بزووتنەوەی "ژینا" هاودەنگییەکی بەربڵاو لە دژی ڕێژیم هاتووەتە ئاراوە و ڕەوایی دۆزی کورد چەسپاوە. بۆیە لە قۆناغی نوێدا پێویستە هاوپەیمانییەکان بەهێزتر بکرێن.

**هاوپەیمانیی نێوان حیزبە کوردییەکان:** هۆکاری پێکهاتنی ئەو هاوپەیمانییە داواکاریی خەڵکی کوردستان بۆ یەکڕیزی و دۆخی ناوچەکە بوو. پرۆسەکە هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو قۆناغەی لە کایەی دیپلۆماسی و مامەڵە لەگەڵ لایەنی ئێرانی بە تەواوی یەک بڕیار و یەک کاندیدی هاوبەش هەبێت، بەڵام ئاستی هاوکاریی ئێستا خۆی دەستکەوتە.

**دەنگۆکانی پێشنیارەکانی ئەمریکا:** تەواوی ئەو دەنگۆیانەی دەڵێن ئەمریکا یان ئیسرائیل پێشنیاری گەڕانەوەی چەکداری، پشتیوانی، یان پڕچەککردنیان پێشکەش بە حیزب کردووە و حیزبیش مەرجی داناوە، بە تەواوی دوورن لە ڕاستییەوە و پڕوپاگەندەن.

**سیناریۆی ڕووخانی ڕێژیم:** ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بە چەند هێرشێکی ئاسمانی یان تەنیا بە خەباتی کورد جێبەجێ نابێت. ئەمە پێویستی بە جووڵەیەکی سەرتاسەری و بەشداری تەواوی نەتەوەکانی ئێران هەیە لە نێوخۆی وڵاتدا. تا ئێستا لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا جەماوەر و پرسی ئاڵتێرناتیڤ غائیب بوون و کێشەکە تەنیا لە دۆسیەی ئەتۆمی و ئەمنییەتی گەرووی هورمزدا کورت کراوەتەوە.

٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# ئەو نەتەوەیەی هەرگیز کۆماری ئیسلامیی قبووڵ نەکرد





**حەسەن قارەمانی**

**خەباتی کورد تەنیا ڕەهەندێکی سەربازی نییە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا خەباتە بۆ مانەوە و سەلماندنی بوون؛ هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانان و مسۆگەرکردنی نوێنەرایەتی لە سیستەمێکی نێونەتەوەییدا.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ساڵی ١٩٤٥دا دامەزراوە، یەکێکە لە کۆنترین ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی**

نێوەڕاست. مێژووی ئەم حیزبە، نموونەیەکی زیندووی تێگەیشتنە لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد. ئێستا پرسیاری سەرەکی بۆ داهاتوو ئەوەیە: کورد چۆن دەتوانێت لە جیهانێکی بێدەوڵەتدا، ئیرادەی سیاسیی خۆی بسەلمێنێت و ئەو پێکهاتە ستەمکارانەیە تێک بشکێنێت کە دەیان ساڵە مافی بوونیان لێ زەوت کردووە؟

هێرشە بەردەوامەکانی کۆماری ئیسلامی دەیسەلمێنن کە ململانێ لەگەڵ کورد هەرگیز کپ نەبووەتەوە. مێژووی هەشتا ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو تێڕوانینە هەڵەیە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێت نەتەوە بێدەوڵەتەکان مەحکوومن بە شکست؛ بە پێچەوانەوە نیشانی دەدات کە ئیرادەی سیاسی و ناسنامەی نەتەوەیی دەتوانن لەژێر توندترین فشاردا گەشە بکەن. بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، خەبات تەنیا لە پێناو بەدەستهێنانی سەرچاوەکاندا نییە، بەڵکوو بۆ پاراستنی «بوون»ە. لێرەوە، مانەوەی حیزبێکی وەک حیزبی دێموکرات بۆ ماوەی هەشتا ساڵ و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە سەرکەوتن.

کاتێک ئیسرائیل هێرشی سەربازیی بەرفراوانی کردە سەر ئێران و بەهۆیەوە چەندین فەرماندەی پلەبەرزی سەربازیی کۆماری ئیسلامی کوژران، کاردانەوەی توندی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا لێکەوتەوە. بۆ زۆرێک لە چاودێران، ڕووماڵی هەواڵەکان تەنیا لە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسی (جیۆپۆلەتیک)، ئاسایشی ناوچەکە و هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کورت دەبووەوە، بەڵام بۆ زۆرێک لە کوردان، ئەم ڕووداوانە هەستی قووڵتریان وروژاند؛ یادەوەریی مێژوویی نزیکەی نیوسەدە ستەم، سەرکوتی سەربازی و توندوتیژیی بێبەزەییانەی کۆماری ئیسلامی.

هەر لە یەکەم ڕۆژدا خامنەیی و فەرماندە پلەبەرزەکانی کۆماری ئیسلامی لەنێوچوون. ناوی ئەو فەرماندە پلەبەرزانەی کوژراون، بۆ ئێمەی کورد نامۆ نین. زۆرینەیان وەک فەرماندەی پلەبەرزی سەربازیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا دەستیان بە خوێنڕێژی کردووە. ئەوان کوردستانانیان کردە مەیدانی کۆمەڵکوژی. هەرکامەیان لە کارنامەی پڕ لە تاوان و دڕندەییاندا، چەندین ئەشکەنجە و کوشکاریی نەگێڕدراویان بەرامبەر بە کورد هەیە. زۆرێکیان لە ڕێگەی خوێنڕێژییەوە دژی شار و گوندە کوردنشینەکان گەورە بوون. بۆ نەوەکانی کورد، ئەم فەرماندانەی کوژراون، یادگاریی لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ، سزادانی بەکۆمەڵ، ئاوابوونی زۆرەملێ و میلیتاریزەکردنن.

لە ماوەی چل و حەوت ساڵی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، تەنیا یەک مۆدێلی بەردەوام و بێ‌پچڕان، لە یەکەم ڕۆژی سەرهەڵدانەوە تا ئێستا، دژی شەرعییەتی ڕێژیم وەستاوەتەوە، ئەویش کوردە. دژایەتیی مێژوویی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بناغە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی ئەم دژایەتییە و گرنگییەکەی بۆ تێگەیشتن لە مێژووی مۆدێرنی ئێران ڕوون

دەکاتەوە. پێناسەی سەرکەوتن لای هەر لایەنێک جیاوازە؛ لای زلهێزەکان باڵادەستیی ستراتیژییە و لای ئێران مانەوەی ڕێژیمەکەیەتی، بەڵام بۆ کورد، سەرکەوتن فرەڕەهەندە.

## شۆڕشی ١٩٧٩ و یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوە:

کاتێک دەسەڵاتی پاشایەتیی محەمەد ڕەزا پەهلەوی لە ساڵی ١٩٧٩ ڕووخا، ساتێکی کورتی هیوا لە نێو زۆرێک لە نەتەوە و گرووپە سیاسییەکانی ئێراندا سەری هەڵدا. بۆ کورد، شۆڕش نوێنەرایەتیی دەرفەتێک بوو بۆ گەیشتن بە مافە دێموکراتیکەکان، خودموختاریی کولتووری و دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی.

کوردان چالاکانە بەشدارییان لە خەبات دژی دیکتاتۆریەتی شادا کرد، بەڵام دیدگای ئەوان بۆ داهاتوو لە بنەڕەتدا جیاواز بوو لە پرۆژەکەی خومەینی. لە کاتێکدا بزووتنەوەی کورد بەدوای فرەیی، لامەرکەزی و مافی نەتەوەییاندا دەگەڕا، دەسەڵاتی نوێ شەرعییەتی خۆی لەسەر مەرکەزییەت، دەسەڵاتی ئایینی و یەکسانیی ئایدۆلۆژی بنیات نا. هەر بۆیە ململانێکان هەر زوو دەستیان پێ کرد.

هەر لە مانگەکانی یەکەمی شۆڕشدا، گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان کۆماری ئیسلامیی تازەپێکهاتوو و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکاندا سەری هەڵدا. ڕێژیم لەبری دیالۆگ، ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی هەڵبژارد. خومەینی فەتوای بەدناوی خۆی لە دژی کورد دەرکرد؛ فەتوای خومەینی بزووتنەوەی کوردی بە هەڕەشە بۆ سەر شۆڕش وەسف کرد و مۆڵەتی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بەرفراوانی لە کوردستاندا دا. ئەمە سەرەتای شەڕێک بوو کە پەیوەندیی نێوان کوردستان و کۆماری ئیسلامیی بۆ دەیان ساڵی داهاتوو دیاری کرد.

## کوردستان وەک یەکەمین سەنگەر:

بۆ ڕێژیمی تازەدامەزراو، کوردستان بوو بە یەکەم سەنگەری گەورەی نێوخۆیی. پێش ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی خۆی لە تەواوی وڵاتدا بچەسپێنێت، سپای پاسداران و هێزی سەربازیی ئاسایی ڕەوانەی کوردستان کران. شارەکانی وەک مەهاباد، سنە، پاوە و سەقز کەوتنە بەر گەمارۆ، تۆپباران و ئۆپەراسیۆنی ئەمنیی بەرفراوان.

لە ڕوانگەی زانستی سیاسییەوە ئەمە گرنگە؛ یەکەم ئەولەویەتی ئەمنیی ڕێژیم ئاسایشی دەرەکی نەبوو، بەڵکوو کۆنترۆڵکردنی نێوخۆیی بەسەر کوردستاندا بوو. داواکارییەکانی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووس، وەک هەڕەشەیەکی بوونی

(وجوودی) هەستیان پێ دەکرا، چونکە ئاڵنگاریی ئەو بناغە ئایدۆلۆژییەی دەکرد کە کۆماری ئیسلامی لەسەری وەستابوو: چەمکی دەوڵەتی مەزهەبیی مەرکەزی، کە تێیدا شوناسە نەتەوەییە جیاکەرەوەکان دەبێت بخرێنە ژێر ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕیی فەرمییەوە.

لە ئەنجامدا، کوردستان بوو بە تاقیگەیەک بۆ ئەو شێوازە سەرکوتگەرانەی کە دواتر لە دژی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەش بەکار هاتن. دەستگیرکردنی بەکۆمەڵ، لەسێدارەدانی خێرا، سزای بەکۆمەڵ و میلیتاریزەکردن بوونە توخمە سەرەکییەکانی ستراتیژیی دەوڵەت.

یەکێک لە لایەنە هەرە جێی سەرنجەکانی مێژووی مۆدێرنی ئێران، دژایەتیی بەردەوامی کورد بەرامبەر بەو ڕێژیمەیە. زۆرێک لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا هەوڵیان داوە لە نێوەوە چاکسازی لە سیستەمەکەدا بکەن؛ بۆ نموونە، چاکسازییەکانی سەردەمی محەممەد خاتەمی و حەسەن ڕۆحانی، جارجارە هیوایەکی لە نێو بەشێک لە دانیشتووانندا دروست دەکرد.

## کوردستان و کۆماری ئیسلامی؛ لە بەرخۆدانی مێژووییەوە بۆ ئاسۆی داهاتوو:

لە کوردستاندا دۆخەکە جیاواز بوو؛ ئەزموونی بەکۆمەڵی توندوتیژی لە ساڵانی یەکەمی شۆڕشدا، بێمتمانەییەکی قووڵی بەرامبەر بە دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی دروست کرد. بۆ زۆرێک لە کوردان، کێشەکە تەنیا ڕەهەندی تاکەکەسی سیاسەتمەدارێک یان حکوومەتێکی دیاریکراو نەبوو، بەڵکوو خودی سروشتی سیستەمەکە وەک سەرچاوەی کێشەکە دەبینرا.

لە ئەنجامدا، کوردستان چەندین جار بووەتە مەیدانی ناڕەزایەتی، مانگرتن و بزووتنەوەکانی بەرگری. لە ململانێ چەکدارییەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ناڕەزایەتییە مەدەنییەکانی ئەمڕۆ، دەکرێت بەردەوامییەکی ڕوون دەستنیشان بکرێت؛ بەرگری شێوازی گۆڕیوە، بەڵام هەرگیز نەوەستاوە. ئەمەش کورد دەکاتە تاکە نەتەوە لە نێو ئێراندا کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە، بە بەردەوامی و بێپچڕان، شەرعییەتی ئەم دەسەڵاتەی خستبێتە ژێر پرسیارەوە.

## چەوساندنەوەی پێکهاتەیی و پەراوێزخستنی نەتەوەیی:

بۆ تێگەیشتن لەم ململانێیە لەمێژینەیە، پێویستە ڕەهەندە پێکهاتەییەکانی دۆخی کورد شی بکرێتەوە. کۆماری ئیسلامی تەنیا ئازادییە سیاسییەکانی کوردستانی بەرتەسک نەکردووەتەوە، بەڵکوو سیاسەتێکی پەیڕەو کردووە کە زۆرێک لە توێژەران بە «پەراوێزخستنی کولتووری و ئابووری» ناوی دەبەن.

مافی زمانی کوردی بە توندی بەرتەسک کراوەتەوە و سیستەمی پەروەردە بە فارسی وەک تاکە زمانی فەرمیی فێرکاری، زاڵ کراوە. لە ئاستی ئابووریشدا، وەبەرهێنان لە ژێرخان و پیشەسازیدا لە کوردستاندا بەراورد بە ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران زۆر کەمتر بووە؛ بۆیە بێکاری لەم ناوچانەدا هەمیشە لە تێکڕای سەرانسەری زیاتر بووە. لە بەرامبەر ئەم پەراوێزخستنە ئابوورییەدا، بوونی ئەمنیی دەوڵەت بە شێوەیەکی نارێژەیی بەرفراوان بووە. ئەم ئاوێتەبوونەی هەژاری و سەرکوتی سیاسی، ئەو تێڕوانینە بەکۆمەڵەی بەهێزتر کردووە کە دەسەڵات لەگەڵ کوردستاندا وەک «پرسێکی ئەمنی» مامەڵە دەکات، نەک وەک بەشێکی یەکسان لە وڵات.
کاتێک ئەو سەرکردە سەربازییانەی لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی کوردستاندا دەستیان هەبووە لەنێو دەچن، هەست و سۆزێکی دژبەیەک دەورووژێت. لە کاتێکدا جیهانی دەرەوە ئەوان وەک فەرماندە یان ئەکتەری ستراتیژی دەبینێت، بۆ کوردستان و بنەماڵە کوردەکان، ئەوان سیمبولی یادەوەرییە تاڵەکانن؛ نوێنەری گۆڕە بەکۆمەڵەکان، لەسێدارەدانەکان و دەیان ساڵ ترس و تۆقین.

## ژینا ئەمینی و ڕەهەندی کوردی:

ڕەنگە ڕوونترین وێناکردنی ڕۆڵی کورد لە ئێرانی ئەمڕۆدا لە ناڕەزایەتییەکانی دوای گیانلەدەستدانی «ژینا ئەمینی»دا دەربکەوێت. مردنی ئەو ئەو پریشکە بوو کە گەورەترین تەنگەژەی بۆ ڕژێم لە ساڵی ١٩٧٩ەوە دروست کرد. دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» کە ڕەگ و ڕیشەی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورددا هەیە، بووە سەرمەشقی ناڕەزایەتییەکانی سەرانسەری ئێران. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە کوردستان نەک هەر شوێنی بەرخۆدان، بەڵکوو سەرچاوەی دیدگای سیاسیی جیاوازیشە کە لەسەر بنەمای دیموکراسی، یەکسانی و مافی مرۆڤ دامەزراون.

لە ڕوانگەی زانستی سیاسەتەوە، خۆڕاگریی کورد جێگای سەرنجە. زۆرێک لە بزووتنەوەکان بە تێپەڕبوونی کات و بەهۆی سەرکوت، توانەوەی کولتووری (ئاسیملەبوون) یاخود دابەشبوونی نێوخۆییەوە لاواز دەبن، بەڵام بەرخۆدانی کورد بە درێژایی نەوەکان نوێ دەبێتەوە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە یادەوەرییە بەکۆمەڵەکانی توندوتیژی لە نێوان نەوەکاندا گواستراوەتەوە؛ شوناسی کورد بە سەرکوتکردن لاواز نەبووە، بەڵکوو بەهێزتر بووە.

ئایا ئێران دەتوانێت ببێتە نەزمێکی سیاسی کە دان بە فرەچەشنیی نەتەوەیی، کولتووری و زمانەوانییەکەی خۆیدا بنێت؟ مێژوو نیشانی داوە کە سەقامگیری تەنیا لەسەر زۆرەملێ بنیات نانرێت؛ شەرعیەتی درێژخایەن تەنیا لە ڕێگەی گشتگیری، دادپەروەری و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤەوە مسۆگەر دەبێت.

## کۆتایی:

پەیوەندیی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، یەکێکە لە بوارە هەرە بەرچاو و لە هەمان کاتدا زۆر پشتگوێخراوەکانی مێژووی نوێی ئێران.

لە ساڵی ١٩٧٩ەوە، کوردستان هەم وەک سەنگەری پێشەوەی سەرکوتی ڕێژیم و هەم وەک یەکگرتووترین گۆڕەپانی بەرخۆدان لە بەرامبەر دەسەڵاتەکەیدا کاری کردووە. لە کاتێکدا زۆرێک لە گرووپەکانی دیکەی ئێران جارجارە لە چوارچێوەی سیستەمەکەدا هەوڵی چاکسازییان داوە، کورد بەردەوام شەرعییەتی بنەڕەتیی سیستەمەکەیان خستووەتە ژێر پرسیارەوە.
ئەم بەرخۆدانە تەنیا سەربازی و سیاسی نەبووە، بەڵکوو کولتووری, کۆمەڵایەتی و بوونگەراییش بووە. خەباتەکە لە پێناوی پاراستنی زمان، شوناس، کەرامەت و مافی بڕیاردان لەسەر داهاتووی خۆیاندا بووە.
کاتێک ڕووداوەکانی ئەمڕۆی ئێران، یادەوەرییەکان بۆ کورد زیندوو دەکەنەوە، تەنیا پەیوەندی بە جوگرافیای سیاسی یان ململانێی سەربازییەوە نییە؛ بەڵکوو باس لە یادەوەرییەکی مێژوویی و بەکۆمەڵ دەکات کە بە ئەزموونی ستەم و بەرخۆدانی نەوەکان داڕێژراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوە پێشکەوتوو و سەربەرزەکەی، سەرەڕای سازان و نەسازانی ئەمریکا و ئێران، هەر لە جێگەی خۆیانن. «ژن، ژیان، ئازادی» ئاوێتەی ڕۆح و ڕەوانی ئەو خەڵکەیە کە تینووی ئازادی و سەربەستین و بوون بە ئاوەڵدوانەی یەکتر. هەلومەرجی نوێ، شێوازی خەباتی نوێ دەخوازێت. زۆر جار گۆڕانکارییە گەورەکانی جیهان لە ئیرادەی خەڵکدا نین، بەڵام دەرفەت دەخوڵقێنن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێن.

ئەگەر مێژوونووسانی ئایندە بیانەوێت لە مێژووی کۆماری ئیسلامی تێبگەن، بەبێ تێگەیشتن لە کوردستان ناتوانن ئەو کارە بکەن. چل و حەوت ساڵە کورد یەکگرتووترین و بەردەوامترین دژایەتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە؛ نەتەوەیەک کە هەرگیز ئەو نەزمە سیاسییەی لە ١٩٧٩دا دامەزرا، قبووڵی نەکردووە و بەردەوامە لە خەبات بۆ ئازادی، دانپێدانان و مافی چارەی خۆنووسین.

٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# ڕادیۆی "دەنگی کوردستان"، لە بنبەردی شاخەوە بۆ ناخی شار





**عەلی لەیلاخ**

هێشتاش بە بیستنی ناوی «ڕادیۆ کوردستان» یان بە بینینی هەر کام لە بێژەرە لە ژیاندا ماوەکانی ئەو ڕادیۆیە، خەیاڵ دەمباتەوە بۆ ئێوارە نارنجییەکانی پاییز؛ بۆ کاتێک کە کزەی سەرمای ئەو دیوی پەنجەرە و گیزەی کتری و چاییی سەر سۆبەی ژوورەکەم لە یەکێک لە قوتابخانەکانی ناوچەی لەیلاخ، هاودەمم بوون. ئەو دەمەی کە "سەربازموعللیم" بووم و تەنیا هاودەمی ئێواران و شەوگارە درێژەکانی پاییزم، ڕادیۆیەک و چەند کتێبێک بوون.

گوێگرتن لە ڕادیۆ لەو سەردەمەدا تەنیا ڕێگەچارەیەک بوو بۆ دەربازبوون لە دەنگوڕەنگی چەواشەکار و داسەپاوی کۆماری ئیسلامی و بۆ ئەوەی ڕیوایەتێک لە دەرەوەی ئەو ڕیوایەتانەی کۆماری ئیسلامی لە بزووتنەوەی کورد ببیستین. بەهۆی نەبوونی کەرەستەکانی ئەمڕۆیی (ماهوارە و ئینتەرنێت)، تەنیا ڕادیۆ ئەو دەرفەتەی دەڕەخساند کە جگە لە دەنگی زاڵی دەسەڵات، گوێ لە دەنگێکی دیکەش بگریت. هەر بۆیە خۆدی گوێگرتن لە ڕادیۆی دژبەرانی ڕێژیم، ئەگەر ماناکەی بە تەواوی «نا گوتن» بەو دەسەڵاتەش نەبووایە، بێگومان هەوڵێک بوو بۆ هەڵبژاردن و قوتاربوونی ئاگاهانە لە پروپاگەندەی دەسەڵاتداران. بۆیە سەرەڕای «پارازیت»ی بەهێز، کە بەشێکی بۆ لە شەڕی فرەچەشن و بەربڵاوی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی کپکردنی دەنگەکانی دیکە، کاتێک ڕادیۆت لە ئامێز دەگرت و بە سووڕانی ولۆمەکەی لە نێوان دەیان و سەدان دەنگی جیاجیادا، یەکڕا هاوکات لەگەڵ شمشاڵەکەی «قالەمەڕە»ی نەمردا، نمەنمە دڵت دەگەشایەوە کە خۆیەتی؛ لە پڕ نرکەیەکی چیایی دەیگوت: "ئێرە دەنگی کوردستانی ئێرانە". ئادرەسەکە دیار بوو و "سەرنج بدەنە"کانیشی سەرەنجڕاکێش بوو.

ئینجا بە دوو قامک ئانتێنی سەر ڕادیۆمان توند دەگرت؛ وەک دەخیلبەستن و جۆرێک پاڕانەوە بوو کە ڕاوەستێ و بە تامەزرۆییەوە دەمانگوت:«قوربانیی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆشمروور!» هەڵگری تۆزی ڕێگەیەکی دوور بوو کە پێمان دەگوت: شاخ! «لە دوورەوە هاتووم، بناسە دەنگم/ تۆزی غەریبی نیشتووە لە ڕەنگم». بەڵام سێحرێک لەو دەنگەدا بوو کە غەریب نەبوو، بەڵکوو هێندە ئاشنا بوو کە خشەخش و کرەکرِی پارازیت وەڕەزی نەدەکردیت و هەتا دەهات زیاتر گوێت شل دەکرد و دەبوویت بە گوێڕایەڵی دەنگی "پەیک"ێکی ئاشنا بە هەموو شاری "شارەزوور"ی شۆڕش و سەرهەڵدان.

ئەساسەن ڕادیۆ کوردییەکان، لە بەغدا و بەیروتەوە هەتا تاران و سنە و کرماشان، لە نواندنی کوردی و ڕەوشەنگەریی کوردیدا دەوریان هەبووە، بەڵام زیاتر هەوڵیان بۆ فۆلکلۆرکردنی کۆمەڵگەی کوردی بووە و بە لای بنەما سەرەکییەکانی "ماف" و ویستە "سیاسییەکان"دا نەچوون. هەرچەند زۆربەی شۆڕشەکانی کورد لە سەدەی بیستەمدا بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان هەبووە، بەڵام حیزبی دێموکرات هەر لە بناغەوە لایەنی فەرهەنگی و میدیاییەکی بەرچاوی هەبووە بۆ گەیاندنی دەنگی خۆی. لەم نێوانەدا ڕادیۆ جێگە و پێگەی تایبەت بە خۆی هەیە.

کۆماری کوردستان، کە یەکەمین ئەزموونی دەوڵەتداریی مۆدێرنی تێدا تاقی کرایەوە، هەوڵی دا بۆ باسی خەونی خولقێنەرانی سوێندخواردووی کوردستان، واتە کۆمەڵەی "ژ.ک"، هەتا دوورەدیمەنی یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان و هەڤاڵانی، ڕادیۆ دابمەزرێنێت و لەوێدا بەرز و بەربڵاوتر "سروودی ئەی ڕەقیب" بە خوار و ژووری نیشتمان بگەیەنێت، کە بەداخەوە "تەمەن لە کورتی دەدا و بەو دیدار ڕانەگەیشت" و تەنیا ئەو دەنگە ماوەیەک لە بڵێندگۆکانی نێوشاری مەهابادا

بیسترا.

نەبوونی ڕادیۆیەکی کوردیی دەروەست بوو وای کرد یاخیبوونی شەریفزادەکانی ساڵانی ٤٦ - ٤٧، کە بۆ یەکەمجار سامی ژاندارم و هەیمەنەی پادشایەتیی ئێرانیان شکاند، بەقەد دڵۆپەخوێنی ئەو پۆلە شەهیدە "بێناز و ناوازە"یە لە "جەنگەڵ"ی بێمافی و بێدادیدا، دەنگدانەوەی نەبێت.

پاش ڕووخانی پاشایەتی کە بە هۆی هەلومەرجی نوێوە گیانێکی تازە وەبەر حیزبی دێموکرات کەوتبوو، هەر زوو لە مەهاباد ئاگادار کرانەوە کە ڕادیۆیەکی کوردانە و شۆڕشگێڕانە بڵاو کراوەتەوە. ئەو ڕادیۆیە بەرانبەر بە دەزگای حکوومەتی ئینقلابی و پاوانخواز، کە بە فەرمانی خومەینی و بەکارهێنانی ئایەتی "أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ" خوێنی کوردی حەڵاڵ کردبوو، هەوڵی ڕاگەیاندنی ڕاستییەکان و هەڤبێژیی خۆی بە شێوەی "بێسیمی و کەرەستەی کەمەوە" دەست پێ کرد و دیوارەکانی مزگەوتی "عەباس ئاغا" چاکیان لەبیر ماوە کە خەڵک بە هەستەوە سەیری ئیعلامەیەی کاتی وەشانی بەرنامەکانی ڕادیۆیان دەکرد.

لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی بە وردبینیی قاسملۆی ڕێبەر و بە هیممەتی دوکتور سادقی شەرەفکەندی و ماندووبوونی کۆمەڵێک پێشمەرگەی خۆنەویست و کادری دەروەستی ئەو حیزبە، بەفەرمیی ڕادیۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنبەردی سەنگەرەکان و خێوەت و چادرەکان دەنگی ڕاستەقینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بڵاوکردەوە و لەو ساڵەوە تا کۆتاییەکانی ٩٠ی هەتاوی سەرەوەی بیست شوێنیان گۆڕیی بۆ ئەوەی ئەم دەنگە هەڤبێژە بەردەوام بێ و، دانەخرێ. ئەگەر بمانهەوێ بە چاوی ئینسافەوە ئاوڕێک لە مێژووی ڕادیۆ کوردستان بدەینەوە ناتوانین ئاماژە بەم خاڵە گرینگانە نەدەین کە پێویستە ئەمڕۆکەش لە مێدیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەچاو بکرێن.

## - ڕوونی و درووستیی هەواڵ و ڕووداوەکان

حیزبی دێموکرات و ڕاگەیاندنەکەی لە سەروبەندی دەیەی ٦٠ کە قوناخێکی هەستیار بوو، سەرەڕای ئەوە پێویستی بووە بە بانگەشەی بەربڵاو وەکوو هەر حیزب و ڕێکخراوێکی دیکە، بەڵام ڕادیۆکەی و بەرپرسانی هەوڵیی سەرەکییان ئەوە بووە نێوانی خۆیان و خەڵکەکەیان بە شانتاژ و درۆ هەڵنەچنن و بە وردبینییەوە هەواڵەکان یا وردەکاریی ڕووداوەکانیان باس دەکرد. تەنانەت لە کاتی ڕاپۆرتی تایبەت بە عەمەلیات و تێکچوونی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگە و سوپای هێرشبەرانی کۆماری ئیسلامی بەبێ شاردنەوەی خەسار و زیانەکان ئەوەی ڕووی دابوو ڕایدەگەیاند و دەگوترێ ببووە

سەرچاوەی ڕاستییەکان بۆ کۆماری ئیسلامیش. چونکی دەیانزانی خۆیان هیچ "ڕاستییەک" بەبێ درۆ و کەتمان بڵاو ناکەنەوە. دەڵێن کاتی خۆیشی هیتلەر گوێگری هەمیشەیی ڕادیۆ "بی بی سی" بووە. چونکی دەیزانی دەزگای پروپاگاندای نازی درۆی زل دەکا. ئێستاشی لەگەڵ بێ مودیرییەتی هەواڵی تێرۆری سکرتێرە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو حیزبە لە ڕادیۆی کوردستان جێی ستایشە کە ڕاستگۆیانە هەم بوو بە سەرچاوەی ئەو هەواڵە تاڵە و هەم بەڕاشکاوانە قامکی تاوانباریی بۆ لای کۆماری ئیسلامی ڕاداشت.

## - بوێری لە دەربڕین و ڕێزنواندن لە "کەلام"

خاڵێکی بنەڕەتی کە لە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتدا کراوە بە پەیڕەو، ئەوەیە کە دەتوانین بە جورئەتەوە بڵێین؛ ئەم خاڵە لە ناخی ئەو حیزبە هەڵقوڵاوە و بریتییە لە ئەدەبیاتی پاراو و خاوێنیی ئەو حیزبە لە ڕاگەیاندنەکانیدا. لە بنەماکانی مێدیادا دەڵێن: مێدیا هاوکات کە دەبێ لە بەرانبەر کەموکوڕییەکان و ڕاستییەکاندا بوێریی باسکردن و لەقاودانی هەبێ، بەڵام ئەم بوێرییە نابێ پاڵ بداتە ئەدەبیاتی سووک و نزمی سەرشەقام؛ بەڵکوو دەبێت لەگەڵ ئەوەی دەنگی "شەقام"یش بێ، هەوڵ بدات ئەدەبیاتی دەربڕینی لە بێڕێزی و ڕووشاندنی هەستی تاک و کۆمەڵگە بەدوور بێت.
ڕادیۆکەی حیزبی دێموکرات کە لە ڕۆژە سەختەکاندا ڕۆژانە هەواڵی شەهیدبوون و بریندارbوونی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی ڕادەگەیاند و بە بوێرییەوە بەرانبەر بە ڕێژیمێکی بێکەرامەت و تاوانبار، ڕاستییەکانی دەدرکاند و هەڵەکانی ڕاست دەکردەوە، هیچکات ئەو ڕاشکاوییەی بە ئەدەبیاتی نەشیاو خەوشدار نەکرد. ئەمە جیا لەوەی بە گشتی میراتی "ڕەئیس جمهووری موحتەڕەم»ەکەی کۆماری کوردستان بوو، تێبینی و پێداگریی قاسملوو و شەرەفکەندیشی لەسەر بوو؛ کە بریتی بوو لە: «ڕێزگرتن لە کەلام و، بوێری لە دەربڕین.

## - ڕەنگاڵەیی بەرنامەکان

بە سەرنجدان بە ئارشیڤی بەرنامەکانی ئەو ڕادیۆیە ئەویش بەو ئیمکاناتی سەرەتایی و دۆخی ناجێگیر، جێی سەرنجە کە بەڕێوەبەران و پلاندارێژەرانی ئەو مێدیایە تەنیا وەکوو سەکۆیەک نەیانڕوانیوە بۆ بانگەشە و دروشمی حیزبی! بەڵکوو نوارینی ئەوان هەمان سیاسەتی دەوڵەتداریی حیزبی دێموکرات بووە. واتە ئامێزکردنەوە بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە. دەسپێکی بەرنامەکان بە چەند ئایەتێک لە قورئان، ڕێزگرتن لە زۆرینەی باوەڕمەندانی ئەو ئایینە بوو نەک تەفسیرکردنی بە مەبەستی سوڕەتی "ئەنفال" و دەست و لاق بڕین و تیرۆڕپەروەریی ناوەندە ئایینییەکانی قوم و مەشهەد!

**جۆزەردانی ٢٧٢٦**

لە شرۆڤەی سیاسیی ڕۆژی شەممەوە هەتا هەینی کە "وڵامی نامەی گوێگرەکان" دەدرایەوە، کاتێک ناوی شار و گوندەکانی کوردستانت لە زاری ئەو ڕادیۆوە دەبیست، هەستت دەکرد ئەوە "خوێندکاران"ی شەریفی "مەتەرێژی شەرەف" شەوقیان بە شەوەزەنگی چەوساوەیی بەخشیوە. لە دووشەممانەی دڵەڕاوکێی ڕێی دووری خەباتمان "دەنگی لاوان"ی شۆڕشگێڕ، کە "بەختیاری بۆ کۆمەڵ" ئاواتی هەرەبەرزیان بوو بڵاو دەبۆوە و "بە ڕەنگاڵەیی خەباتێکی بەردرێژ" کۆڵکەزێڕینە"ی جوانی کۆڵنەدانیان هەڵدەخست. پێنجشەممانە "کاروانی شەهیدان" دەگەیشت و وەبیری دەهێنایەنەوە کە باشترین پاداشتی گیانبازییان، درێژەدانی ڕێگایانە.

ڕادیۆی کوردستان ئەگەرچی بەرنامەکانی بە دوو زمانی کوردی و فارسی بوو، بەڵام جیا لە زارەکانی سۆرانی و کورمانجی، بۆ زاراوەکانی دیکەش ڕێگر نەبووە و بەدەر لەمەش ماوەیەک بە زمانی "ئازەری "پڕەنسیپە بەرزەکانی ئەو حیزبەی لە هەمبەر گەلانی دەراوسێی کوردستان بە چەشنی " ئارەزوومە هەر چی ئینسانە بە ئازادی بژی"یەکەی مامۆستا هێمن نواندووە. لە نێوەڕاستی دەیەی ٨٠ی هەتاوی ئەو دەنگە بەرز و بەڕێز و هەڤبێژە، ڕەنگیشی پێزیاد کرا و لەژێر ڕووناکایی "تیشک"ە و، دواتر "کوردکاناڵ"، خەباتی بێوەچانی مێدیایی خۆی بە دژی دەزگای سەرکوت و سانسۆری کۆماری ئیسامی لە ژێرناوی "دەنگوڕەنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" درێژە پێ دا و ، بڕیاری داوە ئەم ئەمانەتە بگەیێنێتەوە دەستی خەڵک ڕاستەقینەکەی خۆی.

هاوچارەنووسیی ڕادیۆی حیزبی دێموکرات، تەلەڤیزیۆنەکەشی قەت نەیتوانی لە کەشێکی ئارام کە پێویستیی سەرەکیی مێدیا و مێدیاکارانە وەشانی خۆی هەبێ. بەڵام بە فرەڕەنگییەوە بەدوور لە دروشمی هەندێک ڕاگەیاندن بەڵکوو بە کردەوە لەگەڵ خەم وخۆشییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات مایەوە و، مایەی دڵخۆشییە کە "کوردکاناڵ" لەژێر درۆن و مووشەکباران ئێستاش بە هیوایەکی لە بننەهاتووە بۆ بنیاتنانی دوارۆژێکی گەشاوە و نەهێشتنی ستەم و چەوساوەیی "مارشی ئەی ڕەقیب" بڵاودەکاتەوە.

**٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، ڕۆژی دامەزرانی فەرمیی ڕادیۆ کوردستان هەم لە سەنگەری خەبات و هەم لە مێدیای پیشەیی بە هەرماویی دەمێنێتەوە.**

**٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٦**



سەرچاوە
Serchawe

# مستەفا مەولوودی: ئیدیعای ترامپ بێبنەمایە و هیچ چەک و چۆڵێکمان وەرنەگرتووە



دیمانە: شەهرام سوبحانی

ئاماژە:

مەبەست لەم وتووێژە تایبەتە لەگەڵ جێگری سکرتێری گشتیی حیزب وەڵامدانەوە بە چەند پرسیاری جەوهەرییە، وەک: حیزبی دێموکرات بۆچی لە جەنگەی شەڕی ئەمریکا و ئیسڕائیل لەگەڵ ئێراندا هێزی پێشمەرگەی نەجوولاند؟ بۆچی تا ئێستا وەڵامێکی ڕوون و ئاشکرا بە ئیدیعاکانی ترامپ نەداوەتەوە کە گوایە کوردەکان چەکیان لێ وەرگرتووە و بەدژی ڕێژیم بەکاریان نەهێناوە؟ داهاتووی خەباتی سیاسیی کورد و حیزبی دێموکرات و ڕەوشی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و دۆخی بزووتنەوە ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکانی ئێران دوای ڕێککەوتنی ئێران و ئەمریکا چۆن دەبێت؟

شەهرام سوبحانی: کاک مستەفای بەڕێز لەو وتووێژە کراوەیەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر ئەو پرسیارانەی دڵمژووڵیی زۆر کەسن. پێش هەموو شتێک لە شەڕی ١٢ ڕۆژە و دواتر لە شەڕی ٣٩ ڕۆژەدا بەتایبەت ئەو چاوەڕوانییە هەبوو هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئەم دۆخە وەک دەرفەت ببینن و بیقۆزنەوە و بە حزووری مەیدانی ئەمری واقعێکی دیکە دروست بکەن. حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی نەکرد؟

مستەفا مەولوودی: ئەمە ڕاستە کە لە شەڕی ١٢ ڕۆژە و ٤٠ ڕۆژەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا، زەبر و

خەساری گەورە بەر ڕێژیم کەوت. ڕێبەری ڕێژیم و دەیان کاربەدەستی ئاستبەرزی سیاسی بەتایبەت بەرپرسانی نیزامیی لێ کوژرا و زۆر شوێنی گرینگی نیزامی، ئەمنییەتی و تەنانەت ئیداریی ڕێژیم وێران بوون؛ و زۆربەی خەڵک چاوەڕوانی گۆڕانکاریی قووڵ بوون. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، زۆر و کەم ئەو حاڵەتانە بەدی دەکران و خەڵک بە چاوی هیوا و چاوەڕوانیی زۆرەوە چاویان بڕیبووە هەڵوێست و جووڵەی حیزبە سیاسییەکان بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان. بەڵام ئەوە کە بۆچی حیزبەکان سەرەڕای ئامادەیی خەڵکی کوردستان بۆ هەموو ئەگەرێک جووڵەی مەیدانییان نەکرد، حیزبەکان بە تایبەت حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی هەموو فاکتەرەکان بەرپرسانە جووڵایەوە. لەڕاستیدا ئەو شەڕە، ئەوەندەی زەبری لە ڕێژیم دابوو و زیانی پێ گەیاندبوو، ئەوەندە بەستێنێکی لەباری لە شەقامەکانی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەڕەخساندبوو هەتا هێزە سیاسییەکان -وەک ئەوەی خەڵک چاوەڕوانیی دەکرد- هێزی پێشمەرگە بجووڵێنن و گورزی یەکلاکەرەوە لە پەیکەری ڕێژیم بدەن؛ تەنانەت لە ئاستی ناوچەیی، هەرێمی و دەرەوەشدا ئەو بەستێنە بۆ ئیقدامێکی لەو چەشنە نەهاتبۆوە ئاراوە. بۆیە حیزبەکان و حیزبی دێموکراتیش بە خوێندنەوەی وردی قۆناغ و هەلومەرجی تایبەت لەو کاتەدا پێیان گونجاو نەبوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی کوردستان تووشی شەڕێک بێت کە بە ئەگەری زۆر لەلایەک وێرانکاری و کاولکارییی زۆری لە کوردستاندا بەدووەدا بێت؛ لەلایەکی دیشەوە شەقامەکانی کوردستان کرابا گۆمی خوێن.

ئەمن دەزانم سەرەتا خەڵکی هەستیار و چاوەڕوان ئەو چاوەڕوانییەیان هەبوو حیزب بچێتە نێو مەیدانەکە و کاتێک هێزی پێشمەرگە نەچووە نێو شەڕگە، خەڵک لێمان تووڕە بوو؛ بەڵام بە ڕوونبوونەوەی زیاتری بابەتەکان و هەڵوێست و سیاسەتی وڵاتان بەتایبەت ئەمریکا، لە ئێستادا زۆرتر شوێنەواری دروستی سیاسەتکردنی حیزبەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکرات پتر دەرکەوتووە.

**شەهرام سوبحانی**: بەڵام لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا زیاتر لە ١٥٠ جار بە مووشەک و درۆن هێرش کرایە سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات و شەهید و برینداریش هەبوون. وەڵامی ئێوە بۆ ئەو هەمووە هێرش و تاوانکارییە چ بوو؟

**مستەفا مەولوودی**: کۆماری ئیسلامیی ئێران دوژمنایەتی قووڵی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، ئازادی، دێموکراسی و مافی نەتەوەکان لە ئێراندا هەیە؛ و ئەو هێرش و هاژەکبارانەی بنکە و بارەگای حیزبەکان، تەنانەت بنەماڵەکانی ئەو حیزبانە دەرخەریی ئەو ڕاستییەیە. دەزانین لە ماوەی ٤٧ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەو هێرشانە بە شێوەی جۆراوجۆر هەر هەبوون؛ بەڵام ئەمجارە ئامانجێکی تایبەتتری لە پشت بوو. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی باش دەیانزانی کە بوردومان و هێرشی ئاسمانی بەتەنیایی نابێتە هۆی ڕووخانی ڕێژیمەکەیان، جا هەرچەندەش خەساری مرۆیی، ئابووری، ئەمنییەتی و نیزامییان وێ بکەوێ؛ بۆیە زۆربەی هەوڵی ڕێژیم تەنیا بۆ خۆڕاگرتن و نەڕووخان بوو. مەترسیی سەرەکییش



سەرچاوە
Serchawe

لەسەر ڕووخانی ڕێژیمەکەیان ڕاپەڕینی خەڵک و بزووتنەوە ئیعترازی و مافخوازییەکانی نەتەوەکانی ئێران بوو. هاوکات باش دەیانزانی و دەشزانن داینامۆی جووڵاندنی یەکجاری و یەکلاکەرەوەش بەتایبەت لە کوردستان حیزبەکانن، چونکی لە کوردستان حیزبەکان کاریگەری و شوێندانەریی زۆریان لەسەر شەقام و خەڵکی کوردستان هەیە؛ وەک چۆن لە بزووتنەوەی ژینادا توانی شوێندانەریی لەسەر هەموو ئێران هەبێ. بۆیە بەو هێرشانەیان ویستوویانە ئەوەندەی بۆیان دەکرێ سێبەری ڕووخان لەسەر خۆیان کەم بکەنەوە، یان لانیکەم ڕووخانی ڕێژیمەکەیان وەدرەنگتر بخەن.

**شەهرام سوبحانی**: هەر لە چوارچێوەی ئەو باسەدا لەو ماوەیەدا زۆر گوترا کە ئەوە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێرانە و شەڕی ئێمە نییە. ئەو شەڕە چۆن دەکرێ دژی ئێمە و شەڕی ئێمە نەبێ دوای ئەو هەمووە هێرشانەی کراوەتە سەرمان؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەگەرچی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوژمنی خەڵکی کوردستان و زۆربەی زۆری خەڵکانی ئێران و دەوڵەتانی ناوچەیە و؛ تەنانەت هۆکاری نائەمنی و ناسەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشە؛ بەڵام بە چەند هۆ ئەمە دروستە کە دەگوترێ ئەو شەڕە، شەڕی ئێمە نییە. جارێ هەر لەجێدا ئامانجی شەڕی ئەمریکا لەگەڵ ئێران جیاوازیی بنەڕەتی لەگەڵ ئامانجەکانی ئێمە هەیە. ئەمریکا دەیهەوێ ڕێژیمی ئێران پێبەندی هێندێک ڕێککەوتن لە بەرژەوەندیی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا بکا؛ بەڵام خەڵکی کوردستان دەیهەوێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕووخێ و لە جێگای ئەو دەسەڵاتێکی دێموکراتیک بێتە سەرکار. جگە لەوە شێوە خەباتی خەڵکی کوردستان و تێکۆشانیان لەگەڵ میکانیزمی شەڕ و ململانێی ئەمریکا لەگەڵ ڕێژیمی ئێران جیاوازە. سەرەڕای ئەوانەش خۆ ئەگەر وای دابنێین مادام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوژمنی و نەیاری هەردووکلایە و دەکرێ هێندێک شتی هاوبەش هەبن؛ ئەدی نابێ ئەمە بە بەرنامەدانانی هاوبەش و هاوکاریی سنووردار ڕێک بخرێن؟ بۆ ئەو حاڵەتەش هیچ بەرنامەیەکی هاوبەش و ژوورێکی هاوبەش بۆ پلاندانان و هاوئاهەنگکردنی کاری مەیدانیمان لە ئارادا نەبوو. دەی مادام دوو شەڕ ئامانجی هاوبەش، میکانیزمی هاوبەش، بەرنامە و ژووری بەڕێوەبەریی هاوبەشیان بۆ مودیرییەتی شەڕ نەبێ، سروشتییە ئەو دوو شەڕانە یەک نین؛ نە شەڕی ئەمریکا لە ئێران ئی کوردانە، نە شەڕی کوردستان هیچ پێوەندییەکی بە ئەمریکاوە هەیە. هەر ئەوە کە بەبێ ئەوەی ویستی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەرچاو بگیردرێ، ئەمریکا و ئێران وتوویژ دەکەن، ئاگەربەست ڕادەگەیەنن و خەریکن ڕێک دەکەن، ئەمە نیشان لەوەیە ئەو قسەیە تەواو ڕاستە کە دەگوترێ شەڕی ئەمریکا و ئێران شەڕی ئێمە نییە.

**شەهرام سوبحانی**: بابەتێکی دی ئەو باسەیە دۆناڵد ترامپ هەر جار نا جارێک دەیورووژێنێ کە چەکی داوەتە کوردەکان و ئەوان ئەو چەکەیان نەگەیاندۆتە خەڵکی نارازیی ئێران. کاتی ئەوە نەهاتووە بە ڕوونی لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەتان هەبێت؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕاستە ترامپ ئەوەی گوتووە، بەڵام هەتا ئێستا سەرجەم حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو قسانەیان ڕەت کردۆتەوە و گوتوویانە کە چەکیان لە هیچ لایەنێک وەرنەگرتووە؛ هاوکات هیچ بەڵگەیەکیش نییە ئەم ئیدیعایەی ترامپ پشتڕاست بکاتەوە؛ بۆیەشە ئەو قسانەی ترامپ هیچ ئەساسێکی نییە و لەڕووی سیاسییشە نامەنتیقین،

**بە چەند هۆ:**

**یەکەم؛** دەزانین هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لەسۆنگەی ڕێژیمەوە مافی تێکۆشانی سیاسییان لە وڵاتی ئێران نییە و بە ناچار بەشی ئاشکرای تێکۆشەرانی ئەم حیزبانە لە وڵاتانی دیکە گیرسانەوە و لەو سۆنگەیەشەوە پێبەندی یاسای ئەو وڵاتانەن کە تێیدا نیشتەجێن. سروشتییە یاسای ئەو وڵاتەش ڕێگە بە شتی وا نادا.

**دووهەم؛** ئەو وڵاتەی ناوەندی بڕیاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی تێدا نیشتەجێن، بەپێی ڕێکەوتنێک کە لە ساڵی ٢٠٢٣ی زایینی لە نێوانیاندا (ئێران- عێراق، هەرێمی کوردستان) واژۆ کراوە، پابەندە بەوەی ئەو حیزبانە نابێ لە وڵات و سنووری ئەوانەوە، ئەمنییەتی وڵاتی جیرانیان بخاتە مەترسییەوە؛ دەی ئەوەش کاریگەریی لەسەر جۆری تێکۆشانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەیە، بەتایبەت لە بواری مەیدانی و خەباتی پێشمەرگانەدا.

**سێهەم؛** سنووری نێوان ئێران و عێراق کە خاکی کوردستانی دابەش کردوە، تەواو میلیتاریزەیە. بە دەیان مۆڵگە و بورجەکی دیدەبانیی لێ دانراوە و بە هەزاران پاسدار و هێزی سەربازی کۆک و پۆشتە و تەیار بە چەکوچۆڵی پێشکەوتووی لێ جێگیر کراوە؛ بە جۆرێک کۆڵبەرێکی کاسبکار خۆی و کۆڵەکەی زۆر بە زەحمەت لەو سنوورە ڕەت دەبێ، ئەدی چۆن دەکرێ چەکوچۆڵی قاچاغی پێدا تێپەڕێ.

**چوارەم؛** خۆتان دەزانن لە وڵاتی ئێمەدا خەڵکەکەمان لە کار و چالاکیی سیاسی، مەدەنی و کولتووری بەردەوامن و خۆبەخشانە منداڵان، لاوان و سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگە، فێری زمانی کوردی، ژینگەدۆستی و نیشتمان خۆشەویستی و شوناس پارێزی دەکەن؛ بەو هۆیەشەوە بەردەوام هەڕەشەیان لەسەرە، ئازار دەدرێن، تووشی کێشە و گرفتی کاری و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەتی دەبن و زۆر جاران دەسبەسەر دەکرێن و تەنانەت سزای ئێعدامیان بەسەردا دەسەپێ. بۆیە لە وەها دۆخێکدا، حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی حیزبی دێموکرات، ئامادە نەبوون ئەو ڕیسکە بە ژیانی خەڵکەوە بکەن و خەڵکیش بە دڵنیاییەوە پەنا بۆ یارییەکی وەها مەترسیدار نابەن؛ هەروەها زۆر هۆکاری دیکە هەیە بۆ ڕەتکردنەوە و بەرپرچدانەوەی ئەو ئیدعا بێ بنەمایانە. بۆیە جارێکی دیکەش من بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، ئەوە ڕەت دەکەمەوە و دەڵێم ئێمە چەکمان لە هیچ لایەنێک وەرنەگرتوە.

**شەهرام سوبحانی**: کاک مستەفا لە کاتە هەرە ناسکەکاندا کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی یەکیەتی و یەکگریی پێویستە، کەچی دەبینین لاوازترین هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەرا دژی مافی نەتەوەکانن و بە بەردەوامی تۆمەتی جیاییخوازیی وەک کوتک لەسەر بزووتنەوەی کورد ڕادەگرن. کەچی دیسانەکەش حیزبە کوردییەکان پتر لەوەی "کوردستانتەوەری" بکەن، لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو هێزانە بەردەوامن. ئەوە هەتا کەی درێژەی دەبێ؟

**مستەفا مەولوودی**: من بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ بەرنامەوپێڕەوی حیزب دەگەڕێمەوە حیزبی دێموکرات بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکا و ئەو ئامانج و ستراتیژییە تەواو نەتەوەیی و کوردستانییە. لام وایە لەسەر ئەوەی حیزبی دێموکرات ئامانجی نەتەوەیی هەیە و وەک ئێوە دەڵێن لەوەی کە کوردستانتەوەرە، هیچ گومانێک نییە. هاوکات حیزبی دێموکرات واقعبینانە سیاسەت دەکا و لەگەڵ ڕاستییەکان بەرەوڕوویە، چونکی لەگەڵ ئەوەی ئامانجی دیارە، بەڵام دروشمەکەی تێکۆشانە بۆ جێگیرکردنی نیزامی فیدرالی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو قۆناغەش کوردی تێدایە، هەڵکەوتی کوردستان و دابەشبوونی کوردە بەسەر چەند وڵات لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. ژئۆپۆلیتیکی ناوچەکە و پێکهاتەکە و جۆراوجۆریی دانیشتووانی خەڵکی ئێرانیش لەبەر چاومانە. بۆیە حیزب لای وایە ئەگەر ئەو دروشمە بێتە دی، کورد لە بەشێک لە کوردستان بە بەشێکی بەرچاو لە مافەکانی دەگات و بۆیە بۆ هێنانەدیی ئەو دروشمە تێدەکۆشێ. بۆ ئەوەش سروشتییە ڕێگای سەختی لە پێشە و دەبێ خەباتی بێوچان و هەمە ڕەهەندی بۆ بکا. یەکێک لە ڕێگاکانیش دیالۆگ و قسەکردن لەگەڵ ئێرانییەکانە بە هەموو تاکەکان، نەتەوەکان، کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنی، سیاسی، حیزبی و تەنانەت دەسەڵاتبەدەستانی وڵاتانیش ئەگەر بەستێنێکی گونجاو و لەبار هەبێ.

لەو پێوەندییەدا حیزب زۆری کار کردوە و کار و تێکۆشانیشی بێ ئەنجام نەبووە؛ لە ئێستادا حیزب و چەند حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرالدا بەیەکەوە هاوکاری دەکەن، هەروەها شوڕای هەمبەستەگی ئێرانییەکان کە حیزب تێیدا ئەندامە باوەڕی بە فرەیی، دێموکراسی و تەنانەت سیستەمی فیدرالی لە ئێراندا هەیە. ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق و شوڕای میلیی مقاوەمەت لە بەرنامەیەکدا باسی لە دامەزراندنی نیزامی دێموکراتیک و دابینکردنی خودموختاری بۆ نەتەوەکانی ئێران دەکەن و زۆر کار و چالاکی دیکەش لە ئارا دان بۆ ئەوەی ئێرانییەکان بەتایبەت ئەو کەسایەتی و حیزبە سیاسییانەی دەیانهەوێ لە داهاتووی ئێراندا دەوریان هەبێ، ڕوانگەی پۆزەتیڤیان بۆ ئەو کار، چالاکی و ڕێکارانە هەبێت کە بۆ داهاتووی ئێران ڕەنگرێژ دەکرێن. دیارە ئەمن ناڵێم ئەوە تەواوە و هەموو شتێکە، بەڵام پێم چوونە پێشی باشە و دەبێ لەسەر ئەو ڕێگا باشانە بەردەوام بین.

**شەهرام سوبحانی**: هەر لە چوارچێوەی ئەو باسەدا چۆن باس لە ئەزموونی کۆنگرەی ئازادیی ئێران و بەشداریی حیزب لەو کۆنگرەیەدا دەکەن، بەتایبەت کاتێک کە نوێنەری حیزبی دێموکرات لە هەڵبژاردنەکان دەکشێتەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: کۆنگرەی ئازادیی ئێران ماوەیەکی زۆر نییە بەو شێوەیەی ئێستا کار دەکا و لە چالاکی و تێکۆشاندایە؛ لەو پێکهاتەیەدا ڕادەیەکی بەرچاو کەسایەتیی سیاسی، ئەکادیمیسییەن، چالاکی سیاسی و ئەندامی حیزبی جۆراوجۆر لە سەرانسەری و نەتەوەکان تێیدا کۆبوونەتەوە و کار دەکەن، بەڵکوو فۆرمول و ڕێکاری گونجاو بدۆزێتەوە بۆ بەیەکەوە کارکردن لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و جێگیرکردنی نیزامێکی دێموکراتیک و ئەوە سەرەتایە. هاوکات بەستەرێکی گونجاوە بۆ بیروڕا گۆڕینەوە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەکان. خۆتان دەزانن حیزب باوەڕی بە دیالۆگ و قسەکردن و لێکتێگەیشتن هەیە و بۆ ئەو مەبەستە بەرنامەی هەیە زۆر چالاکانە لەو کۆنگرەدا بەشداریی هەبێ و دەوری کارای هەبێت و بەمجۆرە هاوکاریی ئێرانییەکان بەیەکەوە بنیات بنرێ. ئەوەی لە هەڵبژاردن بۆ ماوەیەکی کورتی سێ مانگە، نوێنەری حیزب لە کێبڕکێی هەڵبژاردندا کشاوەتەوە، بە هیچ شێوەیەک لە ڕۆڵ و دەوری حیزب کەم ناکاتەوە؛ وەک نوێنەرانی حیزب لە کۆنگرەی ئازادیی ئێراندا باسیان کردوە و هەموویان وردتر بڵێن بەشداران بە باشی جێگە و پێگەی حیزب لە ئێران و کوردستان هەست پێ دەکەن و بەو چاوەش سەیری حیزب دەکەن. بۆیە بوونی حیزب لەو کۆنگرە و کەڵکوەرگرتن لەو تریبوونە دەتوانێ بزووتنەوەی کوردستان و سیاسەتی حیزبی دێموکرات باشتر بە ئێرانییەکان بناسێنێ.

**شەهرام سوبحانی**: **لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئێستا و داهاتووی دۆخی کوردستان و ئێران چییە؟ چ ئاسۆیەک لە داهاتووی ململانێی خەڵک و دەسەڵات بەدی دەکەن؟**

**مستەفا مەولوودی**: دەزانین ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەمێکە مەشروعییەتی خەڵکیی لە دەست داوە و تووشی دابڕان و کەلێنی گەورە لەگەڵ نەتەوەکانی ئێران هاتووە. هاوکات کۆمەڵێک قەیرانی گەورەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئێراندا بەرۆکی ئەو ڕێژیمەی گرتووە و دەشزانین ڕێژیم توانای چارەسەرکردنیانی نییە و؛ ساڵ بە ساڵ ئەو قەیرانانە گەورەتر و قووڵتر دەبنەوە. بەتایبەت دوای شەڕی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ی زایینی کە حەماس بە دنەدانی ڕێژیمی ئێران بەتایبەت کەسی یەکەمی ئەو ڕێژیمە (خامنەیی)، هێرشی کردە سەر خەڵکی ئیسرائیل و بووە هۆی خولقانی ئەو شەڕە. ئەو شەڕە کاریگەریی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سنووردارکردنی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێران و لاوازکردنی ئەو ڕێژیمە داناوە. دوای شەڕی ڕاستەوخۆی ١٢ ڕۆژە و ٤٠ ڕۆژەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و کوژرانی ڕێبەری ئەو ڕێژیمە و کۆمەڵێکی زۆر لە بەرپرسانی ڕێژیم و ئەو گوشارە ڕۆژانەی بۆی هاتووە، دۆخی ڕێژیم شپرێوتر لە پێش ئەو کاتەشە، بۆیە من داهاتووی ڕوون بۆ ئەو ڕێژیمە نابینم و لام وایە دوای تەواوبوونی شەڕ، زۆرتر تووشی ئاستەنگی و لەکۆتاییدا ڕووخان دەبێ.

**شەهرام سوبحانی**: **لە ئێستادا سیاسەت و بەرنامەی بەکردەوەی حیزبی دێموکرات لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی پشتئەستوور بە چ ستراتیژییەکە؟**

جۆزەردانی ٢٧٢٦

**مستەفا مەولوودی**: سیاسەت و بەرنامەی حیزبی دێموکرات بە کردەوە، تێکۆشانە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆ لەو بوارانەد دەبینێتەوە:

**یەکەم؛** حیزب تێدەکۆشێ هەموو وزە و تواناکانی خەڵکی کوردستان کۆ بکاتەوە، ئاراستەیان بکا و هانیان بدا لە هەموو ئاستەکاندا خەبات، تێکۆشان و بەربەرەکانیی خۆیان لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران درێژە بدەن. هەروەها هانی کۆڕ و کۆمەڵگەی مەدەنی دەدا بۆ ئەوەی کۆمەڵ پتر بەڕێکخراو بکرێ و بە هەر جۆرێک دەلوێ و دەرەخسێ ئەو خەباتە کاریگەر و شوێندانەرە بەڵام بەنیسبەت کەم تێچووە، پەرەی پێ بدەن.
**دووهەم؛** لە هەموو وزە و توانا و زەرفییەتەکانی حیزب کەلک وەردەگرێ بۆ کار و تێکۆشانی ڕێکخراوەیی، ڕاگەیاندن، دیپلۆماسی، پێوەندی و توانای خەباتی مەیدانیی پێشمەرگانە بۆ شوێندانەریی زیاتر لەسەر کۆمەڵگە و بەرەوپێشبردنی خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات.
**سێهەم؛** پێکهێنانی ناوەندی هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، کارێکی باشە کە بە هیممەت و ئامادەیی شەش حیزبی ڕۆژهەڵات پێک هاتووە؛ کار دەکەین ئەو ناوەندە بەهێزتر بێ و بە پێکهێنانی کارگرووپەکان لە هەموو بوارەکانی خەباتی مەیدانی و دیپلۆماسیدا ببێتە ئادرەس بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران.
**چوارەم؛** کارکردن لەگەڵ ئێرانییەکان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران. ئەو قسەیە زۆر دووپات و چەندپات دەبێتەوە کە یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، نەبوونی ئالترناتیڤ یان جێگرەوەکی بەهێز و گشتگیرە لە ئێران. حیزبی دێموکرات بە جیددی لەسەر ئەوە کار دەکا لێکتێگەیشتنێکی باش لەنێوان هەموو لایەنەکاندا دروست ببێ هەتا ئەو جێیەی نەهادێکی دێموکراتیک و سێکولار بە ئامانجی ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و جێگرکردنی سیستەمێکی فیدراڵی لە ئێران چێ ببێت.

٣١ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران: گۆڕانکاریی ڕاستەقینە بە هێزی خەڵک و یەکگرتوویی سیاسی بەدی دێت

**بەیاننامەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران**
**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**ڕای گشتی و ئازادیخوازان!**

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢٦ی جۆزەردانی ١٤٠٥ی هەتاوی (١٦ی ژوئەنی ٢٠٢٦) کۆبوونەوەیەکی بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی هەنووکەیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و ئەرکە مێژووییەکانی هاوپەیمانی لەم قۆناغەدا پێکهێنا.

لەم کۆبوونەوەیەدا دوای هەڵسەنگاندن و تاوتوێی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە، لێکەوتەکانی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران و هەوڵەکانی دواتر بۆ ئاگربەس و واژۆکرانی لێکتێگەیشتنی نێوان ئەمریکا و ئێران و دوورەدیمەنی داهاتووی سیاسیی ئێران ئەو ئاکامگیرییە کرا ئەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێرانن کە بە بەردەوامییان لە خەبات و مافخوازییان کۆتایی بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دێنن و لە ڕاستیدا ڕێژیمیش ترسی هەرە گەورەی هەر خەباتی مافخوازانەی لە کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی ئێرانە کە هەتا ئێستا لەو پێناوەدا ڕووبارێک خوێنیان داوە.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەیە دۆزی ڕەوای کورد و خەباتی ڕزگاریخوازیی ئەم

نەتەوەیە پاشخانێکی دوور و درێژ و دەوڵەمەندی هەیە و تابعی هیچ جۆرە شەڕ و هاوکێشەیەکی هەرێمی نییە. لە ڕوانگەی ئێمەوە پێچەوانەی تێگەیشتنێک لە ئاستی لە نێودەوڵەتیدا هەیە، کۆماری ئیسلامی سیستەمێکی داخراوی ئەزموون کراوە و ئەم جۆرە لێکتێگەیشتن و تەنانەت ڕێککەوتنانەش جەوهەر و نێوەرۆکی ڕێژیم ناگۆڕن، بۆیە گۆڕانکاریی ڕاستەقینە تەنیا لە ڕێگەی پشتبەستن بە هێزی نێوخۆیی خەڵک، یەکگرتوویی هێزە کوردستانی و دێموکراسیخوازەکانی ئێران و بەردەوامیی بزووتنەوە مەدەنییەکانەوە بەدی دێت و هەر گۆڕانکارییەک لە داهاتوودا، پێش هەر شتێک پشت بە ئیرادە، خەبات و خۆڕاگریی نەتەوەی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران دەبەستێت.

هاوپەیمانی هاوکات لەسەر ئەم باوەڕەیە لەگەڵ ئەوەدا لاوازبوونی کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی ئەو شەڕەدا دەتوانێ یارمەتیدەری بزووتنەوەی مافخوازیی نەتەوەکانی ئێران بێ، بەڵام ئێمە پشت بە ئیرادە و وزەی خەباتگێڕیی خۆمان دەبەستین و چارەنووسی خەباتی خۆمان بە ڕێککەوتن و شەڕی وڵاتان و لایەنە دەرەکییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامییەوە نەبەستۆتەوە. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش ئەم شەڕە بە زیادکردنی شاڵاوی گرتن و لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، گوشارەکان بۆ کۆمەڵگە و هێرشە تێرۆریستییە بەردەوامەکانی بۆ سەر حزبە کوردستانییەکان لە باشووری کوردستان هەوڵی لاوازکردنی ئەم بزووتنەوەیە دەدات، بەڵام جووڵانەوەی کورد بەم سەرکوت و گوشارانە بەچۆک دانایەن.

هاوپەیمانی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، لەم قۆناغەدا پێ لەسەر پەرەپێدانی کاری هاوبەش، پێداگری لەسەر بەردەوامی، پتەوکردنی یەکگرتوویی نێوخۆیی، بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکییە میدیاییەکان و بەشداریی کارا و بڕوابەخش لە پرۆسەی بڕیاردانی هاوبەشدا لە ڕێزدانان بۆ ویستی جەماوەر و پێویستیی بزووتنەوەی کوردستاندا دادەگرێتەوە. هاوکات لە هەوڵەکانی بۆ نێزیکبوونەوەی هەرچی زیاتر لە پێناو گوتاری هاوبەش و کاری مەیدانیی پێکەوەیی و بەرپەرچدانەوەی هەر چەشنە بێهیواییەک بەردەوام دەبێ و پێ لەسەر بەردەوامیی خەبات تا بەدیهاتنی مافە ڕەواکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان دادەگریتەوە.

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای بزووتنەوەی کوردستان

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٣١ی جۆزەردانی ١٤٠٥ (٢١ - ٦ - ٢٠٢٦)

٣١ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و کوردستان میدیا

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**جۆزەردانی ٢٧٣٦ کوردی = جوونی ٢٠٣٦ی زایینی**





# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe